# هاوكاری نەكردنی

# ئابووری و سیاسییانە

جامعة "أونور"، المكتب الإداري:
لبنان، بيروت، ص. ب ٥٧٧٢ ١٧ – الجميزة
هاتف/ فاكس: 00961 (0) 1 445333
الهاتف الخلوي: 00961 70 111382
الموقع ألكتروني: www.aunohr.org

إسم الكتاب: عدم التعاون الاجتماعّي والسياسّي
تأليف: جين شارب
ترجمة: نضال خوري (من الفرنسية الى العربية)
مراجعة: وليد صليبي
إصدار الطبعة العربية: حركة حقوق الناس ١٩٩٧، بيروت
ترجمة: عمر علي غفور (من العربية الى الكردية)
إصدار الطبعة الكردية: دار آراس للطباعة والنشر ٢٠١٣، أربيل، إقليم كردستان العراق

جین شارپ

له ئەزموونی گەلانەوە لە ڕووبەڕووبوونی شارییانەدا

# هاوکاری نەکردنی

# ئابووری و سیاسییانە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
عومەر عەلی غەفوور

AUNOHR

پڕۆژەی هاوبەش

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جین شارپ
هاوکاری نەکردنی ئابووری و سیاسی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٧٦
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٤٨ - ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد. شاخەوان کەرکووکی

## زانکۆی "ئۆنور"

دامەزراوەیەکی ئەکادیمیاییی نوێیە، یەکەمین زانکۆی لەو جۆرەیە لە ناوچەکەدا و لە دنیادا بێ هاوتایە، خاوەنی بیرۆکەکەی و دامەزرێنی زانکۆکە برێتی لە دوو بیرمەند و خەباتکاری پێشڕەوی ناتوندوتیژی لە ناوچەکەدا: دکتۆر وەلید صەلیبی و دکتۆر ئۆغاریت یۆنان.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا، خەونی دوو دامەزرێنەکە هاتە دی و یەکەمین ئەزموونی نموونەییی پرۆژەی زانکۆیەکەی دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی ببێتە سەرتۆپی بەرهەمی شارەزاییەکی بیرمەندانە و کۆمەڵایەتیی پێشڕەو لە لبنان و ناوچەکەدا بەدرێژاییی ٣٠ ساڵ.

پرۆگرامەکانی "ئۆنور" نۆ پسپۆڕێتی لەخۆ دەگرن، زۆربەیان داهێنەرانە و نوێن لە بواری فێرکردنی زانکۆیی لە ناوچەکە، کە قوتابی تیایدا بڕوانامەی دەرچوون لە گشت نۆ پسپۆڕییەکە وەردەگرێ کە برێتین لە: فەلسەفە و توانەکانی ناتوندوتیژی، فەلسەفە و توانەکانی پەروەردەی ناتوندوتیژ، شانۆی پەروەردەی ناتوندوتیژ، فێرکردنی ناتایەفەگەرانە و پەروەردەی مەدەنی، بەڕێوەبەردنی کێشە و ناوبژیوانیی ناتوندوتیژ، ناتوندوتیژی و ئاینەکان، کولتوور و فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ، ڕێچکەکانی ڕاهێنان و فێربوونی چالاک، بەیەکگەیشتنی ناتوندوتیژ و توانەکانی ڕاگەیاندن.

لە دەوری "ئۆنور"دا بازنەیەکی ئەنجوومەنی ڕازگرانی بیرمەندانەی جیهانی دروست بووە، لە فەیلەسووفان و هەڵگرانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و بانگەوازکارانی ناتوندوتیژی، لەگەڵ ئەنجوومەنێکی دۆستانی ناوخۆیی کە ناوچەکە بەگشتی لەخۆ دەگرێ، لە کەسایەتیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و لە دنیای کار، ئەوانەی کە باوەڕیان هەیە بەم کولتوورە و بەخەونی زانکۆیەکە و کاریگەریی بنەڕەتیی لە بنیاتنانی مرۆڤ و پەروەردە و چارەنووسێکی

باشتر بۆ کۆمەڵگەکانی ناوچەکە.

ئەم زانکۆیە خاوەنی ئەنجومەنێکی مامۆستایانی لە چەندان لای دنیاوە و بێگومان لە لبنان و ناوچەی عارەبانیشەوە، لەو مامۆستایانەی کە پێشەنگن لە کۆمەڵگەکانی خۆیان و لە دنیادا لە بواری بنیاتنانی ئەم ڕۆشنبیرییە و لە دانان و بڵاوکردنەوەدا و لە ڕاهێنانیش لەسەری و دارشتنی بابەتی ئەکادیمیایی لەبارەیەوە.

قوتابییانیشی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکەن، لە لاوان و مامۆستایانی زانکۆ و بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلی مەدەنی و ڕاهێنەرانی کۆمەڵایەتی و لە پارێزەران و ڕاگەیاندنکاران و نوێکەرەوە و ڕۆشنبیرەکانی دامەزراوە ئاینییەکان و کارمەندانی کۆمپانیاکان و کادرانی وەزارەت و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان... هتد.

وانەکان تێیدا دوو ساڵ دەخایەنن، بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠٠ سەعات خوێندن، وانەکانیش برێتین لە: وانەگەلی ڕێخۆشکەر، وانەگەلی تایبەتمەند لە بارەگەی زانکۆیەکەدا، وانەگەلی پشتگیریی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە online، ئامادەکردنی وتار و دەقی توێژنەوەئامێز لە بواری بیری ناتوندوتیژدا، کارگەلی پیادەکارانە و، تێزێکی کۆتا.

بڕوانامەی ماستەر دەدا و، لەوێوە ئامادە دەبێ بۆ دانی بڕوانامەیەکی دکتۆرای پێشەنگ لە دنیادا.

هەروەها "ئۆنور" خاوەنی مەڵبەندێکی ڕاهێنانی بەردەوام و خوێندنی بەردەوامی پێدراوە Training Institute for Continuing Education، پشتیشی بە شارەزاییەکی پێشەنگانەی دامەزرێنەرانی زانکۆکە لە بواری ڕاهێناندا ئەستوورە، لەبەرئەوەی هەردووکان دامەزرێنەری ڕاهێنانی نوێن لە لبناندا لە نزیکەی ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە. لەڕێی ئەم مەڵبەندەیشەوە، ڕێگە بەو کەسانە دەدرێ کە گرینگی بە ڕاهێنانی پیشەوەرانە دەدەن، کە ژمارەیان زۆرە و لەزیادبوونیشە، کە بتوانن بێنە ناوەوە بۆ خوێندنی بابەتی دیاریکراو و لە ئاستێکی ئەکادیمیاییی جیهانیدا و، دیپلۆمای زانکۆیی بەدەست بهێنن.

"ئۆنور" پابەندە بە یاسای لبنان– وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی باڵا، لەگەڵ

ڕێککەوتننامەگەلی هاوکاری لەگەڵ زانکۆگەلی دەرەکی بەتایبەتی زانکۆکانی ئەوروپایی بەمەبەستی هاوشانکردنی بڕوانامە ناوەخۆییەکانی.

"ئۆنور" کار دەکا بۆ دابینکردنی پێوەندیگەلی هاوکاری و ئاڵوگۆڕکارانە لەگەڵ زانکۆیەکانی ناوچەکەدا. هەروەها دەستی کردووە بە داخڵکردنی بابەتگەلی ئەکادیمیاییی نوێ لە زانکۆکانی تردا و ئەوانەی ئارەزووی ئەمە دەکەن، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەم کولتووره و بەدامەزراوەکردنی و پاڵنانی بۆ ناو چەقی بوارگەلی زۆر و جیاجیای خوێندن.

ئامانجی زانکۆی ناتوندتیژی و مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە پێشکێشکردنی فێرکردنێکی ئەکادیمیاییی خاوەن ئاستی ناودەوڵەتی و لەو تایبەتمەندیگەلی پێشەنگانەدا کە بوونەتە کرۆکی پێویستییەکانی کۆمەڵگەکان و بواری پیشەوەریی بەجۆرایەتییان هەیە، هەروەها ئامادەکردنی وزەی بەرزی پیشەوەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی ناوچەکە.

"بەهیوای ئەوەی لە کۆتاییدا کولتووری ناتوندوتیژی بتوانێ بەرگی ئەستوورەی ئەو هەورە ڕەشانە ببڕێ کە لە گرتیگەی دڵەڕاوکە و توندوتیژی و بێهوودەییدا ئێمەیان گەمارۆ داوە، تاوەکو بتوانین پێوەندی ببەستینەوە لەگەڵ هەتاوێکدا کە لە بانگکردنمان گشت بەیانییانەک کۆڵ نادا."

د. وەلید سلێبی

## ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی

کارێکی کولتووریی، پەروەردەیی و ئەکادیمیاییە، دیارییەکی واتەییە بۆ گەلێک کە چاوی لە ئاشتی و دادوەری و کولتووری ناتوندوتیژییە، لە پاش توندوتیژییەکی تاڵ کە بۆ چەند نەوەیەک بووبووە مۆرکی مێژووەکەی.

لە هەر جێیەک بین لەم دنیایەدا، وا دەردەکەوێ کە ئێمە مێژووی شەڕەکان و توندوتیــژی دەزانین، بەڵام بەکەمی ئاگەداری ڕووەکەی تری مــێــژووین. ڕووە ناتوندوتیژەکەی. مێژووی هەموو گەلێک و هەموو کۆمەڵگەیەک، بەدرێژاییی کات و شوێنەکان، چەندان هێما و ئەزموون و کاری تێدایە کە ناتوندوتیژییان بەرجەستە کردووە و باوەڕیان بە بنەواکانی هێناوە و، زۆربەیان بەداخەوە پەراوێز خراون یان نەزانراون و چاوەنواڕی ئەوانەن کــە بیــاندەنە بەر ڕووناکی، بیــانخـــەنە پێش پەنجەرەی زانین و بڵاوکردنەوەی وشیاری بەدەوریاندا.

ئا ئەمەی ئەرکی توێژەر و بیرمەند و بڵاوکەرەوەی ڕۆشنبیر. بێگومان ئەرکێکی پێشەنگانەیشە.

لە مێژووی کوردستانی عێراقیشدا، بۆ ئەوانەی خوێندنەوە بەچاوێک دەکەن کە شارەزای بناخەکانی ناتوندوتیژین و ئاگەداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکانن،

وێستگەگەل و وشەگەل و هەڵوێستەیل هەن کە لە کرۆکی ئەم کولتوورەدان و لێیەوە نێزیکن، ئەگەریش کە لەلایەن هۆکارگەلێکەوە ئابڵوقە دراین کە بەسەر ژیانی گەلاندا تێپەڕ دەبن و پێشڕەویی ناتوندوتیژی دوادەخەن یان ئەنجامدانەکانی خاو دەکەنەوە.

زنجیرەی وەرگێڕانە کوردییەکانی ناتوندوتیژی بۆ کوردی، بریتین لە کۆمەڵێکی بژاردە لە زنجیرەی وەرگێڕانە عارەبییەکانە لەبارەی ناتوندوتیژییەوە، ئەو زنجیرە عارەبییە پرۆژەیەک بوو کە دکتۆر وەلید سەڵیبی دەستپێشخەریی بۆ کرد و سەرپەرشتیی وەرگێڕەکانی کرد و هەندێ لە کتێبەکانیشی وەرگێڕا، ئەویش لەساڵی ١٩٩٣وە، کە بۆ ئەم زنجیرەیە یەکەم ٢٠ کتێبی لەبارەی ناتوندوتیژییەوە لەناو دیارترین ٧٥ سەرچاوەی جیهانی کۆ کردەوە.

ئەو وەرگێڕانانە، ئەمڕۆ لە زوانی عارەبییەوە دەخرێنە سەر زوان کوردی. ئەمانە دیارییەکن لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی مرۆڤ لە دنیای عارەبدا- ئۆنور AUNOHR بۆ گەلی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و بۆ هەموو کوردزوانێک لە ناوچەکە و لە گشت دنیادا. دیارییەکە بۆ نەوەی لاو و قوتابییان، بۆ قوتابخانە و زانکۆکان، بۆ کۆمەڵە و هێزە مەدەنی و سیاسییەکان، بۆ ڕاگەیاندن و ڕای گشت، بۆ توێژەر و ئەکادیمیایی و نووسەر و ڕۆشنبیران، بۆ پێشڕەوانی کۆمەڵگە، بۆ کتێبخانەی کوردی کە شایانی فرەوانبوون و گەشەیە و شایانە کتێبی ناتوندوتیژی بەزمانی خۆی دەوڵەمەندی بکەن...

بە دەستپێشخەرییەکی پێشەنگانە لەلایەن دەزگەی ئاراس بۆ بڵاوکردنەوە، کە لە بەڕوەبەری گشتییدا ڕێزدار بەدران ئەحمەد حەبیب بەرجەستە دەبێ، پرۆتۆکۆلەک لە ساڵی ٢٠١٢دا لەگەڵ ئەم زانکۆیە ئیمزا کرا بەمەبەستی وەرگێڕانی یەکەم کۆمەڵە کتێبی ناتوندوتیژانە بۆ کوردی، ئەوە بوو ١٠ کتێب هاتنە دەستنیشان کردن بۆ ئەوەی لە ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣دا بگەنە ئەنجام. ئەم پرۆتۆکۆلە بووە تاجی سەری یەکەم سەردانی شاندی زانکۆی ئۆنور بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئایار/ مایۆی ٢٠١٢دا، کە بەدوایدا سەردانگەلی تر و پرۆژەی هاوکاری و پشتگیری لەلایەن ئۆنورەوە بۆ زانکۆ و وەزارەت و قوتابخانە و دەستەگەلی مەدەنی و ئاینی و کولتووری و ڕاگەیاندن، هاتن...

ئەم وەرگێڕانانە، دانراو و خستنەسەری بیرمەندانەی دامەزرێنەرانی زانکۆی ئۆنورەوە لەئامێز دەگرن، لەگەڵ وتار و هەڵوێست و بلاڤۆکی مامۆستایان و ئەندامانی ئەنجوومەنە باڵاکانی ئەو زانکۆیە، لەم پێشەکییەدا هەندێکیان دەخەینە بەرە چاو بۆ ئەوەی خوێنەر ئامادە بکەن بۆ چوونە ناو کتێبە وەرگێڕدراوەکانی گاندی و مارتن لۆتەر کینگ و ئیریک فرۆم و جان-ماری مۆللەر و جەین شارپ و وەلید سەڵیبی.

**بیرمەندی عێراقی دکتۆر عەبدلحوسێن شەعبان** ئەندامی دەستەی باڵای زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆیەکەدا، کە بەهۆی ڕۆڵی پێشەنگی نوێکەرەوەیەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەستپێشخەر بوو بۆ دەستپێکردنی ڕەوتی هاوکاری لەنێوان ئەم زانکۆیە و دەزگەکەلی بایەخدار لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستاندا کا شایانی ناتوندوتیژییە: "ناتوندوتیژی هەر بەخوازراوی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆری لەبەرامبەردا هەبن، بەڵام ئاگەداربوون لە گرینگیی و هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگە ڕینیشاندەرە بەرەو ئەو... لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکانمان بەدەستی توندوتیژییەوە دەناڵێ، بۆیە زۆر پێویستە نەک تەنیا کولتووری ناتوندوتیژی بەگشتی بکرێ وەک قەرەبوویەک بۆ بەردەوامیی کرداری توندوتیژ، بەتایبەتیش کە هەمووان بەدەستیەوە دەناڵن، بگرە بۆ ئەوەی ئەم بژارەیە بکرێتە دیفاکتۆیەکی پەسندکراو کە بشێ پەنای بۆ ببرێ و، بە ئامانجێکی ڕێ تێچوو و شیاوی بەدی هاتن و دەست پێ گەیشتن... کاتێکیش هەرێمی کوردستان لە عێراقدا ڕوو دەکاتە بژارەی ناتوندوتیژی، ئەمە شتێکی نامۆ نییە بۆی، پێویستە ئەو کەشە هەستیارانەی پێوەست بەتوندوتیژی بەبیری خۆماندا بهێنینەوە، بەهۆی ناڵاندنی کوردستان بەدەستی توندوتیژیی درێژخایان و درێژمەودای دەیان ساڵەوە، دیارترینیان بۆمبارانی شارۆکەی هەڵەبجە بوو بەچەکی کیمیایی و هەڵمەتی ئەنفال کە دەیان هەزار هاووڵاتیی کردە قوربانی لە ساڵی ١٩٨٨دا و وێرانکردنی نێزیکەی چوار هەزار گوند و شارەدێی کورد و کۆچپێکردنی دانیشتووانی کورد، بەتایبەتی فەیلییەکانی لە ١٩٨٠کاندا، ئەو توندوتیژییەشمان لەبیر نەچێ کە لە نێوان کورد خۆیاندا ڕووی دا لە ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨ و زیاتر لە سێ هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، ئەمە شتێکە دەبێ سنووری بۆ دابنرێ، ئەگەر بوێسترێ کوردستان

سەقامگیر ببێ و ئەزموونە کۆرپەکەی سەربکەوێ و لە کەموکورتی و کەلێنەکانی لە ماوەی بیست و ئەوەندە ساڵەی ڕابردوودا پێیەوە نووسان، ئەمەش خووی هەموو پێشکەوتنێک و ویستێکی نوێبوونەوەیە... کولتوورێکی ناتوندوتیژ هەیە، لە پاڵ توندوتیژەکەدا، ئەمە لای گشت گەلێک و لە مێژووی گشت نەتەوەیەکدا هەیە، ئەم کولتوورە ناتوندوتیژە دەکرێ بەئامرازی پەروەردەییی نوێ زیندوو بکرێتەوە و برەوی پێ بدرێ و بنیاتی لەسەر دابمەزرێ، بەتایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ناتوندوتیژ و، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەهێزی ناتوندوتیژ..."

"بەڵام ەگەر مەبەستمان بێ بەشێوەیەکی گشتی باسی توندوتیژی بکەین و لە کۆمەڵگەکانی تریشدا، ئەوە نەک هەر شۆڕش و خەباتەکانی لەوتاندووە، بگرە دەروون و ویژدانەکانیشی لەوتاندووە و شتە نامرۆڤانەکانی باڵادەست کردووە... توندوتیژی نە دەوڵەت و نە نیشتمان دروست دەکا، بگرە ڕێ خۆش دەکا بەرەو پاشاگەردانی و کۆمەڵگە لێک دەترازێنێ، جا ئامانجەکانی هەرچییەک بن. گۆڕین توندوتیژیش دەبێتە هۆی کاردانەوەی توندوتیژ و بەم جۆرە، چونکە ناکرێ توندوتیژی بەتوندوتیژی چارەسەر بکرێ، ئامانج بنیاتنانی کۆمەڵگە و دەوڵەت و بەدیهێنانی پرەنسیپە، ئەم بنیاتنانە پێویستی بە کەڵەکەبوون و پێشکەوتنی پلە بەپلە هەیە... گۆڕینی ڕاستەقینەی مەبەست، گۆڕینی کۆمەڵگەیە بەشێوازێکی ئاشتییانەی پێشکەوتنئامێزی بەپێوەندیی کارلێکییە، لەبەرئەوەی توندوتیژی تۆقێنەرە و سنوورەکانی نادیارن هەروەها ئاکامەکانی نەخوازراون و ناکرێ ڕووبەڕووبوونەوەی شێتێتی بەهیچ شتێک ببێ جگە لە ئاوەز و ئاوەزداری و بنیاتنان و چاوخشاندنەوە بە ڕابردوودا نەک دووبارەکردنەوەی لە ئێستایەکی نوێی جیاواز لە ئاراستەدا، لەبەرئەوەی هەندێ جار هەمان ئاکامی لێ دەکەوێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی شێتی بەشێتی نابێ، وەک چۆن ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی ناکرێ بە توندوتیژی بێ..."

**بیرمەندی ناتوندوتیژی لە جیهانی عارەبدا دکتۆر وەلید سلێبی**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی ڕامیاریی توندوتیژی و ناتوندوتیژی و ستراتیجی خەباتی مەدەنییانە لەو زانکۆیەدا، دەڵێ: "ناتوندوتیژی برێتییە لە دوو "نا": نا بۆ توندوتیژیی خۆ و نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، واتە بۆ ستەم"، لە

کـاتێکدا کـە ڕەنگە نـاتوندوتیـژی و توندوتیـژی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆییی ئەوانی تردا بەکـار بێن، مـرۆڤ تـەنیـا بە نـاتوندوتیـژی دەتوانێ ڕووبەڕووی زێدەڕۆییی خـۆی ببێتـەوە. کـاتێک دەڵێین نا بـۆ توندوتیژیی خـۆ، ئەو کـاتە دەڵێین بەڵێ بۆ ژیان بەڵێ بۆ خۆشەویستی. نا–ی دووەم، واتە نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر نا–ی کـۆمـەڵگەییـیـە. مـەبـەست لێی نا–یە بـۆ توندوتیـژیی ئەوانـی تر بـەواتە فـرەوانـەکـەی، واتە بـەگـشت شـێـوەکـانی لە کـوشـتن و سـتـەمی کـۆمـەڵایـەتی و هەژارکـردن و داگیـرکاری و سـەرکـوتین و سـەرکـۆنەکـردنی منداڵ و توندوتیـژیی خێزانەکی و گومڕاکردنی ئاوەزەکان و گەندەڵی و ڕەگەزپەرستی و تایەفەگەری و زۆرلێکردنی ئاینی... بەواتەیەکی تر، نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، نا–یە بۆ ستەم، بەکردەنی بەڵێیە بۆ دادوەری و ئاشتی. بەوشـەگەلێکی کورت، نا بۆ توندوتیژیی خۆ پەیمانێکی ئەخـلاقـیی وجـودییـە و، نا بـۆ توندوتیـژیی ئەوانی تر پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی–سیاسییە لە بەرامبەر گشت شێوەکانی ستەمی مایەکی و واتەیی و بنیاتی بەهۆکارەکانی ناتوندوتیژی. لێرەوە ناتوندوتیژی دەبێتە چوار بەڵێ: بەڵێ بۆ خۆشەویستی، بەڵێ بۆ دادوەری، بەڵێ بۆ ئاکارداری، بەڵێ بۆ کاریگەرێتی.

بەدرێژیی مـێـژوو، توندوتیـژی هاوشـانی کـۆمـەڵێ جـوانی بـووە وەک بوێری و شەرەف و جوامێری و ئازایەتی و ئازادی و پاڵەوانێتی... جەخت لەسـەر وشەی نا لە ناوجەرگەی وشـەی ناتوندوتیژیدا، هەرچەندە دەبێتە مایەی قسـەکردن لەسـەر ئەوەی کە ناتوندوتیـژی زاراوەیەکی نـەرێیە (!)، ئەوەیش بۆ ئەوەی کە دەری ببڕین بەبێ هیچ ناڕوونی و تێکەڵییەک کە پێویستە بەیەکجاری و بنبڕانە لە توندوتیـژی داببڕێین..."

"توندوتیـژی بەردەوام کاریگەرە... بەڵام لە خزمـەتی ستـەمدا. چەکێکی نایابی دەسـتی سـتـەمکارانە. کـاریگەرترینی چەکـەکـانیـانە. بـەڵی توندوتیـژی بەکـارە. بەداخـەوە توندوتیـژی هـەمـوو پرسـێکی بەرز دەلـەوتێنێ. بەڵام خـزمـەتی دەکـا! بێگومـان نا. دەیشـێـوێنێ و لـە ئامـانجی بەرزی خـۆی دووری دەخـاتەوە. مەترسیدارترین شتێک کە لە کاری سیاسیدا ڕوو بدا پاساوهێنانە بە ئامانجێکی بەرز بـۆ ئامـرازگـەلێک کـە وەک خـۆی نەبن" پاسـاو هێنان بۆی تەنانەت ئەگـەر نائەخلاقیش بێ. تەنیا لەبەرئەوەی پرسەکەمان ڕەوایە ڕێ بەخۆمان دەدەین پاساو

بۆ گشت ئامرازەکان بهێنینەوە هەرچییەک بن! زۆر لە ئایدیۆلۆجیاکان لە پاساو هێنانەوە بۆ مەبەستەوە هەڵدێران بەرەو پاساو هێنانەوە بۆ ئامراز... توندوتیژیی ستەملێکراو بەهۆی تووڕەیی و نائومێدییەوە کاردانەوەیەکی عەفەویی تاکە لە بەرامبەر ستەم و سەر پێ شۆڕکردن، ئەمە شتێکی مرۆڤانەیە دەشێ لە هۆکارەکانی تێ بگەین، بەڵام نابێ پاساوی بۆ بهێنینەوە. بەڵام کە توندوتیژی بەئایدیۆلۆجیا بکرێ و ببێ بەتیۆری و ستراتیجی کار تا دەگاتە ئاستی بەپیرۆز زانینی! ئەمە پرسێکی پڕ مەترسییە..."

شیکەرەوەی دەروونی دەڵێن کە لەناخی هەر تاکێکدا دوو کەسێتی هەن لە زۆرانگرتنی بەردەوامدان: کەسێتییەکی ڕەسەنی سەرەتایی لەگەڵ درووستبوونی مرۆڤدا درووست دەبێ کە پێناسی ئەندامبوونی ئەرێنییە لە دنیا و یەکگرتنە لەگەڵ بوونەوەرانی تر و کرانەوە و خۆشەویستی و خۆشویستنی ژیان و ئارەزووکردنی دادوەری و ئازادی و ئاشتی و هاوکارییە، کەسێتییەکی تری هاوشانی ساختە بەهۆی ڕێگر و نائومێدی و پێشێلکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێتوانیی کەسێتیی ڕەسەن لە بواری خۆسەلماندندا دروست دەبێ. ئەمەیان کەسێتیی توندوتیژیی قەرەبووکەرەوە و ڕق و نێرگزێتی و خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و لووتبەرزی و تاکڕایی و خۆشویستنی مەرگ و شەیدایی نەخۆشیئامێز بۆ دەسەڵات و پەرۆشی بۆ شەڕی نوێ و بۆ تۆڵەسەندنەوەیە. لەم زۆرانگرتنە بەردەوامەی نێوان "چاکە" و "خراپە" لە ناوەوەی هەر یەکێکماندا، هەڵبژاردنمان بۆ ناتوندوتیژی بەفریامان دەگا بۆ ئەوەی بەردەوام لە چاکە نێزیک بکەوینەوە و پاڵپشتیی کەسێتییە ڕەسەنەکەمان بکەین و ڕەگەکانی تێر بکەین... لە زۆرانگریی مێژوویی و بەردەوامی نێوان هێزگەلی ژیان و هێزگەلی مەرگدا، نابێ دوودڵ بین لە دەستنیشانکردنی پێگەی خۆماندا: ئێمە لە هێزەکانی ژیانین و لەگەڵیاندایین و، هیچ ڕۆژێک نابینە هێزی مەرگ و لەگەڵی نابین..."

فەیلەسووفی هاوسەردەمی ناتوندوتیژی فڕەنسایی جان-ماری موللەر ئەندامی ئەنجوومەنی ڕازگران لە زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفە و ستراتیجی ناتوندوتیژی تیایدا، لە میانی قسەکردنی لە وانەیەکدا کە دەزگەی ئاراس لە ٣٠ی ئەیلوول/ سێپتەمبەری ٢٠١٢دا بۆی ڕێکخست لە سەردانی دووەمی شاندی

زانكۆیەكە بۆ هەرێم كە موڵڵەری لەگەڵدا بوو، ئەوەیش سێیەمین سەردانی خۆی بوو بۆ هەولێر و حەزی خەڵك و بەرپرسانی لە ناتوندوتیژی سەرسامی كرد، دەڵێ:

"لە ڕۆژهەڵاتەوە فێری ناتوندوتیژی بووم، لە بیرمەند و خەباتكەرێكی ئاسیاییەوە كە ناوی گاندییە و لەڕێی بەرگرییە ناتوندوتیژەكەیەوە توانیی بەسەر گەورەترین وڵاتی داگیركەری ئەو سەردەمە "بەریتانیای مەزن"دا سەربكەوێ. گاندی لەڕێی فەلسەفەكەی و خەباتەكەیەوە توانیی ببێتە پردێك لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بەهۆی ئەو بەرهەمە بیرمەندانە و كردەنییانەی بەئەنجامی گەیاندن، كاتێك كە باشترینی ناو هەردوو شارستانێتیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی كۆ كردەوە بۆ بەدیهێنانی ناتوندوتیژی... ناتوندوتیژی نا-یەكی قەدەخەكەری توندوتیژییە لە گشت هەڵوێستێك و گشت بیرۆكە و گشت ئامرازێك و گشت ڕووبەڕووبوونەوەیەكدا... ئەو ئامانجیشە و ئامرازیشە بەیەكەوە، وەك ئەوەی گاندی كە هاوبەندیی ئامانج و ئامراز بە هاوبەندیی دار و تۆو دەچوێنێ، ئامانجەكە لە ئامرازەكەدا بوونی هەیە وەك چۆن دارەكە لە تۆوەكەدا بوونی هەیە... ئەگەر نەتوانین بەسەر ئامانجەكاندا زاڵ ببین، ئەوە دەتوانین بەسەر ئامرازەكاندا زاڵ ببین، ئەمەش بریتییە لە كۆنترۆڵكردنی ئامانج لەڕێی ئامرازەوە، چونكە ئامانج شتێكی ئەبستراكتە بەڵام ئامراز بەرجەستەیە" و، لەو كاتەیشدا كە ئامانج داهاتووی مەبەستە، ئامراز پێوەندیی بەئێستاوە هەیە. بۆیە با ئامرازەكانمان بەردەوام ناتوندوتیژ بن، تاوەكو لە ئامانجە ئەرێنییەكانمان نێزیك ببینەوە و لەو بنەوایانەی باوەڕمان پێیان هێناوە كە بێگومان لە ماددەی ناتوندوتیژی نین..."

**بیرمەندی پەروەردەیی، دكتۆر ئۆگاریت یۆنان**، دامەزرێنەری زانكۆی ئۆنور و سەرۆكی زانكۆیەكە و سەرپەرشتیاری پرۆتۆكۆلی هاوكاریی زنجیرە بڵاوكراوە و وەرگێڕاوەكانی ناتوندوتیژی بەزوانی كوردی، لە كۆتای ئەم پێشەكییەدا دەڵێ: "مرۆڤ توانی توندوتیژی و توانی ناتوندوتیژیشی هەیە" زانیاران بەم ڕاستییە چەسپیوە گەیشتوون، بۆ ئەوە واز لەوە بهێنین كە بڵێین مرۆڤ لە سرووشتی خۆیدا توندوتیژە، یان تەنیا ناتوندوتیژ و نەرمە. كەواتە ئەوە پەروەردە و ژیگە و ئەزموونی ژیانن مرۆڤ بەم یا بەو ئاراستەیەدا دەبەن، بۆ ئەوەی توانەكانی ناتوندوتیژی یاخۆ توندوتیژیی تێدا زاڵ ببێ. بەدەستنیشانكراوی، ئەوانە شكستەكانی ژیان و

پەروەردە و دەمکوتی کۆمەڵگە و ستەمی ڕۆژگار و کەشی توندوتیژی دەوروبەری بەتاک و بەکۆمەڵی پەروەردەیی و کۆمەڵگەیی و سیاسین کە وردەوردە لەلای مرۆڤدا ئەم دەستەپاچەییە دروست دەکەن لەبەرامبەر زیندوو ڕاگرتنی ناتوندوتیژی ولێدانی دڵی بۆ چاکە، بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا بوارەکانی توندوتیژی لە ناوەوەیدا فرەوانتر بن لە قسەکانی و هەڵسوکەوتی و هەڵوێست و بڕیار و پێوەندی و خەبات و حوکمدان و کولتوور و باوەڕیدا... بەجۆرێک کە ئەو و توندوتیژی وەک یەک دەبن، تەنانەت بەرامبەر بە نێزیکترینی نێزیکەکانیشی و، بەرامبەر دەوروبەرەکەی و گەلەکەیشی نەک تەنیا بەرامبەر بە نەیار و دوژمنانی... بەڵام ژیان چەقبەستوویی نییە بگرە بەردەوام ئەگەری گۆڕینی هەیە، وەک هیرۆکلیتس دەڵێ "تەنیا شتێکی جێگیر لە ژیاندا گۆڕانی بەردەوامیەتی". کەواتە هیوا هەیە. لەناو توندوتیژیدا دەخنکێین بەڵام هیوا هەیە بەوەی توانێکی قەتیسمان تێدایە بۆ پاشگەزبوونەوە لە توندوتیژی و دابڕان لێی و ڕوو وەرگێڕان بەلای ناتوندوتیژیدا کە خۆی بناخەییە تیاماندا...

مرۆڤ حەز دەکا و بەردەوام بەدوای ئەوەوەیە کە بەهێز بێ. هێز جیاکەرەوە و پێویستیشە. هێز، نەک توندوتیژی. هەرچەندە تێکەڵکردنی ئەم دووە بووەتە بنەوا، لەبەرئەوەی وەک دەردەکەوێ مرۆڤ هەست دەکا کە توندوتیژی مایەی شەرمەزارییە بۆی، بۆی کە بەکاری دێنێ تایبەتمەندییەکانی هێزی دەداتێ و بەوشەی هێز دەیگۆڕێ. دەیەوێ توندوتیژی بەکار بهێنێ و ویژدانیشی ئاسوودە بێ، بۆیە بەسیفەتەکانی هێز نەک ئەوانەی توندوتیژی وەسپی دەکا. مرۆڤ دەیەوێ و پێویستی بەوەیە کە بەهێز بێ نەک توندوتیژ بێ. جیاوازیی نێوان هێز و توندوتیژی قووڵ و بنەڕەتییە. بەهۆی لاوازی و داپڵۆسینمان لەلایەن ژیانەوە ڕوو لە توندوتیژی و ئامرازەکانی دەکەین، لەبەر بەهێزی و بەدەستهێنانەوەی ژیانیشە کە ڕوو لە ناتوندوتیژی و دنیایەکەی دەکەین. ئەوە ناتوندوتیژیی بەهێزەکانە، بەگوتەی عەبدولغەفار خانی هێمای دەگمەنی ناتوندوتیژی لە ئەفغانستان (و دواتر لە پاکستانیش) هاوڕێی گاندی و دامەزرێنەری "سوپای ناتوندوتیژی موسڵمان" کە دیاردەیەکی دەگمەنە لە مێژووودا تا بە ئەمڕۆ دەگا.

پیرۆزمان بێ، لە منداڵیمانەوە تا گشت ساڵانی تەمەنمان لە ڕێی پەروەردەوە

دۆستێکی بەئەمەکمانە، بۆ ئەوەی وامان پێ بگەیەنێ کە لە ناو دڵی ناتوندوتیژی بین و ئەو خۆی لەڕێی خوێندن و ڕۆشنبیربوون و وشیارکردنەوە و ڕاهێنانەوە هەرچەندە تەمەنیشمان زۆر بێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناتوندوتیژییەی ناومان ڕزگار بکا. پێویستیش هەر ئەوەندەیە کە جەختی بۆ بکەین کە بژارەی ئێمە: نا بۆ توندوتیژییە..."

ناتوندوتیژی لە ناوەوەماندا لەدایک دەبێ و، لەگەڵ تەمەندا فێری دەبین و، ڕاهێنانی لەسەر دەکەین و کارامەیی تێدا پەیدا دەکەین و، دەوڵەمەند دەبین بە کولتوورەکەی و هێماکانی کە لە ناخی کۆمەڵگەمانن... هاوکاری بەردەوامیشمان لەمەدا کتێب و سەرچاوە و پێشڕەوانی ئەم بوارەن لە هەموو دنیا، ئینجا دەستێکی خێرخواز دێ و ئەم کولتوورەمان بەزوانی خۆمان بۆ دەگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی ببێتە قسەمان و زوانمان، زوانی کوردی، بەوەش دەبێتە زوانێکی ناتوندوتیژ.

بەیرووت، شوبات/ فێبرایەر ٢٠١٣
گوتەیەک لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی
مرۆڤ لە جیهانی عارەب "ئۆنور"ەوە

تێبینی:
وەرگێڕانی لێرە بە پێشەوە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: شاخەوان کەرکووکی

# دەسپێک

ئیدی بەسە ڕەواجپێدان و خۆپەروەردەکردن لەسەر هەستگەلێکی توندوتیژ، کە وا بە گوێماندا دەچرپێنرێ ئەو هەستانە لە جەرگەی سروشتمانن و هەموو تەمەنمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەزۆکدا بەسەر دەبەین، کە جگە لە شکستی بەردەوام بە هیچ ئەنجامێکی ترمان ناگەیەنێ با ئەو شتەیش بەدەست بێنین کە بۆی دەکۆشین... ئەمە ئەگەر بەدەستیشی بێنین.

هیچ شتێک نییە هێندەی تووڕەبوون و ڕق لای مرۆڤ ئاسان بن کاتێ هێزی جەستەیی وەک باشترین خەسڵەتە مرۆییەکان وێنا دەکرێ و تۆڵەکردنەوە و خوائۆخەی لە لای شیرین دەکرێ و یەکبین دەیڵێتەوە کە ماف لە ڕێی سڕینەوەی بەرامبەرەوە نەبێ بەدەست نایەت، لەڕێی کوشتن یاخۆ تێکشکاندنی یان گەیاندنی بە دۆخێک ئێمە بەدەستیەوە دەمانناڵاند. لێرەشەوە چارەسەرکردنی ستەم بە ئامرازە توندتیژانە لەناوبەرەکان سەردەکێشێ بۆ گێژاوی توندوتیژی.

ئاخۆ بەدیلی ئەمە چاوپۆشینە لە ستەم؟

دیارە ئامرازی تر هەن جگە لە توندوتیژی بۆ گەیشتن بۆ دۆخێکی دادپەروەرانەتر و نەهێشتنی ئەو نادادییەی بەرامبەر کەسانێک کراوە بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەر کەسانی تر و بەبێ ئەوەی ستەمبارەکە ببێتە "ستەمکار" و ڕۆڵەکان جێگۆڕکێ بکەن و "مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە".

ئەزموونی گەلان لە بواری بەدەستهێنانەوەی مافی خۆیان لە ژیان و

ئازادی و و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەبێ بەرەنگاریکردنی توندوتیژی بە توندوتیژییەکی تر کە ئەنجامەکەی سەرهەڵدانی حاڵەتی نوێی ستەمە، زۆر و زەوەند و پڕ لە نموونەیە. خۆ ئەگەر ئەو توندوتیژییە نەبووە مایەی هەڵگرتنی ستەمەکە، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەکا و ناسۆریی پتر بە دوای خۆیدا دێنێ، هەروەها بەهۆی ئەو ترس و کاردانەوەیەی لای دەسەڵاتداران دروستی دەکا، سەرکوتکردنەکە سەختتر دەکا.

کاتێ باس لە بێمانایی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم بە توندوتیژی دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە بەدیلەکەی پێکەوەژیانە لەگەڵ ئەم ستەمە لە ڕوانگەی "ئامادەکردنی گرووپەکەی ترەوە" بۆ لێدانی، بگرە مەبەست ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینە و دیراسەکراوە لەڕێی کۆبوونەوەی چەوساوان و ڕاگەیاندنی ڕەتکردنەوەیان بۆ ئەو حاڵەتە و بەرنامەڕێژییان بۆ نەهێشتنی و هێنانەکایەی ئازادی و دادپەروەری بۆ هەمووان دێتە دی. ئەمەش ڕوونادا تا خەڵک هەست بەوە نەکەن کە دەبێ بایەخ بە دۆخی ژیانی خۆیان بدەن و بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان چاکی مەردانەی لێ بکەن بە لادا.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" لەگەڵ هەزاران کەس لە لبنان دیدار و چاوپێکەوتنی هەبووە، لە سەرجەم ئەو دیدارانەدا کۆمەڵێک پرسیار و تێبینیی بنەڕەتی دووبارە دەبوونەوە:

ڕەنگە کاری ناتوندوتیژانە لە ململانە ناوەخۆییەکاندا بەکەڵک بێ، بەڵام ئاخۆ لە ململانە نەتەوەییەکان لە دژی دەستدرێژیکارانی دەرەکی هیچ ئەنجامێکی دەبێ؟

ئەگەر دوژمن توندوتیژی بەکار هێنا، چۆن دەکرێ بە ناتوندوتیژی وەڵام بدرێتەوە؟

ڕەنگە ناتوندوتیژی لە وڵاتانی دیموکراسیدا کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ

دەگیرێ، بەکەڵک بێ بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بێکەڵکە.

چۆن دەکرێ ناتوندوتیژی لەگەڵ کەسانی وەک هیتلەر بەکار بێ؟

هەموو ئەوانەی پێڕەوییان لە خەباتی ناتوندوتیژانە کرد کوژراون لەوانە گاندی و مارتن لۆسەر کینگ و مەسیح و هتد. ئەم پرسیارانە دەخوازن ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە ڕوون بکرێنەوە، وەرگێڕانی کتێبەکانی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بۆ ئەو مەبەستەیە.

لەو کتێبەدا جین شارپ ١٩٨ ڕێگەی بۆ کاری ناتوندوتیژانە خستووەتە ڕوو کە هەموویان لە ئەزموونی زیندووی مێژوو تا ساڵی ١٩٧٣ کە کتێبەکەی تێدا دەرچووە، وەرگیراون.

ئەو ئەزموونانەی لەم کتێبەدا باس کراون دەری دەخەن ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە فرەجۆرن، هەروەک باس لە کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا پیشان دەدا.

هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کاری ناتوندوتیژانە کاریگەرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هی تر بەکار هاتووە.

هەروەها تەنیا پێوەست نییە بە پرسە ناوەخۆییەکانی وەک داواکارییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکان و مافە مەدەنییەکان لە بەرامبەر جیاکاریی ڕەگەزی، بگرە پرسە نەتەوەییەکانیش دەگرێتەوە وەک ئیمپریالیزم و داگیرکردنی دەرەکی.

هەروەها دەردەکەوێ کاری ناتوندوتیژانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمگەلی دیموکراسی و هەروەها نادیموکراسیشدا بەکار هاتووە، بە تایبەتی ڕێژیمی نازی کە هیتلەر دایمەزراند.

پەیامی بنچینەیی ئەم کتێبە بریتییە لەمەی خوارەوە:

کاتێ ستەم ڕوودەدا ئێمە لە بەردەم دوو بژارەدا نین کە سێیەمین نەبێ: توندوتیژی یان ملکەچکردن. ڕێگەیەکی سێیەمیش هەیە کە بریتییە لە بژارەی بەرگریکردنی مەدەنیی ناتوندوتیژانە.

کتێبی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بەشی دووەمە لە سیانەی "سیاسەتی کاری ناتوندوتیژانە" کە لە سێ بەش پێک دێ:

بەشی یەکەم Power and struggle

بەشی دووەم Methods of non violent action

بەشی سێیەم Dynamics of non violent action

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک بەشی یەکەمی لە کتێبێکدا وەرگێڕدرا بە ناونیشانی یاخیبوونی مەدەنی.

بەشی دووەم بزووتنەوە بەپێی ئەو پۆلبەندییە دانەر دایناوە وەری دەگێڕێ کە، ئەویش لە ڕێگەی چوار کتێبەوە کە هەموویان لە ژێر ناونیشانی "لە ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا"ن.

کتێبی یەکەم: کارەکانی ناڕەزایی و قایلکردن.

کتێبی دووەم: هاوکارینەکردنی ئابووری.

کتێبی سێیەم: هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

کتێبی چوارەم: شێوەکانی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" پێی باش بوو ئەم بیرۆکانە بۆ سەر زمانی عەرەبی بگوازێتەوە، ئەمە خوایە بەهۆیەوە بەرچاومان ڕووناک ببێتەوە و بتوانین لە گێژاوی توندوتیژیی بکوژ بچینە دەرەوە، کە وای لێ کردووین لە دەریای نەهامەتی و بێئومێدی و ترس و داڕووخاندا نغرۆ ببین.

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

٢٠١٢-٧-٧

# بەشی یەکەم
## ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی
بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی

## پێشەکی

ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی ڕاگرتنی درێژەدانە بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکان لەگەڵ هەندێ کەس یان گرووپ بەهۆی ئەوەی کاریگەریان کردووە کە بە خراپ یان نادادپەروەر دانراوە. هەروەک ملکەچنەکردن بۆ هەندێ داوونەریتی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە.

جگە لەم ڕێگەیانەی لەم بەشەدا باس کراون، دەکرێ لەڕێی لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە و داهێنانەوە ڕێگەی تریش بدۆزرێتەوە.

ئەو پازدە ڕێگەیەی لێرەدا باس کراون بەسەر سێ خانەدا دابەش کراون:

– دوورخستنەوەی کەسەکان.

– هاوکارینەکردن لەگەڵ نەریت و ڕووداو و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان.

– کشانەوە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە وەک ڕێگەیەک بۆ دەربڕینی نەیاری.

## بایكۆتكردنی كەسەكان

١- بایكۆتكردنی كۆمەڵایەتیی كەسەكان

ئەم زاراوەیە ڕیشەكانی بۆ هەڵسوكەوتە كۆنەكانی وڵاتی ئیغریق دەگەڕێتەوە، كە هاووڵاتییان دەنگیان لەسەر دوورخستنەوەی كەسانێك دەدا كە دەسەڵاتێكی فرەوانیان پەیدا كردبوو یاخۆ جەماوەرێكی گەورەیان هەبوو. ئەو كەسانە بۆ ماوەی دە ساڵ دوور دەخرانەوە، پاشتر ماوەكە بۆ پێنج ساڵ كەم كرایەوە. دەنگدانەكە بەو شێوەیە بوو ناوی ئەو كەسەی دەویسترا دوور بخرێتەوە لەسەر پارچە خشت یان لەتە فەخفوورییەك كە بە ئوستراكۆن ناسرابوو دەنووسرا، هەروەها ناوی "ئوستراكیزاین"یش لەو پرۆسەی دوورخستنەوەیە نرا كە بەو شێوەیە ئەنجام دەدرا.

بایكۆتكردنی كۆمەڵایەتیش بە ڕادەیەكی زۆر بەندە بە زیندوویێتی و بایەخی پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بەلای ئەوانەوە كە بایكۆت دەكرێن. لە چەمكی خەباتی سیاسیدا، وا باوە بایكۆتكردنی كۆمەڵایەتی كاتییە و لە چەند مانگێك یان لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا چەند ساڵێك زیاتر ناخایەنێ. لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەندێ سیستەمی كۆمەڵایەتی و ئاینیی دیاریكراودا هەندێ گرووپ لە خەڵك، لەوانە گرووپی "بێزراوەكان" لە هند، بۆ چەندان سەدەی دوور و درێژ بایكۆتكردنی كۆمەڵایەتییان بەسەردا سەپێنراوە. بەم پێیە ئەگەری ئەوە هەیە بایكۆتكردنی كۆمەڵایەتیش وەك هەر یەك لە ڕێگەكانی تری كاری ناتوندوتیژانە، بۆ ئامانجی نزم بەكار بێ.

ساڵی ١٩٠٤ بۆ ماوەیەكی كورت لە لیمیریك لە ئێرلەندا بایكۆتی

جوولەکەکان کرا، کە ئەم بایکۆتکردنە لەلایەن خەباتکاری ئێرلەندایی میخائیل داڤیتەوە سەرکۆنە کرا.

لەنێو بەکارهێنانە جیاوازەکانی ڕێگەکانی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیدا سیانیان لەچوارچێوەی چەمکی بزاڤەکانی بەرگریدا دەردەکەون، چونکە ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی بەکار هاتووە بۆ:

– بۆ قایلکردنی توێژێکی بەرفرەوانی دانیشتووان بۆ چوونە ڕیزی چالاکییەکانی بەرگری،

– بۆ قایلکردنی هەندێ کەس و گرووپ بۆ ڕاگرتنی هەندێ شێوەی هاوکاری لەگەڵ هەندێ گرووپی دوژمن،

– بۆ پاڵەپەستۆ خستنەسەر نوێنەرانی لایەنی دژبەر (الخصم) بەتایبەت پۆلیس یان سوپاکەی.

لە خوارەوە چەند نموونەیەک لە هەریەک لەم بەکارهێنانە دەکۆڵینەوە.

لە داگیرگە (مستعمرة = کۆلۆنی) ئەمەریکاییەکان و فینلەندا و هندستاندا نموونەی باش هەن لەسەر ئەو حاڵەتانەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی بەکار هێنراوە بۆ هەڵنانی خەڵکە دوودڵەکە بۆ دەستدانە بەرگریکردن. دانیشتووانی داگیرگەکان لە خەباتیاندا دژ بە دەوڵەتە داگیرکەرەکە ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتییان بەشێوەیەکی فرەوان بەکار هێناوە، لەپێناو هاندانی بەشداریکردن لە هەڵمەتەکانی بایکۆتکردن، هەروەک بۆ سزادانی ئەوانەی تا ڕادەیەکی زۆر بە لایەنگری بەریتانیاییە داگیرکەرەکان دادەنران. ئەم بایکۆتکردنە شێوەی جۆراوجۆری وەردەگرت و زۆر جاریش شانبەشانی بایکۆتکردنی ئابووری بووە.

دەستەواژەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی تا پاش تێپەڕینی زیاتر لە سەدەیەک لەم ڕووداوانە بەکار نەهات، لەبری ئەوە زیاتر "ڕازینەبوون" بەکار دەهات کە بریتی بوو لە بە چاوی سووک سەیرکردن و شەرمەزارکردن و

سەرکۆنەکردن و کێشانەوەی پاڵپشتیی ئەخلاقی.

لەکاتی هەڵمەتی دژ بە یاسای پوول (الطوابع) ئافرەتانی بروفیندا س و بریستۆڵ لە ویلایەتی ڕود ئایلاند لە ڕەزامەندییەکی ئازایانەدا سووربوونی خۆیان دەربڕی لەسەر ڕەتکردنەوەی خۆ نێزیککردنەوەی هەر پیاوێک کە پشتیوانی لە یاسای پوولەکان بکا. پاشتریش بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی لەلایەن کۆڵۆنییەکانەوە بەکار هات لەپێناو یەکخستنی بەرگریی ناتوندوتیژانەی دژی یاساکانی تاونسند.

لە کۆبوونەوەی دانیشتووانی برۆفیدانس لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٧٦٩ بڕیار درا پلانێکی توندگیرانە جێبەجێ بکرێ، کە داوا دەکا گت (امتناع) بکرێ لە هاوردە و بەکاربردنی شمەکەکان، هەروەها خەرج کەم بکرێتەوە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی هاوکاری -بە کاریگەرترین ڕێگە بەڵام بە ڕێکوپێکی و یاساییانە - لەگەڵ هەر کەسێک ئامادە نەبێ پابەند بێ بە سیستمە تازەکانی هەڵمەتەکەوە. ئەو کۆنگرەیەی دانیشتووانی فیلادلفیا لە مانگی ئادار بەستیان پەیمانی دا هیچ شمەکێک نەکڕدرێ کە بە پێچەوانەی ڕێکەوتنەکە هاوردە دەکرێ، هەروەها بەگوێرەی هەموو ڕێوشوێنە یاسایی و داناکان، هاوکاریکرنی هەر کەسێک ڕەت بکرێتەوە کە ئەو ڕێکەوتنە پێشێل دەکا. بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو کەسانەی لەو ماوەیەدا ڕێکەوتنەکەیان پێشێل کردووە شێوەیەکی باوی ڕەتکردنەوە و هەروەها گشتاندنی ناوی ئەو کەسانە بوو کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بایکۆت دەکرێن. لە مانگی تەمووزی ١٧٦٩ لە شاری بۆستن، بڕیار درا ناوی ئەو کەسانە بڵاو بکرێتەوە کە ڕێکەوتنی بایکۆتکردنی ئابووریان پێشێل کردووە.

بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی لە ساڵانی ١٧٧٤ و ١٧٧٥ ئەنجام درا لەپێناو پابەندبوون بە بەرنامەی بایکۆتکردنی ئابووری و سیاسی کە بە بەرنامەی کۆمەڵە کیشوەرییەکە ناسرا و لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٧٧٤ لەلایەن

کۆنگرەی یەکەمی کیشوەری (القاری)یەوە پەسند کرا. بۆ نموونە کۆنگرەی ماریلاند کە لە کانوونی یەکەمی ١٧٧٤ لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی یەکەتیی پێشووی کۆلۆنییەکان بڕیاری لەسەر دابوو بۆ گتکردن لە هاوردە و هەناردەکردن و بەکاربردن، بڕیاری دا پێویستە پارێزەران بەرگری لەو کەسانە نەکەن ئەم سیاسەتە پێشێل دەکەن، هەروەها هەوڵی بەدەستهێنانەوەی قەرزی هیچ کۆگەیەکی بازرگانی نەدەن کە یەکێک لە بەرێوەبەرەکانی لە پێشێلکارانی سیاسەتەکە بێ.

هەروەها ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە کرد هەریەک لە پەنسلڤانیا و نیویۆرک و ماساچوسیتس بای و نیوهامبشایر و ماریلاند بڕیارێکی هاوشێوەیان بۆ پشتگیریکردنی هەڵمەتەکەی یەکەتیی پێشووی کۆلۆنییەکان دا. لە ماساچوسیتس بای ئەو کەسانەی ڕازی بوون وەک ئەندامی ئەنجوومەنی ئیدارەی کۆلۆنییەکان لەگەڵ تاجی بەریتانیاییدا کار بکەن و بەوەیش سیاسەتی دانیشتووانی کۆلۆنییەکانیان لە بایکۆتکردنی سیاسیدا پێشێل دەکەن، بە خیانەتکار لە وڵاتەکەیان تۆمەتبار کران و پێویستە وەک کەسانی یاخی لە ویلایەتەکان ناوەکانیان بڵاو بکرێتەوە، تا بەو ڕیسواییەوە کە بەشایستەیی هەڵیان گرتووە ڕادەستی نەوەکانی داهاتوو بکرێن.

لەئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی زۆرەملێیانەی دەستووری فینلەندا بەپێی مانیفستۆی مانگی شوباتی ١٩٠١ لەلایەن نیکۆلای دووەمی قەیسەری ڕووسیاوە، فینلەندایییەکان بۆ دوو بەرە دابەش بوون:

گرووپی ملکەچەکان کە ڕازی بوون ملکەچی گۆڕانکارییە سەپاوەکە بن، هەروەها گرووپی دەستوورخوازەکان کە پاڵپشتییان لە ڕەتکردنەوەی توندی سیستمە نوێیەکە و ڕێزگرتنی ئەو یاسا و سیستمانەی دەریان دەکا کرد. لەو یاخیبوونەی پاش ئەم هەڵوەشاندنەوەیە ڕووی دا تاقمی سەرکردایەتیی نهێنی کە بە کاگال ناسرا، داوای بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتییانەی ملکەچەکانی کرد.

بەپێی "بەڵگەنامەی باوەڕەکانی هاووڵاتی" کە کاگال بڵاوی کردەوە، پێویست کرا ئەوانەی بانگەشە بۆ ملکەچکردن دەکەن، لە ژیانی ڕۆژانەدا وەک گوێزەرەوەی پەتای تاعوون یان تاوانباری سەرسەخت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. بەهۆی دژهەڵوێست لە کێشەکەدا پێوەندی تەنانەت لەگەڵ خزم و دۆستانیش دەپچڕا و خەڵک پێویستییە ڕۆژانەکانیان لە دووکانی جیاواز دەکڕی و ڕاسپاردەکانیان لە بانکی تر دادەنا. لە یەکێک لە شارەکان قوتابخانەیەکی ئامادەیی نوێ هاتە دامەزراندن، لەبەرئەوەی ماڵباتەکانی سەر بە گرووپێکی سیاسیی دژ نەیدەویست منداڵەکانیان بنێرن بۆ ئەو قوتابخانانەی منداڵانی ملکەچەکان تێیاندا دەیانخوێند.

هەروەها هندییە نیشتمانپەروەرەکانیش ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتییان بەکار هێنا دژ بەو هندییانەی ڕازی نەبوون بچنە ڕیزی بزووتنەوەی بایکۆتکردن لەکاتی ململانە ناتوندوتیژانەکان لەپێناو سەربەخۆییدا. ئامانجی ڕاگەیەنراو لەم حاڵەتەدا سزادانی دابڕاوەکە نەبوو، بگرە بەردەوام بیرخستنەوەی هەڵوێست و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکەی بوو کە بەهۆیانەوە لە بازنەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکە کرابووە دەرەوە. هیچ ئازارێ بە خۆی یان کەسوکارەکەی نەدەگەیەنرا، گرووپی ساتیاگراهیس بەردەوام پەرۆش بوو لەسەر دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئەو کەسە لە خواردن و پەناگە و پۆشاک و ئاو. بانگەوازێکی بەردەوام هەبوو بۆ کەسە بایکۆتکراوەکە تا هەڵەکەی خۆی ببینێ و ڕاستی بکاتەوە و بێتەوە ڕیزی کۆمەڵگە. بۆ زانیاریش، گاندی بەتوندی سەرکۆنەی ئەنجامدەرانی بایکۆتکردنە کۆمەڵایەتییەکەی کرد کە دڵگەرمییەکی توندڕەوانەیان هەبوو لەکاتی هەڵمەتەکەی هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا، بەتایبەت کاتێ خۆراک لەو کەسانە دەبڕا کە بایکۆتی کۆمەڵایەتی کرابوون.

پاش بەندکردنی گاندی لە سەرەتای خەباتەکەیدا، ف.ج.باتلی

ناسیونالیستی هندیی دیار هانی خەڵکی دا بایکۆتی کۆمەڵایەتیی هەموو فەرمانبەرانی حکوومەت بکەن تا ئەو کاتەی گاندی لە زینداندا بێ. لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٣٠ لێژنەی "کارکردن بۆ هەموو هندستان" داوای لە هەموو هاووڵاتیان کرد بایکۆتکردنێکی کۆمەڵایەتیی توند ڕێک بخەن دژ بە گشت فەرمانبەرانی حکوومەت و هەموو ئەوانەی تر کە زانراوە ڕاستەوخۆ بەشدارییان لەو کارە وەحشییانەدا کردووە کە دژ بە گەل ئەنجام دران بەمەبەستی خنکاندنی بزووتنەوە نیشتمانییەکە.

گاندی پێی وایە دەکرێ ڕێگە بە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی بدرێ یان نەدرێ لە ڕوانگەی ئەو گیان و ڕێگەیەی بایکۆتکردنەکەی پێ ئەنجام دەدرێ. بۆ نموونە دەبێ خۆراک و ئاو و چاودێریی تەندروستی بۆ ئەو کەسانە دابین بکرێ کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بایکۆت دەکرێن، هەروەها پێویستە ئەوانەی بایکۆتەکە دەکەن هیچ ڕق و حەزی تۆڵەسەندنەوەیەکیان دژیان نەبێ. لەباتیی ئەوە، دەبێ هەڵوێستەکە گوزارشت بێ لە خەمباری و بایەخ و ئومێد بە گەڕانەوەی بایکۆتکراوان بۆ ڕیزی کۆمەڵگە لەڕێی ڕاگرتنی هاوکاریکردنیان لەگەڵ حکوومەتی بەریتانی.

کاتێ گاندی لە ساڵی ١٩٣١ لە کۆنگرەی گردەمێزەکە گەڕایەوە، لێژنەی "کارکردن بۆ هەموو هندستان" ڕێنوێنییەکانی پێشووی گۆڕی و ئەوەی بیری گەل خستەوە کە نابێ مەبەست لە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی ئازارگەیاندن بێ بە فەرمانبەرانی حکوومەت یان بە پیاوانی پۆلیس یان بە بەرهەڵستانی ناسیونالیزم، چونکە ئەو ڕەفتارە لەگەڵ گیانی ناتوندوتیژیدا ناگونجێ.

ئێستە لە دووەم بەکارهێنانی ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی لە بزاوەکانی بەرگریدا دەکۆڵینەوە. زۆر جار ئەندامانی گرووپێک کە خزمەتی دژبەریان کردووە و کارەکەیان بە ناپاکی دانراوە، بایکۆتی کۆمەڵایەتی کراون، وەک پیاوانی پۆلیسی سیاسی یان فەرمانبەرانی بێدەسەڵاتی

حکوومـەت، یان ئەوانەی بە ڕوونی گـژبەریی ڕێنوێنییـەکـانی پێـوەندار بە جـێبـەجـێکردنی هـەڵمـەتێکی دیاریکراوی بایکۆتکردنیـان کـردووە، وەک تێکدەرانی مـانگرتن (وەک ئەو کرێکارانـەی لەجێی کرێکارە مـانگرتووەکان کار دەکەن و مانگرتنەکە بێ کاریگەری دەکەن-وەرگێڕ).

زۆربەی جـار سـەندیکاییـە ئەمـەریکاییـەکـان لە سـەرەتاکـانی سـەتەی بیسـتـەمـدا ڕەتیـان دەکـردەوە کـار لەگـەڵ ناسـەندیکاییـەکـاندا بکەن و بایکۆتکردنی کۆمـەڵایەتیی تێکدەرانی مـانگرتنیان دەکرد لەڕێی گتکردن لە چوونە هوتێل و چێشتخانەکانیان. سـەندیکا ناوەخۆییـەکان لیسـتێکیـان بـەناوی تێکدەرانی مـانگرتن بەسـەر کـرێکارانی تردا دابـەش دەکـرد، بەمەبەستی بەرگرتن لە قبووڵکردنیان وەک ئەندام لەو سەندیکایانەدا.

نموونەی تر هـەن لە ئێرلـەندا و پۆڵۆنیـا و چیکۆسلۆڤاکیـا. سـاڵی ١٩١٩ لەکاتی خەبات دژی حوکمڕانیی بەریتـانیا، بایکۆتکردنی کۆمـەڵایەتی دژ بە ئەندامـانی پۆلیسی شـاهانەی ئێرلـەندا و بنەمـاڵەکـانیـان ئەنجـام درا. بەپێچـەوانەی پیـاوانی پۆلیسی بەریتـانیـایی، پۆلیسـەکـانی شـاهانەی ئێرلەندایی چەکیان هەڵدەگرت و لەنێو سەربازگەکان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات دابەش دەکران. شارل موات دەڵێ:

سـیـاسـەتی بـایکۆتکردنی کـۆمـەڵایەتی، کـە نەفـرۆشـتنی خـواردن بە ئەندامـانی پۆلیسی دەگرتەوە، زیاتر لـە کوژرانی چـەند کەسـێکیـان یاخـۆ ئەگەری کوشتنی هی تریش، ورەی دابەزاندن. زۆربەی ئەندامـانی ئەم هێزە لە ئێرلەندایییـەکـان بوون و ژمـارەیەکی زۆریان دەسـتیـان لە کـارەکـانیـان کێشـایەوە و خـۆبەخشی نوێیش نەهاتنە پێش جێیـان بگرنەوە. موات ئەم ڕەفتارەی بە باشترین و کاریگەرترین چەک وەسف کردووە.

ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی لە پۆڵۆنیا لەکاتی داگیرکـردنی نازیدا بەکار هاتووە. بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی مەدەنی لەپێناو پارێزگاریکردن لە

پۆڵۆنیایەکی خاڵی لە هاوکارانی داگیرکەر، لەجیاتی بڕیاری مردن، بڕیاری ڕیسواکردنی دەردەکرد:

کەسێکی پۆڵۆنی بڕیاری ڕیسواکردن بەسەریدا درا لەبەرئەوەی پابەند نەبووبوو بە هەڵویستە پۆلاییەنەکە دژ بە داگیرکەر و نەیتوانی پاساو بۆ هەڵویستەکەی بێنێتەوە کاتێ داوای لێ کرا. بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی واتای بایکۆتکردنی کەسەکە بوو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها بوو بە بنچینەی دادگەییکردنە تاوانکارییەکان کە پاش تەواوبوونی شەڕ ئەنجام دران.

لەو بڕیاری ڕیسواکردنانە، ئەو بڕیارە بوو دژ بە ئەکتەرێکی پۆڵۆنی دەرکرا کە دەرگای شانۆکەی بەکراوەیی هێشتبووەوە، بەوەیش فەرمانەکانی بەرگریی نهێنی پێشێل کردبوو، ناوەکەیشی لە هەموو ڕۆژنامە نهێنییەکاندا بڵاو کرایەوە.

لە کۆتاکانی ئابی ١٩٦٨ و پاش داگیرکردنە ڕووسیاییەکە، بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی ناوی هاوکارانی چیکی یان ئەوانەی ڕەنگە هاوکاری بکەن، بوونە دوو ئامرازی گرینگ کە یارمەتیدەر بوون لە بەرگرتن لە پێکهێنانی حکوومەتێکی ژێربار و لایەنگری دەسەڵاتدارانی ڕووسیا. یەکەتیی ڕۆژنامەنووسانی چیکی لە بڵاوکراوەیەکی چاپکراودا کە لە ٢٤ ی ئابدا دابەش کرا، هانی ئەندامانی دا یارمەتیی یەکتر بدەن و خۆڕاگر بن. "بایکۆتی کۆمەڵایەتیی ناپاکان و خێزانەکانیان بکەن و قەت دەستی یارمەتییان بۆ درێژ مەکەن". لە داکوتراوی سەر دیوارەکانی پراگی پایەتەختیشدا ناوی ئەو کەسانە بڵاو کرایەوە کە گومانبارن بەوەی لە هاوکاران بن، لە ئەنجامی ئەوەدا یەکێک لەوانە کە ناوی کارڵ میستیک بوو، نووسراوێکی ئاراستەی کۆمەڵەی نیشتمانی کرد و تێیدا ڕایگەیاند هاوکاریکردنی لەگەڵ داگیرکەران ڕاگرتووە.

زۆر جار فەرمانبەران و پیاوانی پۆلیس و سوپای سەر بە ڕێژیمێکی

دەسەڵاتداری بیانی دووچاری جۆری سێیەم لە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی دەبنەوە کە ئێستە باسی ئەو جۆرەیان دەکەین. ئەم ڕێگەیە هەندێ جار بەسەر ئەندامانی ئەو شاند و لێژنانەی سەردانی وڵاتیان دەکرد پیادە دەکرا. بۆ وێنە، لە ڕۆدیسیای باکور و نیاسالاند، ڕێگەی هاوکارینەکردن لەگەڵ ئەندامانی لێژنەی مۆنتکۆنی بەریتانیایی کە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە هاتبوون، زیاتر لە بایکۆتکلادنی سیاسی تێپەڕی و گەیشتە ڕەتکردنەوەی بەستنی هیچ پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵیان.

هەروەها باس لەو پیاوانەی پۆلیس دەکەین کە ڕەوانەی شاری کیلمالوک کران لەکاتی مانگرتن دژی بەکرێدانەکان لە مانگی حوزەیرانی ١٨٨١، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا هۆی گواستنەوەیان بۆ دابین نەکردبوون و گوندنشینەکانیش ئامادە نەبوون مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، بەشێوەیەک ئەو پیاوانە تەنانەت بە ئاستەم خواردنیشیان دەست دەکەوت لەبەرئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بایکۆت کرابوون، هەروەها خاوەنی هۆ مۆڵەتپێدراوەکانی گواستنەوەیش ڕێگەیان پێ نەدەدان هیچ هۆیەکی گواستنەوەی گشتی بەکار بێنن. ئەوە بەتەواوی دەستوپێی بەستبوون و ئەگەر دۆخێکی نائاسایی لە دەرەوەی شارەکە ڕووی بدایە نەیاندەتوانی هیچ کارێک بکەن.

لەکاتی شەڕی ڕوهەر لە ساڵی ١٩٢٣ ئەڵمانەکان بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی هێزە فرەنسایی و بەلجیکییەکانیان لە ناوچەی ڕوهەر کرد. کاتێ سەربازانی داگیرکەر بچوونایەتە یانەیەک بۆ خواردنەوەی پێکێک بیرە، ئەڵمانە سیڤیلەکان ئەو جێیەیان بەجێ دەهێشت. هەمان شت لەگەڵ سەربازانی ئەڵمانیاییشدا لە دانیمارک ڕووی دا لەکاتی داگیرکردنی نازی بۆ ئەو وڵاتە. لە ماوەی چوار ساڵی داگیرکردنەکەدا خەڵکی دانیمارک لەگەڵ زۆربەی سەربازانی ئەڵماندا هیچ قسە و دەمەتەقێیەکیان نەکرد. کاتێ

سەربازانی ئەڵمانیا قسەیان لەگەڵ دەکردن دانیمارکییەکان پشتیان تێ دەکردن و وەڵامیان نەدەدانەوە. ئەوانەی دەچوونە دووکانەکان، لەکاتی هاتنەژوورەوەی سەربازە ئەڵمانیاییەکاندا شوێنەکەیان بەجێ دەهێشت.

لە نەرویجیش بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی جێبەجێ کرا و نەرویجییەکان وا بە ئاراستەی سەربازە ئەڵمانەکان تەماشایان دەکرد وەک ئەوەی ئەوانە وجوودیان نەبێ و قەت قسەیان لەگەڵ نەدەکردن. دانەنیشتن لەتەنیشت سەربازانی ئەڵمان لە پاسە گشتییەکاندا بووبوو بە باو. لە کۆتاییدا وەستانی کەسێک لای کورسییەکی بەتاڵ بە سەرپێچی دادەنرا. هەروەها ڕێگەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی هەندێ جار دژ بەو نەرویجییانە بەکار دەهات کە هاوکارییان لەگەڵ دوژمن دەکرد یان ڕازی نەبوون بێنە ریزی چالاکییەکانی بەرگری.

ساڵی ١٩٥٩ جووتیاران لە هەرێمی بریتۆن لە فەرەنسا پەنایان بۆ ڕێگە جیاوازەکانی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی برد. بە فەرمانی سەندیکاکانیان، کشتیارانی خرشۆف هەوڵیان دا لەڕێی نەدانی شەتڵ بە کشتیارانی ناوچەکانی تر نرخ بەرز بکەنەوە. سۆزان بێرگەر باس لەوە دەکا لێژنەی کشتیارانی خرشۆف چەندان شێوەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی وەک ئامراز بۆ جێبەجێکردنی ئەم شتە پێشنیاز کرد. لە بڵاوکراوەیەکدا کە لێژنەکە بەسەر سەرکردەکانی ناوچەکەیدا دابەش کرد، داوای کرد ئەو کشتیارەی بەدەم ئەم بایکۆتکردنەوە نایە، سەرەتا هەندێ لە هاوسێکانی سەردانی بکەن تا قایلی بکەن هەڵوێستەکەی بگۆڕێ، ئەگەر نەیانتوانی قایلی بکەن ئەوکاتە لە هەموو ڕێکخستنە کشتوکاڵییەکان دەربکرێ و بایکۆتی کۆمەڵایەتی بکرێ و لەلایەن هاوسێکانیەوە یارمەتی نەدرێ و بەئاشکرا ناوی بزرێنرێ، ئەمە جگە لە پلانێکی یەدەگیش وەک دوا ڕێگە ئەگەر هاتوو ڕێوشوێنەکانی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی سوودی نەبوو: ئەویش

زیانگەیاندنێکی سووکە بە موڵکەکانی، وەک فشکردنەوەی تایەی ئۆتۆمبێلەکەی، یان شەکر بکرێتە تەنکیی سووتەمەنیی ئۆتۆمبێلەکەی.

چیکی و سلۆڤاکییەکان بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتییان دژ بە سەربازانی سۆڤیەت ئەنجام دا، کە بووە مایەی دروستبوونی دەمەتەقێیەکی فرەوان لەگەڵیان لە پراگ لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٦٨. بڵاوکراوە و ئێزگەی بەرگریی چیکی و سلۆڤاکییەکان هانی جێبەجێکردنی ئەو بایکۆتەیان دا.

لە ٢٣ی ئاب سەربازانی سۆڤیەتی دایان بەسەر شارەکەدا. بەپێی راپۆرتەکان هیچ کەسێک قسەی لەگەڵ سەربازانی سۆڤیەت نەدەکرد. خەڵک بەتەنیشت سەربازەکاندا تێدەپەڕین بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێکیان پێ بدەن، هەروەها لە هەموو جێیەک بە پیتی گەورە بە زمانی ڕووسی نووسرابوو: بچنەوە بۆ ماڵەکانتان! تەقەمان لێ مەکەن.

٢- بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی هەڵبژاردەیی (انتقائي)

لەباتی ئەوەی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی سەرتاسەری یان نیمچە سەرتاسەری بێ، دەکرێ لە شێوەیەک یان زیاتری پێوەندی کۆمەڵایەتیدا قەتیس بکرێ. لەوانەیە لەرێی بڕیارێکی ناوەخۆییەوە ئەم پێوەندییە تایبەتانە دیاری بکرێن، یان لەوانەیە بەسادەیی خاڵی سەرەکیی پێوەندیکردن بن لەنێوان بەرگریکاران و دوژمندا. بەم شێوەیە لەوانەیە خاوەن دووکان و بازرگانەکان حەز بکەن لەگەڵ سەربازانی سوپای داگیرکەر بدوێن، بەڵام هیچیان پێیان نەدەفرۆشت. ئەم جۆرە هاوکارینەکردنە جیایە لە بایکۆتکردنی بازرگانەکان کە وەک بایکۆتکردنێکی ئابووری وایە، لەبەرئەوەی لەم حاڵەتەدا بنەمای هاوکارینەکردن شێوەی نەفرۆشتنی شمەکێکی دیاریکراو وەرناگرێ، بەڵکو نەفرۆشتنیەتی بە کەسێکی دیاریکراو، هەربۆیە ئەم کارە بە بایکۆتکردنی ئابووری دانانرێ، بگرە کۆمەڵایەتییە.

بۆ نموونە لەکاتی شەڕی ڕوهەردا، خاوەن دووکانە بازرگانییەکان ڕەتیان دەکردەوە خزمەتی سەربازانی فرەنسایی و بەلجیکایی بکەن. ساڵی ١٩٥٦ لەکاتی داگیرکردنی بۆرسەعید لەلایەن بەریتانیا و فرەنساوە و لەکاتی داگیرکردنی کەناڵی سویسدا، فرۆشیارە دەسگێرە میسرییەکان بەتەواوی بایکۆتی هێزە فرەنسایی و بەریتانیاییەکانیان کرد، هەروەها بازرگانە میسرییەکان لە بەشە ئەوروپاییەکەی شارەکەدا دەرگای دووکانەکانیان قەپات کرد.

لەوانەیە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی هەڵبژاردەیی شێوەی تەواو جیاواز وەربگرێ کە هیچ پێوەندییەکی بە بازرگانییەوە نەبێ. لەئەنجامی تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی بێوەی لە سان پترسبۆرگ لە ڕۆژی یەکشەمی خوێناوی لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٠٥، یانەی ئەفسەران دەرگاکانی بەڕووی ئەفسەرانی گاردی شاهانەدا داخست بەهۆی بەشداریکردنیان لە تەقەکردندا.

لە کانوونی دووەمی ١٩١٧ لە کۆشکی زستان م.ڕۆدزیاکۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی دۆما و أ.بروتوپوپۆڤی وەزیری ناوەخۆ کە بە دوژمنی یەکەمی هێزە پێشکەوتنخوازەکان دادەنرا، دەمەتەقێیەکی توندیان کرد. دواتر و لە چاوەڕوانیی گەیشتنی قەیسەردا، بروتوپوپوڤ لە ڕۆدزیاکۆ نێزیک بووەوە تا تەوقەی لەگەڵدا بکا. شایەتحاڵێک ئەوەی لەو ساتەدا ڕووی دا بەم شێوە دەگێڕێتەوە: بروتوپوپوڤ لە ڕۆدزیاکۆ نێزیک کەوتەوە و هیوای ساڵێکی خۆشی بۆ خواست و بۆ تەوقەکردن دەستی بۆ درێژ کرد. ڕۆدزیاکۆ بەشێوەیەکی نانەجیبانە ڕووشکێنی کرد و بەبێ ئەوەی تەماشای بکا بە دەنگێکی زاڵ گوتی: برۆ! دەستم لێ مەدە.

هەواڵەکە دەستبەجێ لە سەرتاسەری کۆشکدا بڵاو بووەوە، لەو شەوەدا ئەو هەواڵە بوو بە قسەی سەر زاری خەڵک لە پتروگراد. جۆرج کاتکۆڤ

ڕووداوی تەوقەنەکردنەکەی بە بێنەزاکەتییەکی بەبەرنامە وەسف کرد کە واتایەکی سیاسی هەبوو.

لە ٧ی ئاداری ١٩١٧، واتە پێنج ڕۆژ بەر لە دەستهەڵگرتنی قەیسەر نیکۆلای دووەم لە تەخت، نێردەیەکی ئەنجوومەنی دۆما گەیشتە موجیلیف کە بارەگەی قەیسەری لێ بوو و هەواڵی بڕیاری حکوومەتە کاتییەکە بە دەستگیرکردنی پێ بوو. ئەندامانی نێردەکە و قەیسەری داماڵراو بە شەمەندەفەر لە موجیلیفەوە بۆ کۆشکی شاهانە لە تسارسکاو سیلۆ گەشتیان کرد و دە سەربازیشیان لەگەڵ بوو. قەیسەر داوەتی ڕاسپێراوانی ئەنجوومەنی دۆمای کرد بۆ نانی ئێوارە، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە.

٣- سڕکردنی پێوەندییە سێکسییەکان

ڕێگەی شەڕ ڕاگرتن کە لە شانۆگەریی ئەریستۆفانس لیزیستراتادا خرایە ڕوو و کە دەڵێ دەبێ ژنەکان پێوەندیی سێکسی لەگەڵ مێردە شەڕاوەرەکانیاندا ڕەت بکەنەوە، دەکرێ بەشێوەیەکی تایبەت لە شێوەکانی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی هەڵبژاردەیی دابنرێ و شایستەی ئەوەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ پۆلبەند بکرێ. ئەم ڕێگەیە لانی کەم لە دوو حاڵەتی ناسراودا ئەنجام دراوە. ستان شتاینەر باس لەوە دەکا لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا ئافرەتانی هۆزی ئەلایرۆکوای هندییە سوورەکان یەکەم یاخیبوونی ئافرەتانیان لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجام دا.

لە دەوروبەری ساڵی ١٦٠٠، ئەو ئافرەتانەی داوای یەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسییان دەکرد لەگەڵ پیاوان، بڕیاریان دا کە ئەوان لە شەڕە نارێکخراوەکانی پیاوەکانیان تێر بوون و ڕایانگەیاند گت لە ئەنجامدانی پێوەندیی سێکسی لەگەڵ مێردەکانیان و منداڵبوون دەکەن، لەبەرئەوەی نایانەوێ شەڕاوەری نوێ بێننە دنیا تا پیاوان دەست لە مافی بڕیاردان

لەسەر شەڕ و ئاشتی هەڵنەگرن. لەو ڕووەیشەوە کە پیاوانی هۆزەکە باوەڕیان وابوو ئافرەتان نهێنییەکانی منداڵبوون نازانن، یاخیبوونەکەی ئەو ئافرەتانەی داوای یەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لەگەڵ پیاوان دەکرد سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

لە کۆتاکانی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣ ئافرەتانی ئەفریقیایی لە شاری مبوبوما لە ویلایەتی بولاوایو لە ڕۆدیسیای باشوور هەوڵیان دا ڕەزامەندییەکی فرەوانتر لە ژنەکان بەدەست بێنن بۆ بێبەشکردنی شووەکانیان لە مافەکانی هاوسەرێتی، تا دەست لە تەقاندنی بۆمب و تەقەمەنی کۆتا دەکەن.

٤- بێوەریکردن لە ئەندامیەتیی ئاینی

بێبەشکردن یاخۆ بێوەریکردن لە ئینتیمای ئاینی یەکێکە لەو سزا ئاینی و کۆمەڵایەتییانەی کەنیسەکان دەتوانن بەکاری بێنن، کە بریتییە لە دوورخستنەوەی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک لە ئەندامیەتیی کەنیسە و بێبەشکردنیان لە مافەکانی ئەو ئەندامێتییە و مافی بەشداریکردن لە ئاهەنگە ئاینییەکاندا. جڵەوی ئەنجامدانی ئەم جۆرە بایکۆتکردنە کۆمەڵایەتییە لە دەستی سەرۆکایەتیی کەنیسەدایە نەک تاکەکەسەکان. ئەگەرچی هەندێ هۆکاری کەسیی ڕووت لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا جێبەجێکردنی ئەو ڕێگەیە خێراتر بکا، وەک بێبەشکردنی کەسێک لە ئینتیمای ئاینی بەهۆی ئەوەی ڕەفتاری لەڕووی ئەخلاقییەوە بە دزێو دانراوە، بەڵام هەندێ کاتی تر لە ململانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار هاتووە.

بێوەریکردن لە ئینتیمای ئاینی و ڕێگرتن لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان لە ناوچە یان دەوڵەتێکی دیاریکراو وەک لەخوارەوە دەیبینین، سزایەکی سیاسیی یەکلاکەرەوە بووە لە ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

کاتێ کەنیسە پشکێکی گەورەی لە دەسەڵاتی زەمەنیدا هەبوو و لایەنی (ولاء)ی ئاینی و سیاسی دواجار بۆ پاپا دەگەڕێتەوە. بەم شێوەیە ئەگەری ئەوە هەیە بێبەشکردنی دەسەڵاتدارێکی مەدەنی لە ئینتیمای ئاینی ببێتە مایەی شۆڕش و داماڵینی لە دەسەڵات.

لە کۆتاکانی سەتەی یازدەیەمدا کێشەیەک لەنێوان پاپا گریگۆریسی حەوتەم و هنریی چوارەم سەری ئیمپراتۆرییەتی پیرۆزی ڕۆمانی سەری هەڵدا، کە ئەو ناوچەیە لە ئێستەدا هەریەک لە ئەڵمانیا و نەمسا دەگرێتەوە. ئەویش پاش تۆمەتبارکردنی هنریی چوارەم بەوەی جۆرە یاخیبوونێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام داوە بەوەی سەرۆکی ئوسقوفییەکانی دەرکردبوو کە پاپا لە میلانۆ دایمەزراندبوو، هەروەها بەشداریی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ورمزی لە ساڵی ١٠٧٦ کردبوو و پاپای بە ڕاهیبێکی ساختە وەسف کردبوو.

لە پەرچەکرداری ئەوەدا گریگۆریس بێبەشکردنی هنری لە ئینتیمای ئاینی و داماڵینی لە پۆستەکەی ڕاگەیاند، ترس لە ئەنجامەکانی ئەم بڕیارەیش هەموو پیاوانی هێنایە هەشۆکان. هەروەها ئەندامە یاخیبووەکانی ڕەعیەتەکەی هنری لە ویلایەتی ساکسۆنی ڕایانگەیاند کە خۆیان لە ستەمی میرێک ڕزگار دەکەن کە لە ئینتیمای ئاینی بێوەری کراوە. ئەوەیش پاڵی بە هنرییەوە نا مل بۆ فەرمانەکانی پاپا کەچ بکا.

هنری لە وەرزی زستاندا بەرەو لۆمباردیا ملی ڕێی گرتە بەر، پاش ئەوەی زانی گریگۆریس لە ناوچەی کانوسای شاخاوییە، بەدەم تۆبەکردن و پاڕانەوە بۆ هەڵگرتنی بڕیاری بێوەریکردنەکە لەسەری، ماوەی سێ ڕۆژ لە گۆڕەپانی کۆشکەکە و لەژێر ڕەهێڵەی بەفربارینددا چاوەڕوانی کرد، لە ڕۆژی چوارەمدا گریگۆریس بەخشی.

لەگەڵ ئەوەیشدا یاخیبووەکان لە ویلایەتی ساکسۆنیا لە ساڵی ١٠٧٧

ئیـمـپـراتۆرێکی ڕکابـەریان بۆ هنری هەڵبژارد. پاش شـەڕێکی نـاوەخـۆ کـە هیـچکام لە دوو لایەنە بەشـەڕهاتووەکـە قـایل نەبوون پاپا دەست تێوەر بدا، سـاڵی ١٠٨٠ گـریگۆریس جـارێکی تر بێـوەریـکردن لە کـەنیـسـەی بەسـەر هنـریدا سـەپاندەوە، هـنریش بـەوە بەرپەرچی بڕیارەکـەی پاپای دایەوە کـە پاپایەکی ڕکابـەری بەرامـبەر گریگۆریس دامـەزراند و لە ڕۆمـا نیـشـتـەجێی کرد. ئەم کێشـەیە هـەرگیز کۆتای نەهات.

ڕێگەی بێـوەریـکردن لە ئـینتـیـمـای ئاینـی لە ویلایـەتە یەککگرتووەکـانی ئەمەریکادا بۆ بەگژاچوونەوەی بانگەشـەکارانی کۆیلایەتی بەکار هات لەکاتی ملمـلانە لـەسـەر هـەڵوەشـاندنەوەی کـۆیلایەتی لە نـاوەڕاسـتـەکـانی سـەدەی نۆزدەیەمـدا. سزای بێوەریکردنـی کـەنیـسـەیی بەگشـتـی دەرهـەق بە خـاوەن کۆیلەکان جێبەجێ دەکرا.

٥- بێبەشکردن لە چالاکییە ئاینییەکان

مەبەست لە بێبەشکردن لە چالاکییە ئاینییەکان قـەدەخەکردنی ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و چالاکییە ئاینییەکانی ترە لە ناوچە یاخۆ دەوڵەتێکی دیاریکراودا بۆ مـاوەیەکی دیاریکراو. سـەرۆکـایەتیی کـەنیـسـەیش بڕیـاری سـەپاندنی ئەم سزایە دەدا.

لەگەڵ ئەوەی ئەم شێـوەیە لە بێوەریکردن لە کەنیسـە لەوانەیە بە سروشتی خـۆی تەمـبـێـکارانـە و بەشـەکی بێ، بەڵام ئامـانجی یەکـەمـی بەردەوام ناچارکـردنی حکوومـەت یان گـەلێک بووە بۆ ڕاسـتکردنەوەی سـتـەمگـەلێکی دیاریکراو کە سـروشـتێکی ئاینـی یاخۆ سـیـاسـییـان هـەیە. ئەم پاڵەپەسـتـۆیە لەڕێی بێبەشکردنـی ناوچەیەکی دیاریکراو لە خزمەتگوزارییـە ئاینییەکان و نهێنییـە پیرۆزەکان یاخـۆ بەخـاکسـپاردن بەپێی ڕێوشـوێنەکانی کـەنیسـە جێبەجێ دەکرێ، یان هـەموو ئەم سزایانە پێکەوە دەسەپێنرێن.

مـەرسـوومـێکی پاپـەوی کـە پاپا ئینـۆسـانی دووەم دەری کـردووە بنەمـای بێـوەریکردن لە چالاکـیـە ئاینیـیەکـانی وەسف کـردووە بەوەی برێتـیـیـە لە ڕاگرتنی ئاهەنگە یەزدانییەکان.

ئیدوارد کریهبیل کە بە سەرچاوە دادەنرێ لەم بابەتەدا دەنووسێ و دەڵێ:

ئامانج لە بێبەشکردن لە چالاکییە ئاینییەکان مسۆگەرکردنی پابەندبوونە بەو داوایانەی کەنیسە بەسەر خراپەکارێکیدا دەسەپێنێ کە دژ بە چاکەی هەمووان یان کەنیسە یان کەهەنووت، یاخۆ دژ بە یاساکانی باوەڕ و ئاکار کـار دەکـا. ئەوە ناچارکـردنە لـەڕێی شـێـوەیەک لە شـێـوەکـانی بەرگـریی نێگەتیڤ. ئەو کـارە کـارێکی نە دوژمنکارانە و نە سـزادانە، بگرە کـارێکی بەرگریکارانەیە تێیدا کەنیسە لە خزمەتی گشتی دەکشێتەوە تا کۆمەڵگە دادپەروەرانە هەڵسوکەوت دەکا.

هەر بەم شێوەیە پاپا ئینوسانی سێیەم شاری لەندەن و ناوچەکانی ژێر قـەڵەمـڕەوی بارۆنـەکـانی لایەنگری شـا جـۆنی لە هەر چالاکـیـیـەکی ئاینی بێـوەری کرد، پاش ئەوەی ئەمـەی دوایی ـواتە شـا جـۆن- ڕەتی کردەوە دان بە بەڵگەنامەی مافەکاندا بنێ. هەروەها شارەکانی هەرێمی لومباردیا تەمێ کـران لـەسـەر ئەوەی خـۆیان بۆ بـەرەنگاریکردنی فـریدریکی دووەم ئامـادە کـردبوو. ئەنجـوومـەنی کـەنـەسی کـە لە شـاری لیـمـوج لە سـاڵی ١٠١٣ کـۆ بووەوە، هەڕەشـەی سەپاندنی بڕیاری بێوەریکردنی لە چالاکییە ئاینییەکان بەسەر بارۆنە چەتەکاندا کرد، کە شەڕیان کرد و ئاشتیی خوایان بەزاند.

## هاوكارينەكردن لەگەڵ
## چالاكی و نەریت و دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان

١- هەڵپەساردنی چالاكیی كۆمەڵایەتی و وەرزشی

لەوانەیە بایكۆتكردنی كۆمەڵایەتی شێوەی هەڵوەشاندنەوەی چالاكییە كۆمەڵایەتی و وەرزشییەكان یان ڕەتكردنەوەی ڕێكخستنیان وەربگرێ. لەوانەیە ئامانج لەم جۆرە بایكۆتكردنە كۆمەڵایەتییە ناڕەزایی دەربڕین بێ و لێرەشەوە ئەم ڕێگەیە پێوەندارە بە ڕێگەكانی ناڕەزایی و قایلكردنی ناتوندوتیژانە، یان هەوڵێكە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو كۆششانەی حكوومەت دەیانكا بۆ هێنانەناوەوەی ڕێگەی نوێی دەستگرتن بەسەر كۆمەڵگەدا، لەو ڕووەیشەوە پێوەندارن بە ڕێگەكانی بایكۆتكردنی سیاسی. ئەم ڕێگەیە لێرەدا ڕیزبەند كراوە لەبەرئەوەی بە شێوە كۆمەڵایەتییە، ئەگەرچی ئەگەری ئەوە هەیە لە ئامانج و ئەنجامیدا سیاسی بێ.

نەرویجییەكان لەكاتی داگیركردنی ئەڵمانیا بۆ وڵاتەكەیان لە ساڵی ١٩٤٠ەوە تا ١٩٤٥، بەردەوام بە شێوەیەك لە شێوەكان هاوكاریكردن لە چالاكییە وەرزشییەكان لەگەڵ ئەڵمانەكان و هەروەها لەگەڵ حزبی فاشیی نەرویجیان ڕەت دەكردەوە. ئەفسەرانی ئەڵمان لە هاوینی ١٩٤٠ەوە هەوڵیان دەدا یاریی تۆپی پێ لەنێوان تیپە ئەڵمانیایی و نەرویجییەكاندا ڕێك بخەن. تەنیا ژمارەیەكی زۆر كەم یاری ئەنجام درا پێش لەوەی بەپێی سیاسەتێكی ڕێكخراوە وەرزشییە نەرویجییەكان كە لە ساڵی ١٩٣٩ پەسندیان كردبوو، بەتەواوی قەدەخە بكرێن. ئەوە بوو ئەنجامدانی هەر جۆرە گەمەیەكی

وەرزشی لەگەڵ تیپە وەرزشییە بیانییەکان قەدەغە کرا بە پاساوی پاڵپشتیکردنی سیاسەتی بێلایەنی کە حکوومەت پەسندی کردبوو. ئەم قەدەغەکردنە بیانوویەکی باش بوو بەدەست تیپە وەرزشییە نەرویجییەکانەوە بۆ ڕەتکردنەوەی داواکاریی یاریکردن لەلایەن ئەڵمانەکانەوە.

ئەڵمانەکان جارێکی تر هەوڵیان دا بچنە ڕیزی یانە وەرزشییەکان، ئەفسەرەکان بەتایبەت هەوڵیان دا بچنە ناو یانەکانی تۆپی تێنس. نەرویجییەکان لە هەموو جێیەک سەرکەوتوو بوون لە دوور خستنەوەی ئەو شەپۆلە ئەندامە چارە نەویستراوانە، لەو ڕووەوە پاڵەپەستۆی ئەڵمان بەتوندی بەردەوام بوو، بەوە تێپەڕێنرا کە پێشنیاز کرا ئەڵمانەکان یاریگەکانی تۆپی تێنس دەست بەسەردا بگرن یان ماوەی ڕۆژێک یان دووان لە هەفتەیەکدا بەکرێیان بگرن. بەڵام ئەندامییەتیی یانەکانیان هەر لێ قەدەغە بوو، بەوەیش شکست بە هەوڵەکانی هێزە نازییەکان بۆ دروستکردنی دۆستایەتی لەگەڵ برا ئەڵمانەکانیان لە باکور هێنرا.

لە ئەیلوولی ١٩٤٠ چەند هەوڵێکی جیاواز لەلایەن حزبە فاشییە نەرویجییەکان و ئەڵمانەکان درا بۆ دەستگرتن بەسەر ڕێکخستنە وەرزشییەکاندا. لە یەکی تشرینی یەکەم ئیکسیل شتالنگ وەزیری نوێی خزمەتگوزارییە کرێکارییەکان و وەرزش فەرمانی دا بە هەڵوەشاندنەوەی قەدەغەکردنی یارییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا بەرپرسانی ڕێکخستنە وەرزشییەکان پێداگرییان کرد لەسەر سەربەخۆیی بڕیار و هەڵسوکەوتی ڕێکخستنە وەرزشییەکان، بەبێ هیچ دەستێوەردان و لێتێکدانێک لەلایەن حزبەوە.

لە ٤ی تشرینی دووەم بەڕێوەبەرایەتیی خزمەتگوزارییە کرێکارییەکان و وەرزش کۆنگرە ساڵانەکانی ڕێکخستنە وەرزشییەکانی ئەنجام دا. لێژنەی

ڕێنوێنی لە کۆمەڵەی وەرزشیی نەرویجی بڵاوکراوەیەکی دەوری بۆ لقەکانی نارد کە باسی لە هەوڵەکانی فاشییەکان دەکرد بۆ دەستگرتن بەسەر ڕێکخستنە وەرزشییەکاندا، هەروەها ئاماژەی بەوە دا لێژنە هەست دەکا توانای درێژەدان بە چالاکییەکانی نەماوە، هیچ ڕێنوێنی و ڕاسپاردەیەکیشی نەدایە ئەندامەکان کە چی بکەن.

لە ٢٢ی تشرینی دووەم شتانگ سەپاندنی چاودێریی بەسەر کۆمەڵەی وەرزشیی نەرویجیدا ڕاگەیاند و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵەکەی قەدەخە کرد، هەروەها ئاشکرای کرد هەڵبژاردن بۆ بەرپرسانی کارەکانی کۆمەڵە ناکرێ و ناوی ئەندامانی بەڕێوەبردنی هەر ڕێکخستنێکی وەرزشی دیاری دەکرێ.

بەرپرسانی چالاکییە وەرزشییەکان نامەیەکی ناڕەزاییان نووسی و ناردیان بۆ شتانگ، دەقی نامەکە لە هەندێ بڵاوکراوەی دەوری و بڵاوکراوەی نایاسایی لە وڵاتدا بڵاو کرایەوە. ئەو بەرپرسانە کشانەوەی خۆیان لە ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنە وەرزشییەکان ڕاگەیاند و جەختیان کرد ئیتر بەرپرسیاریەتییەکە لە گەردنی وەزیری دەوڵەتدایە.

لەو کاتەدا ئەندامانی یانە وەرزشییەکان جڵەوی دەستپێشخەرییان گرتە دەست. پێشتر ئامادەکاری کرابوو بۆ ئەنجامدانی خولی زۆرانبازیی ئازاد لەنێوان نەرویج و دانیمارکدا. کاتێ بەرپرسی حزبی فاشیی نەرویجی گەیشتە تونزبێرگ کە بڕیار بوو یارییەکانی لێ بکرێ، ئاگەدار کرا کە هەر ٦٤ زۆرانبازەی بڕیار بوو بەشداری لە یارییەکاندا بکەن دوا کەوتوون. ئۆلاف هلست کە سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕیی کۆمەڵەی وەرزشیی نەرویجی بوو بەر لەوەی حزبی فاشی دەستی بەسەردا بگرێ دەڵێ:

بەوە بەرەی بەرگریی نیشتمانی بەکردەوە دروست بوو. ئێستە ڕوون بووەوە کە لاوانی وەرزشکاری چالاک قەت مامەڵە لەگەڵ ڕێژیمی نوێدا

ناکەن، پێویستە پارێزگاری لەم بەرەیە بکرێ. بایکۆتی هەموو ئەو چالاکییە وەرزشییانە کرا کە ڕێکخستنە وەرزشییەکانی سەر بە فاشییەکان ئەنجامیان دا جگە لە هەندێ حاڵەتی کەم. ئەو بایکۆتکردنە بەشداریکردن و ئامادەبوون لەو ڕووداو و یارییە وەرزییانەیشی گرتەوە. مانگرتنی وەرزشی لەسەر فەرمانی بەرپرسانی باڵا نەبووە، بگرە تەنیا بڕیارێک بوو کە ئەندامانی ئاسایی لە یانە وەرزشییەکانی وڵات دابوویان. چەندان خولی یاریی ناشەرعی و نایاسایی لە پێشبڕکێی گۆڕەپان و خلیسکان لەسەر بەفر و تۆپی پێ و تۆپی تێنس ئەنجام دران کە خەڵکێکی زۆر ئامادەیان بوون، لەکاتێکدا یارییە وەرزشییە ڕەسمییەکان بینەرێکی کەم ئامادەیان دەبوون.

هیلسیت کە پاشتر بوو بە لیوا لە سوپای نەرویجیدا مانگرتنە وەرزشییەکەی بە ڕەتدانەوەیەکی نەرێنیی بێمەرج بۆ هەر داوایەک بۆ بەشداریکردن لە یارییەکی وەرزشیدا لەقەڵەم دا کە ئەڵمانەکان بەشداریی تێدا دەکەن، هەروەها بۆ ئەو مەرسوومەی داوا دەکا وەرزشکارەکان بەشێک بن لە بزووتنەوە وەرزشییەکەی سەر بە ڕێژیمی نوێ.

هەروەها دەڵێ: بایەخی مەعنەویی هەموو بزووتنەوەی بەرگری لەوەدایە کە یەکەم گردبوونەوەی ڕێکخراوە دژ بە هێرشی کارگێڕیی ئەڵمانی، هەروەها لەوەدا بەدرێژایی ماوەی شەڕ لەژێر پاڵەپەستۆدا لە کار بەردەوام بوو.

زانای سیاسیی نەرویجی تۆماس ویللەر لە شرۆڤەکردنیدا بۆ بەرگریکردنی داگیرکردن ئاماژەی بەوەدا کە کاری وەرزشکارەکان بووە بە نموونەیەک کە ڕێگە پیشان دەدا دەبێ ڕێکخستنەکانی تر لەبارەی بەردەوامبوون و نوێبوونەوە یاخۆ ڕاگرتنی چالاکییەکانیان چی بکەن. مانگرتنە وەرزشییەکە بیری هەموو وڵاتی خستەوە کە گەلی نەرویجی هێشتا لە خەبات بەردەوامە.

خاتوو مانی سکودفین یەکێک لە دیارترین مێژوونووسانی ئەو ماوەیە

دەڵێ: مانگرتنی وەرزشی سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە و بەشی زۆری لاوانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی. کاتێ وەرزشکارەکان لە یاریگە و ستوونی ڕۆژنامەکان بزر دەبوون، نەدەکرا خەڵک تێبینی ئەوە نەکەن. ئەڵمان و حزبی فاشی تووشی شکستێکی ترسناک بوون کاتێ وەرزشکارەکان ڕەتیان کردەوە بەشداری لە یارییەکاندا بکەن، هیچ نەرویجییەک ناتوانێ چاو لە ئاست ئەو ڕێگەیەی دەربڕینی ڕەتکردنەوەکە دابخا.

مانگرتنی وەرزشی تا ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٥ نەوەستا کاتێ چەندان ڕێپێوان بە بەشداریی هەزاران وەرزشکار و خەڵک لە سەرتاسەری نەرویج بەڕێوە چوون بۆ ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی کۆتاهاتنی خەبات و دەستپێکردنی چالاکیی وەرزشی ئازاد.

ئەم نموونەیە لە هەندێ لایەنیەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێگەکانی بایکۆتکردنی سیاسیدا یەک دەگرێتەوە.

ڕێگەی مانگرتنی وەرزشی لە پورتوگال شێوەیەکی تا ڕادەیەک جیاوازی وەرگرت، کاتێ قوتابییان لە کویمبرا لەساڵی ١٩٦٢ وەک نارەزایی لەدژی سیاسەتی حکوومەت چالاکییە کۆمەڵایەتی و وەرزشییەکانیان ڕاگرت. ئامانج لەم کارە نارەزایی وازلێهێنان بوو زیاتر لەوەی هەوڵدان بێ بۆ شکستهێنان بە هەوڵەکانی حکوومەت بۆ گرتنەبەری ڕێگەی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردن.

٢- بایکۆتکردنی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان

دەکرێ بە بەشدارینەکردنی بەکۆمەڵ لە هەندێ چالاکیی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و پێشوازیکردن و ئاهەنگی مۆسیقی وەک ئاهەنگی شەوانە و هی تر، گوزارشت لە گیانی بەرگری بکرێ. لەکاتی داگیرکردنی نازیدا دانیمارکییەکان ڕەتیان دەکردەوە ئامادەی ئاهەنگە مۆسیقییە سەربازییە ئەڵمانییەکان بکەن.

له سـالانی ١٩٤٠ و ١٩٤١دا له نـەرویج شـەپۆلێکی مـانگرتن هۆڵەکـانی سـینەمـای گرتـەوه. ئەو شـەپۆله له شـاری سـتـاڤنجـەر دەسـتی پێکرد و ئەنجـوومـەنی ناوەخـۆیی هـۆڵەکـانی سـینەمـا هەڵوەشـێنرایەوه، بەهۆی رێگەنەدانی بە هـاتنەژوورەوەی بەخـۆڕایی ئەندامـانی رێکخـراوی کویسیلینجیی دەستەبژێری ناسراو بەناوی هێرد بۆ ناو هۆڵەکانی سینەما. بە دوای ئەوەدا بینەرانیش گـتـیان کـرد لـه ئامـادەبوونی بینینی نمایشـه سینەماییەکان. ئەم گتکردنه بە مـانگرتن له بینینی نمایشه سینەماییەکان له ئۆسلۆی پایەتەخت لـه مـانگی شـوباتدا، گـەیشـتـه لووتکه. ئەم نموونەیه پێوەندی بە رێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووریشەوه هەیه.

له پۆڵەندا، بزووتنەوەی بەرگـریی نهـێنی خـەڵکی قـەدەخـه کـرد له ئامادەبوونی ئاهەنگە سینەمـایی و شانۆییەکان لەو شـوێنانەی ئەڵمـانەکان بەڕێوەیان دەبەن. سـاڵی ١٩٤٢ بزووتنـەوەی بـەرگـریی نهـێنی بڕیاری پێویستیی قەدەخەکردنی شانۆ پۆڵۆنییەکانی دا، بە شانـۆکانی ژێر ئیدارەی ئەڵمـانەکانەوە، هەروەها دەبێ هیچ پۆڵۆنییـەک شانۆ نەخاته کار. کارسکی دەڵێ هۆی سـەرەکـیی دەرکـردنی ئەم بڕیاره ئەوه بووه رێگە بـە هیـچ پۆڵۆنییـەک نەدرێ ئەو شـتـانه لـەبیر بکا کە له وڵاتەکـەیدا روویان داوه، یان خـۆی بە خـۆشـییـەوه سـەرقـاڵ بکا ئەگـەر بۆ مـاوەی دوو سـەعـاتیش بێ. ڕاگرتنی بەرخۆدان قەدەخە بوو.

٣- بایکۆتکردنی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان

لەوانـەیه قـوتابی و خـوێندکـاران بـۆ دەربڕینی نـاڕەزایی، یـان بەرگـری بەشـێـوەیەکی کـاتی نەچنە پۆلـەکـانیـان. هـەروەها لـەوانەیه لەڕێی ئامـادەنەبوونی هەندێ وانەوه گـوزارشـت له هـاوکـارینـەکـردن بکەن. یان لەوانەیه بچنە پۆلەکان بـەڵام بەبێ سـەرنجدان لەوەی مـامۆسـتـا دەیڵێ، وەک کـە سـاڵی ١٩٦٥ لە هەڵمـەتی داواکـردن له حکوومـەت بۆ مـۆڵەتدان بە

پێکهێنانی یەکەتییەکی قوتابییانەی سەربەخۆ لە زانکۆی مەدرید ڕووی دا، ئەو شێوانەی ئەم جۆرە بایکۆتکردنە دەیگرنە خۆ بێ ئەندازە زۆرن، بەڵام جۆرە بڵاوەکەیان بایکۆتکردنی هەموو پۆلەکانە.

لە سەردەمێکی زووەوە مانگرتنی قوتابییان بە بەرفرەوانی لە چین و دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین و بە پلەیەکی کەمتریش لە ئەفریقیا بەکار هاتووە. لە ئەنجامی پەلاماردانی سوپای ئەمەریکا بۆ کەمبۆدیا، مانگرتنی قوتابییان لە ساڵی ١٩٧٠ بوو بە بەشێکی بەرچاو لە ژیانی ڕۆژانەی زانکۆکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. وەک نموونە، چینییەکان دەری دەخەن مانگرتنی قوتابییان داهێنانێکی نوێ نەبوو. لە چین هەندێ جار مانگرتنی قوتابییان شێوەی ئەنجامنەدانی تاقیکردنەوەی وەردەگرت، یان دژ بە نابێگەردیی ئەوانە دەکرا کە تاقیکردنەوەکانیان تەسیح دەکرد.

لە مەرسوومێکدا کە ساڵی ١٦٧٣ دەرچوو، ئیمپراتۆر کانگ هسی تێبینی کرد قوتابییە لاوەکان لە هەرێمەکان بەزۆری بەهۆی ناکۆکییان لەگەڵ بەرپرسە حکوومییە لۆکاڵییەکان مانیان دەگرت. هەروەها ئیمپراتۆری چینی یۆنگ شنگیش ساڵی ١٧٣٤ تێبینی هەمان شتی کرد، هەواڵ گەیشت کە مانگرتنی هاوشێوەی قوتابییان لە ناوچەکانی هەرێمی کوانتونگ ڕووی داوە لە ساڵی ١٨٥١، بەڵام ئەم جارەیان لەدژی بڕیارەکانی دادگەکان لەبارەی باج و هەندێ بابەتی تری دارایی.

نموونەکانی تر بریتین لەو مانگرتنەی لە ٥ی ئایاری ١٩٣٥ قوتابییانی قوتابخانەی ئامادەیی لە قوتابخانەی شاری ڤیلی نێزیک لە شاری سان لویس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕاگەیەنرا، وەک نارەزایی لەدژی دەرکردنی هەندێ مامۆستا لە قوتابخانەکە لەبەر هۆی سیاسی. هەروەها کشانەوەی نیوەی قوتابییان لە قوتابخانەی ئامادەیی یەسووعی لە شیکۆنی لە ڕۆدیسیای باکور وەک نارەزایی دژی دەرکردنی چواردە قوتابی کە ئامادە

نەبوون ملکەچی هەندێ فەرمانی پێوەندار بە جموجووڵی سیاسی بن.

نموونەیەکی تر مانگرتنی قوتابییانی قوتابخانە ئامادەیی و سەرەتاییەکان بوو لە فۆرت جیمسۆن لە ئاداری ١٩٦٠ لە ڕۆدیسیای باکور (زامبیا) بۆ ڕاگرتنی سەردانە سیاسییەکان بۆ قوتابخانەکان، وەک سەردانەکەی لێژنەی مونتکۆن.

ساڵی ١٨٩٩ مانگرتنێکی سەرتاسەریی قوتابییان لە سەرجەم زانکۆکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی ئەنجام درا، وەک نارەزایی لەدژی شەلاقکاریکردنی ژمارەیەک قوتابی لەلایەن پیاوانی پۆلیسەوە لە سان پترسبۆرگ. هەروەها لەکاتی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ ئەو مانگرتنە وەستا کە لە مانگی شوبات دەستی پێکرد بەئامانجی کردنەوەی هۆڵەکانی خوێندن لەبەردەم جەماوەردا، بەمەبەستی ڕێکخستنی ئێوارە کۆڕ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و دەمەتەقێی شۆڕشگێرانە.

لە کاتی جموجووڵی بایکۆتکرنی میسری لە ساڵی ١٩١٩، خۆپیشاندانی قوتابییان هێندە دووبارە بووەوە کە حکوومەتی ناچار کرد یاسایەکی تایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دابنێ.

جموجووڵی بایکۆتکردن کە حوکمی دیکتاتۆری گواتیمالی جۆرج یۆبیکۆی کۆتا پێهێنا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٤٤، بە مانگرتنێکی قوتابییان لە زانکۆی نیشتمانی دەستی پێکرد. لە زستانی ١٩٤٠-١٩٤١ لە هۆڵەندا، قوتابییان لە دلفت و لایدن لەدژی دەرکردنی چەند مامۆستایەکی زانکۆ لە زانکۆکە مانیان گرت.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٥، قوتابییانی زانکۆی گرایفسواڵد لە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات مانیان گرت لەدژی مەرسوومێکی حکوومی، کە کۆلیجی پزیشکی دەگۆڕی بۆ قوتابخانەیەکی شەڕی بۆ فێرکردنی پزیشکی کە ئەفسەرانی پۆلیسی گەل سەرپەرشتییان دەکرد.

لەوانەیە هەندێ جار مانگرتنی قوتابییان دژ بە هەندێ ناڕەوایی کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە دەزگە فێرکارییەکانەوە هەیە ئاراستە بکرێ. لە شاری گلاسکۆ لە پایزی ١٩٦٣ کەسوکاری قوتابییان ڕەتیان کردەوە منداڵەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە لەبەرئەوەی بەسەر نۆکەندێکی مەترسیداردا دەپەڕینەوە و لەبری ئەوە پۆلی تایبەتییان ساز کرد.

مانگرتنی هاوشێوەی قوتابییان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووی دا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەدژی جیاکاریی ڕەگەزی و بارودۆخی خراپی قوتابخانەکان. ئەوە لە شاری نیویۆرک لە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ ڕووی دا کە نیو ملیۆن قوتابی لە ماڵەکانیان مانەوە.

لە ٣ی شوباتی ١٩٦٤، ٤٤٪ی قوتابییانی شار نەچوون بۆ قوتابخانە. لەم حاڵەتەی دواییدا ژمارەیەک قوتابخانەی تایبەتی جێگرەوە بۆ فێرکردنی منداڵەکان دروست کران، کە قوتابخانەکانی ئازادی بوون. لە هەردوو حاڵەتەکەدا مامۆستاکان مانیان نەگرت.

لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ لە شاری شیکاگۆ، نێزیکەی ٢٢٤ قوتابی، واتە ٩٠٪ی قوتابییانی زنجی، لە ناڕەزاییدا لە ماڵەکانیان مانەوە. هەر لە شیکاگۆ، لە ٢٥ی شوباتی ١٩٦٤، نێزیکەی ١٧٢ هەزار قوتابیی زنجی (ڕەشپێست) ئامادەی قوتابخانە نەبوون.، دانیشتووانی سپی پێستی شاری نیویۆرکیش چەند بایکۆتکردنێکی کورتخایەنی قوتابخانەکانیان کرد، وەک ناڕەزایی لەدژی ئەو هەوڵانەی لەئارادا بوون بۆ ئامێتەکردنی نەژادەکان لە قوتابخانەکانی دەوروبەردا.

پاش بەسەرداداني کەمبۆدیا لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە لە ئایاری ١٩٧٠، کۆلێج و تەنانەت هەندێ لە قوتابخانە ئامادەییەکانیش شەپۆلێکی مانگرتنی قوتابییانیان بەخۆوە بینی کە لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا وێنەی نەبوو. بەپێی ئەو هەواڵنامەیەی کە سەنتەری نیشتمانیی

مانگرتنەکان لە زانکۆی براندیس بڵاوی کردەوە، ١٤٢ قوتابخانەی ئامادەیی مانگرتنیان ڕاگەیاندووە یان بڕیاریان دابوو لە ١٠ی ئایار مان بگرن، هەروەها ٤٣١ کۆلێج و زانکۆ لە ٩ی ئایار مانیان گرت.

٤- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی

یاخیبوونە لە نەریت یان ڕێسا و سیستەم و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەزگەیەکی کۆمەڵایەتیی ناحکوومی، وەک دەستەیەکی ئاینی، یانەیەک، ڕێکخراوێکی ئابووری و شتی لەو شێوەیە جێبەجێی دەکا.

ئەم یاخیبوونە کۆمەڵایەتییە لەوانەیە شێوەی جۆراوجۆر وەربگرێ، وەک سەرپێچیکردنی سیستەمی کارگەکان بەبێ ڕاگەیاندنی مانگرتن، یان سەرپێچیکردنی فەرمانە کەهەنووتییەکان یان پێشێلکردنی شێوە پێوانەییەکانی قسەکردن و پۆشاک و ڕەفتار. لە هەندێ حاڵەتی تردا ئەو کەسانەی دژ بە بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی دەستەیەکی دیاریکراوی خەڵکن، لەگەڵ ئەو خەڵکە بایکۆتکراوە برایەتی دەکەن و یاخیبوونی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن. ئەو هندییانەی سیستەمی "بێزراوان"یان ڕەت دەکردەوە، لەگەڵ ئەندامانی سەر بە چینی بێزراواندا برایەتییان کرد و بەوە گژبەریی دابڕینی ئاینی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان کرد.

وێڕای ئەوەی لەوانەیە یاخیبوونی کۆمەڵایەتی نەبێتە گژبەرییەک بۆ حکوومەت، یان بە ناڕاستەوخۆ ئەو گژبەرییە بکا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی یاخیبوونەکە بێزاری دەکردن کاردانەوەیان دەبوو و لەوانە بوو تۆڵەکردنەوە کاردانەوەی پۆلیسی لێ بکەوێتەوە. لە هەندێ کاتدا پێشێلکارییەکانی چالاکانی بواری مافە مەدەنییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ وەلانانی کۆمەڵایەتی دژ بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی لەنێوان زنجی و سپی پێستەکان، کاردانەوەی توندی لایەنگرانی جیاکاریی ڕەگەزی لێ کەوتووەتەوە. لە گرینگترین نموونەکان کوژرانی جایمس شانی بوو لە

ویلایەتی میسیسیپی لە کاتی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٦٤ بۆ تۆمارکردنی دەنگدەرانی زنجی، هەروەها کوژرانی ئەندرۆ گۆدمن و میخائیل شۆیرنەر و زنجییەک لە ویلایەتی میسیسیپی و دوو پیاوی سپی لە نیویۆرک

٥- کشانەوە لە هەندێ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی

لەکاتی کێشەکاندا و وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایی، لەوانەیە هەندێ ئەندام لە ڕێکخراو و دامەزراوەی جیاواز دەست لەکار بکێشنەوە، یان بەبێ ئەوەی لە ئەندامییەتی بکشێنەوە بەشداریی چالاکییەکانی ناکەن. نموونەکان لێرەدا پێوەستن بە گرووپە ئاینییەکان، بەڵام دەکرێ لەسەر دامەزراوەکانی تریش پیادە بکرێ.

لە چارەکی یەکەمی سەتەی نۆزدەیەمدا و لە ئەنجامی شکستهێنانی هەوڵەکانی قایلکردنی کەنیسەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی توندتر دژی کۆیلایەتی بگرنەبەر، زۆر لە بانگەشەکارانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و لایەنگری گاریسۆن پەنایان بۆ هەنگاوێکی ڕیشەیی برد، ئەویش کێشانەوەی ئەندامیەتییان بوو لە تایفە ئاینییەکانیان.

ساڵی ١٨٤٠ سەرنووسیارێک لە بانگەشەکارانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی کە ناوی ڕۆجەرز بوو ناوی خۆی لە کەنیسە سەربەخۆکەی بلایمۆس - نیوهامبشایر کێشایەوە پاش ئەوەی هەوڵەکانی شکستیان هێنا بۆ قایلکردنی کەنیسەکەی تا سەرکۆنەی هەموو کەنیسە سەربەخۆکان و کاهینەکانیان بکا کە وابەستەن بە سیستمی کۆیلایەتییەوە و لە هاوڕێیەتیی ئەو کەنیسانە بکشێنەوە.

رایت، بریکاری گشتی لە کۆمەڵەی ناتوندوتیژی، کە دەستەیەک بوو خۆی بۆ پاڵپشتیکردنی ناتوندوتیژانەی ئەخلاقی تەرخان کردبوو، لە هەمان ساڵدا

ئەندامـیـەتیی خـۆی لـە کـەنیـسـەکـەی کـشـاندەوە پێش ئـەوەی دەرفـەت بۆ کـەنیسـەکە برەخسێ ئەو لە ئینتیمـای ئاینـی بێـوەری بکا. هـەر لەو سـاڵەدا ئامـوس ود شـەماسی کـەنیسـە سـەربەخۆکەیش، کە ئەندام بوو لە کۆمـەڵەی بەرگـریی ناتوندوتیـژانە لە کـۆنکۆرد – ویلایەتی نیـو هامـبـشـایەر، لە کەنیسەکەی کشـایەوە و دەستی کرد بە خـزمەتکردنی کۆمـەڵگەیەکی بچووک لە ئیماندارانی بەرهەڵستیی کۆیلایەتی.

کشـانەوەی هـەندێ ئەندام لە کەنیسەکانیـان لەبەرئەوەی حزبێکی سیاسی یان دەوڵەت بەسـەر ئەو کـەنیسـەیەدا زاڵ بووە، ئەو کارە وەک بایکـۆتکردنی ئەو ڕێکخسـتنانەی دەوڵەت پاڵپشتییان دەکا پۆلبەندی دەکرێ، کە ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی بایکۆتکردنی سیاسی.

## کشانەوە لە سیستمی کۆمەڵایەتی

١- لە ماڵ مانەوە

زۆر جار ڕێگەی مانەوە لە ماڵەوە شانبەشانی شێوەی تری مانگرتن ئەنجام دەدرێ، لەگەڵ شیمانەی ئەوەی ئەم ڕێگەیە بەتەواوی پاش سەعاتەکانی کارکردنی ڕۆژانە ئەنجام بدرێ. بەپێی ئەم شێوەیەی مانگرتن، دانیشتووان بەگشتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ماڵەکانیاندا دەمێننەوە، کە وا باوە لەبەر هۆیەکی سیاسییە. بەگشتی ئەم جۆرە مانگرتنە ماوەیەکی کورت دەخایەنێ و لە ڕۆژێک یان ئەوپەڕەکەی دوو ڕۆژ زیاتر ناخایەنێ. ئەم مانگرتنە بە بەرنامە دەکرێ ئەگەرچی ئەگەری ئەوە هەیە خۆبەخۆش بکرێ، جگە لەوەی دەرفەتی ڕوودانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی کەم دەکاتەوە، ڕادەی یەکریزی و ڕێکخستنی نێو دانیشتووان پیشانی دژبەرەکەیش دەدا.

ئەم ڕێگەیە لە باشووری ئەفریقیا لە چەند بۆنەیەکدا بەکار هاتووە، ئەوە بوو لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٠ خەڵک بۆ ماوەی ڕۆژێک لە ماڵەکانیان مانەوە، بۆ دەربڕینی نارەزایی لە دەرکردنی یاسای ناوچەکانی گرووپەکان و هەڵوەشاندنەوەی یاسای شیوعییەت و هەروەها وەک دەربڕینی تازیەباری بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی. ئەم مانگرتنە لە شارەکانی جۆهانسبێرگ و بۆرت ئەلیزابیث و دوربان کاریگەرییەکی تایبەتی هەبوو.مانگرتنێکی هاوشێوە لە ئەنجامی تەقەکردن لە شاری شاربفیل لە ئاداری ١٩٦٠ ڕووی دا. دانیشتووانی بۆدابێستی پایەتەخت بەشەو لە ماڵەکانیان مانەوە و شەقام و شوێنەکانی بەزم و ڕابواردن بە چۆڵی و بێ سەردانیکەر هێشتەوە، ئەویش پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی مەجەری لە

ساڵی ١٩٥٦ و ڕاگەیاندنی لەداردانی ئەمری ناجی سەرۆک وەزیرانی پێشوو و ژمارەیەکی تر.

٢- هاوکارینەکردنی تەواوەتی لەلایەن تاکەکەسەوە

لە هەندێ حاڵەتی زۆر دەگمەندا, بەندکراوێک ڕەتی کردەوە جگە لە هەناسەدان هیچ شتێک بکا، ئەویش لەبەرئەوەی بڕوای وایە بەندکردنەکەی بە شێوەیەکی ستەمکارانە و لەبەر هۆی ئەخلاقی یان سیاسی بووە. بەناوبانگترین حاڵەتی ناسراو لەم بارەوە ئەوە بوو یەکێک لە بانگەشەکاران بەناوی کۆربیت بیشوب لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا پێی هەستا:

بیشوب وەک سەرەتا هاوکاری لەگەڵ بەرنامەی خزمەتی سەربازی بەدیل کرد کە بۆ بانگەشەکارانی بایکۆتکردنی شەڕ دانرابوو, کە بەرنامەی خزمەتی مەدەنیی گشتییە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بیروباوەڕەکانی لەسەری پێویست دەکەن هەموو شێوەکانی هاوکاریکردن ڕابگرێ. پاش ئەوەی ڕەتی کردەوە بەردەوام بێ لە کارکردن بەپێی بەرنامەی خزمەتی مەدەنیی گشتی، لە ٩ی ئەیلولی ١٩٤٤ دەستگیر کرا. بیشوب ڕایگەیاند کە گیانی بەتەواوی ئازادە، ئەگەر ئەو ئەفسەرانەی فەرمانی بەندکردنیان داوە دەیانەوێ جەستەیان دەست بکەوێ ئەوا دەبێ ئەو ئارەزووەیان بە بێ هیچ یارمەتییەکی ئەو بەدەست بێنن. لە کاتی مانەوەی لە گرتووخانەی فیدراڵی لە میلان-میچیگان، ڕەتی کردەوە نان بخوا و بوەستێ یان جل لەبەر بکا، لەڕێی بۆرییەوە بە زۆر خواردنی درایە. پاش ٨٦ ڕۆژ لە زیندان، بە تۆمەتی بە جێهێشتنی سەربازگەی بەرنامەی خزمەتی مەدەنی گشتی برایە بەردەم دادگە. بەڵام قازی بڕیاری دا بە بێ کەفالەت ئازادی بکا تا ئەو کاتەی بڕیاری کۆتایی دەردەچێ. بیشوب ئامادە نەبوو بچێتە دانیشتنی دادگەییەکە بۆیە لە ٢٠ی شوباتی ١٩٤٥ جارێکی تر لە فیلادلفیا گیرایەوە. لە کاتی دانیشتنەکانی دادگەدا جووڵەی لە خۆی بڕی و هەروا

مایەوە و بە کۆمسیاری حکوومەتی فیدراڵی گوت: "بە هیچ شێوە و ڕێگەیەک هاوکاری ناکەم منیان هێناوە بۆ ئێرە، ئەگەر بڕیارت دا لای خۆت بمپارێزی دەبێ بمگوێزیتەوە بۆ دەرەوە. شەڕ کارێکی شەڕانگێزانەیە و نامەوێ بەهیچ شێوەیەک دەستم تێیدا هەبێ. لاشە بێجووڵەکەی لە٢٦ی شوبات بۆ هۆڵی دادگە لە فیلادلفیا گوێزرایەوە، پاش تەواوبوونی دادگەییەکە بۆ شاری گراند ڕابیدس گوێزرایەوە و سزای غەرامەکردن و ٤ ساڵ بەندکردنی بەسەرا سەپێنرا. بیشوب لە هاوکارینەکردنی تەواوەتیی کەسی بەردەوام بوو تا لە کۆتاییدا پاش بەسەربردنی ١٤٤ ڕۆژ لە گرتووخانە ئازاد کرا بەبێ ئەوەی بەڵێنی شەرەفی لێ وەربگیرێ و بەبێ ئەوەی هیچ بەڵێننامەیەک ئیمزا بکا بەپێی پلانی ئازادکردنە مەرجدارە تایبەتەکە کە بەپێی فەرمانی ٨٦٤١ دەرچووبوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەری پێویست بوو لە کێڵگەیەکی هەرەوەزی لە ویلایەتی جۆرجیا کاربکا. کاتێ ڕازی نەبوو ئەوە بکا جارێکی تر لە یەکی مانگی ئەیلوول لە شاری بیریا لە ئۆهایۆ گیرایەوە و ئەم جارەیان تۆمەتی شکاندنی بەڵێنی شەرەفی درایە پاڵ. جارێکی تر جووڵەی لە خۆی بڕییەوە و دەستی بە هاوکارینەکردن کردەوە. سەرلەنوێ گێڕدرایەوە بۆ گرتووخانەی میلان بۆ تەواوکردنی ماوەی سزاکەی. پاش ئەوەی بیشوب بەردەوام بوو لە نەکردنی هیچ شتێک، هەروەها لە ئەنجامی ئەو وتارە ڕۆژنامەوانییانەی پشتگیرییان لێ دەکرد، وەزارەتی داد لە ١٢ی ئاداری ١٩٤٦ ئازادی کرد لەوەشدا پشتی بە یاسای بەڵێنی شەرەف بەست بەبێ هیچ مەرجێک و بەبێ ئەوەی هیچ بەڵێننامەیەک ئیمزا بکا. پاش ١٩٣ ڕۆژ لە هاوکارینەکردنی تەواوەتی، کۆتایی بەوە هێنا و گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە هاملتۆن-ئەلاباما.

٣- هەڵاتنی کرێکاران

لەم ڕێگەیەدا، کە پێش ڕێگەی مانگرتن کەوتووە، کرێکاران و جووتیاران لە

کارکردن دەوەستن، ماڵەکانیان بەجێ دێڵن و بۆ شوێنی تر هەڵدێن بەبێ ئەوەی هیچ مەرج و داواکارییەک بۆ گەڕانەوەیان دیاری بکەن. لەو حاڵەتە میسرییانەی لە خوارەوە باسیان دەکەین، وا دیارە کشانەوەکە کاتییە بەڵام مەرج نییە کورتمەودا بێ، لەکاتێکدا لە حاڵەتە ڕووسییەکاندا یەکجاری بووە، وەک هەمان حاڵەتی کۆیلەکان لە ئەمەریکا.

کاتی بارودۆخی ژیانی جووتیاران لە میسری کۆن لە تاقەت دەرچووە، پەنایان بۆ هەڵاتن بۆ پەرستگەکان بردووە تا خواوەندەکان بیانپارێزن، یان پەنایان بۆ زەلکاو و بیابانەکان بردووە. ئەم هەڵسوکەوتە ڕواڵەتێکی تایبەتی ژیانی میسری بووە و لانی کەم تا سەدەی دووەمی پاش زاین پێڕەو کراوە. م. روستۆفتسی دەڵێ:

کاتی خراپیی بارودۆخی ژیانی جووتیاران لە میسری کۆن لەوە تێپەڕیوە بەرگەی بگیرێ، بەشێوەیەک ژیان بووە بە بارێکی گران لەسەر هەر کۆمەڵە خەڵکێک، ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە پەنایان بۆ ڕێگەی بەرگریکردنی نێگەتیڤ، واتە بۆ مانگرتن دەبرد. مانگرتنەکە وەک سووربوونێک بوو لەسەر سپاردنی کێشەکەیان بە حوکمی خوداوەند. بەو کارە ماڵەکانیان بەجێ دەهێشت و پەنایان بۆ ژیان بەسەربردن لەنێو پەرستگەکان و درێژەدان بە ئەنجامنەدانی هیچ چالاکییەک دەبرد، تا ئەو هەڵەیەی هەیە چاک دەکرێ یاخۆ ناچار دەکرێن دەست بە کارەکانیان بکەنەوە.ئەم مانگرتنانە بە یۆنانی پێیان دەوترا تەنیابوونەوەکان.

لە سایەی ئەو هەلومەرجە دژوارەی لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا لە هەردوو سەدەی یەکەم و دووەمدا زاڵ بوو، چەندان گوند ڕەتیان کردەوە باج بدەن یان کاری زۆرەملێ بکەن و پەنایان بۆ ڕێگە میسرییە کۆنەکە برد لە مانگرتندا، واتە بەجێهێشتنی گوندەکان و ژیان بەسەربردن لە زەلکاوەکانی دەلتا نیلدا.، لە سەردەمی ئیمپراتۆر کومۆدۆس (١٧٦-١٩٢ ز) ژمارەی ئەوانەی لەتاو باج و کاری زۆرەملێ لە گوندەکانەوە بۆ زەلکاوەکانی دۆڵی

نیل هەڵدەهاتن زیادی کرد، بەشێوەیەک هەڵاتووەکان توانییان بە سەرکردایەتیی یەکێک لە کاهینەکان گژبەریی حکوومەتی ئیمپراتۆری بکەن.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵاتن وەک ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی مانگرتن تەنیا لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا قەتیس نەبوو. ئەوە بوو لە بەزەییناەمەیەکدا کە بۆ ئیمپراتۆر کومۆدیۆسیان بەرز کردەوە، ژمارەیەک لەو جووتیارانەی زەوییەکانی کێڵگەی شاهانەیان بە کرێ گرتبوو کە دەکەوتە ئەفریقیای باکور، وریاییان دا ئەگەر بارودۆخیان باش نەکرێ "هەڵدێین بۆ جێیەکی تر کە بتوانین تێیدا بە ئازادی بژین".

لە هەردوو ساڵی ١٨٦٠ و ١٨٧٠ هەندێ جار کرێکارانی بە ئەسڵ جووتیار دژ بە هەلومەرجی سەختی کار یاخی دەبوون و کارەکەیان بەجێ دەهێشت و دەگەڕانەوە سەر پیشەی وەرزێری. هەردوو ساڵی ١٨٦٠ و ١٨٦١ کرێکارانی کانەکان و ڕێگەوبان و هێڵی ئاسنین ڕەتیان کردەوە لەو بارودۆخەدا لە کارکردن بەردەوام بن:

حاڵەتە زۆر مەترسیدارەکان حاڵەتی هەڵاتنیان لەخۆ گرت لەلایەن ئەوانەی هەندێ ئومێدیان هەبوو کە پارچەیەک زەوییان دەست بکەوێ تا وەک جووتیار دەست بە ژیانی سروشتیی خۆیان بکەنەوە، زیاتر لەوەی حاڵەتی گتکردن لە کار بێ.

هەندێ جموجووڵی لەم جۆرە، بۆ نموونە، لەنێوان ئەو کرێکارانە ڕووی دا کە لە هەڵکەندنی نۆکەندێکی نوێدا لە لادۆگا و هەندێ پرۆژەی تری هاوشێوەدا کاریان دەکرد. ساڵی ١٨٦١ نێزیکەی پەنجا کرێکار بەهۆی بەجێهێشتنی کارەکانیانەوە دارکاری کران.

فانتۆری باس لەوە دەکا پێدانی هەندێ ماف بەخێرایی کۆتایی بە زۆربەی حاڵەتەکانی نارەزایی هێنا. بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە بۆ چەندان ساڵ بەردەوام بوو، دیارە بەدڵنیاییەوە ئامرازێک نەبوو بەهۆیەوە تاکەکان بتوانن

پیشەکانیان بگۆڕن، بگرە وەک ئامرازێک بووە بۆ بەرگریی کۆمەڵایەتی.

فانتۆری هەروەها دەڵێ لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠ و ١٨٧٩ چل و نۆ حاڵەت ڕووی دا تێیدا کرێکاران بەشێوەیەکی ڕێکخراوە کارەکانیان بەجێ هێشتووە، هەڵاتنیش بەردەوام ئامرازێکی بەرگری بووە کە کرێکاران هەندێ جار بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی تێیدا ژیاون کاتێ دەگەیشتە ڕادەیەکی زۆر ستەمکارانە، پەنایان بۆ دەبرد.

کۆیلەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەشێوەیەکی کاتی یاخۆ هەمیشەیی پەنایان بۆ هەڵاتن دەبرد. ئەو کۆیلانەی خاوەنەکانیان بەکرێ دەیاندانە هەندێ خاوەنی تر، هەندێ جار لە خاوەنە نوێکان هەڵدەهاتن، جا یان بە گەڕانەوە بۆ خاوەنە کۆنەکانیان، یان خۆشاردنەوە تا ئەو کاتەی بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر کاریان دەدا.

هەروەها فیلیپسیش باسی ئەم جۆرە بەرگرییەی کردووە کە کۆیلە ئەفریقیاییەکان پەنایان بۆ بردووە:

ناوبەناو، دەستەیەکی گەورەتر لەدژی مامەڵەی دڵڕەقانە مانیان دەگرت. یەکێک لەم حاڵەتانە لە نامەیەکدا باس کراوە کە چاودێرێک لە ویلایەتی جۆرجیا بۆ خاوەنکارێکی غایبی ناردووە: گەورەم، بۆت دەنووسم تا ئاگەدارت بکەم کە شەش کرێکار کارەکانیان لە کێڵگەکە بەجێ هێشتووە. کارەکەیان تووڕەی کردم و چەند قامچییەکم لە هەندێکیان دا... بەیانیی چوارشەم لە کێڵگە نەمبینین، پێم وایە لە جێیەک خۆیان شاردووەتەوە تا تۆ یان جاکی مامت دەبینن..

لەو کاتەدا کۆیلەکان بۆیان نەبووە ڕاستەوخۆ دانوستاندن بکەن، بەڵام دەیانتوانی لەو کاتەی خۆیان حەشار داوە، پەیامی خۆیان لەبارەی مەرجەکانی گەڕانەوەیان لەڕێی ئەو کۆیلانەی لە کێڵگە نزیکەکاندا کاریان دەکرد بگەیەننە چاودێرەکە، یان لەوانەیە چاوەڕوانی ئەوە بکەن خاوەنی

کێڵگەکە بەزوویی بگات تا تکای لێ بکەن ئەو ستەمانەی لەسەریانە هەڵبگرێ. وێڕای سادەیی ئەم هەڵوێستە، بەڵام خاوەنی کێڵگەکە نەیدەتوانی ئەوە نادیدە بگرێ کە کۆیلەکان دەتوانن جارێکی تر بە دووبارەکردنەوەی کارەکەیان پاڵەپەستۆ دروست بکەنەوە.

فریدریک ئۆڵمستید کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا چەندان گەشتی بەو ویلایەتانەدا کرد کە ڕێگەیان بە کۆیلایەتی دەدا، باسی لە چەند حاڵەتێکی هەڵاتنی کۆیلەکان بۆ زەلکاوەکان کردووە وەک پەرچەکردارێک بۆ کۆتە تاقەتپڕووکێنەکانی کار یاخۆ مامەڵەکردنی دڵڕەقانە.

ئەگەر کۆیلە هەستی کرد حەزی لە کارکردن نییە، بەتایبەت ئەگەر بەباشی ڕەفتاری لەگەڵ نەکرێ، یان لەو خاوەنکارە ڕازی نەبێ کە بەکرێی گرتووە، ئەوە خۆی نەخۆش دەخا، یان تەنانەت هەر بە ڕاستی خۆی نەخۆش دەخا یان وا دەکا نەتوانێ جووڵە بکا بۆ ئەوەی ناچار نەبێ کار بکا، زۆربەی جاریش ناگەڕێتەوە بۆ لای گەورەکەی تا ماوەی ئەو ساڵە بەسەر دەچێ کە تێیدا بۆ کارکردن بە کرێ گیراوە. ئەو کاتە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کە خۆشحاڵ دەبێ بەوەی کۆیلەکەی گەڕاندووەتەوە و لە زەلکاوەکاندا نەکردووە یاخۆ هەڵنەهاتووە بۆ کەنەدا. خاوەنەکەی لەبیری دەکا سزای بدا و دەستبەجێ دەینێرێتەوە بۆ کارکردن لای گەورەیەکی تر.

هربرت ئەبتیکەر پێداگری کردووە لەسەر گرینگیی هەڵاتن لە خەباتی کۆیلەکاندا، هەروەها ئاماژەی بە بایەخی ئەم ڕێگەیە کردووە لە بەدەستهێنانی دەستەوارە (صفقە)دا:

ئەو ڕێگەیە سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە تێیدا کۆیلەکان هەڵدەهاتن بۆ زەلکاو و دارستانە دوورەکان و پەیامێکیان دەگەیاندە خاوەنەکانیان کە ئامادەن بگەڕێنەوە ئەگەر بێتو داواکانیان جێبەجێ بکەن یاخۆ لانی کەم قسە لەبارەی ئەو داوایانەوە بکەن، بەوەی لە ئەنجامی ئەو کارەدا خواردن و

جلوبەرگی باشتریان دەست کەوت، یان دەستهەڵگرتن لە سزادانیان مەگەر بە چەند شەلاقێکی کەم نەبێ و هەروەها کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کارپێکردنی ڕۆژانەیان، یان تەنانەت دانانی چاودێرێکی نەرمتر بەسەریانەوە.

لەکاتی شەڕی ناوەخۆدا زنجییەکان مەرجێکی تریشیان بۆ گەڕانەوە زیاد کرد، ئەویش پێدانی کرێیەکی دیاریکراو بوو، کە هەندێ جار سەری دەگرت، بەو شێوەیەش خۆیان لە شمەکێکەوە کە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا، بۆ کرێکارێک کە کرێ وەردەگرێ بەرز کردەوە.

ئەم مەرجەی دوایی گرینگییەکی گەورەی هەبوو، لەبەرئەوەی ئاماژەی بە شێمانەی خەڵوەتکردنی خۆیی دا لەڕێی خەباتی ناتوندوتیژانە لەلایەن کۆیلەکان خۆیانەوە.

هەروەها کۆیلە ئەفریقیاییەکانیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پەنایان بۆ هەڵاتن دەبرد وەک ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لە کۆیلایەتی لەڕێی بەجێهێشتنی ئەو ناوچەیەی ڕێگە بە کۆیلایەتی دەدا.

یەکێک لەو شوێنانەی بۆ یەکەم جار پەنایان بۆ برد ناوچەی فلۆریدای ئیسپانی بوو. ساڵی ١٧٣٠ چەندانیان بۆ ئەوێ هەڵاتن و گفتی ئازادکردنیان پێدرا، هەر وایش دەرچوو و بەپێی یاسای ئیسپانیایی ئازادییان بەدەست هێنا. ئەوە بوو مەرسوومێکی شاهانە لە ساڵی ١٧٣٣ دەرچوو کە ڕێگە بە سەرجەم ئەو کۆیلە هەڵاتووانەی دێنە فلۆریدا دەدا بە ئازادی بژین. پاشتریش زۆر لە کۆیلەکان، زیاتر بە یارمەتیی ئەو گرووپانەی داوای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتییان دەکرد، بۆ ویلایەتەکانی باکور هەڵهاتن و لەوێوە دەچوون بۆ کەنەدا. تۆڕی هەڵاتن کە بەناوی "شەمەندەفەری نهێنی" ناسرا یارمەتیی ژمارەیەکی زۆر کۆیلەی دا تا ئازادی بەدەست بێنن. دۆخی یاساییان لە ویلایەتەکانی باکور جیاواز بوو

له ویلایەتەکـانی تر و بەپێی ئەو یاسـایانەی دەردەچوون و بەپێی بڕیاری دادگەکـان دەگۆڕا، هەر بۆیە ئەم حـاڵەتە تایبـەتانەی هەڵاتن، تایبـەتمەندیی هەڵاتن و کۆچکردنی ناڕەزاییانەیان هەبوو، بەڵام بە پلەی جیاواز.

٤- پەنابردن بۆ هەندێ شوێن کە پارێزبەندیی مەعنەوییان هەیە

پەنابردن بۆ هەندێ شـوێن کـە پارێزبەندیی مـەعنەوییـان هەیە و بەلای دژبەرەکـەوە گـرینگن، ڕێگەیەکـە کـەس یان گـرووپێک پەنای بۆ دەبەن. گرووپەکە دەکشێنەوە بۆ ئەو جێیەی ناتوانرێ دەستی بۆ ببرێ بەبێ ئەوەی سنووری حەرامکراوە ئاینی یان ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتی یان یاساییەکان ببەزێنێ. ئەم حـاڵەتە دژبەرەکە دەخاتە هەڵوێستێکی نوێ و دژوارەوە. زۆر جار کـەنیسـە و پەرستگە و شـوێنەکـانی تری پەرستن وەک پەناگـەی ئارام بەکار هاتوون. کاتێ میسرییە کۆنەکان پەنایان بۆ ڕێگەی هەڵاتن دەبرد و پەنایان دەبردە پەرستگەکان، بەوەیش ڕێگەیەکی ئاوێتەیان بەکار دەهێنا لە هـەردوو ڕێگەی هـەڵاتن و پەنابردن بۆ ئەو شـــــوێنانەی پارێزبەندیی مـەعنەوییـان هەیە. کاتێ لە زەلکاوەکان خـۆیان حەشار دەدا تەنیـا ڕێگەی هەڵاتنیـان بەکـار دەهێنا. نموونە لەم بارەیەوە لە کـەلەپووری مـەسیحی و ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوێ.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەورووپای مەسیحی ئەو بکوژ و شەقاوانەی دانیـان بە گـوناهەکـانیـاندا دەنا، هەروەها بێتاوانەکـانیش، دەیانتـوانی پەناگەی ئارامیان لە حەرەمی پیاوە ئاینییەکان و شوێنە پیرۆزەکان دەست بکەوێ. دۆخی ئێستەی ڕێگەی پەنابردن لە شوێنێکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەویدا لە یاسای کەنەسیی کاسۆلیکی ژمارە ١١٧٩ دیاری کراوە، کە پاپا بێندکتی پازدەیەم لە سـاڵی ١٩١٧ دەری کـردووە، کـە پشـتی بە یاساگەلی پێشتر بەستووە.

ساڵی ١٩٦٨ لە چوارچێوەی بەرگریکردنی سیستەمی بەسەربازکردنی

زۆرەملێدا، ڕێگەی پەنابردن بۆ شوێنە خاوەن پارێزبەندییە مەعنەوییەکان زیندوو کرایەوە. کەنیسەکان بە پلەی یەکەم و پاشتریش زانکۆکان بوون بە جۆرێک لە پەناگەی ڕەمزی بۆ ئەو لاوانەی بەهۆی سەرپێچیکردنیان لە فەرمانەکانی بەسەربازکردنی زۆرەملێ دەسەڵاتداران بەدوایانەوە بوون.

قەشە ویلیام کوفین لە کەنیسەی یەکتاپەرستە-ڕزگارییەکان لە شەقامی ئەرلنجتۆن لە بۆستن، کە سێسەد لاو کارتی خزمەتی سەربازییان دابووە دەست کاهینەکان، وتارێکی ئاینی پێشکێش کرد و تێیدا باسی ئەو بابەتەی کرد. لەو ئامۆژگارییەدا گوتی: کەنیسەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەیانتوانی پەناگەی ئارام بۆ زۆربەی تاوانبارانی ئاسایی دابین بکەن، ئەی بۆچی ئەمڕۆ ناتوانن هەمان کار لەگەڵ خاوەن باشترین ویژدانە زیندووەکان بکەن؟ ئەگەر کەنیسە خۆی بە پەناگەی ئارامی ویژدان ڕابگەیەنێ، ئەوا پێویستە ئەم ڕاگەیاندنە بە کەمتر لە ئامرازێک بۆ پاراستنی پیاوێک و زیاتر لە ئامرازێک بۆ ناساندنی کەنیسە دابنرێ، کۆششێکی چالاکیشە بۆ ئەوەی وا لە کەنیسە بکرێ بە ڕاستی کەنیسە بێ. ئەگەر دەوڵەت بڕیاری دا کە دەستی یاسا درێژە و دەگاتە ناو کەنیسەکان، ئەوا ئەندامانی کەنیسە شتێکی ئەوتۆیان پێ ناکرێ بۆ ڕێگرتن لە دەستگیرکردنی کەسێک، بەڵام دەتوانن ئاماژە بەوە بکەن کە پێشتر جەختیان لەسەر کردووە، کە پارێزبەندیی ویژدان پێشێل کراوە.

لە ٢٠ی ئایاری ١٩٦٨ ئەم کەنیسەیەی بۆستن شوێنێکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی دایە لۆربرت تالمانسون و ولیام شیز کە بەهۆی یاخیبوونیان لە فەرمانەکانی خزمەتی سەربازی داواکراو بوون. لە ٢٣ی ئایار هەردووکیان گیران: تالمانسۆن داڕووخا و هەر لەسەر دوانگەکەیەوە کە هەندێ لە نووسینەکانی لاوتسی دەخوێندەوە، گوێزرایەوە. ئەنتۆنی مولانی کاهینی کاسۆلیکی وریایی دایە ئەو ئەفسەرانەی چوونە ناو کەنیسەکە بۆ

گرتنی تالمانسۆن، کە بەو کارەیان خەریکە شوێنێکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی دەبەزێن. ئەو کاهینە و کاهینێکی تر لەو کەسانە بوون کە لە دەرەوەی کەنیسە لێیان درا و پاشتر دەستگیر کران.

حاڵەتی هاوشێوە بۆ ڕێگەی پەنابردن بۆ شوێنەکانی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی لە بروفیدانس-رود ئایلاند تۆمار کران و هەندێ کەنیسە لە شارەکانی نیویۆرک و دیترۆیت و سان فرانسیسکۆ ڕایانگەیاند دەرگایان والآیە لەبەردەم ئەوانەی هەوڵ دەدەن پەنا ببەنە بەر ئەو شوێنانەی پارێزبەندیی مەعنەوییان هەیە.، پاش ئەوەی هەندێ شوێنی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی لە کەنیسەکانی کۆلێجی لاهووت لە زانکۆی هارفارد و لە کۆلێجی لاهووت لە زانکۆی بۆستن دابین کران، شوێنێکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەویی نائاینی لە ناوەندی قوتابییان لە پەیمانگەی ماساشوسیتس بۆ تەکنەلۆجیا و هەندێ زانکۆی تر دەستەبەر کرا. گرووپێکی بەرگریکار لە زانکۆی هاوای ڕایگەیاند وەک هێمایەک بۆ بەرەنگاریکردنی ستەم، ئەمڕۆ ڕێگەی پەنابردن بۆ جێگەیەکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی بە کارایی دەمێنێتەوە لە بزواندنی ویژدانی مرۆڤ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەو نەریتە کە لە چاخە ڕابردووەکانی ئەورووپا و هەروەها لە هاوایی کۆن باو بووە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕەسمی دانی پێدا نەنراوە.

ڕەنگە لەو حاڵەتانەی لەرووی سیاسییەوە لە پێڕەوکرنی ئەم ڕێگەیەدا جێی بایەخ بێ، ئەوە بێ کە لەکاتی شۆڕشی ئێرانی لە سالآنی ١٩٠٥ و ١٩٠٦دا تۆمار کرا، ئەوە جگە لە ڕێگەی تری وەک داخستنی بازاڕە بازرگانییەکان. ئەو نموونە ئێرانییانە هێندە گرینگن شایستەی ئەوەن وردەکاریی زیاتریان لەبارەوە بدرێ. ڕێگەی پەنابردن بۆ جێگەیەکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی ڕێگەیەکی کاریگەر بوو بەهۆی ئەو باوەڕەی کە پێی

وابوو دەسەڵاتی شا شەرعیەتی خۆی لە ڕیشەگەلێکی ئاینییەوە وەردەگرێ، لێرەشەوە کاتێ ڕابەرەکانی ئیسلام لە ئێران شوێن ئەم ڕێگەیە دەکەوتن، بە کردەوە ئەو بنچینە ئاینییانەیان تێک دەشکاند کە شا بۆ حوکمکردنی وڵات پشتی پێ دەبەستن.

هۆی جیاواز بوونە مایەی وەڕسبوون لە دەسەڵاتی شا موزەفەرەدین. گەلەکەی بەهۆی زێدەمەسرەفی و حەزکردنی لە گەشت ڕقی لێی هەستا، هەروەها بەهۆی ئەو باجانەی فەرمانبەرە بەلجیکییەکانی سەپاندبوویان و لووتبەرزیی ئەوانە و ڕێگەدانی بە خاوەن ئیمتیازاتە بیانییەکان بۆ تالانکردنی سامانی وڵات، هەروەها بەهۆی ملهوڕیی وەزیرە یەکەمەکەی عەبدولحەمید کە بە نازناوی "چاوی دەوڵەت" ناسرابوو. ئەو باوەڕە بڵاو بووبووەوە کە ئەو پیاوە بەهێزەی کۆشک لەگەڵ بەلجیکی و ڕووسییەکاندا پیلان دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئێران دەگێڕێ.

لە مانگی نیسانی ١٩٠٥، شا لە ڕێی خاکی ڕووسیاوە بۆ تەواف چووە شاری مەشهەد و فەرمانبەرێکی گەورەی ڕووسیش یاوەریی دەکرد، بەوە بێزاریی سەرتاسەری تارانی پایەتەختی گرتەوە. زۆر لە بازرگانەکان پەنایان بردە مەزارگەی شا ئەبولعەزیم کە نزرگەیەکی پیرۆزە لە نێزیک تاران و بازاڕەکانیش بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ داخران.

پاشتر سکاڵای تری جیاواز سەریان هەڵدا کە یەکێکیان تایبەت بوو بەو توندوتیژییەی حکوومەت لە مەشهەد لە سایەی دەسەڵاتی زاڵمانەی وەزیر ئەساف ئەلدەولەدا بەکاری هێنا. ئەو بەرپرسە فەرمانی دا بە سەربازەکانی تەقە لە ئاپۆڕەی حەشاماتێک بکەن، کە لەدژی ئەو باجە قورسانەی بەسەر حەرەمی پیرۆزی مەزاری ئیمام ڕەزایدا سەپاندبوون کۆ بووبوونەوە. هەروەها بە کوتەک لە ژمارەیەک پیاوی ئاینیی موسڵمان و پیاوانی کار درابوو.

لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارانەدا ژمارەیەکی زۆر بازرگان لە کانوونی یەکەمی ١٩٠٥ پەنایان بردە مزگەوتی شاهانەی ناسراو بە مزگەوتی شا و زۆری نەبرد ژمارەیەکی زۆر پیاوی ئاینیش چوونە لایان. وەزیری یەکەم داوای لە پێشنوێژی مزگەوتەکە کرد، کە لە خزمە زەنگینەکانی شا بوو، پەنابەران بڵاوە پێ بکا. پاش ئەوەی شوێنکەوتووانی پێشنوێژەکە پەنابەرەکانی لە مزگەوتەکە وەدەرنا، پیاوە ئاینییە دەرکراوەکان لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانیان شارەکەیان بەجێ هێشت و پەنایان بردە بەر مەزارگەی پیرۆزی شا ئەبولعەزیم. جیاوازی هەیە لەنێوان مزگەوت و مەزارگەی پیرۆزدا، مەزارگە لە مزگەوت پیرۆزترە. حەشاماتێکی زۆر لە پیاوانی ئاینی و قوتابییانی قوتابخانە ئاینەکان چوونە ڕیزی پەنابەرەکان، لەنێویاندا شێخ فەزلولا کە پاشتر وەک یەکێک لە سێ دامەزرێنەرەکەی بزووتنەوەی دەستووری ناوبانگی دەرکرد. ئامانج لەم جموجووڵە بە کورتی لادانی ئەو وەزیری یەکەمە ئێسکگرانە، واتە عەین ئەلدەولە بوو لە پۆستەکەی، هەر بۆیە پشتیوانییەکی بەرفرەوانی لەلایەن گەلەوە لێ کرا.

ڕێگەی پەنابردن بۆ شوێنێکی خاوەن پارێزبەندیی مەعنەوی لە زمانی فارسیدا بەناوی "بسط" ناسراوە و ئەوانەیش پێی هەڵدەستن بە "بەستییەکان" ناسراون. سێ کەسایەتیی ئێرانیی دیار، لەنێویاندا شازادە محەمەد عەلی ڕەزای جێنشینی تەخت خۆبەخشانە پارەیەکی زۆریان تەرخان کرد بۆ دابینکردنی خواردن و پێویستییەکانی تر بۆ بەستییەکان. ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە کرد شازادەی جێنشین هانی پیاوانی ئاینیی شاری تەبریزی داوە پشتگیری لە ڕێگەی "بسط" بکەن. وێڕای هەوڵەکانی عەین ئەلدەولە بۆ بەرگرتن لە گەیشتنی خۆبەخشانی نوێ و ئازووقە بە پەنابەرەکان، پرۆسەکە بەردەوام بوو و ژمارەیەکی تر لە پیاوانی ئاینی و قوتابییانی قوتابخانە ئاینییەکان چوونە پاڵیان، ئەمە جگە لە ژمارەیەک لە بازرگانان و پیاوانی کار. هەڕەشە و گوڕەشە و بەڵێنەکانی شا شکستیان

هێنا لە قایلکردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ تارانی پایەتەخت، تەنانەت گەشتێکی کەسییش کە میر بەهادور جانگ کە یەکێک بوو لە فەرماندەکانی سوپا، بە یاوەریی سێسەد سوار ئەنجامی دا، شکستی هێنا لە قایلکردنی بەستییەکان بۆ گەڕانەوە لە پەناگەکەیان.

مێژوونووس ئێدوارد براون لەبارەی ڕووداوەکانی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٠٦ەوە دەڵێ:

لە کۆتاییدا ڕیسوایییەکە زۆر گەورە بوو، هەروەها قەڵسبوون گەیشتە ئاستی بەرگەنەگرتن، ئەوەیش شای ناچار کرد بە دەستخەتی خۆی نامەیەک بۆ پەنابەرەکان بنێرێ، تێیدا بەڵێنی پێدان عەین ئەلدەولە لە پۆستەکەی لابدا، هەروەها وەک داوایان کردووە خانەی داد کۆ ببێتەوە بەشێوەیەک لەو نوێنەرانە پێک بێ کە پیاوانی ئاینی و بازرگان و خاوەن موڵکەکان هەڵیان دەبژێرن و شا خۆی سەرۆکایەتی دەکا. هەروەها بەڵێنی دا واسیتەکاری بنبڕ بکا و هەموو هاووڵاتییان لەبەردەم یاسادا یەکسان بن.

پاش دابەشکردنی ئەم نامەیە لە سەرتاسەری وڵاتدا، بەستییەکان بە کەژاوەیەکی گەورە گەڕانەوە تاران و سەرکردەکانیان سواری ئۆتۆمبێلی شاهانە بوون، شا خۆی پێشوازی لێ کردن و هەمان ئەو بەڵێنانەی دووپات کردەوە کە لە نامەکەیدا پێی دابوون. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ هەوڵ بۆ ڕاڤەکردنی هەندێ سازشکردنی دیاریکراو سەریان هەڵ دا. ئامانج لە خانەی داد ئەوە نەبوو ببێتە کۆمەڵەیەکی یاسادانان، بەڵکو مەبەست ئەوە بوو تەنیا ئەنجوومەنێکی یاسا بێ و بەس. پاش چەند هەفتەیەک هۆی تر بۆ بێزاری سەریان هەڵدا، لەوانە هەندێ کێشەی دارایی.

لە کۆتای نیسانی ١٩٠٦ پیاوانی ئاینی لە تاران حاڵنامەیەکیان ئاراستەی شا کرد تێیدا داوای ئەنجامدانی ئەو چاکسازییانەیان کرد کە بەڵێنی دابوو، هەروەها بەکارهێنانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی خۆی بەو

پێیەی یاسا دیاری کردووە. حاڵنامەکە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو کرایەوە بەڵام ئەنجامێکی هەستپێکراوی نەبوو. تا دەهات شتەکان خراپ دەبوون و سیخوڕەکان لە هەموو جێیەک بڵاو دەبوونەوە. قۆزاقی و سەرباز شەقامەکانیان تەنی و پاش خۆڕئاوابوون بۆ ماوەی سێ سەعات هاتوچۆ قەدەخە کرا. نارەزایی نوێ دژ بە وەزیری یەکەم عەین ئەلدەولە سەری هەڵدا و ڕابەرە ئایینیە موسڵمانەکان لە وتارەکانیاندا هێرشیان دەکردە سەر حوکمی تاکڕەوی و ستەمکاری. هەروەها کتێبخانەیەکی نیشتمانیی ئازاد هاتە دامەزراندن بۆ ئەوەی بنەما نیشتمانییەکان فێری خەڵک بکا، هەروەها کۆمەڵەیەکی نهێنی دروست بوو.

شا دەستەپاچە بوو و عەین ئەلدەولە بڕیاری دا پرۆسەیەکی سەرکوتکردن ئەنجام بدا. بەهۆی قەڵسبوونی لە ناوزڕاندنی لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە، وەزیری یەکەم ئاغا سەید جەمالی دەرکرد کە پاش ئەوە کشایەوە بۆ ناوەندی ئاینی لە شاری قوم کە بە دەوری مەزارگەی خاتوو فاتیمەدا دروست کراوە. عەین ئەلدەولە هەروەها بڕیاری لادانی شێخ محەمەدی دا کە وتاربێژێکی زۆر کاریگەر بوو و جەماوەرێکی زۆری لەنێوان پیشەکار و وردە بازرگانەکانی بازاڕەکاندا هەبوو.

جەماوەرێکی زۆر لەدەوری وتاربێژەکە و سەربازەکاندا خڕ بوونەوە و هەوڵیان دا نەیەڵن شێخ دەستگیر بکرێ. پاش ئەوەی شێخ محەمەد لە ناوەندی پاسەوانی بەند کرا، قوتابییەکی بنەماڵەکەی بەرەو دەرگای گرتووخانەکە چوو تا ئازادی بکا. سەربازەکان ئامادە نەبوون فەرمانی تەقەکردن جێبەجێ بکەن، بۆیە ئەفسەرێک قوتابییە هێرشبەرەکەی کوشت. ئەمە لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٠٦ ڕووی دا.

تەرمنێژەکان تەرمی لاوە کوژراوەکە، کە ناوی سەید حوسێن بوو هەڵگرت و بە شەقام و بازاڕەکاندا گێڕایان و ئاژاوەگێڕی و پێکدادان لەنێوان

تەرمنێژەکان و سەربازەکاندا ڕووی دا کە هەوڵیان دەدا کەژاوەکە ڕابگرن. بەهۆی تەقەکردن لە حەشاماتەکە پازدە کەس کوژران، سەربازەکان توانییان شەقامەکان لە خەڵک چۆڵ بکەن و دەست بەسەر تەواوی شارەکەدا بگرن. بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئاینی کە بە "رەوز ئەلئیخوان" ناسرابوون و پسپۆڕ بوون لە خوێندنەوەی ڕووداو و چیرۆکە مێژووییەکان لەبارەی ئەو چەرمەسەرییەی جێنشینە ڕۆحییەکانی پێغەمبەر محەمەد چەشتبوویان، هەروەها قوتابییان و بازرگانان و دووکاندارەکان و پیشەکاران و خەڵکانی ئاسایی پەنایان بردە مزگەوتەکەی ناوەندی شار و تەرمی قوتابییە کوژراوەکەیان تێدا ناشت.

سەربازەکان بۆ ماوەی سێ چوار ڕۆژ گەمارۆیان دان. پاش ئەوە شا ڕێگەی پێدان شارەکە بەجێ بێڵن و بکشێنەوە بۆ شاری قوم کە دەکەوێتە دووریی نەوەد میل لە باشووری تاران.

ئەوانە لە ٢١ی تەمووز ڕوویان کردە شاری قوم و لە ڕێگەدا هەزاران خەڵکی تریش هاتنە ناو ڕێپێوانەکە. دانەرێکی ئێرانی لەبارەی ئەو ڕێپێوانەوە دەڵێ: ڕێگەی نێوان تاران و قوم دەریایەک بوو لە خەڵک. ئەم ڕێپێوانە لەنێو ئێرانییەکاندا بە کۆچی مەزن ناسراوە.

مێژوونووسێکی ئێرانی دەنووسێ: ئەم کارە وەک سەندنەوەی پیرۆزیی ئاینی لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار و گژبەریکردنی شەرعیەتەکەی بوو. شا ڕازی بوو بەوەی بەستییەکان مزگەوتەکە بەجێ بێڵن بۆ ڕووکردنە قوم بەو مەرجەی زاناکان بەتەنیا مزگەوتەکە بەجێ بێڵن. ئەو زانایانە لە ڕێگەیاندا بۆ قوم بەیاننامەیەکیان دەرکرد و تێیدا هەڕەشەیان کرد کە بۆ هەتاهەتایە ئێران بەجێ دێڵن ئەگەر بێتو شا بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکا. جەنەراڵ بیرسی سایکس باسی لەوە کرد نەبوونی ئەو زانایانە دەبووە مایەی ڕاگرتنی هەموو مامەڵە شەرعییەکان، هەر بۆیە هەڕەشەکەیان بەڕاستی

مەترسیدار بوو، چونکە جێبەجێکردنی هەڕەشەکە دەبووە مایەی بێبەشکردنی وڵات لە چالاکییە ئاینییەکان.

هەینی

لە هەمان کاتدا وەک نارەزایی، دووکان و بازارەکان دەرگاکانیان داخست، عەین ئەلدەولە فەرمانی دا بکرێنەوە و هەڕەشەی تالانکردنیانی کرد ئەگەر نەیانکەنەوە. لە ١٩ی تەمووز هەڵسووڕێنەری کارەکانی بەریتانیا لە تاران بە ژمارەیەکی کەم لە خاوەن بانک و بازرگانەکانی ڕاگەیاند ئەگەر بێتو پەنا بهێننە بەر باڵەخانەی نێردەی دیبلۆماسیی بەریتانیا لە پایەتەخت، ئەوا ڕێگەیان پێدەدرێ بەشێوەیەکی ڕەمزی تێیدا بمێننەوە و بەریتانیا دەیانپارێزێ. دەستبەجێ ژمارەیەکی کەمیان چوونە ئەوێ و خێوەتیان تێدا هەڵ دا. لە ٢٣ی تەمووز ژمارەیان گەیشتە ٨٥٨ کەس و دوای سێ ڕۆژی تر گەیشتە پێنج هەزار کەس. ئەو بازرگانانە لە بەرامبەر قایلبوون بە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان و دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانیان داوای لەکارلادانی عەین ئەلدەولەی وەزیری یەکەم لە پۆستەکەی و دەرکردنی کۆمەڵێ یاسا و بانگکردنەوەی ڕێبەرە ئاینییەکانیان کرد لە شاری قومەوە.

بە قەڵس و شپرزەیییەکی زۆرەوە، شا لە ٣٠ی تەمووز بڕیاری دا مل بۆ داواکانی خەڵک لە لادانی عەین ئەلدەولە کەچ بکا و شێر ئەلدەولە میرزا نەسروڵا خان سەرکردەی میللیی ڕزگاریخواز لەجێگەی دابمەزرێنێ و داوای لە پیاوانی ئاینی کرد بگەڕێنەوە پایەتەخت.

بەڵام گەل متمانەی بە شا نەمابوو، هەر بۆیە داوای دانانی دەستوورێکی نیزامی و پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی نوێنەرایەتیی نیشتمانی کرد، لەگەڵ پێدانی گەرەنتیی جێمتمانە کە نیازپاکیی شا بسەلمێنێ. لە یەکی ئاب ژمارەی ئەو کەسانەی پەنایان بردبووە باڵەخانەی نێردەی بەریتانیا گەیشتبووە نێزیکەی ١٣ هەزار کەس و تا دەهات زیادیشی دەکرد تا

گـەیشـتـە ١٤ هەزار کـەس و هەندێ کـەس جـەخت دەکـەن کـە ژمـارەکـە گەیشتبووە ١٦ هەزاریش.

لەکاتی پرۆسـەی "بەست" لە باڵەخـانەی نێردەی بەریتـانیـا، بەقـسـەی شایەتحاڵانی بەریتانیایی، خێوەت لە هەموو کون و قوژبنێکی باڵەخانەکەدا قیت کرانەوە و پەنابەران خۆیانیان بەشێوەیەکی نایاب ڕێک خستبوو و هیچ کێشـەیەکیان دروست نەکرد. لە قازانی گەورەدا خواردن بۆ خەڵکەکە ساز دەکرا و ئێوارانیش ڕاز و سەرگوزەشتەی کۆنیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە.

بەسـتـیـیـەکـان بۆ مـاوەیەکـی زۆر ئامـادە نەبوون هـیـچ دانوسـتـاندنـێکی ڕاسـتـەوخـۆ لەگـەڵ حکوومـەتدا بکەن، تـا لە کـۆتاییـدا بە هەوڵی نوێنەری سیـاسیی بەریتـانیـا بەڵگەنامـەیەکی پەسـەندکـراو لەلایەن هەردوولاوە ئامـادە کرا. لە ٥ی ئاب، شا موزەفەرەدین بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی، ڕەزامەندی لەسـەر هەمـوو داواکـانی ئەو بەسـتـیـیـانە دەربڕی و پاش ئەوە بـاڵەخـانەی نێردەکەیان بەجێ هێشت. شا فەرمانی بە وەزیرە یەکەمە لادراوەکەی کرد بچێ لە کێڵگەکەی بژی و ئەو بەڵگەنامـەیەش کە شـا لەو ڕۆژەدا دەری کرد بەناوی بەڵگەنامەی مەزنی ئێران ناسرا.

شـۆڕشی ڕووسی ساڵی ١٩٠٥ کاریگەرییـەکی سـەرسـوڕهێنەری لە ئێران هەبوو. خـەڵک بـە بایەخـێکی زۆرەوە چاودێریی ڕووداوەکـانی ڕووسـیـایان دەکرد, وا دیار بوو گـیـانێکی نوێ لەنێـو تاکەکـانی گەلدا دروست بووە. لە فـەرمانڕەواکانیان وەڕس بووبوون و ڕووسـیایان کردبووە نموونە. وردە وردە بیریان لەوە دەکردەوە کە دەکرێ شێوەیەکی باشتری حوکمڕانی بێننە کایە.

پاش ئەو ئاژاوەگـێڕییـەی لە ئەنجـامی کوشـتـنی قوتابی سـەید حـوسـێن سـەری هـەڵ دا، خـەڵک هەسـتـیـان کـرد ناتوانن بەرەنگاریی سـەربازییـانەی حکوومـــەت بکەن، هـەر بۆیە ڕێگەی "بەست"یان لە باڵەخـــانەی نێـــردەی بەریتـانیـادا گرتەبەر و دەرکـەوت ئەم ڕێگەیە سەرکەوتوو بوو لە بەدیهێنانی

ئامانجەکانیدا. پیاوە ئاینییە دوورخراوەکان داوای گەڕانەوەیان کرد بۆ پایەتەخت، بە سەرکەوتوویی گەڕێنرانەوە و دادگەی قەزاییش پێک هێنرا.

جەنەراڵ سایکس دەڵێ: ئێرانییەکان بەبێ خوێنڕشتن و شەڕی ناوەخۆ، لەسەر کاغەز هەموو ئەو شتانەیان دەست کەوت کە لە فەرمانڕەواکانیان داوایان دەکرد.

پاش ماوەیەکی کەم لە ملکەچبوونی شا بۆ داواکانی گەل، ڕێبەرە ئاینییەکان بە یاوەریی ئەسەد ئەلملوک، کە پاشتر بوو بە وەسی لەسەر تەخت و هەروەها لەگەڵ نیزام ئەلدەولە، لە قومەوە گەڕانەوە پایەتەخت. ڕۆژێکی مێژوویی بوو و هەمووان تێیدا بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە نیشتمانییەوە ئاهەنگیان گێڕا.

لە ١٩ی ئاب شای نەخۆش، بە ئامادەبوونی گەورە ڕێبەرە ڕۆحییەکان کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە کۆشکەکەیدا میوانداری کردن، تەلاری نوێی پەرلەمانی کردەوە، پاشتر مەرسوومێکی دەرکرد تێیدا جگە لە دامەزراندنی پەرلەمان، دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕاوێژکاریی نیشتمانیشی ڕاگەیاند.

لە دەوروبەری ٨ی ئەیلوول، کێشەیەکی نوێ سەری هەڵ دا کاتێ پیاوانی ئاینی ئەو سیستمانەیان ڕەت کردەوە کە سەرۆک وەزیران ئامادەی کردبوون و شایش ئەو گۆڕانکارییانەی ڕەت کردەوە کە داوایان کردبوو. جارێکی تر خەڵک پەنایان بردەوە ئەنجامدانی ڕێگەی "بەست" لە باڵەخانەی نێردەی بەریتانیا و بازاڕەکان داخران.

شا لەسەر داواکارییەکانی پێوەست بە بازنەکانی هەڵبژاردن و ئەندامێتیی پەرلەمان و مەرج و پێویستییەکانی هەڵبژاردن ڕازی بوو. لە ١٧ی ئەیلوول شا لەسەر ئەو مەرسوومە ڕازی بوو کە لەبارەی پێکهێنانی ئەنجوومەنەکەوە پێشنیاز کرابوو بۆ دامەزراندنی پەرلەمانێک لە ١٥٦ ئەندام کە دوو ساڵ جارێک دێنە هەڵبژاردن، هەروەها ڕەزامەندی لەسەر

پارێزبەندیی پەرلەمانتارانیش دا.

ریچارد کۆتام دەنووسێ: لەڕێی بەکارهێنانی ڕێگەی "بەست"ی نیمچە پیرۆز و دێرین لە مێژوودا، بازرگان و پیاوانی ئاینی توانییان داواکارییەکانیان لەبارەی دەستوورەوە بەسەر حکوومەتدا بسەپێنن. ئەڵبەت چەندان پرس بە هەڵواسراوی مانەوە، بەڵام بەپێی ئەو مەرسوومە حکوومەتێکی دەستووریی پەرلەمانی پێک هات.

٥- دیارنەمانی بەکۆمەڵ

لەوانەیە دانیشتووانی ناوچەیەکی بچووک، بۆ نموونە گوندێک، بڕیار بدەن هەموو پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دژبەرەکەیان بپسێنن، ئەویش لەڕێی خۆ ونکردن و بەجێهێشتنی ماڵ و گوندەکەیانەوە. بۆ نموونە گوندنشینەکانی هەرێمی کانارا لە باشووری هندستان لە ساڵی ١٧٩٩ و ١٨٠٠ پەنایان بۆ ئەم ڕێگەیە برد بۆ بەرەنگاریکردنی هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بەریتانیا بەسەر هەرێمەکەدا. سێر تۆماس مۆنرۆ ئەفسەری بەریتانیایی کە ئەو کاتە بەرپرس بووە دەڵێ: کاتێ لە گوندێک نێزیک دەبوومەوە، دانیشتووانەکانی چۆڵیان دەکرد و دەچوونە گوندێکی تر، بەشێوەیەک چەندان هەفتە بەسەر بوونم لە ناوچەیەک تێدەپەڕی بەبێ ئەوەی دەموچاوی یەکێکیان ببینم.

باربەر کە دانەرێکی بەریتانیاییە و لە سەدەی نۆزدەیەمدا ژیاوە وردەکاریی ڕووداوێکی سۆراخ نەمانی بەکۆمەڵ لە چینی ناوەڕاست لە ساڵی ١٨٨٣ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: دەگێڕنەوە لە چاخە دێرینەکاندا فەرمانڕەوای هەرێمەکە فەرمان بە قازییەک لە شاری هسینی چینی ناوەڕاست دەکا سەرژمێرییەکی دانیشتووان بکا. قازییەکە لەو خشتانەی ئامارەکە ڕازی نەبوو کە تیمەکەی بۆیان نارد، بۆیە بڕیاری دا خۆی سەرژمێرییەکە بکا، دانیشتووانی ناوچەکە لە نەگریسیی قازییەکە زاڵەترەک

بوون و له ترسی ئەوەی نەوەک ئامانج له هاتنەکەی سەپاندنی باجی قورس بێ لەسەریان، شارەکەیان بەجێ هێشت و له کێڵگەکانی دەوروبەریدا خۆیانیان حەشار دا، بەو شێوەیە قازییەکە له هەوڵەکانیدا شکستی هێنا و لەترسی ئەو سزایەی لەوانەیە دووچاری ببێ، خۆی خنکاند و ئەم خشتەیەی پاش خۆی بەجێ هێشت:

پیاوان: کەس نییە

ئافرەتان: کەس نییە

مندالآنی خوار چواردە ساڵ: کەس نییە

کۆی گشتی: کەس.

جۆرج تایلۆریش باس له هەندێ حاڵەتی هاوشێوە دەکا له ناوچەی چینی باکور لەکاتی داگیرکردنی ژاپۆنی له ساڵی ١٩٣٩: گوندەکان زۆر ڕێکخراو بوون، بەشێوەیەک کاتێ سوپای ژاپۆنی نێزیک کەوتەوە، خەڵک ئەو گوندانەیان چۆڵ کرد و ئازووقەکانیان کرد بەژێر خۆڵەوە و هەموو مالآت و کەلوپەلەکانی ماڵیان لەگەڵ خۆیان بردە دەرەوە و کشانەوە بۆ چیاکان. هەر بۆیە دەبوو ژاپۆنییەکان هەرچییان پێویست بوو لەگەڵ خۆیان بیانهێنایە.

٦- کۆچی ناڕەزایی

کۆچی ناڕەزایی کۆچکردنێکی بەئەنقەستە بەمەبەستی هەلآتن له دەسەلآتی دەوڵەتێک کە بەرپرسە له هەندێ کاری ستەمکارانە و زۆردارانە بەلای بەرگریکارەکانەوە. ئامانجیان دەربڕینی ناڕەزایی و ملنەدانە لەڕێی پچڕاندنی هەموو شێوەیەکی هاوکاریکردنی کۆمەلآیەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا. ژمارەیەک حاڵەتی تایبەت و دیاریکراومان لەبارەی ئەم کۆچەوە هێناوە. ئەم کۆچکردنە لەوانەیە هەمیشەیی و لەوانەیشە کاتی بێ، نەخاسمە کاتێ دژبەرەکە ئاتاجی جۆرە هاوکارییەک بێ لەلایەن

کۆچەرەکانەوە. جوان بوندۆرانت ئەم ڕێگەیەی ناو ناوە دوورخستنەوەی خۆویستانە. پێغەمبەر محەمەد لەباتیی ملکەچکردن بۆ ئەو ستەمکارییەی ئەوکات لە مەککەدا هەبوو، ساڵی ٦٢٢ لە شاری مەککەوە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە.

لە هندستان ڕێگەی کۆچکردن کە بە دەستهەڵگرتن لە وڵات ناسرابوو، بە بەرفرەوانی بەکار هاتووە، ئەویش لەکاتی هەڵمەتە جیاوازەکانی دژ بە هەندێ حاڵەتی ستەمکاریی دیاریکراو، هەروەها لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە بەریتانیا. لەم حاڵەتانەدا کۆچکردنەکە دەستبەجێ بوو.

بەپێی ڕێنوێنییەکانی گاندی، نەبەردانەترین ڕێگە کە پێویستە خەڵک بەخۆشییەوە شوێنی بکەون، ئەوەیە بەرگەی دڕندانەترین شێوەی سەرکوتکردن بگرن کە لەوانەیە دووچاری ببن، ئەویش لەو بڕوایەوە کە ئەو ڕێگەیە زۆرترین کاریگەری دەبێ لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و نەرمکردنی دڵی ڕەقی دوژمنەکان.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر بەرگریکاران و دانیشتووان هەستیان کرد ستەمبارن و ناتوانن لەو هەلومەرجەدا پارێزگاری لە کەرامەتیان بکەن و هێز و تاقەتی ئەوەیان نەبوو بەرگەی ئەو سەرکوتکردنە بگرن، ئەو هێزەی زادەی باوەڕبوونێکی قووڵ بە بنەمای ناتوندوتیژی، یاخۆ هەبوونی توانا نەک ویستی بەرگری لەخۆکردنە بە توندوتیژی، ئەوا گاندی پێی وا بوو خۆدوورخستنەوە هیچ لایەنێکی نائەخلاقی یان نادروست یاخۆ ترسنۆکانەی تێدا نییە. بەڵگەنەویستیشە کاتێ ژمارەیەکی زۆر خەڵک بەشداری لەم کۆچکردنەدا بکەن، کارەکە ببێتە شێوەیەک لە شێوەکانی بایکۆتکردنی سیاسی، نەک تەنیا حاڵەتێکی ناڕەزایی ناتوندوتیژانە.

لە ویلایەتی گوجارات، جووتیارەکان کۆچیان کرد بۆ بارودا، کە هیچ دەسەڵاتێکی بەریتانیای تێدا نەبوو، ئەویش لەکاتی ئەو هەڵمەتی

سـەركـوتكردنەی بەهـۆی ڕازینـەبوونیـان بـە باجـدان لـەكـاتـی هەڵمـەتە سـەربازییـەكـەی سـاڵانـی ١٩٣٠ و ١٩٣١ ڕووی دا. ئەم ڕێگەیە هـەروەها لەكاتی هەڵمەتی ڕەتكردنەوەی باجدان لە ویلایەتی بارودلی ڕووی دا، كاتێ جووتیاران بەشێوەیەكی كاتی لەم ویلایەتەوە دیسان بۆ بارودا كۆچیان كرد.

نموونەكان لەبارەی كۆچكردنی نارەزایی لەو كۆچەوە دەست پێدەكا كە لە ساڵی ٤٩٤ی پێش زاین خـەڵكی ڕەشـۆكی لە ڕۆما بەمەبەستی بەدەستهێنانی كۆمەڵێ چاكسازی لەلایەن خانەدانەكانی كۆماری ڕۆمانی، ئەنجامیان دا، تا ئەو كۆچانەی گرووپە جیاوازە ئاینی و سیاسییەكان لە ئەوروپا و ئەمەریكا ئەنجامیان دا، تا كۆڕەوەكەی مەجەر لەكاتی شۆڕشی ١٩٥٦دا.

كلارنس مارش باس لەوە دەكا بەكارهێنانی ڕێگەی تری هاوشێوە تاوتوێ كرا بۆ بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی بیانی بەسەر ئەو گیرفانانەی دەكەون درێژایی لێوارەكانی چین، ئەویش پاش ئەوەی دەوڵەتانی ڕۆئاوا توانییان چەند ناوچەیەكی چین بگرن. لەو كاتەدا پێشنیاز كرا دانیشتووانی ئەو ناوچانە وەك ئامرازێكی نارەزایی پێشكەوتوو بەشداری بكەن لە كۆڕەوێكدا لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی بیانیدان.

جـووتیـارانی ژاپۆنی، بە تایبـەت لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیەم لە سـەردەمی بنـەمـاڵەی توكـوگـاوا پـەنـایان بۆ ئـەم ڕێگەیـە برد بۆ بەرەنگاربوونەوەی بارۆنە دەرەبەگە ستەمكارەكان و فەرمانبەرە گەندەڵەكانی حكوومەت.

جووتیارەكان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دوژمنەكانیانەوە بۆ ویلایەتێكی تەنیشتی كۆچیان كرد، ئەم كارانە بە ناوی وازهێنانەكان، یان لە ژاپۆنیدا بە "شوزان" ناسرا. هیوگ بۆرتۆن دەڵێ نەفەرەكان بە نهێنی گوندەكەیان چۆڵ دەكرد و ڕوویان دەكردە گوند یاخۆ ناوچەیەكی دراوسێ بۆ هەڵاتن لە

ستەم یاخۆ تەنگانەیەکی دیاریکراو. بەڵام ئەم نەریتە ورده ورده شێوەی کۆچی بە کۆمەڵی گرووپێکی ڕێکخراو لە گوندێک یان زیاتری لەخۆ گرت. کاتێ گوندنشینەکان دەپەڕینەوە بۆ ناوچەیەک یان هەرێمێکی دراوسێ، لە سەرگەورەی ناوچەکە یان حاکمی ئەو هەرێمە دەپاڕانەوە کە ڕێگەیان پێ بدا لە سنووری ناوچەکــەی ئەودا بمێننەوە، یان لە بری ئەوان هەوڵ بدا ئەو ستەمەی لە سەریانە نەیهێڵێ.

ڕێگەی شوزان لە ماوەی قۆناخی یەکەمی سەردەمی بنەماڵەی توکوغاوا (١٦٠٣-١٨٦٩) بە شێوەیەکە بەرفرەوان بڵاو بووەوە. مەترسیدارترین ڕووداو لەو ماوەیەدا لە ساڵی ١٨٥٣ ڕووی دا کاتێ هەندێ لە جووتیاران لە باکوری ناوچەی نامبۆ لە مۆریۆکا بە هۆی تووڕەییان لەو گەندەڵییە گشتییەی لە نێوان فەرمانبەری ناوچەکەیاندا بڵاو بووبوویەوە و هەموو مامەڵەکانیان قۆرخ کردبوو و گواستیانەوە بۆ ناوچەی ساندای دراوسێیان و داوایان لە حاکمەکەی کرد لەوێ بژین، پاش ئەوەی سکاڵاکانیان پێشکێشی فەرمانبەرە بەرپرسەکان کردبوو.

وتراوە ڕێگەی شوزان ڕێگەیەکی نایاساییە و بارونە دەرەبەگەکان پیاوەکانیان دەنارد بۆ گێڕانەوەی جووتیارە هەڵاتووەکان، بەڵام ڕوون نەبووەتەوە ئاخۆ ڕەزامەندیی بارونە دەرەبەگەکەی دراوسێ پێویست بووە بۆ گێڕانەوەی کۆچەرەکان یاخۆ نا. تەواوی سیستمی دەرەبەگایەتی لەسەر توانای بەرهەمهێنانی جووتیار وەستابوو، لەبەرئەوە فەرمانبەرەکان دژ بە سزادانی ئەو جووتیارانە بوون کە دەگەڕانەوە، چونکە زۆر پێویستیان پێیان بوو بۆ بەرهەمهێنانی برنج. هەندێ لە خەمڵاندنەکان ئاماژەیان بەوە داوە حاڵەتەکانی شوزان ٢,٩٪ی کۆی شۆڕشەکانی جووتیاران بوون لە سەردەمی حوکمڕانیی بنەماڵەی توکوگاوادا.

جگە لە کۆچی گشتیی بەرفرەوان لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە بەر لە

دروســـتکردنـی دیواری بـەرلین، بـەهـۆی هـەنـدێ ڕێوشـــوێنی دیـاریکـراوەوە ژمـارەیەک کـۆچی نـاڕەزاییش لـەم وڵاتـە ڕوویان داوە. بۆ نموونە سـاڵی ١٩٥٢ جــووتیــارانی ئـەڵمــانیــای ڕۆهـەڵات نەیـاریی خــۆیان پیــشــان دا دژ بـە کـارپێکردنی شـێوازی کێڵگە هـەرەوەزییـەکـان بەپێی شـێوە سـۆڤیـەتییـەکـە، ئەویش بە کۆچکردنیـان بۆ ڕۆئاوا، لەنێوان مانگی کانوونی دووەم و نیساندا ٨٥٢ جووتیار کۆچیان کرد.

لەوانـەیە کـۆچکردنی نـاڕەزایی بە ژمـارەیەکی زۆر مـۆرکی بـایکۆتکـردنی سیـاسی وەربـگرێ، بۆ نموونە کـاتێ فریدریک ولیام ئیـمپراتۆری بـروسیـا لە ســاڵی ١٧٢٣ هـەڕەشــەی لە ئەندامـانی تایفـەی مـینونیـتی دانیـشـتـووی ڕۆهـەڵاتی وڵات کرد بە جێبەجێکردنی سیستـمی بەسەربازکردنی زۆرەملێ لەسـەریـان، ژمارەیەکی زۆر لەوانە کـۆچیان کرد بـۆ بنسیلڤانیا، بەشێوەیەک ئیمپراتۆر وازی لە پرۆژەکەی هێنا.

ســاڵانـی ١٧٨٧ و ١٨٠١ سـەپاندنـی سـیـسـتـمگەلێکی نوێ، کـە ئـامـانج ڕاگرتنی زیادبوونی ژمارەی تایفەی مینونیت بوو، بووە مایەی کۆچکردنێکی تریان، ئەم جارەیان بۆ ڕووسیـا، ئەم جـارەیشیـان حکوومـەت ناچار بوو مل نەوی بکا. بـەم شـێوەیە بـڕوادارەکان لەڕێی کـشـانەوەی تەواویان لە هـەمـوو جۆرە پێوەندییەک لەگەڵ ئەو حکوومـەتەی دەستی دەخستـە کاروبارەکـانیان، توانییـان پارێزگاری لە باوەڕە ئاینییـەکەیان بکەن و حکوومـەت ناچار بکەن مل بە خواستەکانیان بدا.

لەگەڵ ئەوەیشـدا، شـێـوە باوەکـانی هاوکـارینەکردن لە کـۆمـەڵگە نوێکاندا سـیفـەتی ئابووری وەردەگرێ نەوەک کۆمـەڵایەتی، هـەروەک لەوانـەیە سیـاسـی بێ. ئەمجا دێینە سەر باسکردنی ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی.

# بەشی دووەم

# ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی

هاوکارینەکردنی سیاسی

## پێشەکی

ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی، ڕاگرتنی درێژەدان بە شێوە ئاساییەکانی هاوکاریکردنی سیاسی لە بارودۆخی ئارادا لەخۆ دەگرێ و، هەندێ جار پێی دەگوترێ بایکۆتکردنی سیاسی. تاکەکەس و گرووپەکان دەتوانن ڕێگەکانی ئەم شێوەیە بگرنە بەر. بەڵام لە هاوکارینەکردنی سیاسیدا وا باوە ژمارەیەکی زۆر خەڵک کۆ دەبنەوە و هاوئاهەنگی دەکەن لە هەڵپەساردنی کاتیی هاوکاری و ملکەچکردنی سیاسیی ئاساییان. دەزگەیەکی حکوومەت یاخۆ حکوومەتەکان خۆیشیان دەتوانن پەنا بۆ هاوکارینەکردنی سیاسی ببەن.

بەهانەی هەڵپەساردنی هاوکارینەکردنی سیاسیش، بەسادەیی لەوانەیە نارەزایی بێ لە کارێکی نادروستی سیاسی یان ئەخلاقی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامەکانی ئەو کارە. ئامانجی هاوکارینەکردنی سیاسی بەزۆری دروستکردنی پاڵەپەستۆیە لەسەر حکوومەت یان دەستەیەکی ناشەرعی کە هەوڵ دەدا دەست بەسەر دەزگەیەکی ڕەسمی یاخۆ حکوومەتدا بگرێ، یان هەندێ جار ئامانجی گوشارخستنە سەر حکوومەتێکی ترە. هاوکارینەکردنی سیاسی دەکۆشێ ئامانجێکی دیاریکراو و تایبەت بەدی بێنێ، یان گۆڕان لە ڕێڕەوەکانی سیاسەتی دەوڵەتدا دروست بکا، یان وەک گۆڕینی سرووشت یاخۆ پێکهاتەی ئەو حکوومەتە، یان دواجار لەبەریەک هەڵوەشاندنی.

کاتێ هاوکارینەکردنی سیاسی بەرامبەر کودەتاچییان پێڕەو دەکرێ، ئەوە ئامانجی بەرگریکردنە لە حکوومەتە شەرعییەکە و گێڕانەوەیەتی بۆ دەسەڵات.

مەغزای سیاسیی ئەو ڕێگەیانە بەپێی زیادبوونی ژمارەی بەشدارانی و ڕادەی گرینگیی هاوکارییەکانیان لە میکانیزمی سیستمە سیاسییەکەدا، گەورە دەبێ. زۆر جاریش ئەو جۆرە ڕێگەیانە شانبەشان دەبن لەگەڵ شێوەی تری کاری ناتوندوتیژانەدا.

هاوکارینەکردنی سیاسی دەتوانێ لە دەربڕینەکانیدا بێسنوور دەستەواژە بەکار بێنێ، کە هەموویان پێوەستن بە دۆخە تایبەتەکەوە. ئەو ٣٨ ڕێگەیەی لێرەدا باسیان دەکەین، لە شەش خانەی سەرەکیدا پۆلبەند کراون:

- ڕەتکردنەوەی دەسەڵات.
- هاوکارینەکردنی هاووڵاتیان لەگەڵ حکوومەت.
- جێگرەوەکانی ملکەچ نەکردن لای هاووڵاتیان.
- چالاکییەکانی دەزگەکانی حکوومەت.
- چالاکیی ناوخۆییی حکوومەت.
- چالاکیی حکوومەت لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی.

زۆر شێوەی تر هەن لێرەدا باس نەکراون، هەروەک لە بواری کاری ناتوندوتیژانەدا بەگشتی، مەودایەکی فرەوان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و زیادکردنی جۆری نوێ.

## ڕەتکردنەوەی دەسەڵات

١- پاشەکشە و گتکردن لە گوێڕایەڵی

ئەم جۆرە لە هاوکارینەکرتنی سیاسی، داننەنان بە شایستەیی ڕیژیمێک بۆ گوێڕایەڵیکردنی شەرعی و ئەخلاقی دەگرێتەوە، نموونەیەکی دیاری ئەمەیش لە بەرەنگاریکردنی مەجەرییەکان بۆ حوکمڕانیی نەمسا لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەبینین. ئەوە بوو ئیمپراتۆر فرانز جۆزێف وەک شای مەجەر دانی پێدا نەنرا و نەکرایە پاشا تا پابەندبوونی خۆی بە دەستووری مەجەری ڕانەگەیەنێ، ئەندامانی ئەوکاتی پەرلەمانی مەجەر دانیان نەنا بە شەرعیەتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانەکە لەلایەن فرانز جۆزێفەوە. ئەنجوومەنی ناوچەی بیشت، کە ئەویش هەڵوەشێنرابووەوە، ناڕەزاییی لەدژی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەربڕی، هەروەها ڕەتی کردەوە دان بە هەڵوەشاندنەوەی خۆیدا بنێ و لە بەستنی کۆبوونەوەکانی بەردەوام بوو. کاتێ ئەنجوومەنەکانی ناوچەکان ڕەتیان دەکردەوە فەرمانەکانی نەمساییەکان جێبەجێ بکەن و بە هەڵوەشاندنەوەیان وەڵامیان دەدرایەوە، ئەندامەکانی ڕازی نەدەبوون خزمەتەکانیان بۆ نەمساییەکان بگوازنەوە.

لەکاتی خەباتی گەلی هۆڵەندا دژ بە حوکمڕانیی ئیسپانیاییەکان، شێوەی تری گتکردنی هۆشیارانە هەبوون کە گەلێک دژ بە گوێڕایەڵیکردنی دەسەڵاتدارانی بیانی ئەنجامی داون. ساڵی ١٥٦٥ داشۆرینی ئابڕووبەر دژ بە فیلیپی شای ئیسپانیا بڵاو بووەوە کە بەڵێنەکانی شکاند و سەرمافەکان (امتیازات)ەکانی بەزاند و چی تر بەپێی یاسا کۆنەکەی تایبەت بە هاتنەژوورەوەی ئاشتییانە، مافی گوێڕایەڵیکرانی نەمابوو. لە هاوینی ١٥٨١

کۆنگرەی فیدراڵیی گشتی لە لاهاگ بڕیارێکی پەسند کرد، تێیدا هاتووە:

شا فیلیپ لە هەموو دەسەڵاتەکانی بەسەر ناوچەکانی هۆڵەندا دادەماڵرێ، ئەویش بەهۆی حوکمڕانیی ملهوڕانە و پێشێلکردنی سەرمافەکانی وڵات. بەپێی ئەم بڕیارە، لەسەر هەموو دەسەڵاتداران و ڕەسمییەکان و فەرماندە سەربازییەکان و ئەوانی تر پێویستە ڕێڕەوێکی تر بگرنە بەر لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی بەرپرسی ناوچە یەکگرتووەکان. بەیاننامەی لێسەندنەوەی متمانە، ئەگەرچی درەنگیش هات، نموونەیەکی پرشنگدار بوو لەسەر بەهرەمەندبوون لە ئازادی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

ڕەتکردنەوەی ئەمەریکاییەکان بۆ حکومەتە بەریتانیاییەکە و دەسەڵاتەکانی خاڵێکی دیار بوو لە چەسپانی سەربەخۆیی ئەمەریکادا. تۆماس جیفرسۆن ساڵی ١٧٧٤ نووسیی: ئەو زەوینە ڕاستەقینەیەی پشتمان پێ بەست بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی بڕیارەکانی پەرلەمانەکەیان هیچ کاریگەرییەکی نییە، ئەوەیە پەرلەمانی بەریتانیا مافی نییە دەسەڵاتداری بەسەر ئێمەوە بکا.

دواین بەیاننامەکەی جۆن ئادامز پشتی بە چەند هۆکارێکی گرینگ بەستبوو لەوانە سەندنەوەی دەسەڵاتەکان لە حکومەتی بەریتانیا و بەردەوامبوون لەسەر ئەوە و، ڕایگەیاند "پێش لە سەرەتای شەڕ و هەندێ وردە پێکدادان لە کۆنکۆرد و ولیکسنگتۆن لە ١٩ی نیسانی ١٧٧٥، شۆڕش و یەکەتیی کۆڵۆنییەکان لە ویژدانی گەلدا زیندوو بوون".

هەندێ جار لەوانەیە دەرچوون لە بازنەی گوێڕایەڵی بە ئەنجامدانی کارێکی ڕەمزی، وەک لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٠٥ ڕووی دا، کاتێ کەشتییە شەڕییەکەی ڕووسیا ئۆشاکۆف ئاڵای سووری هەڵکرد، ئەویش وەک گوزارشتێکی درامی بۆ داننەنان بە حکومەتدا. لە هەمان مانگدا دوو هەزار نوێنەر لە فیلنا کە بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی لیتوانیا نێردرابوون

ڕایانگەیاند دان بە شەرعیەتی حکوومەتی ڕووسیادا نانێن.

لە کاتی شەڕی ڕوهەردا، ئەڵمانەکان ڕایان گەیاند ملکەچی سیستمەکانی هەردوو داگیرکەری فرەنسایی و بەلجیکایی نابن و بە ناشەرعییان دانان، واتە دەسەڵات و فەرمانەکانی داگیرکەریش. لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ حکوومەتی ئەڵمانیا ڕایگەیاند قەدەخەی کردووە هیچ ویلایەت و هەرێم یان دەسەڵاتێکی ناوخۆیی گوێڕایەڵیی هیچ فەرمانێکی دەسەڵاتدارانی داگیرکەر بکەن و پێویستە هەمووان پابەند بن بە ڕێنوێنییەکانی دەسەڵاتدارە تایبەتەکانی ئەڵمانیا. وەک بەشێک لەو ملکەچنەکردنە، پیاوانی پۆلیسی ئەڵمان سڵاوی سەربازییان لە ئەفسەرانی بیانی نەدەکرد.

هندییە ئەمەریکاییەکان زۆر جار بەشێوەی جۆرەوجۆر دەسەڵاتی هەردوو حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدایان ڕەت کردووەتەوە، مارگریت دومارکۆ ژمارەیەک لەو حاڵەتانەی تۆمار کردووە. دەڵێ لە ساڵی ١٩٢١ کەنەداییەکانی ئیرۆکوا، کە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر شەش نەتەوەی هندی کە بەشێوەیەکی کۆنفیدراڵ یەکیان گرتووە، ڕەتیان کردەوە ببنە هاووڵاتیی کەنەدایی و بۆ چەسپاندنی سەروەریشیان سکاڵایەکیان دژی حکوومەتی دۆمینیۆن بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز کردەوە.

جارێکی تر لە ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٥٠ ژمارەیەک ئەندامی ئەمەریکایی و کەنەدایی لە هاوپەیمانییەکەدا هەوڵەکانیان خستەوە گەڕ و داوای بەئەندامبوونیان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کرد. ساڵی ١٩٤٦ گرووپێک لە شیبوا، بە پشتبەستن بە مافە تۆمارکراوەکانی لە پەیماننامەیەکدا، داوای بەئەندامبوونیان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کرد. ساڵی ١٩٦٠یش دیسان دەستەیەکی تری سەر بە هەمان هۆز داوای کورسییەکیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

لە ڕۆژە سەرەتاکانی پاش داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا لەلایەن یەکەتیی

سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٦٨، کەسانی ڕەسمی و هاووڵاتییانی ئاسایی ڕەتیان کردەوە دان بە هەر جۆرە دەسەڵاتێکی رووس بەسەر چالاکییە سیاسییەکانی وڵاتدا بنێن. بۆ نموونە لە ٢٤ی ئاب، پارێزگاری پراگ ئامادە نەبوو لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەر کۆ ببێتەوە کە بۆ دانوستاندن لەگەڵی هاتبوون. پاش دوو ڕۆژ ژمارەیەک لەو شیوعییانەی لە دەزگەی ئاسایشی دەوڵەتدا کاریان دەکرد ڕایانگەیاند ئەوان تەنیا دان بە بەرپرسە ڕەسمیەکانیاندا دەنێن نەک بە رووسەکاندا. هەروەها گوتیان لێژنەی حزبی شیوعی لە دەزگەی ئاسایشی دەوڵەت لە شەقامی سادۆفا لە پراگ بە کۆی دەنگ ڕایدەگەینێ کە لە پشت دەسەڵاتە دەستوورییە شەرعییەکانی چیکۆسلۆڤاکیا و دەزگەکانی حزبەوەیە و پابەندە بە فەرمانەکانی جۆزێف پاڤێلی وەزیری ناوەخۆوە.

٢- ڕەتکردنەوەی پاڵپشتیی میللی

وا دیارە دەرنەبڕین لە هەندێ هەلومەجی سیاسیدا جۆرێکە لە هاوکارینەکردنی سیاسی. بێدەنگی ئاماژەیەکی زۆر ترسناکە لە سایەی هەلومەرجێکی سیاسیدا کە سیفەتی زۆرەملێ و ناچاری بەسەریدا زاڵە. هەندێ جار ئەگەر ڕێژیمەکە بەتەواوی دیکتاتۆریش نەبێ، داوا لە هەندێ کەس یان بە فەرمان دەکرێ پاڵپشتیکردنی ئاشکرایان بۆ ڕێژیم ڕابگەیەنن، لەو کاتەدا ڕەتکردنەوەی داواکە بە جۆرێک لە چالاکیی بەرهەڵستکارانە سەیر دەکرێ.

لە ساڵی ١٩٦٣ لەکاتی ململانەی بووزیەکان دژی ڕێژیمی دیام لە باشووری ڤێتنام، هەوڵەکانی حکومەت بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانێک بۆ پاڵپشتیی ڕێژیم شکستیان هێنا، جارێکیان جەنەراڵێک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەرنەکەوت، کە لەسەری بوو تێیدا پاڵپشتی بۆ شاڵاوەکانی حکوومەت دژ بە پەرستگەکانی بووزیەکان ڕابگەیەنێ. دیار بوو کە زۆر

دڵگەرم نەبوو لە پاڵپشتیکردنی کارەکە.

پاش شکستەکەی شۆڕشی ١٩٥٦ لە مەجەر، نووسەرانی وڵات لەڕێی "پارێزگاریکردن لە بێدەنگی" نەیاریی خۆیان بۆ ڕیژیمە سەپاوەکە دەربڕی و هیچ مادەیەکیان بۆ بڵاوکردنەوە پێشکێش نەکرد.

لەو بارودۆخەدا بڵاوکردنەوەی وتار و چیرۆک و کتێب بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە یان قبووڵکردنێکی نەرێنی یاخۆ پاڵپشتیکرنێکی ئەرێنی بوو بۆ ڕیژیم. هەر بۆیە بەپێچەوانەوە، بێدەنگییان دەری دەخست ئەوان چارەی ڕیژیمیان ناوێ.

فرانسوا فیجۆ لە کانوونی دووەمی ١٩٥٧دا نووسیی: ئێمە بەبێ هوودە لە هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ڕەسمییەکاندا بەدوای ئیمزای نووسەرێکی ناسراودا دەگەڕاین. ژمارەی زەبەلاحی سەری ساڵی ڕۆژنامەی تیبسا برشاغ دەرچوو بەبێ ئەوەی وتار یاخۆ چیرۆکی نووسەرێکی ناسراوی تێدا بێ کە هێشتا زیندوو بێ.

لە بەهاری ١٩٦٨دا، کاتێ سۆڤیەت ئێزگە تایبەتەکەیان بە ئاراستەی چیکۆسلۆڤاکیا خستە کار، باس لەوە کرا ئەو فەرمانبەرە چیکۆسلۆڤاکییانەی لە مۆسکۆ لە یەکەتیی سۆڤیەت کاریان دەکرد، ڕەتیان دەکردەوە هەر مادەیەک پەخش بکەن کە ڕەخنە لە ڕێڕەوە لیبراڵەکانی وڵاتەکەیان بگرێ. بەڵام گۆتیارەکانی سۆڤیەت پاشتر ئەوەیان بەدرۆ خستەوە.

سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان باس لەوە دەکەن ڕادیۆی چیکۆسلۆڤاکیا چاودێرێکی ڕەوانە کرد بۆ مۆسکۆ بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو فەرمانبەرانە لە بابەتی شەرعیبوونی دۆخیان لە ڕادیۆی مۆسکۆدا.

٣- ئەدەب و وتاردان بەمەبەستی پروپاگەندە بۆ بەرگریکردن

لە زۆر دۆخدا نووسینی وتار و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی بابەتی ئەدەبی کە داوا لە جەماوەر بکەن هەندێ شێوەی هاوکارینەکردنی ناتوندوتیژانە یان دەستوەردانی ناتوندوتیژانە ئەنجام بدەن، خۆی لە خۆیدا چالاکیی بەرهەڵستکارانە و بەرگریکردنە. ئەم شێوازە لەو وڵاتانەدا دەگیرێتە بەر کە هەر بانگەوازێک بۆ بەرگریکردن بە ناشەرعی و تێکدان دادەنرێ. لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٥٩دا، سزای بەندکردن بەسەر شەش کەس لە ئەندامانی لێژنەی کارکردنی ڕاستەوخۆ دژ بە ئەزموونە ناوکەییەکان لە بەریتانیا سەپێنرا، بەتۆمەتی دابەشکردنی بڵاوکراوە کە داوا لە دانیشتووان دەکا دەست بەسەر بنکەیەکی مووشەکی لە شاری هارنگتۆن-دا بگرن.

هەروەها لە مەدرید ١٤ کەس لە هەرێمی مورسی گیران بەتۆمەتی هەڵنان بۆ ئەنجامدانی یاخیبوونی سەربازی بەهۆی دابەشکردنی بڵاوکراوە کە داوای مانگرتنی نیشتمانیی گشتیی دەکرد لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٥٩، لەنێوان شەش مانگ تا شەش ساڵ حوکم دران.

## هاوکارینەکردنی هاوولاتیان لەگەڵ حکوومەت

١- بایکۆتکردنی دەزگە یاسادانەرەکان

دەزگـەکـانی یاسـادانان لە ولاتانی نادیموکـراسـیـدا بەکـار دێن بۆ پاڵپشتیکردنی هەیبەت و هەژموونی ڕیژیم و پێدانی ڕواڵەتێکی دیموکراسی. لەو کاتەدا بزووتنەوەی بەرگری دەتوانێ بڕیاری بایکۆتکردنی ئەو دەزگەیانە بە شـێوەیەکی تاهەتایی یاخۆ کـاتی بدا، ئامـانجی بـەشـداری کـردنەکـەیش بریتییە لە:

- ڕیسواکردنی ڕواڵەتە نادیموکراسییەکەی ڕیژیمە.
- قووڵکردنەوەی ڕادەی هاوکارینەکردن لەگەڵ ڕیژیمە دژبەرەکە.
- قایلکردنی ئەو سیاسەتوانانەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن کە هیچ گۆڕانێکیان لێ ناکەوێتەوە، بەچوونە ڕیزی بزووتنەوەی بەرگری.
- دەربڕینی نارەزاییی ڕەمـزی یان پرۆپاگـەندەیی لە کـاتی دڵنیـابوون لە دۆڕانی کـەمینەی بەرهەڵستکار لە هەڵبژاردنەکاندا. زۆر جار بایکۆتکردنی هەڵبـژاردنەکان دەیسـەلمێنێ ئۆپۆزسیـۆن دەتوانێ بە ئامرازی تری جگە لە بورای هەڵبژاردن چالاک بێ.

کەمینەیەکی نەتەوەیی دەتوانێ بەشداری لە پەرلەمانێکی فرەڕەگەزدا نەکا کە دەوڵەتێکی چەوسێنەر دەیسەپێنێ. ئەم جۆرە بایکۆتکردنە لەسەر بنەوای ڕەتکردنەوەی داننان بە ئاوێتـەبوونی ولاتەکـەیان لەگـەڵ ولاتە چەوسـێنەرەکـاندا دادەمـەزرێ. هەروەها لەوانەیە بایکۆتکردنەکە لەسـەر بنەواگـەلێکی سـتراتیجی دابمەزرێ کـە ئامـانجی دەربڕینی نـارەزایی یان

بەدیهـێنانی خـاڵێکی دیاریکراو بێ لە بەرنامـەیەکی هاوکـارینەکـردندا کـە ئامـانجی چۆکـشکاندنی دەسـەڵاتی بێگانە بێ. بۆ نموونـە سـاڵی ١٨٦١، نوێنەرە هـەڵبـژێردراوە مـەجـەریەکـان ڕەتیـان کـردەوە پێـوەندی بکەن بەئەنجوومەنـی نوێنەرانی ئیمپراتۆری لە ڤیەنا و سـوور بوون لەسـەر ئەوەی لە پەرلەمـانی مـەجـەردا کۆ ببنەوە. ڕادیکالەکان لە ساڵی ١٨٨٢ لـە سـربیا تەنگژەیەکی پەرلەمـانییـان تەقانـدەوە کاتێ پەرلەمـانیان بەجێ هێشت، پاش ئەوەی داواکـەیانی بۆ لێکۆڵینەوە لـە ئابڕووچـوونەکـەی هێـڵی ئاسن ڕەت کردەوە.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩١٤دا، پەرلەمانتارە سۆشیال دیموکراتەکان پێش لە دەستپێکردنی دەنگدان لەبارەی ڕەسیدە شـەڕییـەکانی ڕێژیمـی قەیسـەر، دۆمای ڕووسیایان بەجێ هێشت.

لە هندستـان لەکاتی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا، هـەوڵی زۆر درا بۆ هاندانی نوێنەرانی ناوچەکان لە ئەنجوومـەنەکانی یاسادانـانی ناوەخۆیی و هـەروەها ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی نیشتمـانی، بۆ ئەوەی ئامادەی خولەکانی ئەنجوومـەنەکان نـەبن و کورسـییـەکانیـان پڕ نەکەنەوە. هـەروەها کاتێ سـەرۆک کریشنان لە ٨ی ئاداری ١٩٦٧دا ئەنجوومەنی نوێنەرانی نوێی لە نیـودەلهی کـردەوە، ١٠٠ ئەندامی پەرلەمـان بایکۆتی خـولەکەیان کرد وەک ناڕەزایی لەدژی ئەو شێوازەی حکوومەتەکەی خاتوو ئەندێرا غاندی، سـەرۆک وەزیران، گرتیـە بەر بۆ ڕێگرتن لە پێکهێنانی حکوومەتێک کە سـەر بە حزبی کۆنگرە نەبێ لە ویلایەتی ڕاجستـان. ئەوە یەکەم بایکۆتکردنی پەرلەمانی بوو لەو کاتەوە کە دەستووری هندی بەر لە ١٧ سـاڵ پەسند کرابوو.

ئەنتـۆنی دوکـەر سـبـینی، باس لە دوو حـاڵەتی تری بایکۆتکردنـی هـەندێ خولی پەرلەمـانی دەکا لە ئەوروپا. لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا زیاتر لە ١٠٠ نوێنەری بـەرهەڵسـتکاری نوێ، بـایکۆتـی دانیـشـتنی کـردنەوەی

ئەنجوومەنی نوێنەرانیان لەلایەن شا (پۆڵ)ەوە کرد، ئەویش بۆ ئاماژەدان بە ناڕەزاییەکانیان لەبارەی شەرعیەتی هەڵبژاردنەکانەوە.

لە مانگی ئایاری ١٩٦٢دا، ژمارەیەک نوێنەری سەر بە لایەنی جۆرەوجۆر لە خولی ئاشکرای ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەڵمانیا کشانەوە، ئەویش بۆ نەهێشتنی ژمارەی یاسایی و سڕکردنی پەسندکردنی بڕیارەکەی حکوومەت بۆ کەمکردنەوەی باج لەسەر ئۆتۆمبێلە بیانیەکان.

٢- بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان

هێزیکی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ کاندید بۆ هەڵبژاردنەکان پێشکێش نەکات و خەڵک هان بدا بەشداری لە دەنگداندا نەکەن، ئەویش کاتێ ئەو باوەڕەی لا زاڵ ببێ کە هەڵبژاردنەکان بێگەرد نابن، یان دەسەلات قایل نەبێ چاودێری بکرێن.

بەگشتی مەبەست لەم بایکۆتکردنە دەربڕینی ناڕەزاییە لەدژی بەکارهێنانی هەڵبژاردنەکان بۆ چەواشەکردنی گەل بە ڕواڵەتەکانی دیموکراسیەتە ئاراکە، یان، وەک هێزەکانی بەرگری پێیان وایە، بۆ شێواندنی ئەنجامە ڕاستەقینەکان بە ئەنجامێکی کەم بایەختر. گرووپەکانی کەمینە هەندێ جار بایکۆتکردنی هەڵبژاردن بەکار دێنێ بۆ بێبەشکردنی حکوومەتە هەڵبژێردراوەکە لە شەرعیەت و بەوەیش لاوازکردنی لەبەردەم هێرشە جیاوازەکانی داهاتوودا، بە شەڕی شۆڕشگێڕەکانیشەوە.

ساڵی ١٧٩٣ کاتێ بەمەبەستی هێورکردنەوەی ئەو بێزارییە سیاسییەی هەبوو، یەعقوبییەکان داوای ئەنجامدانی ڕاپرسییان کرد لەسەر دەستوورێک کە باس لەوە دەکا پاش دۆخە نائاساییەکە، فەرەنساییەکان دەتوانن شێوەی ئەو حکوومەتە هەڵبژێرن کە لەگەڵیان گونجاوە، سێ لەسەر چواری هاوولاتیان بایکۆتی دەنگدانەکانیان کرد. دەنگدەرانیش پاشتر بە

هەمان ڕێگە ڕەفتاریان کرد: لە ئەنجامی ئەو سەرپێچییانەی حکوومەتەکەی "ئەلفرۆ کتیدۆر" ئەنجامی دان، هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٧٩٨ بوون بە گاڵتەجاڕی، چونکە بە کردەوە زۆربەی میانڕەوەکان دەنگیان نەدا. جا دەنگدان چ سوودێکی هەیە ئەگەر حکوومەت ئەنجامەکەی ڕەت بکاتەوە؟

پاش بەیاننامەکەی قەیسەری ڕووسیا لە ساڵی ١٩٠٥دا، کە چەند هەنگاوێکی سنوورداری بەرامبەر سەربەخۆیی ناوخۆیی گەورەی فینلەندا دیاری کردبوو، سۆشیال دیموکراتە فینلەندایییەکان گەڕانەوە بۆ ئەو لای خواری داواکارییەی پێشتر داوایان کردبوو، ئەویش بە هەڵبژاردنی کۆمەڵەیەکی یاسادانان بۆیان و بایکۆتی هەڵبژاردنە نوێیەکەی دۆمایان کرد. هەروەها لە کانوونی دووەمی ١٩٠٦دا ئەو فیستیڤاڵە جەماوەرییەی سۆشیال دیموکراتە شۆڕشگێڕە ڕووسیاییەکان سازیان کرد داوای لە سەربازان کرد بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی دۆما بکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرینە بەشدارییان لە دەنگدانەکەدا کرد.

هەروەها ناسیونالیستەکانی بۆرتۆریکۆ بۆ چەند ساڵێک بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد، بەوەیش ڕەتیان دەکردەوە دان بە مافی حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بنێن لە سەرپەرشتیکردنی دوورگەکە و جووڵاندنی میکانیزمی هەڵبژاردن تێیدا.

کریسبینی باسی سێ حاڵەت دەکا کە لە ساڵانی ١٩٦١ و ١٩٦٢دا ڕوویان داوە. لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦١ ئۆپۆزسیۆن لە پورتوگال بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد و هانی هاوولاتیانیشی دا بەشداری نەکەن، ئەویش بۆ دەرخستنی ڕووی ساختەی هەڵبژاردنەکان.

حاکمەکانی هەرێمەکانی ئەنکول و بۆنیۆرد و تۆرۆ و بوزوگا لە ئۆگەندا، لە نیسانی ١٩٦١دا داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانیان کرد بەمەبەستی

گەیشتن بە ئامانجی بەخشینی فیدراڵیەتێکی تەواو بە ناوچەکانیان،، هەمان مانگ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سەرەکیەکان هەڵبژاردنە فیدراڵییەکانی یەکەتیی ناوەندی ئەفریقیایان بایکۆت کرد کە "یەکەتیی ڕۆدیسیا و نیازیلاند"یشیان پێ دەگوترێ، ئەویش لە چوارچێوەی هەڵمەتە سەرکەوتووەکەیاندا بۆ شکست پێهێنانی یەکەتییەکە. لە نیسانی ١٩٦٢دا حزبی ئۆپۆزسیۆن لە سلڤادۆر ڕەتی کردەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماردا بکا و ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٦١ ساختە بووە، کە هەموو کاندیدەکانی حکوومەت کورسییەکانیان بەدەست هێنا.

لە نموونەیەکی تردا، سەرکردە خەباتکارە بووزیەکان لە ڤێتنام لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٦٦دا داوایان لە شوێنکەوتووانیان کرد بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی دەستووری بکەن و حکوومەتەکەی (کای)یان تۆمەتبار کرد بەوەی دەیەوێ هەڵبژاردنەکە بقۆزێتەوە بۆ "دامەزراندنی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری کە لەبری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، خزمەتی بەرژەوەندییەکانی بێگانە بکا".

نموونەیەکی تری ئەم ڕێگەیە، هەڵمەتی ڤیتۆی دەنگدەرانی بەریتانیایی بوو لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥، کە هیچ بەرهەڵستیەک بۆ کاندیدکردن و بەشداریی هەڵبژاردنەکان نەبوو، بگرە ڕەتکردنەوەی پشتگیریکردنی هەر کاندیدێک هەبوو لە هەر حزبێک بێ کە بە ڕاشکاوانە ڕاینەگەیەنێ دەیەوێ لە پەرلەمان دەنگ لەسەر دامالینی بێ مەرج و یەکلایەنەی چەکی ناوکەیی بدا، ئەوەیش مانای بایکۆتکردنی هەموو کاندیدەکان بوو لە زۆرینەی بازنەکانی هەڵبژاردندا.

٣- بایکۆتکردنی کار و پایەکانی دەوڵەت

ئەم جۆرە لە هاوکارینەکردنی سیاسی لەوەدا دەر دەکەوێ کە گەل ئامادە نابێ یارمەتیی دەوڵەت بدا لەڕێی خزمەتکردن لە هەندێ ناوەند و وەزیفەدا.

لێرەدا دەکرێ وەرگرتنی پۆستە ئاساییەکان یان نوێیەکانیان، یاخۆ تەنانەت هەموو وەزیفەکان لەسایەی حوکمێکی دیکتاتۆری یان داگیرکردنی بیانیدا ڕەت بکرێنەوە. یان هەندێ وەزیفەی تایبەت ڕەت بکرێنەوە کە پێوەندییان بە هەڵوێستێکی سیاسیی بەرهەڵستکارانەوە هەبێ. وەرنەگرتنی پۆستەکان لە پۆستە حکومییەکانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە وەزیفە سادەکان.

هەندێ جار لەوانەیە مانگرتن یان ڕاگرتنی یارمەتیدان ببێتە مایەی زیادبوونێکی زۆری بەشداران، یاخۆ لەوانەیە بەرەنجامی ستراتیجێکی بەرهەڵستکارانەی بەکۆمەڵ بێ، بەڵام ئەوە نابێتە جۆرە مانگرتنێک کە ئامانجی بایکۆتکردنێکی کورتی کار بێ، بە ئامانجی بەدیهێنانی چەند داوایەک، بگرە لەوانەیە وازهێنانێکی خۆویستانە بێ لە وەزیفەکانی دژبەرەکە. بایکۆتکردنی وەرگرتنی وەزیفە و پۆستە حکومییەکان ڕاگرتنێکی مەرجدار یان کاتیی چالاکییەکانی حکومەت نییە، بگرە دوورکەوتنەوە یاخۆ ڕەتکردنەوەی دامەزراندنە لە دەزگەکانی حکومەتدا. ئەم هاوکارینەکردنەیش دوورمەودایە: لەوانەیە تاهەتایی بێ و لەوانەیشە پێوەست بێ بەردەوامیی ڕیژیم یاخۆ سیاسەتەکەوە. لە هەندێ حاڵەتیشدا لەوانەیە چەند مانگێک بخایەنێ لەکاتی ماوەی بەرگرییەکی دیاریکراودا.

تاکەکان دەتوانن ئەم ڕێگەیە جێبەجێ بکەن بەبێ ئەوەی سەیری بەرەنجامە سیاسییەکانی بکەن، بگرە تەنیا بۆ گوزارشتکردن لە بەشدارینەکردنیان لە کارێکدا بیکەن کە بە نائەخلاقیی دەبینن. کاتێکیش وەک ڕێگەیەکی بەرگریکردنی بەکۆمەڵ، قەبارەکەی هەرچەندە بێ، ئەنجام دەدرێ، ئامانج لەو بایکۆتکردنە سیاسییە دەبێتە کەمکردنەوەی ژمارەی بەرپرسە ڕەسمییەکان و ئەو فەرمانبەرانەی بەنیازن سیاسەتی ڕیژیمێک جێبەجێ بکەن، یاخۆ یارمەتیی بدەن کە بە زۆرداری دادەنێن. کاریگەریی

بەشــدارانی جــمــوجــوڵەکــە تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە ژمــارە و توانە کەسییەکانیان و پلە و پێگە یاخۆ کاریگەریی ئەو کەسانەی چوونەتە ناو جموجووڵەکە.

نموونە لەسەر ئەم ڕێگەیە زۆر و زەبەندەیە. کاتێ نەمساییەکان لە ساڵی ١٩٦١ دەستیان بەسەر کالآکاندا گرت لە بەرامبەر نەدانی باج لەلایەن مەجەریەکانەوە، بینیان فەرمانبەرانی زیادکردنی ئاشکرای مەجەری ڕازی نەبوون بۆ فرۆشتنی کالآ دەست بەسەردا گیراوەکان کار بۆ حکوومەتی نەمسایی بکەن.

لە ٩ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠دا، ئەو ئەندامە کۆمۆنیستانەی لە یەکەتیی گواستنەوەی ئاوی لە یەکەتیی سۆڤیەت جیا بووبوونەوە، ڕەتیان کردەوە مل بۆ چاودێریکردنی حکوومەتی ناوەندی کەچ بکەن، ئەویش بە کشانەوەیان لە لێژنەی گواستنەوەی ناوەندی.

ئەڵمانیای نازی زنجیرەیەک نموونەمان دەداتێ لە وازهێنانی تاکەکەسی، لە هەڕەشەکردن بە وریاییدان، لە حاڵەتەکانی وریاییدان کە شکستیان هێناوە و گەورە بەرپرسانی ڕەسمی پێی هەستاون، یان فەرمانبەرانی ئاسایی کە خۆیان لەبەردەم یەکێک لەسیاسەت یاخۆ کارەکانی هیتلەردا بینیوەتەوە، یان بە سادەیی هەستیان کردووە ناتوانن هەندێ ئەرک ئەنجام بدەن کە حەز بە چارەیان ناکەن.

هەروەها لە دۆخی ئەفریقیای سەردەمی ئیمپریالیزمیدا پرۆژەیەک دەبینین بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە بەشێوەیەکی فرەوان. لە ٣١ی ئابی ١٩٦٢دا، کینی کاوندا سەرۆکی حزبی سەربەخۆیی نیشتمانیی یەکگرتوو، کە پاشتر بوو بە سەرکۆماری زامبیا ڕای گەیاند بەنیازە وەک بەشێک لە بەرنامەیەکی سەرتاپاگیر، بەمەبەستی لەبەریەک هەڵوەشاندنی یەکەتیی ناوەڕاستی ئەفریقیا و لکاندنی باکور و باشووری ڕۆدیسیا و نیازیلاند، داوا لە یازدە

هەزار فەرمانبەری مەدەنی کە حکوومەتی فیدراڵی بەکاریان دێنێ بکا، دەست لەکار بکێشنەوە. بەڵام دواتر جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی بە پێویست نەزانی.

دەست لەکارکێشانەوەکان لەبەر هۆگەلی سیاسی، ئەو داوودەزگە حکوومییانەیشی گرتەوە کە سەرپەرشتیی زانکۆ دەکەن، بەتایبەت بۆ نارەزایی دەربرین لەدژی دەستوەردانی حکوومەت لە کاروبارەکانی زانکۆ. بۆ نموونە ساڵی ١٩١١، نێزیکەی سەد ئەندامی دەزگەی زانکۆی مۆسکۆ دەستیان لە کار کێشایەوە لەدژی ئەو سەرکوتە سیاسییەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەیکرد و هەروەها لەدژی ناچارکردنی ڕاگری زانکۆ و جێگرەکەی بۆ دەست لەکار کێشانەوە. هەروەها لەکاتی خەباتی بووزیەکان لە ڤێتنام دژی ڕێژیمی دیام لە ساڵی ١٩٦٣، چل و حەوت ئەندامی زانکۆی هۆی لەدژی لابردنی باب کاوفان لوان ڕاگری کاتۆلیکیی زانکۆکە کە پاڵپشتیی خەباتی بووزیەکانی دەکرد، دەستیان لە کار کێشایەوە.

هەندێ جار ئەندامانی ئاژانسێکی حکوومی یان دامەزراوەیەک بۆ دەربڕینی نەیارییان بۆ سیاسەتی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، پەنا بۆ دەست لەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵ دەبەن. کاتێ لویسی پازدەیەمی پاشای فرەنسا بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر چالاکیی دەزگە حکوومییەکانی تر، لەڕێی ڕەوانەکردنیانەوە بۆ دادگە، ڕێی لە سیازدە پەرلەمانتارەکە گرت خۆیان بە نوێنەری نەتەوە دابنێن، ئەندامانی پەرلەمانی پاریس لە ساڵی ١٧٧٠ بە گەل دەستیان لەکار کێشایەوە. کاتێکیش لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی شارەکانی تردا لە هاوکارینەکردنەکەیان بەردەوام بوون، ئەو دامەزراوانە هەڵوەشێنرانەوە.

لەکاتی داگیرکردنی نازی بۆ نەرویج، ئوسقوف و کاهینەکانی کاتیدرائیەکان و قەشەکان وەک فەرمانبەری کەنیسەی حکوومەت دەستیان

لەکار کێشایەوە، ئەویش لەدژی پێشێلکردنەکانی دەستووری نەرویجی و دەستوەردانی حکوومەت لە کاروبارەکانی کەنیسە. بەڵام لە پڕکردنەوەی شوێنە ڕۆحیەکانیان بەردەوام بوون و ئەرکە ئاینییەکانیان جێبەجێ دەکرد و کاریان بۆ ئەوە دەکرد کەنیسە بە شێوەیەکی کاتی بکەنە دەزگەیەکی سەربەخۆ.

هەروەها دەگونجێ بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە سیاسەتی حکوومەت گەورە فەرمانبەران و وەزیرەکان دەست لە کارەکانیان بکێشنەوە، یاخۆ کاندیدە نوێیەکان وەرگرتنی ئەو پۆستانە ڕەت بکەنەوە.

نموونە نوێیەکان لەم بارەوە پێشینەیان هەیە لە مێژووی ململانەی هۆڵەندا دژ بە حوکمی ئیسپانیا لە ساڵی ١٥٦٠، لە دوو بۆنەی جیاوازدا هەریەک لە شازادە ئۆراگ و کۆنت ئیگمۆنت و کۆنت هۆرن لە ئەنجوومەنی دەوڵەت کشانەوە بەمەبەستی گوشار خستنە سەر شای ئیسپانیایی فیلیپی دووەم بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێ ستەمکاریی فرەجۆر.

لە ٩ی ئابی ١٩٤٣ سەرۆک وەزیرانی دانیمارک، سکافینیۆس، هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەی کرد ئەگەر بێت و ئەڵمانیا داوا لە دادگە دانیمارکییەکان بکا، دادگەیی ئەو دانیمارکیانە بکەن کە بەهۆی شەپۆلێکی مانگرتن و ئاژاوەگێڕی دژ بە ئەڵمانیا گیرابوون. لە ٢٨ی ئابدا خۆی و حکوومەتەکەی لە کەشوهەوای قەیرانێکی سیاسیی ئاڵۆسکاو و سەرکوتکردن و بەرگریدا دەستیان لەکار کێشایەوە.

ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئەفریقیایی پاش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کینیا ڕەتیان کردەوە پۆستە وەزاریەکان وەربگرن، بەتایبەت لە ئاداری ١٩٦٠دا، ئەویش بەهۆی نەیارییان بۆ دەستوورەکەی لینۆکس-بویدی بەریتانیایی کە بەسەریاندا سەپێنرابوو.، هەروەها لە هاوینی ١٩٦٣دا، وەزیری دەرەوەی ڤـــێـــتنام و باڵوێزی ئەو وڵاتە لە ویلایەتە

یەکگرتووەکان وەک پاڵپشتیەک بۆ خەباتی بووزیەکان دژ بە ڕێژییمی دیام وازنامەیان پێشکێش کرد.

چەندان نموونە لەبەردەستن لەسەر هەوڵی لێدانی ڕیژیم لە ڕێگەی بە گەل وازهێنان یان ئەنجامنەدانی کارەکان لەلایەن فەرمانبەرانی ئاسایی یان گەورە کەسایەتیی ڕەسمییەوە. ئەوە بوو لە کاتی خەباتی ناتوندوتیژانە لە هند، هەوڵی زۆر دەدرا وا لە فەرمانبەرانی حکوومەت بکرێ دەست لە کارەکانیان بکێشنەوە جا چ لە بەرپرسانی گوندەکان بن یان لە گەورە بەرپرسانی ناوچەکان لە نیودەلهی. ئەو هەولانە زۆر چڕ بوون، بەتایبەت لەکاتی هەڵمەتەکەی سالانی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا.

حالەتێکی تر هەیە لە شەپۆلی دەست لەکارکێشانەوە بەمەبەستی ڕووخاندنی ڕیژیمی دەسەلاتدار کە لەبار برا و ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە دەبوو بە ئەگەر و شێوەیەکی بەدیل بۆ کودەتا یان کوشتن و، شایستەی ئەوەیە لە تاوتوێکردنی ئەم ڕێگەیەدا ئامارەی پێ بدرێ، لەبەرئەوەی وەک پێویست تیشکی نەخراوەتە سەر.

لە ساڵی ١٩٣٨دا، جەنەراڵ کۆلۆنێل لۆدنیگ سەرۆکی ئەرکانی گشتیی ئەڵمانیا بیک نەیاریی خۆی بۆ شالاوی دەستدرێژی کردنە سەر چیکۆسلۆڤاکیا دەربڕی، ئەویش لەترسی بەرپابوونی شەڕێکی سەرتاسەریی نەویستراو لە ئەورویا. بیک تەنیا بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەی نەدا، بگرە هەوڵی دا واڵتەر فۆن برۆشیچی فەرماندەی گشتیش قایل بکا دەست لەکار بکێشێتەوە و لەوەدا پشتیوانیی بکا. بیک دەیویست لەڕێی بەدەستهێنانی پاڵپشتیی تەواوەوە شەپۆلێکی دەست لەکارکێشانەوە لەنێو جەنەراڵە ئەڵمانەکان و وەزیرە پارێزگارەکانی ناو هاوپەیمانییە حکوومییەکەدا، کە بریتی بوون لە شاخت وەزیری ئابووری، نورات وەزیری دەرەوە، کروسینگ وەزیری دارایی و گۆرتزی وەزیری داد، دروست بکا.

بیک دەستی لە کار کێشایەوە، بەڵام بروشیتچ ئامادە نەبوو ئەو ڕۆڵە گەمە بکا بیک بۆی کێشابوو کە هەوڵدان بوو بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی کۆنگرەی فەرماندەییی گشتی باڵای سوپا بۆ پلانەکە و پاشتریش سەرکردایەتیی ئەفسەرەکان بکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کەسی لەگەڵ هیتلەر، بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێنا.

٤- بایکۆتکردنی داوودەزگە و ئاژانس و کارگێڕییەکانی تری حکوومەت

دەکرێ بەرگریکاران لەکاتی ڕەتکردنەوەی دانان بە دەسەڵاتی دەوڵەت یان پاڵپشتیکردنی یەکێک لە سیاسەتەکانی، هەر جۆر هاوکاریکردنێک لەگەڵ هەموو داوودەزگەکانی دەوڵەت یاخۆ تەنیا ئەو ئیدارانەی پێوەستن بەو سیاسەتەی ڕەخنەیان لێی هەیە ڕەت بکەنەوە، دەکرێ ئەم هاوکاری نەکردنە لەسەر خەرجیی داراییی هاوکاری نەکاران خۆیان بێ، ئەم جۆرە لە بایکۆتکردن ڕووبەڕووبوونەوەی شێوە نوێکانی هاوکاری یان ئەو شێوانەی هەن، دەگرێتەوە.

دەکرێ بایکۆتی چەندان لق و ئاژانس و نووسینگە بکرێ. هەروەها ئەم ڕێگەیە ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی قەرز و دیاری و شتی لەو بابەتەیە لە حکوومەت.

وەک نموونەکان لە میسر و هندستان و ناوەڕاستی ئەفریقیا دەری دەخەن، ئەم ڕێگەیە لە کێشە داگیرکارییەکاندا بەکار دێ. لۆرد میلنەر لە ساڵی ١٩١٩ بە ئەرکێک چووە میسر بەمەبەستی ئامادەکردنی دەستوورێک بۆ سەپاندنی پارێزگاریی بەریتانیا، بەڵام ڕووبەڕووی بایکۆتکردنێکی سەرتاپاگیر بووەوە کە پاش سێ مانگ هیچی پێ نەکرا جگە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەریتانیا بەبێ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ یەک کەسایەتیی میسری کۆ ببێتەوە.

لە حاڵەتێکی هاوشێوەدا نیشتمانپەروەرە هندییەکان لە ساڵی ١٩٢٨

بایکۆتی سەرتاپاگیری نێردەی سیمۆنیان کرد کە دەیویست هەندێ ڕاسپاردە لەبارەی داهاتووی هندستان دابنێ، نێردەکە هیچ ئەندامێکی هندی تێدا نەبوو، ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک ئاشکرا بکا، دروشمی "سیمۆن بگەڕێوە بۆ وڵاتەکەت" بڵاو بووەوە. لەکاتی ئەم هەڵمەتی هاوکارینەکردنەدا، هندییە نیشتمانپەروەرەکان پەنایان بۆ بایکۆتکردنی دادگە بەریتانیاییەکانیان لەلایەن دادوەر و خاوەن سکاڵاکانەوە برد و هانی هێنانەکایەی جێگرەوەیان دەدا، ئەویش بە چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە لەلایەن دانانی ناوبژیوانەوە، لەوانە بەناوبژیوانکردنی ئەنجوومەنە پێنج ئەندامییەکانی گوندەکان.

پێشتر لەم بەشەدا ئاماژەمان بە یەکەتیی ناوەندی ئەفریقیا یان یەکەتیی ڕۆدیسیا و نیازیلاند کرد، لەو کاتەی پێشنیازی ئەو یەکگرتنە کرا کە ئەوروپاییەکان لە سەرەتای پەنجاکاندا بانگەشەیان بۆ دەکرد، نیشتمانپەروەرە ئەفریقیاییەکان لەو ناوچەیەدا پەنایان بۆ سیاسەتی هاوکارینەکردن برد. ئەگەرچی ئەمە نەبووە ڕێگر لەبەردەم دامەزراندنیدا، بەڵام ڕازی نەبوونیان پێی و هاوکارینەکردنیان لەگەڵ حکوومەتە فیدراڵییە نوێیەکە، بووە مایەی ئەوەی پاشتر هەڵبوەشێتەوە. ئەم هاوکارینەکردنە ئەفریقیاییە سێ نموونە پیشان دەدا کە سوودی ئەم ڕێگەیە دەردەخەن.

ئەوە بوو ئەفریقیاییەکان لە باکوری ڕۆدیسیا و نیازیلاند ڕازی نەبوون لە نیسان و ئایاردا بەشداریی کۆبوونەوەکەی لەندەن بکەن بۆ دانانی گەڵاڵە فیدراڵییەکە. هەمان کاریان کرد کاتێ ڕازی نەبوون ئامادەی کۆبوونەوەکەی لەندەن ببن لە کانوونی دووەمی ١٩٥٣ کە گەڵاڵەی کۆتایی فیدراڵییەکەی دانا. کاتێکیش لێژنەی مۆنتکۆن ساڵی ١٩٦٠ سەردانی یەکەتییەکەی کرد بەمەبەستی بەدواداچوونی زانیارییە پێویستەکان بۆ داڕشتنی ڕاسپاردەکان بەمەبەستی چاوخشاندنەوە بە دەستووری فیدراڵیدا،

ڕێکخراوە سیاسییە ئەفریقیاییەکان لە باکوری ڕۆدیسیا و نیازیلاند بایکۆتێکی کاریگەری لێژنەکەیان کرد و ڕەتیان کردەوە لەگەڵی کۆ ببنەوە و زانیاریی بدەنێ.

ئەم ڕێگەیە لە هەندێ حاڵەتی تری نموونەییدا بەکار هاتووە، لەوانە شۆڕشی سیاسی، یان بەرگریی داگیرکردنی بیانی، یاخۆ شەڕی "ڤۆریا" یان بەرەنگاریکردنی دەستگرتنی حکوومەت بەسەر کارەکاندا. لەکاتی شۆڕشی ١٩٠٥ی ڕووسیادا، بەلشەفیەکان لە جۆرجیا بایکۆتکردنێکی سەرکەوتوویان بۆ ئیدارە و دادگەکان و قوتابخانە ڕووسیاییەکان ئەنجام دا و دەسەڵاتدارانی ڕووسیا تا هاوینی ١٩٠٦ نەیانتوانی دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن.

لەکاتی شەڕی ڕوهەردا و وێڕای قاتوقڕیی ئازووخە، ئەڵمانەکان ئامادە نەبوون پەنا بۆ شۆربا ببەن، هەروەها ئەو کۆگەیانەیان ڕەت کردەوە کە هێزەکانی داگیرکەر دایان مەزراندبوون. لە هەردوو مانگی ئەیلوول و تشرینی دووەمی ١٩٦٤ بووزیەکانی هەرێمی کوانگ نانگ چەند جارێک ڕەتیان کردەوە هاوکاری لەگەڵ ئیدارەی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیدا بکەن، کە لە کۆتایدا بەجێی هێشتن.

نموونەیەکی ترمان لە ئەڵمانیای نازییەوەیە: ساڵی ١٩٣٥ بەرەی کاری سەر بە حزبی نازی هەوڵی دا چاودێریکردنێکی هاوبەش بەسەر ڕێکخستنە بچووک و گەورەکانی کاردا بسەپێنێ. بۆ ئەو مەبەستە لە ١٣ی حوزەیران بریارێک لە دکتۆر "رۆبەر لای" سەرۆکی بەرەی کارەوە دەرچوو، بەپێی بریارەکە ژووری کاری نیشتمانی و هەژدە لێژنەی لاوەکی لە ناوچەکان پێک دێن. ئامانج ئەوە بوو بەرەی کار کە بەرەیەکی حزبی بوو بکاتە ڕکابەری ژووری پیشەسازی. لای داوای لە فەرمانبەران کرد ببنە ئەندامی جیا و داوای لە وەزیری شەڕ کرد، بەهۆی بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەکانی

لێژنە لاوەکیەکاندا، ژمارەیەک لە ئەفسەرەکان دەربکا. ئامانج سەپاندنی چاودێری بوو لەسەر کارە تایبەتەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا گردبوونەوەکانی پیاوانی کار بایکۆتی ژووری کارەکەیان کرد و وەزیری شەڕ جگە لە کەسە ڕەسمییە مەدەنییەکان ڕێگەی بە ئامادەبوونی کەسی تر نەدا. بەوەیش بایکۆتکردنەکە کاریگەریی خۆی سەلماند و هەوڵی سەپاندنی چاودێریەکی کردەیی بەسەر کارەکانەوە شکستی هێنا.

کاتێ لێژنەی ئاسایشی نیشتمانی لە کۆنگریسی ئەمەریکایی لە مانگی تەمووزی ١٩٧٠ داوای لە ١٧٧ پەیمانگە و زانکۆ کرد ناو و لایەنی پشتیوان و کرێ و سەرچاوەی داهاتی وانەبێژە ڕادیکاڵەکانی بۆ بنێرن، ئەو داوایە بە هاوکارینەکردنێکی توند لەلایەن زانکۆکانی تافت و میدفۆرد و ماساشوستس وەڵام درایەوە، بە یارمەتیی زانکۆی هارفارد. جۆنز شیتز جێگری سەرۆکی زانکۆی تافت گوتی: دەستبەجێ هەستمان کرد داواکارییەکە جێکەوتی ترسناکی دەبێ بۆ سەر ئەو مافانەی دەستوور دەستەبەری کردوون، وەک ئازادیی دەربڕین و ئازادییەکانی تر کە زانکۆ لێیان بەهرەمەندە و دەیانپارێزێ... بۆ شکستپێهێنانی هەر دەستوەردانێک لەو ئازادییانە کە بەلامانەوە زۆر گرینگن، زانکۆی تافت بڕیاری دا وەڵامی داواکەی لێژنەی ناوبراو نەداتەوە.

چارلز واتیلۆک بەناوی زانکۆی هارفارد وەڵامی دایەوە کە زانکۆکە هیچ زانیاریەکی لەبارەی ئەو وانەبێژانەوە نییە کە بە بانگهێشتی ڕێکخراوەکانی قوتابییان دێنە ناو حەرەمی زانکۆکە. ڕۆژنامەی بۆستن گلۆپ ئەم چالاکیی هاوکارینەکردنەی بە هەڵتەکاندنێکی نوێی ئازادیی سیاسی و ئازادیی ئەکادیمی پێکەوە، لەقەڵەم دا.

ئەم جۆرە بایکۆتکردنە چەندان جار لەلایەن ڕێکخراوە ناودەوڵەتییە ناحکومییەکانەوە ئەنجام دراوە. لە٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە ڕێکخراوی

کاری ناودەوڵەتی لە جنێف، نوێنەرە ئەفریقیاییەکان بۆ ماوەیەکی کورت بایکۆتیان کرد و نوێنەرانی چەند ویلایەتێکی تریش لەوەدا شوێنیان کەوتن و لە دەرەوە خۆپیشاندانیان کرد لەو کاتەی ڕاپۆرتی لیژنەیەک تاوتوێ دەکرا کە باسی لە ڕێگەکانی پابەندبوونی حکومەتە ئەندامەکان بە پێویستییەکانی ڕێکخراوی کاری ناودەوڵەتی دەکرد.

نوێنەرە ئەفریقیاییەکان لەوە ناڕازی بوون پورتوگال ڕازی نەبوو سەربەخۆیی بداتە کۆڵۆنییە ئەفریقاییەکان، کە بە سەپاندنی کاری زۆرەملێوە پێشێلکاریی زۆر ڕوویان دەدا. ئەو ڕۆژە شاندی یەکەتیی کاری ئەمەریکایی و ئەنجوومەنی ڕێکخراوە پیشەسازییەکان بۆ ڕێکخراوی کاری ناودەوڵەتی، کۆتاهێنان بە بایکۆتکردنەکەی ڕاگەیاند و بڕیاری دا ئامادەی کۆبوونەوەکەی لێژنەی جێبەجێکردنی ئاژانسەکە بێ لە ٢٣ی حوزەیراندا.

سێر فوبل نوێنەری هەردوو ڕێکخراوە ئەمەریکاییەکە بۆ ماوەی سێ هەفتە بایکۆتی کۆنگرەکەی کرد و وەک نارەزایی لە دژی هەڵبژاردنی نوێنەری پۆڵەندا بۆ سەرۆکایەتیی خولی ساڵانەی ڕێکخراوی کاری ناودەوڵەتی. ئەوە یەکەم نوێنەری وڵاتێکی شیوعی بوو بۆ ئەو پۆستە بێتە هەڵبژاردن.

٥- کشانەوە لە دەزگە فێرکارییەکانی حکوومەت

کشانەوەی یەکجاری یان کاتیی قوتابییان و خوێندکاران لە قوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت لە کاتی هەڵمەتی بەرەنگاریکردنی ئەو حکوومەتەدا، بە شێوەیەک لە شێوەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی دادەنرێ. ئەو حاڵەتە بۆ نموونە لە کاتی خەبات لە پێناو سەربەخۆیی هندستاندا ڕووی داوە. ئەم جۆرە بایکۆتکردنە چوار ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە:

- بەشداریکردن لە دروستبوون و گەشەکردنی قوتابخانە نیشتمانیەکان و

پەیمانگە سەربەخۆکان لە دەسەلاّتی ئارا.

- چاودێریکردنی کاریگەریی دەسەلاّت و ناوەندە فێرکارییەکانی سەر بە ڕیژیمی کۆن و بەکارهێنانی پێگەکانی بۆ داڕنینی لابەندی بۆ ئەو ڕیژیمە لە ڕیزەکانی قوتابییاندا.

- ناردنی سەربازانی لاو بۆ ناو بزووتنەوەی بەرگری لەوانەی دەیانەوێ لە ناوەندی تری جگە لە خوێندندا چالاک بن.

- بەشداریکردن لە تێکدانێکی گشتیی ئەو هاوسەنگییەی هەیە و ڕیشەدارکردنی هاوکارینەکردنی سەرتاپاگیر لەگەڵ حکوومەتدا. کۆنگرەی گشتیی حزبی کۆنگرەی نیشتمانی لە باشووری ئەفریقیا ساڵی ١٩٥٤ داوای بایکۆتکردنی دامەزراوە فێرکارییەکانی کرد، تا ئەو کاتەی سیاسەتی فێرکردنی بانتۆ لە قوتابخانەکاندا بە زۆر بسەپێنرێ، واتە بایکۆتکردنی یەکجارەکی.

٦- بایکۆتکردنی ئەو ڕێکخراوانەی حکوومەت پاڵپشتییان دەکا

ئەم جۆرە لە هاوکارینەکردنی سیاسی بریتییە لە ڕەتکردنەوەی چوونە پاڵ یاخۆ داننان بە ملکەچی بۆ هەندێ ڕێکخراو کە ئامرازی دەستی حکوومەت یان بزووتنەوەیەکی سیاسین کە پێویستە بەرەنگاری بکرێ. وەک ئەوەی مامۆستایانی نەرویجی لە ساڵی ١٩٤٤ ئامادە نەبوون بچنە ناو ڕێکخراوی کیسلنگی مامۆستایانی سەر بە حکوومەتە نوێیەکە، کە وەک بەردی بناخەی دەوڵەتی هاوکاری و بنچینەیەک بوو بۆ بەسەربازکردن و سازکردنی منداڵان.

لە بەرامبەر حکوومەتەکەی کیسلنگ کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەرنامەی "دەوڵەتی هاوکاری" جێبەجێ بکا بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەرجەم ڕێکخراوە نەرویجییەکان، دەست لەکارکێشانەوە مەزنەکەی ئەندامان ڕووی

دا کە لە هاوینی ١٩٤١دا لەنێوان ٧٠-٨٠٪ی سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوە جیاوازەکانی گرتەوە.

پاش هەرەسهێنانی ڕاپەڕینەکەی حوزەیرانی ١٩٥٣ لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، کرێکاران پەنایان بۆ بەرگریکردنێکی سەرەمەڕی بە گەل برد و بڕیاریان دا ئەو ئابوونەیە نەدەن کە پێویستە سەندیکاکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت بیدەن.

٧- یارمەتینەدانی بەکرێگیراوانی داوودەزگە ئەمنییەکان

وا باوە ئەو دانیشتووانەی هاوسۆزن لەگەڵ هەندێ دەستەی تاوانکار، یاخۆ لێیان دەترسن، ئامادە نین زانیاری بدەنە پۆلیس یان هیچ شتێک لەبارەی کەسە داواکراوەکانەوە ئاشکرا بکەن. دەگونجێ خەڵکی گشتی لەو کۆمەڵگەیانەی لە سایەی داگیرکردن یاخۆ دیکتاتۆریەتدا دەژین، ئامادە نەبن زانیاری لەبارەی نەیارانی سیاسی یان بەرگریکارانی نیشتمانی بدەنە پۆلیس، ئەوەیش جۆرێکە لە هاوکارینەکردنی سیاسی.

کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان زۆر جار ڕەتیان کردووەتەوە زانیاری لەبارەی ئەو کەسە داواکراوانە بدەن کە کاری تێکدەرانەی جۆرەوجۆریان دژ بە موڵکەکانی بەریتانیا ئەنجام دابوو، یاخۆ بەرەنگاریی سانسۆری سیاسییان دەکرد. ئەوەیش لە دوو بۆنەی بەناوبانگدا دەرکەوت:

ساڵی ١٧٧١ گرووپێکی دەمامکدار پاپۆڕێکیان دەستبەسەر کرد و بەپێی یاسای دیلاوەر شمەکەکانی سەریان خستە ڕوو بۆ فرۆشتن. ئەو دوو سەد ئیستەرلینەیی ڕیچارد بین حاکمی پەنسلڤانیا تەرخانکردنی ڕاگەیاند بۆ هەر کەسێ زانیاری لەبارەی ڕفێنەرەکانەوە بدا، کەڵکی نەبوو و نەیتوانی هیچ دووزمانێک فریو بدا.

لە ڕودئایلاند واتەرز کە پاپۆڕی گاسییە لە ٨ی حوزەیرانی ١٧٧٢ تێیدا

لەنگەری گرت، ژمارەیەک لە هاووڵاتییانی بێ دەمامک و ناسراو لە شاری برۆفیدانس هەڵیان کوتایە سەر پاپۆڕەکە، جوێنیان بە کاپتنەکەی دا و دەستدرێژییان کردە سەر ستافەکەی و پاپۆڕەکەیشیان سووتاند. ئەگەرچی خەڵاتێکی گەورەی شاهانە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرا و لیژنەیەکی شاهانە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە پێک هات، ئەنجامدەرانی کارەکە لەلایەن هاووڵاتییان و حکوومەتی کۆلۆنییەکەوە پارێزران و هیچ بەڵگەیەک لەدژیان چنگ نەکەوت.

ئەم ڕێگەیە پێشکێشکردنی شێوەی تری یارمەتیش دەگرێتەوە. لە هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٢٨ دژ بە یاسای باروڵی لە هندستان، جۆن باندۆران ئاماژە بەوە دەکا جووتیارەکان بە داخستنی دەرگەکانیان و خوێندنەوەی چەند بەشێک لە وتارەکانی باتیل ڕووبەڕووی باجگرەکان دەبوونەوە و هەوڵیان دەدا بە بەڵگە قایلیان بکەن کە ناکرێ باجی داهات کۆ بکرێتەوە. کاتێ هێزەکانی پۆلیس دەرگەکانیان دەشکاند و کەرەستەکانیان دەهێنایە دەرەوە، جووتیارەکان دەستیان دەکرد بە لەبەریەک هەڵوەشاندنی عەرەبانە و کەرەستەکان و فڕێدانی پارچەکانیان لە شوێنی جیا جیادا.

لە هاوینی ١٨٨١ کرێگرتە ئێرلەندایییەکان هەندێ کاری جۆرەوجۆریان دەکرد بۆ بەرگرتن لە دەست بەسەرداگرتنی مولکەکانیان بەهۆی نەدانی کرێکانیان کە پێی ڕازی نەبوون. شایەتحاڵێک دەگێڕێتەوە: پاش ئەوەی پیاوەکان نانی ئێوارەیان خوارد، شەریفی ناوچەکە بە پاسەوانیی هێزێکی گەورە هەڵمەتێکی بۆ سەر کێڵگەی مورنان دەست پێ کرد بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی، لەبری نەدانی کرێکەی. کاتێ گەیشتینە کێڵگەکە کە پێ دەچێ بەهایەکی مەعنەویی هەبێ، دەرکەوت کەوا یەک سەر ماڵاتی تێدا نییە، ئەوەی بتوانێ ببزوێ دوور خرابوویەوە. دەبوو شەریف و یاوەرەکانی بەبێ جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان شوێنەکە بەجێ بێڵن، بەلام کاتێ پاش

چەند ڕۆژێک لەپڕ دەگەڕانەوە، دەیانتوانی دەست بەسەر ئەو ماڵاتەدا بگرن کە پاش سەردانەکەی پێشوو هێنابوونیانەوە.

لە هەردوو مانگی کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٦٤ قەرەچە ئێرلەندادییەکان کە بە ئەسپ و عەرەبانەکانیانەوە لە دەوروبەری شاری دبلن خێوەتیان هەڵدابوو، ڕووبەڕووی هەوڵی وەدەرنانیان لە چەند ناوچەیەک بوونەوە، ئەویش بە نەبەستنەوەی عەرەبانەکان بە ئەسپەکانەوە، بەو هۆیەوە دەبوو هەموو عەرەبانەکان بە ڕاکێشان لە شوێنەکە بگوازرێنەوە.

هەندێ جار یارمەتینەدانی داوودەزگە ئەمنیەکان بەوە دەکرێ کە کەسانێک بەبێ بەرەنگاری و ئەملاوئەولا خۆویستانە خۆیان بەدەستەوە دەدەن. مارتن ئۆبنهایمەر و جۆرج لاکی بەم شێوەیە پێناسەی ئەم جۆرە چالاکییە دەکەن: بەبێ بەرگری ئەوەیە کە ئەو وشانە مەبەستیانە. بریتییە لە تەواو خاوکردنەوەی جەستە، کە لە هاوکاری نەکردنی جەستەییانەدا لەگەڵ دۆخەکە بەرجەستە دەبێ بەشێوەیەک پێویستە کەسی هاوکارینەکەر بە پاڵ بێ یان بە پەلکێشان بۆ ئەو جێیەی پێویستە بگوازرێتەوە. هەروەها دەکرێ گۆڕانکاری لە دۆخەکەدا بکرێ بەوەی هەردوو دەست بخرێنە گیرفانەکان، یان لە حاڵەتەکانی توندوتیژیدا وەک ئەوەی لە تۆپی پێدا دەکرێ باز بدرێ، هەروەها سەر و شوێنە هەستیارەکانی لەش بە هەردوو باڵەکان بێنە داپۆشین.

٨- گۆڕینی هێما و ناوی شوێن و گۆڕەپانەکان

دەتوانرێ ژمارەی خانووەکان، هێماکانی شەقامەکان، ویستگەگانی هێڵی ئاسن، ئاراستەکانی ڕێگە ناودەوڵەتییەکان و نیشانەکانی دوورییەکان بگۆڕێن یان لابدرێن، یان بگوازرێنەوە، کە ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی پەکخستن یان ئاراستەکردن بەئاراستەی هەڵە یان لەمپەر دروستکردن لەبەردەم جووڵەی سوپا و پۆلیسی بیانی. ئەم جۆرە هەڵانە کە بە ڕواڵەت

فریودەرن لەوانەیە کارگەرییەکی گەورەیان هەبێ کاتێ هێزە چەکدارەکان بە تەواوی لە ناوچەکە ناشارەزا بن، یان کاتێ ناوچەکە یاخۆ نەخشەی شەقامەکان ئاڵۆز و سەرلێتێکدەر بن و دانیشتووانەکە نەیانەوێ ئاراستە دروستەکە پیشان بدەن. ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین بەکارهێنانەکانی ئەم ڕێگەیە دروستکردنی لەمپەر بێ لەبەردەم پۆلیسی سیاسی و ڕەخساندنی کات بێ بۆ هەڵاتنی کەسەکان، یاخۆ ڕەخساندنی دەرفەت بێ بۆ گواستنەوەی بارەگەی سەرکردایەتیی بەرگری یان کەرەستەکانی بۆ شوێنێکی تر. لەوانەیە لە هەندێ لە حاڵەتەکاتدا کاتی بەردەست زۆر کەم بێ، بەڵام کاریگەریی دەروونی لەسەر هەردوو لا، واتە هێزەکانی داگیرکەر و دانیشتووانە بەرگریکارەکان مەغزایەکی تایبەتی هەیە.

ڕەنگە ڕوونترین نموونە لەسەر بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە لە هەفتەی یەکەمی داگیرکردنی ڕووسیادا بێ بۆ شاری پراگ لە ساڵی ١٩٦٨، هێزەکانی ڕووسیا لە ٢٠ی ئاب چوونە ناو شار و، لە ڕۆژی هەینی ٢٣ی هەمان مانگ، سەعات پێنج و ٢٥ دەقیقە ڕادیۆی چیکۆسلۆڤاکیا ڕایگەیاند لەوانەیە شەو هەڵمەتێکی دەستگیرکردن ئەنجام بدرێ.

هەروەها بانگەوازێکی بڵاو کردەوە داوای کرد تابلۆی شەقام و ژمارەی ماڵەکان بۆیە بکرێن یان بگۆڕێن و کارێک بکرێ ژمارەی خانووەکان نەخوێنرێنەوە، هەروەها تابلۆکانی ئاراستەکانی ڕێگە ناودەوڵەتییەکان بۆیە بکرێن، شەوی پێنجشەم زۆربەی تابلۆکانی زۆربەی شەقامەکان هەروەها هێماکانی ئاراستەکانیش لە ڕێگە ناودەوڵەتییە سەرەکییەکان بۆیە کرابوون. پاش نیوەڕۆی هەینی لە پراگ بڵاوکراوەی زۆر بڵاوبوونەوە کە داوایان دەکرد هێماکانی شەقامەکان و زۆربەی نەخشەکان بگۆڕێن یان بۆیە بکرێن، ڕۆژنامەی براسە نووسیی: بەدەمەوە هاتنی نایاب بۆ ئەم بانگەوازە هەبوو. شەقامەکانی پراگ ناوەکانیان بزر کرد.

ڕۆژنامەی لیدوفا دیموکراسی ڕایگەیاند کە سەدان هەزار کەس بەشدارییان لە هەڵمەتەکەدا کردووە:

ناو و ژمارەی شەقامەکانی پراگ بزر بوون، شارەکە بوو بە شاری مردوو بۆ میوانە چارە نەویستراوەکان، کەسێک لێرە لە دایک نەبووبێ یان لێرە نەژیابێ شارێکی نامۆ دەبینێ کە یەک ملیۆن دانیشتووی تێدایە... دەبا درێژە بە دروشمی "پۆستەچی دەتاندۆزێتەوە بەڵام خراپەکاران نا!" بدەین، ئافەرین بۆ پراگ و ئەو شارانەی تر کە شوێن پێیان هەڵگرت.

ڕۆژنامەی ڕودی براڤۆی حزبی شیوعی نووسیی: ژمارەیەکی زۆر لە لاوان بەشدارییان لە هەڵمەتی گۆڕینی تابلۆکاندا کرد، "ئەو خەڵکەی ڕێگەی خۆیان لە شارەکەدا دەزانن، تەنیا ئەوانەن کە پێویستە بیزانن، نەک کەسی تر."

فیلمی چیکی "شەمەندەفەرەکانی لە دوورەوە چاودێریکردن" کە بەر لە داگیرکردنە رووسییەکە بەرهەم هێنراوە، کاریگەریی گەورەی گۆڕینی ناوی ویستگەکانی هێڵی ئاسنین لە کاتی داگیرکرنی نازیدا پیشان دەدا، کاتێ ئەوەی بەستەوە بەو چالاکییە تێکدەرانەی کرێکارانی هێڵی ئاسن ئەنجامیان دا کە سوور بوون لەسەر ئەوەی بۆ چەند سەعات یان ڕۆژێک گەیشتنی شەمەندەفەرێک بۆ شوێنی مەبەست لە وادەی دیاری کراو دوا بخەن.

٩- قبووڵنەکردنی فەرمانبەرە ڕەسمییە دامەزرێنراوەکان

دەگونجێ یەکەیەکی سیاسی فەرمانبەرێکی ڕەسمی قبووڵ نەکا کە بۆ خزمەتکردنی دامەزراوە. لەو نموونەیەی دەیهێنینەوە ئەو فەرمانبەرە دامەزراوە دەزانێ دەبێ زوو لەو جێیە بڕوا. ئەگەر ئەوەیش ڕووی نەدا، ئەوە بەپێی ئەم ڕێگەیە دەکرێ بە ڕەسمی نەناسرێ و ئەگەر ویستی کارەکەی ئەنجام بدا هاوکاریی لەگەڵدا نەکرێ. پەیامنێرێکی ڕۆئاوایی باس لە حاڵەتێک دەکا کە لە هەرێمی بینگ فانگ هوبیە لە چین ڕووی داوە لە ساڵی

١٨٤٠: بەرهەڵستیی دامەزراندنی دادوەرێکی نوێ بۆ هەرێمەکە کرا لەبەرئەوەی پێشتر لە هەرێمێکی تر ئیشی کردبوو و بە گەندەڵی و زۆرداری و دڵڕەقی بەناوبانگ بوو.

کۆبوونەوەیەکی کەسایەتییە سەرەکییەکان لە ئەنجوومەنێکی فرەواندا ئەنجام درا و بڕیار درا کە پێویستە دادوەرەکە بەشێوەیەکی مەدەنی لەلایەن ڕۆڵەکانی شارەکەوە بێتە هەڵبژاردن.

دادوەرە نوێیەکە تازە خەریک بوو لە دامەزراندنی ئەندامانی دادگە ببێتەوە، ئاگەدار کرا کە شاندێکی هاووڵاتییان دەیانەوێ مواجەی بکەن... شاندەکە دەستی بە ناساندنی خۆی کرد، ئەنجا یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە هەستایە سەر پێ و بە ئەدەب و سەلیقەیەکی بەرزەوە ڕایگەیاند کە ئەوان بەناوی شارەکەوە هاتوون و داوای لێ دەکەن لەکوێوە هاتووە بگەڕێتەوە ئەوێ و ئەوان بەهیچ شێوەیەک حەز بە چارەی ناکەن. حاکمەکە سەرەتا هەوڵی دا حەشاماتە تووڕەکە هێور بکاتەوە، ئەنجا ویستی هەڕەشەی لێ بکا، بەڵام بێهودە بوو.

ئەو کەسەی بەناویانەوە قسەی دەکرد بە هێمنی پێی گوت کە ئەوان نەهاتوون بابەتەکەی لەگەڵ تاوتوێ بکەن، چونکە بابەتەکە یەکلا کراوەتەوە و ئەوان ڕێک کەوتوون لەسەر ئەوەی نابێ ئەمشەو لە شارەکەدا داوەری بکا و ئامادەشن خەرجیی گواستنەوەی دابین بکەن و شاندێکی تایبەت و دیاریشی لەگەڵدا بنێرن تا بە سلامەتی دەکاتە پایەتەختی هەرێمەکە.

لەبەردەم هاتوهاواری جەماوەر کە لە دەرەوە خڕ بووبوونەوە، حاکمەکە ملی دا و بە یاوەریی سەرۆکی شارەکە شوێنەکەی بەجێ هێشت. هەردووک ڕاستەوخۆ چوونە لای جێگری دادوەرەکە و حاڵنامەیەکی درایە دەست کە دیارترین کەسایەتییەکانی شاری بینگ فانگ ئیمزایان کردبوو، خوێندیەوە و ڕایگەیاند قەبارەیان ماقووڵە و دەبێ پێوەی پابەند بن.

١٠- ڕەتکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی دەزگە ئاراکان

کاتێ حکوومەتێک هەوڵ دەدا ئازادیی دامەزراوەکان لەناو ببا بەمەبەستی باشتر چاودێریکردنی خەڵک، یان لەناوبردنی بزاوێکی بەرهەڵستکاریی دیاریکراو، یاخۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە بەپێی بنەوایەکی ئایدیۆلۆجیی دیاریکراو، زۆر لە ڕێکخراوە سیاسی و پەروەردەیی و کرێکاری و ڕۆشنبیرییەکان ڕەتی دەکەنەوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیان قبووڵ بکەن. ئەو کاتە ڕێکخراوەکە دەتوانێ بە ئاشکرا یان بە نهێنی درێژە بە چالاکییەکانی بدا و پارێزگاری لە ڕادەیەکی دیاریکراو لە چالاکییەکانی بکا و بەرەنگاریی هەوڵەکانی حکوومەت بۆ لەناوبردنی ببێتەوە.

بەرفرەوانبوونی شەپۆلی پارێزگاریکردن لە دەزگە ئەهلییەکان کلیلی بەرەنگاریکردنی داگیرکردنی بیانییە کە هەوڵ دەدا کۆمەڵگە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی, لەوانەیە ڕەتکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دامەزراوانە هاوکات بێ لەگەڵ بایکۆتکردنی دامەزراوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت وەک پێشتر باسمان کرد. هەروەها دەکرێ هەردوو ڕێگەکە کۆ بکرێنەوە کاتێ ئامانجی کاری ناتوندوتیژانە بەرگریکردن بێ لە حکوومەتێکی شەرعی یاخۆ لە دامەزراوەگەلێکی کۆمەڵایەتی دژ بە هێرشێکی ناشەرعی.

ڕاوێژکاری ئەڵمانی بیسمارک تۆمەتی هەردوو هەوڵەکەی کوشتنی ئیمپراتۆر ویلهلیمی دایە پاڵ سۆشیال دیموکراتەکان، ئەوەیشی کردە بەهانە بۆ گوشارخستنە سەر پەرلەمانی نوێ بۆ پەسندکردنی یاسایەک دژ بە سۆشیالیستەکان لەساڵی ١٨٧٨. بەپێی ئەو یاسایە، حکوومەت بۆ ماوەی هەشت مانگ دەسەڵاتی درایە بۆ هەڵوەشاندنەوەی زۆر لە یەکەتییە کرێکاریەکان و کۆمەڵەکان و ڕێگرتن لە دەرچوونی چەندان بڵاوکراوە.

هەرەوەزییەکانی بونافاید هاتنە هەڵوەشاندنەوە و فیستیڤاڵە جەماوەریەکانی سۆشیال دیموکراتەکان قەدەخە کران. سۆشالیستەکان

بەند کران و دوور خرانەوە، تەواوی ڕێکخستنی حزبی سۆشیال دیموکرات تێک شکێنران و پۆلیس چەندان هەڵمەتی دژ بە هەوادارانی حزبی سۆشیالیست ئەنجام دا. پاش سێ ساڵ، ئەو سۆشیالیستانەی هەڵوەشاندنەوەی حزبەکەیان ڕەت کردبووەوە دەستیان بە کۆبوونەوە کرد، سەرەتا بە نهێنی و ئەدەبیاتەکانیان بە نهێنی لەڕێی سویسراوە دەگواستەوە و نوێنەرەکانیان بۆ هەڵبژاردنەکان کاندید دەکرد.

ج. ئەلیس بارکەر کە یەکێکە لە مێژوونووسانی ئەو قۆناخە دەڵێ: پاش هەر هەڵبژاردنێک شەپۆلی پشتگیریکردن لە سۆشیال دیموکراتەکان و نارەزایی لەو ڕێوشوێنانەی حکوومەت لەدژیان گرتیە بەر زیادی دەکرد.

ساڵی ١٨٩٠ پاش ئەوەی ئیمپراتۆر بسمارکی ڕاوێژکاری لەکار لادا و پاش هەڵوەشاندنەوەی یاسای ئیشتراکی، ژمارەی دەنگدەرانی سۆشیال دیموکراتەکان لە ٤٣٧١٥٨ دەنگدەر لە ساڵی ١٨٧٨ بۆ ملیۆنێک و چوارسەد و بیست و حەوت هەزار دەنگدەر بەرز بووەوە.

بارکەر هەروەها دەڵێ: بەم شێوەیە، کاریگەری و جێبەجێکردنی یاسای ئیشتراکی بەپێچەوانەی ئەوە بوو بسمارک خوازیاری بوو و حزبی سۆشیالیستی کردە حزبێکی مەزن.

## جێگرەوەكانی گوێڕایەڵیكردن لای هاووڵاتیان

١- ملكەچكردنی نابەدڵ و سارد و سڕ

بەرهەڵستكارانی ڕیژیم لە هەندێ حاڵەتدا كە هەست دەكەن ناتوانن بە ئاشكرا بەرەنگاری ڕیژیمەكە ببنەوە، دەتوانن لە ملكەچكردنەكەیاندا بەپێی توانا پەنا بۆ خاوەخاوەكردن ببەن بەشێوەیەك وا دیار بن كە توانا و چالاكییان نییە. كاتێ بۆ نموونە ئەڵمانیای ڕۆژهەلات لەو بەرنامەیەی ناوی نابوو بەرنامەی خۆبەخشانە بۆ بڵاوكردنەوەی هەرەوەزییە كشتوكاڵیەكان كە واڵتەر ئۆلبرخت لە تەمووزی ١٩٥٢ ڕایگەیاند، بەرهەڵستیكردنی وەرزێرەكان بۆ ئەو بەرنامەیە تەنیا بەوە نەبوو كە هەزارانیان كۆچیان كرد بۆ ڕۆئاوا، بگرە بەشێوەیەكی بەرفرەوانیش ڕەتیان كردەوە بچنە ڕیزی هەرەوەزیەكان. حزبی دەسەڵاتدار لە هەموو گوندێك كۆبوونەوەیەكی دامەزراندنی بەست، بەڵام ئەو بۆنانە بە فەرامۆشكردن و بەشداریكردنی لاواز وەڵام درانەوە. زۆربەی جاریش ڕێكخەرانی ئەو كۆبوونەوانە ڕووبەڕووی هۆیهای دوژمنكارانە دەبوونەوە و هەندێ جار ناچار دەبوون بەپەلە بكشێنەوە.

لە زیاتر لە حاڵەتێكدا ئەندامانی حزب و بەرپرسانی ناوەخۆیی بانگهێشتكردنەكانیان بۆ ئامادەبوون پشتگوێ دەخست. لە كۆتای مانگی چوارەمی هەڵمەتەكەدا، تەنیا چوار هەزار كێڵگەی هەرەوەزی دامەزران، پاش شەش مانگ دامەزراندنی پێنج هەزار كێڵگە ڕاگەیەنرا، بەم شێوەیە بەرنامەكەی حكوومەت دووچاری هەرەس هات.

ئەم ڕەفتارە بەرامبەر کۆکردنەوەی باجیش کراوە. لە هەردوو سەدەی حەڤدەیەم و نۆزدەیەم دەرەبەگەکان لە چین بەئەنقەست دانی باج و سەرانەی زەوی و دانەوێڵەیان بە حکوومەت دوا دەخست، ئەویش بەمەبەستی خۆدزینەوە لە باجدان. لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە نابەدڵی و ناڕێکی و پێکی باجی برنج درا. تەنیا بە دواخستنی باجدانەکە وازیان نەهێنا، بگرە برنجی وشک و پاکوتەمیزیان دەگۆڕی بە برنجی پیس و پۆخڵ و تەڕ و زۆر جاریش کەمتر لە بڕی پێویست دەدرا و لە هەندێ حاڵەتدا فڕێ دەدرانە دەرەوەی سایلۆکان. هەندێ جار هاتنەوەی فەرمانبەرەکانی سایلۆکان بە ڕادەستنەکردنی برنجەکە یاخۆ بە بەرزکردنەوەی سکاڵا و تۆمەت لەدژیان بۆ بەرپرسانی باڵا وەڵام دەدرانەوە.

٢- ملکەچنەکردن لەکاتی نەبوونی چاودێریی ڕاستەوخۆدا

نموونەیەکی تری هاوکارینەکردنی سیاسی هەیە کە بریتییە لەوەی دانیشتووان لە حاڵەتەکانی نەبوونی چاودێریی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ یاخۆ زۆرەملێیانەدا، یاسا و مەرسووم و سیستمەکان فەرامۆش و ڕەت دەکەنەوە. بۆ نموونە کاتێ سەربازەکان بۆ چاودێریی جێبەجێکردنی فەرمانێکی تایبەت بڵاو دەبنەوە، خەڵک مل کەچ دەکەن، بەڵام هەر کە سەربازەکان پشتیان هەڵکرد خەڵکیش دەکەونە بەرهەڵستی. ئەم ڕێگەیە لە چین دژ بە ڕیژیمە ستەمکارەکان و داگیرکەرە بیانیەکان بەزۆری بەکار هاتووە. بەڵام ئەم جۆرە ڕەفتارە بە زەحمەت تۆمار دەکرێ.

٣- یاخیبوونی میللی

زۆر نموونە هەن تێیاندا دانیشتووان بەگشتی یان بەشێکیان، بە تەواوی لێبڕانەوە دەست دەدەنە پشتگوێخستنی سیستم و ڕێساکان یاخۆ بەزاندنیان، بە هەندێ ڕێگە کە ناگاتە ئاستی یاخبوونی مەدەنی. ئەم

حاڵەتانە خەسڵەتێک یان زیاتری یاخیبوونی مەدەنییان تێدا بزرە، وەک ئەوەی یاساشکێنی بەکارێکی ناشەرعی دانانرێ. لە بنەڕەتدا ئەم ڕێگەیە زیاتر خۆنەبانکردن لە یاسا و سووکایەتی پێکردنیەتی تا ئەوەی گژبەرییەکی زەق بێ. چالاکەکان هەوڵ نادەن پۆز بە بەرهەڵستیەکەیانەوە لێ بدەن.

لەوانەیە چالاکیەکان سەرتاپاگیر و نانهێنی بەلام ڕانەگەیەنراو بن، چونکە بەرگریکارەکان وای بە باش دەزانن بەپێی توانا نەناسرێن و خۆ دوور بگرن لە سزادان، تا بتوانن وەک بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنێکی فرەوان بمێننەوە.

هەوڵەکانی شا کریستیانی پێنجەمی پاشای نەرویج و دانیمارک لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ کردنی شاری کریستیانسان بە شارێکی مەزن تووشی نیوە شکست بوو، ئەویش لە ئەنجامی ڕازینەبوونی دانیشتووانی ڕایزور و ماندالّ و فلیکفۆرد بۆ فەرمانێکی ڕاشکاوانەی پڕ لە هەڕەشە بە سزادانی توند، بۆ ناچارکردنیان تا لە ماوەی شەش مانگدا بار بکەن بۆ کریستیانسان. "ئەوە هیچ دادی نەدا، خەڵک بە ئارامی لە ژیانی خۆیان بەردەوام بوون و شارەکانی کەناریش بە پێشکەوتوویی و گەشاوەیی مانەوە".

لەکاتی شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ بڕیارێک دەرچوو، کە جارێکی تر کاروباری ئازادیی بازرگانیی دانەوێڵەی ڕێک دەخست، بەلام "کەس ملی بۆ کەچ نەکرد"

لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٧٩٢ جەماوەر گژبەریی بڕیاری قەدەخەکردنی خۆپیشاندانی کرد و خۆی گەیاندە گۆڕەپانی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ ئاهەنگ گێڕان بە ساڵیادی سوێنخواردنی دادگەی تنس، ئەنجا دایان بەسەر باخچەکانی تولۆریدا و پاشایان دەرکرد، جوێنیان پێ دا و هەڕەشەیان لێ کرد.

کاتێ حکوومەتی فەڕەنسا لە حوزەیرانی ١٩٤٨ کارە پیشەییە

نیشتمانیەکانی هەڵوەشاندەوە، بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی ئاژاوە و شۆڕش هەوڵی دا ژمارەیەک لە خاوەن پیشە بنێرێ بۆ ناوچە جیاوازەکان، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە بڕۆن. لە ٢٢ی حوزەیران ڕێپێوانێکیان لە پاریس ڕێک خست کە بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد: نامانەوێ بڕۆین، نامانەوێ بڕۆین، کە پاش چەند ڕۆژێک پێکدادانی خوێناویی لێ کەوتەوە.

لە کاتی شۆڕشی ١٩٠٥ لە ڕووسیای قەیسەری، خەڵک بەشێوەیەکی کاتی وەک دیفاکتۆ (ئەمری واقیع) و بە هۆی پاڵپشتیی ڕاستەوخۆ و هەڵوێستی مىللیەوە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی سەپاند، بە سادەیی هەموو مەرسوومەکانی سانسۆر پشت گوێ خران و ڕۆژنامەکان چییان بویستایە بڵاویان دەکردەوە، هەروەها ژمارەیەک ڕۆژنامەی نوێ بەبێ مۆڵەتی پێشوەخت سەریان هەڵدا کە هەڵگری بیروبۆچوونی سیاسیی توندوتیژ بوون. سەندیکاکانیش یاساکانیان پشتگوێ خست و بە شێوەیەکی ئاشکرا چالاک بوون.

چالاکیگەلی میلیی نارەزا لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەم لە هۆڵەندا سەریان هەڵ دا. چاوپۆشی لە گۆڕینی میدالیا ئەڵمانیاییەکان بۆ پارچەی کانزایی کرا، هەروەها گوێگرتنی تاکەکەسیی ڕێ پێنەدراو لەو بەرنامە ئێزگەییانەی لە بەریتانیاوە پەخش دەکران، گۆڕا بۆ چالاکییەکی بەرهەڵستکارانە بۆ داگیرکەری ئەڵمانی.

دانیشتووانی هەندێ لە گەڕەکەکانی کۆپنهاگن لەکاتی مانگرتنەکەی مانگی حوزەیرانی ١٩٤٤، خۆیان نەبان کرد لە یاسای قەدەخەکردنی هاتوچۆ کە ڕێوشوێنە ئەڵمانیاییە نائاساییەکان سەپاندبوویان.

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٢ هەندێ لەو جوولەکانەی لە بەلجیکا ڕاگوازرابوون پەنایان بۆ لێکردنەوەی ئەستێرە زەردەکان برد لە جلەکانیان. هەروەها لە حوزەیرانی ١٩٤٢ چەندان شێوەی ڕەتکردنەوەی بڕیاری

هەڵگرتنی ئەستێرە زەردەکە لە فڕەنسای داگیرکراو سەریان هەڵ دا:

هەندێ لە جوولەکەکان بڕیاریان دا ئەستێرەکە هەڵنەگرن، هەندێکی تریان بە شێوەیەکی هەڵە لە جلەکانیان دەدا، هەندێکی تریشیان لەباتی ئەستێرەیەک چەند ئەستێرەکیان لە خۆیان دا. بەشێکی تریان لەگەڵ نیشانەی تردا هەڵیان دەگرت. لە کۆتاشدا ژمارەیەک لە گیراوە غەیرە جوولەکەکان بە لەخۆدانی ئەو ئەستێرەیە یان شتی هاوشێوەی بەشدارییان کرد. ئەڵمانەکان بۆ دەربڕینی ڕقیان لە بەرگریکارە جوولەکەکان و پشتیوانە فڕەنساییەکانیان، لە یەکێک لە سەربازگەکان زیندانییان کردن.

ڕەنگە یەکێک لە هۆکانی کاریگەرنەبوونی ئەو ڕێوڕەسمانەی بۆ ڕێگرتن لە کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شار لە چین لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٥٨ بریتی بووبێ لە "فەرامۆشکردنی بەردەوامی ڕێورەسمەکان لەلایەن ئەوانەی بەنیازی کۆچکردن بوون".

٤- یاخیبوونی دەمامکدار

لەوانەیە یاخیبوون لە یاسا و مەرسووم و فەرمانەکان لە شێوەی ملکەچکردنێکی ستدا خۆی بنوێنێ. لەکاتی ئەو هەڵمەتی هاوکارینەکردنەی کە سەری یاسای پوولەکانی خوارد کاتێ لە یەکی تشرینی دووەمی ١٧٦٥ خرایە واری جێبەجێکردن، گتکردنی دەمامکداری بازرگان و کڕیارانی بارەکان لە بەکارهێنانی پوولەکان لەسەر بەڵگەنامەکانی بار، بووە مایەی پەکخستنی تەواوەتیی چالاکیی بەندەرە بازرگانییەکان. بەڵام جۆرێکی تایبەت لە یاخیبوونی دەمامکدار لە فیلادلفیا پێڕەو کرا، کە تێیدا بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ڕێگە بە جموجوڵی پاپۆڕەکان درا بەبێ ئەوەی ڕەسمی پوول بدەن:

چالاکیی بازرگانی بەدرێژاییی مانگی تشرینی دووەم بەشێوەیەکی

داهێنەرانە کە لە شوێنی تر نەبووە، بەردەوام بوو. بازرگانەکان لە هەموو بەندەرکانی کۆلۆنییەکەدا هەر کەشتیەکیان ئاشکرا دەکرد کە پێش لە تشرینی دووەم لە بارکردندا بووبێ. بەڵام لە فیلادلفیا تەنیا ئەو کەشتییانەیان ڕاگەیاند کە نیوە بارکراو بوون، پێویست نەبوو هەموو زانیارییەکان ڕادەست بکرێن پێش لەوەی تەواوی بارەکەی پاپۆڕەکە ئاشکرا بکرێ. بەم شێوەیە ئەو کەشتییانەی نیوە بارکراو بوون لە فیلادلفیا لە ڕۆژە کۆتاکانی مانگی تشرینی یەکەمدا زانیارییەکانیان وەرگرت. کاتێ بارەکانیان تەواو بار دەکران، خاوەنەکانیان دەچوون بۆ فەرمانگەی گومرگ پسوولەی باجی گومرگ و سوودی مێژوو دیارینەکراویان پێشکێش دەکرد... لەبەرئەوەی شتێکی سروشتییە بارکردنی پاپۆڕێک سێ تا چوار هەفتە بخایەنێ، هەر بۆیە بەندەرەکانی فیلادلفیا تا کۆتای مانگی تشرینی دووەم جۆرە پاڵەپەستۆیەکیان هەر لەسەر مابوو.

ڕۆژنامە هەڵوەشاوەکانیش دەتوانن یاخیبوونی دەمامکدار بکەن، ئەویش بەوەی هەر زوو بەناوی نوێوە ڕۆژنامەکە دەربکەنەوە. ئەو حاڵەتە لەکاتی هەڵمەتی شەڕی ڕوهەردا ڕووی دا، کاتێ ڕۆژنامە هەڵوەشاوەکان ناوی ڕۆژنامەی تری هەڵنەوەشاوەیان بۆ سەرلەنوێ دەرچوونەوە بەکار هێنا. شتی لەو شێوەیە لە ڕووسیایش لە ساڵی ١٩٠٥ ڕووی دا.

لە بەهاری ١٩٢٩ کاتێ دەسەڵاتدارانی بەریتانی ڕۆژنامەی "فۆرۆرد"یان داخست کە لە کالکۆتا دەردەچوو، لە وەڵامی ئەوەدا ڕۆژنامەی "نیو فۆرۆرد" دەرچوو، دواتر ئەوەیش هەڵوەشێنرایەوە و لەجێی ئەو ڕۆژنامەی لیبەرتی دەرکرا.

مۆسیقای جاز لەکاتی شەڕی جیهانیی یەکەمدا لەلایەن نازییەکانەوە قەدەخە کرا و پۆلیسی گستابۆ کون بە کون بەشوێن ژەنیارانی جازدا دەگەڕا. بەڵام ئەوانەی زۆر شەیدای ئەو جۆرە مۆسیقایە بوون بۆ خۆلادان

لەوە پەنایان برد بۆ گۆڕینی ناوی پارچە مۆسیقاکانی جازی ئەمەریکایی بۆ هەندێ ناوی تر کە ئاوازێکی ئەڵمانییان هەبێ. لەم بارەوە ڕیشارلاف فۆگ دەڵێ پارچە مۆسیقای "ئۆرگان گراندر سوینگ" بوو بە "هۆفکنزرت ئیم هنترهاوس"، پارچەی "تایگرراگ" بوو بە "شفارتز بانتر"، "بلاک باتوم" بوو بە "شوارتر ڕودی" و "لایدی بی گود"یش بوو بە "فروسی گۆن".

یەکێک لە کچە ئەڵمانییە ئارەزوومەندەکانی جاز بەناوی گونا هیب دەگێڕێتەوە "ئێمە ئاوازە ئەمەریکاییەکانمان دەژەنی، بەڵام دەبوو پارچەکان بە لیستێک بدەینە نازیەکان، بۆیە ناونیشانەکانمان وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی... بە گەمژانەترین شێوەیش وەرمان دەگێڕان، چونکە باوەڕمان وا بوو بیرۆکەی پێشکێشکردنی لیستەکە و قەدەخەکردنی مۆسیقای ئەمەریکایی خۆی ئەوپەڕی گەمژەییە. کەس بەوەی نەدەزانی، نازیەکان گوێیان بۆ دەگرتین و چەپڵەیان لێ دەدا، ئێمەیش بەنهێنی پێ دەکەنین. کار گەیشتە ئەوەی فیرقەی ڕەسمیی سوپای نازی یەکێک لە پارچەکانی ژەنی.

لە ئەڵمانیای نازی، ئەو لاوانەی نەیاندەویست بچنە سوپا و نەشیاندەویست ڕاستەوخۆ بچنە ناو هێزی بەرگری، وەک تەکنیکێکی نموونەیی پەنایان برد بۆ داواکردنی بواردنیان لەبەر هۆکاری تەندروستی، ئەویش بەوەی ڕاپۆرتێکی نەخۆشی لە پزیشکی "گۆتن تاگ" بەدەست بێنن، واتە هەر پزیشکێک لەبری "هایل هیتلەر" بە دەستەواژەی "ڕۆژتان باش" پێشوازی لە نەخۆشەکانی دەکا. لاوێک بەناوی هۆرست لیبمان کە لە ئارەزوومەندانی جاز بوو، توانیی ئەو تەکنیکە سەرکەوتووانە بۆ ماوەی ساڵێک بەکار بێنێ. دەبوو هەر کاتێ پشکنەرەکە پێوەندیی بە ماڵەکەیەوە دەکرد خۆی بە نەخۆش پیشان بدا. هەروەها دەبوو لە ماڵەوە بێ و نەچێتە شەقامەکان، چونکە ئەو لاوانەی بەکەڵکی شەڕ نەدەهاتن مۆڵەتی ئەوەیان نەدەدرایە پیاسە بکەن. کاتێکیش لە کۆتاییدا بەهۆی چالاکییە

مۆسیقیەکانیەوە گیرا، باوکی توانیی پزیشکەکان قایل بکا بەوەی لەبەردەم گستابۆدا شایەتی بدەن کە تەندروستیی کوڕەکەی هێندە لاوازە ناتوانێ بەرگەی بەندکردن بگرێ. بەو شێوەیە هۆرست ئازاد کرا.

چینیش چەندان نموونەی تێدایە. بەڵگەی ناڕاستەوخۆ تاکە سەلمێنەری ئەو جۆرە ڕەفتارە بوو. بەشێکی بچووکی ئەم بەڵگەیە لە بڵاوکراوەکانی ئیمپراتۆریای چینیدا دەبینین کە لە ساڵی ١٨١٤ دەرچووە، کە لەڕێی کارەکانی بەرپرسانی ناوەخۆیی و هەرێمی، بەتایبەت ئەوانەیان دانیشتووان تۆمار دەکەن، جەخت لەوە دەکا ئەوانە لەکاتی پێویستدا بە دیمەنێکی جوانەوە دەر دەکەوتن، لەکاتێکدا جێبەجێکردنی ئەرکە ڕەسمیەکانیان پشتگوێ دەخست. ئیمپراتۆر ئاماژە دەکا بەو "ڕەسمییانەی بە ڕواڵەت گوێڕایەڵی دەکەن و بە کردەوەش ئومێدەکانمان پشتگوێ دەخەن".

نموونەیەکی تر لەسەر یاخیبوونی دەمامکدار لە ساڵی ١٩٣٠دا بەدی دەکەین. پاش ئەوەی ژاپۆنیەکان ئەنجومەنی سیاسیی موبای-شاهاریان لە باکوری چین دامەزراند، کە بەنیاز بوون ببێتە ئامرازێکی سیاسی بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدانی ئابووریی ژاپۆنی. بەڵام حکوومەتی چین ئەنجومەنەکەی وەک بەربەستی بەردەم بەیەکدادانی لەگەڵ حکوومەتی ژاپۆن دەزانی. لە بەرامبەر پێداویستییە ئابوورییەکانی ژاپۆندا حکوومەتی چین، لەبری ڕەتکردنەوەی بە سانایی، پەنای بۆ دەستی دەستی پێکردن لە دانوستاندنەکان و کات کوشتن دەبرد:

لەژێر گوشاری داواکارییەکاندا، جەنەراڵی چینی سونگ شیە ڕیان سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسی بەمەبەستی دۆزینەوەی دەرچەیەک، کشایەوە بۆ زێدی خۆی و نزای بۆ گۆڕی باوباپیرانی دەکرد. ئەم تەکنیکە ژاپۆنیەکانی شێتگیر کرد و دەستیان کرد بە باسکردن لە ناجدیبوونی چینیەکان، هەر زوو گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەنجومەنە سیاسییەکە،

وەک ئامرازێکی سیاسی خزمەتی ئەو ئامانجانە ناکا کە لەپێناویاندا دامەزراوە.

ساڵی ١٩٤٢ حکوومەت لە شونکین قاوەخانەکانی ساردی و قاوەی داخست و فرۆشتنی قاوە و ئاوی غازی قەدەخە کرد، ئەم جارەشیان بە شێوەیەک لە شێوەکانی یاخیبوونی دەمامکدار بەرپەرچ درایەوە:

قاوەخانەی سنگ سنگی بەناوبانگ لەژێر ناوی چێشتخانەی سنگ سنگدا کردیەوە و پاش ژەمەکانی خواردن و کەرە، ساردیی پێشکێش دەکرد و کردبوویە نەریتێکی سەپاو کە پەرداخ و چەقۆ و کەوچک و چەتاڵ لەسەر مێزەکان بن تا وا نیشان بدرێ پاش ژەمە تەواوەکە شیرینی پێشکێش دەکا. هەروەها خواردنەوەی غازی لە قاپی شۆربادا پێشکێش دەکرا و میوانەکان بە کەوچک دەیانخواردەوە.

سەربازە چینییەکانیش فێری وەڵامدانەوەی هاوشێوەی فەرمانەکان بووبوون وەک گراهام بیک لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٠ لە شۆنکین تێبینیی کردبوو: پاش کەمێک، ڕیزێک سەرباز بە جلوبەرگە لۆکەکانیان و (صنادل القش = نەعلی کا) گەیشتن و لەڕێی گردەکەوە هاواریان دەکرد، بە هەنگاوی خێرا و فریودەر پێشڕەوییان دەکرد و بەرز و نزم هەروەلەیان دەکرد و زۆر بەخاوی دەجوڵان. وەک هەموو سەربازە چینیەکان بۆ پاراستنی ڕێکوپێکییەکە ژمارەکانیان دەوتەوە: یەک دوو سێ چوار. کاتێ ئەفسەرەکەیان تێی دەخوڕین تا خێرا بکەن، بە خێراییی زیاتر و زیاتر، لە دەرەوەی کات، دەیانوتەوە لەو کاتەی قاچەکانیان لەسەر زەوی تا دەهات خاو دەبوونەوە و زەردەخەنەیەکی فێڵبازانە لەڕووی هەموویان دەنیشت.

٥- ڕەتکردنەوە بە بڵاوەکردن لە کۆبوونەوە یاخۆ دیدارێکدا

هەندێ جار کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی یان گردبوونەوەیەکی نارەسمی جۆرێک لە بەرهەڵستی نیشان دەدا کاتێ داوایەکی ڕەسمی یاخۆ نارەسمی بۆ

بڵاوەکـردن ڕەت دەکاتـەوە. ئەم ڕێگەیە هەندێ جـار دەتوانین بـیگێـڕینەوە بۆ ملکەچنـەکردنی مـیللـی یان یاخیـبـوونی مـەدەنی لە یاسـا ناشـەرعییـەکان، لەگەڵ ئەوەی هەموو جار بەو شێوەیە نییە.

لە چـەندان بۆنەی ملمـلانەی داگـیـرکـاریی ئەمـەریکاییـدا حـاکم یان هەر بەرپرسـێکی تر فـەرمـانێکی ڕەسـمـیی تایبـەت بـۆ بڵاوەپێکردنی کـۆبوونەوە جـەمـاوەرییـەکان لـە شارەکان، یاخـۆ کـۆڕ و کـۆنگرە گشـتییـەکان دەردەکا. ڕۆژێکیـان لە کانوونی دووەمی ١٧٧٠ ملازم حـاکم هـاچنسـۆن شـەریفی نارد بـۆ هـۆڵی فـانوی کـە بـازرگـانـەکـانی شـاری بۆسـتن کـۆبوونـەوەیەکی جـەمـاوەرییـان تێـدا دەبەست و چالاکیی لە ناوەندی شـاردا پەک خسـتبـوو. نامـەیەکی پێـدا نـارد سـەرکـۆنەی گـردبوونەوەکـەی کـرد و بە کـارێکی بێ پاسـاوی دانا لەلایەن هەر دەسەڵات یاخۆ یاسایەکەوە. هەروەها سەرکۆنەی ڕێپـێـوانـەکەی لە شـەقـامـدا کـرد و بە مـەترسـیـدار و مـایەی سـەرهەڵدانی تۆقـاندنی دانابـوو. هـاچنسـۆن وەک نوێنەری تـاجی شـاهـانە فـەرمـانی پێ کـردن بڵاوەی لـێ بکەن و جـارێکی تریش لە داهـاتوودا خـۆیان لـە قـەرەی ئەو جۆرە گردبوونەوانە نەدەن.

بازرگانەکان بۆ مـاوەیەکی کورت کۆبوونەوەکەیان ڕاگرت تێیدا بە کۆی دەنگ ڕایان گەیاند کۆبوونەوەکەیان بە شـەرعـی دادەنێن، ئەنجا درێژەیان بە کارەکانیان دایەوە.

لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٧٨٩ لەو کاتەی تووڕەیی گەل لەدژی دەسـەڵاتەکانی پاشـای فـرەنسـا و خـانەدانـەکـان کـوڵی دەدا، لویسی شـازدەیەم وتـارێکی لەبەردەم هـەر سێ توێژەکـەی گـەلدا دا و ڕۆڵیـانی دیاری کـرد و پـاش ئەوە فـەرمـانی بە نوێنـەران کرد کـۆبوونەوەکـە بۆ ڕۆژی داهـاتوو دوا بخـەن، بەو مـەرجـەی بەپێی توێژەکانیـان لە هۆڵی جیاوازدا کۆ ببنەوە. کاتێ شا چووە دەرەوە خـانەدانەکان و زۆربەی ئەندامـانی ئەکلیـریۆس شـوێنی کـەوتن، بەڵام

نوێنەرانی خەڵکە ڕەشۆکیەکە لەسەر کورسییەکانیان چەقین و بە بێدەنگی مانەوە. ئەو کەسەی بەناویانەوە قسەی دەکرد بە نوێنەری پاشای ڕاگەیاند ئەوان بڕیاریان داوە کۆبوونەوەکە دوا ناخرێ و هیچ مشتومڕیشی ناوێ... "چونکە کەس بۆی نییە فەرمان بۆ نوێنەرانی گەل دەربکا".

لە دۆخێکی تەواو جیاوازدا، لە ١٥ی ئایاری ١٨٤٨ کۆمەڵێ خەڵک دایان بەسەر کۆمەڵەی نیشتمانیدا و پێیان وا بوو دەتوانن ناچاری بکەن دەستبەجێ بەیاننامەیەک لە بەرژەوەندیی پۆڵەندا دەربکا. چەند سەعاتێک هێزی پێویست بۆ گواستنەوەی خەڵکەکە نەگەیشت، لە هەمان کاتدا کۆمەڵەی نیشتمانی ملی نەدەدا بە داواکاریی حەشاماتەکە یان دواخستنی دانیشتنەکەی یاخۆ دەرکردنی یاخیبووان. بەدرێژاییی ماوەی ئەو گەڕەولاژەیە ئەندامانی ئەنجوومەن بە نەرێنی کش و مات لەسەر کورسییەکانیان دانیشتبوون، بەبێ ئەوەی هیچ ناڕەزاییەک دەرببڕن یان پاشەکشە بکەن، توند بێدەنگ بوون، ئەلکەسیس دوتوکفیل ئەمە دەگێڕێتەوە. دەنگدان لەسەر پرۆژەکە کۆمەڵەی نیشتمانیی ڕسوا کرد و دەستەپاچەیی دەرخست و کەس سەرکێشیی نەکرد پەتی ئەو بێدەنگییەی ئەندامەکان بپسێنێ. ئەو بەرگرییە نەرێنییە کە جەماوەرەکەی تووڕە و شێتگیر کردبوو، وەک شەپۆلێکی کرێوە بوو کە تووڕەییی خۆی بەسەر حەشاماتەکەدا دادەباراند بەبێ ئەوەی هەوڵ بدا دوور بکەوێتەوە. لە کۆتاییدا یەکێکیان هاواری کرد: ناتوانین لەسەر دەنگدان ناچاریان بکەین. پاش ماوەیەک لە پشێوی و چاوەڕوانیی گەیشتنی هێزەکاندا، کەسێکی تر قیڕاندی و دواخستنی کۆمەڵەی نیشتمانیی ڕاگەیاند، بەبێ ئەوەی جەماوەرەکە ئامانجی خۆی بەدی بێنێ.

هەروەها لە ماوەی ئەو ململانەیەی پرۆتستانتەکان لە هەنگاریا دژ بە یاسا ئاینییەکانی نەمسا و ئەو هەولانەی دەدران بۆ ملکەچکردنیان بۆ

چاودێریی ئیمپراتۆریەت، ئەنجامیان دا، کۆمەڵەی گاڵڤن لە ناوچەی ترانس–تیشا ڕۆڵێکی دیاری بینی لە گژبەریکردنی فەرمانەکانی حکوومەت، ئەنجوومەنەکەیان وەک بڕیار درابوو، لە شاری دوبرتسین لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٨٦٠ بە ئامادەبوونی پێنجسەد کەسی ڕەسمیی کەنیسە و هەزاران عەلمانی، کۆ بووەوە. ویلیام ڕۆبەرت میللەر باسی بۆنەکە دەکا کە یەکێک لە مێژوونووسانی کەنیسەی ئیمری ڕفیز تۆماری کردووە:

ڕاستەوخۆ پاش نوێژی کردنەوە، نوێنەری حکوومەتی ئیمپراتۆریەتی نەمسا وەستا و داوای لە ئامادەبووان کرد بڵاوەی لێ بکەن. کاتێ پیتەر بالوگی جێگری ئوسقوف داوای لە ئامادەبووان کرد ئاخۆ حەز دەکەن بڵاوە بکەن یاخۆ نا، جەماوەرە تووڕەکە وەڵامی دایەوە: کۆ دەبینەوە و بڵاوە ناکەین. کۆبوونەوەکە چەندە پێش بکەوتایە، ترس بە دەموچاوی نوێنەرە ئیمپراتۆرییەکەوە زیاتر دەر دەکەوت، چونکە هەزاران چاوی تووڕە مرخیان لێ دەکرد. لە کۆتاییدا نەیتوانی زیاتر دان بە خۆیدا بگرێ و بەبێ ئەوەی ئازاری پێ بگا شوێنەکەی بەجێ هێشت.

گردبوونەوە پێویستی بە کۆمەڵەیەکی گشتیی ڕەسمی نییە تا بڵاوەکردن ڕەت بکاتەوە، دەکرێ کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی ئاسایی یاخۆ گردبوونەوەیەکی نارەزایانەی خۆبەخۆ بێ. لە ١٧ی شوباتی ١٩٥٩ نێزیکەی ١٥٠ تا ٢٠٠ کەسی ئەفریقیایی لە هەرێمی کوتاکوتا لە نیازیلاند ڕوویان کردە فەرمانگەی پۆلیس بۆ نارەزایی دەربڕین دژی گرتنی چەند کەسێکیان بەتۆمەتی ئەنجامدانی کاری ئاژاوەگێڕی لە ڕۆژی ڕابردوودا و داوایان کرد ئەوانیش لەگەڵیاندا بگرن، پاساوەکانی کۆمسیاری هەرێمەکەیان لەبارەی گرتنەکان و پێشنیازکردنی بینینی شاندێکیان هەروەها فەرمانی بڵاوەکردنیان ڕەت کردەوە. "لەو کاتەدا پۆلیس بۆمبی فرمێسکرێژ و کوتەکیان بەکار هێنا".

شێوەیەکی تری بڵاوەنەکردن هەیە ساڵی ١٩٦٨ شاندی دانوستانکاری چیکۆسلۆڤاکیا کە پاش داگیرکردنی ئەو وڵاتە لە مۆسکۆ دانوستاندنی دەکرد، جێبەجێی کرد، شاندەکە لە فڕۆکەخانەی مۆۆسکۆ زانیی کە یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە بەناوی فرانچیسک کریفل دیار نییە، کە ئەندامێکی لیبرال بوو لە دەستەی سەرۆکایەتیی حزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکیا و جوولەکەیەک بوو کە بەرپرسانی سۆڤیەت ڕقیان لێی بوو. ئەندامانی شاندەکە ڕازی نەبوون بەبێ کریفل سەفەر بکەن و گەشتەکەیان دوا خست تا بەرپرسانی ڕەسمیی سۆڤیەت ناوبراویان بەردا و شاندەکە گەڕایەوە پراگ.

٦- خۆپیشاندانی دانیشتن

خۆپیشاندانی دانیشتن یەکێکە لە شێوەکانی هاوکارینەکردن، تێیدا بەشداران بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان دیارینەکراو لەسەر زەوی، لە شەقام و ڕێگەکان، دادەنیشن و ڕەتی دەکەنەوە خۆویستانە شوێنەکە چۆڵ بکەن. لەوانەیە خۆپیشاندانی دانیشتن کارێکی خۆبەخۆ بێ، یان کاردانەوەیەکی پێشوەخت تەگبیر بۆکراو بێ وەک کاردانەوە دژی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانێک و شتی لەو شێوە. یاخۆ لەوانەیە کارێک بێ شان بەشانی یاخیبوونێکی مەدەنی لەدژی یاسایەکی ڕەسمی، ئەم جۆرە خۆپیشاندانە نموونەیەکی ڕژدە لە بەرگریکردنی ڕەمزی. هەروەها لەوانەیە بەمەبەستی وەستاندنی هاتوچۆیەکی ئاسایی، یان ڕاگرتنی تانکەکان، یاخۆ بۆ بەرگرتن لە چوونە دەرەوەی فەرمانبەران یان کەسانی ڕەسمی لە کارەکانیان بۆ شوێنی تر، پەنا بۆ خۆپیشاندانی دانیشتن ببرێ. لەم کاتەدا کارەکە دەگۆڕێ بۆ ڕێگەی "دەستوەردانی ناتوندوتیژانە"، جا چ نارەزاییی ناتوندوتیژانە بێ یان بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە وەک پاشتر دەیبینین. لەم ساڵانەی دواییدا دەرکەوت خۆپیشاندانی دانیشتن بەشێوەیەکی زۆر فرەوان کاری پێ دەکرێ.

نێزیکەی پێنجسەد کەس لە کۆتاکانی نیسانی ١٩٦٠ لەکاتی شەڕی جەزائیردا خۆپیشاندانیان کرد لەدژی گرتنی شەش هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی باکوری ئەفریقیا لە فەرەنسا بەبێ دادگەییکردن یان لێکۆڵینەوە، خۆپیشاندەران ڕوویان کردە ناوەندی کۆکردنەوەکە لە دەوروبەری فنسین کە یەکێک بوو لە ناوەندە فەرەنساییەکان بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی عەرەب و لەبەردەم دەروازەکەیدا دانیشتن.

پاش ئەوەی پۆلیس ژمارەیەک لە بەشدارانی بەرەتای خۆپیشاندانەکەی دەستگیر کرد و بردنی بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکانی، شەپۆلی تری خۆپیشاندەران بەدوایاندا هاتن.

هەروەها ژمارەیەک خۆپیشاندەری تر لە مانگی ئایاردا بۆ دەربڕینی نارەزایی لەدژی هەمان سیاسەت لە نێزیک شەقامی شانزیلیزیە خۆپیشاندانی دانیشتنیان ئەنجام دا، پاش ئەوەی پۆلیس ڕێگەی پێ نەدان بگەنە وەزارەتی ناوەخۆ.

هەروەها لە بەهاری ١٩٦١ سێسەد هاوولاتیی نەرویجی نەیار بە تاقیکردنەوە ناوکەییەکان، پەنایان بۆ خۆپیشاندانی دانیشتن برد لەبەردەم باڵیۆزخانەی سۆڤیەتی لە ئۆسلۆ، ئەویش پاش ئەوەی سۆڤیەت ئاشکرایان کرد بەنیازن بۆمبێکی ناوکەیی بتەقێننەوە کە وزەکەی پەنجا میگاتۆنە.

لە ئایاری ١٩٦٢ نێزیکەی هەزار قوتابیی زانکۆی لشبۆنە خۆپیشاندانی دانیشتنیان ئەنجام دا لەدژی بڕیارێکی وەزیری پەروەردەی پورتوگال بە ڕێگرتن لە ئاهەنگەکانی ڕۆژی قوتابی.

لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٤ نێزیکەی پێنجسەد لاوی ڕووسیایی ئامادەی کردنەوەی پێشانگەی هونەرمەندی بەرهەڵست ئیلیا گلازنۆف لە گەلەریی مانیج لە مۆسکۆ بوون. کاتێ وەزیری ڕۆشنبیری دواخستنی گفتوگۆی لەبارەی کارە نمایشکراوەکان ڕاگەیاند، لاوەکان ڕازی نەبوون هۆڵەکە بەجێ

بێڵن و ڕایان گەیاند خۆیان گفتوگۆکە دەکەن. کاتێ بەرپرسانی ڕەسمی ڕوناکییەکانیان کوژاندەوە، ئامادەبووان لەسەر زەوی دانیشتن، سەرەتا بە ڕێکوپێکی چەپڵەیان لێ دەدا و پاشتر دەستیان بە هۆیهاکێشانی جۆرەوجۆر کرد. هێزی میلیشیا پاش سێ سەعات لە کردنەوەی پێشانگەکە ناچاری کردن هۆڵەکە چۆڵ بکەن.

قوتابییانی زانکۆی مەدرید لەکاتی هەڵمەتەکەیان بۆ دامەزراندنی یەکەتییەکی سەربەخۆی قوتابییان، لە ٢٤ی شوباتی ١٩٦٥ ڕێپێوانێکی بێدەنگیان ئەنجام دا کە لەکاتی گەیشتنیان بە بەربەستی پۆلیس و ڕێ لێگرتنیان، گۆڕا بۆ خۆپیشاندانی دانیشتن.

خەباتی هندی لە هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١ نموونەی فرەجۆریان پێشکێش کردووە لانی کەم لە دوو بۆنەدا، کاتێ پۆلیس بۆ ڕێگرتن لە تێپەڕبوونی خۆپیشاندانێکی خەباتکارە ناتوندوتیژەکان، خۆپیشاندانێکی دانیشتنیان لە شەقامەکەدا ئەنجام دا. لە ئایاری ١٩٣٠ و لەکاتی هەڵمەتی "خوێ"کەدا کۆمەڵێ لە لایەنگرانی مەهاتما گاندیی ناتوندوتیژ بە سەرۆکایەتیی ساروجینی نایدۆی شاعیر ڕوویان کردە کۆگەی خوێیەکە و پۆلیس بەرەو ڕوویان بوونەوە، ئەفسەری پۆلیسەکە ڕووی کردە خۆپیشاندەرەکان و گوتی: لێرە دەمێنینەوە و خۆمان ناتوندوتیژی جێبەجێ دەکەین تا ئەو کاتەی ئێوە ناتوندوتیژ بن. بەڵام پاش بیست و هەشت سەعات لە بەرەنگاریکردن بە دانیشتن، پۆلیس ئارامی نەما و ڕێگەی توندوتیژانەتری بەکار هێنا.

پاش چەند هەفتەیەک پۆلیسی چەکدار لە شاری بۆمبای ڕووبەڕووی ڕێپێوانی نێزیکەی سی هەزار پیاو و ژن و منداڵ بووەوە. خەڵکەکە خۆپیشاندانی دانیشتنیان لە شەقامەکاندا ئەنجام دا و پۆلیسیش هەر بەو شێوازە بەرەنگاریان بوونەوە. چەند سەعاتێک بەو شێوەیە درێژەی کێشا.

کاتێ لایەنگرانی خۆپیشاندانەکە لەو شەوە باراناویەدا خواردن و ئاو و پەتوویان بۆ هێنان، خۆپیشاندەرەکان وەک هێمای نیازپاکی، ئەو شتانەیان دایە پۆلیسەکان. لە کۆتاییدا پۆلیس کشایەوە و خۆپیشاندانەکە بە ڕێپێوانێکی سەرکەوتوو لە نیوەی شەودا کۆتای هات.

٧- هاوکارینەکردن لە بواری بەسەربازکردنی زۆرەملێ و دوورخستنەوەدا

بۆ بەرهەڵستیکردنی شێوە جۆرەوجۆرەکانی بەسەربازکردنی زۆرەملێی حکوومی و دوورخستنەوە، پەنا دەبرێ بۆ ڕەتکردنەوەی فەرمانەکانی تۆمارکردنی کەسەکان، یان ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی "ئەرک" یاخۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی دوورخستنەوەدا. پاڵنەرەکانی دەسەڵات بۆ دوورخستنەوە جۆرەوجۆرن: لەوانەیە دەسەڵات بیەوێ دانیشتووان لە ناوچەیەک بگوازێتەوە، یان هەڵگەڕاوانی سیاسی دوور بخاتەوە، یان کارێکی زۆرەملێیانە ئەنجام بدا، یاخۆ ئامانجی لەناوبردنی کۆمەڵێکی چارەنەویستراو بێ. ئەم جۆرە هاوکارینەکردنە دەکرێ ببێتە شێوەیەک لە شێوەکانی یاخیبوونی مەدەنی یاخۆ یاخیبوونی میللی. لێرەدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ پۆلبەندی کراوە لەبەرئەوە بابەتی گرینگ یاخیبوونەکە خۆی نییە، بگرە ڕەتکردنەوەی هاوکارییە لەگەڵ بەرنامەی بەسەربازکردن یان دوورخستنەوەکە.

ئەم جۆرە هاوکارینەکردنە جگە لە یاخیبوون، ژمارەیەک چالاکیی تایبەتیش لەخۆ دەگرێ. لە زۆر بۆنەدا هاوکارینەکردن لە بواری بەسەربازکردنی زۆرەملێدا بینراوە.

بۆ نموونە لە مەجەر، لەنێوان ساڵانی ١٨٢٠ و ١٨٢٥ جەماوەر ڕووبەڕووی ئەو بەسەربازکردنە زۆرەملێیە بووەوە کە نەمسا بەسەر وڵاتیدا سەپاند، هەروەها لە ساڵی ١٨٦١یشدا سەری هەڵدایەوە.

فینلەندییەکان لە خەباتیاندا لەپێناو سەربەخۆیی دژ بە ڕووسیای قەیسەری، بەسەربازکردنی زۆرەملێیان ڕەت کردەوە. کاتێکیش سیستمی بەسەربازکردن لە ساڵی ١٩٠١ بە مەرسوومێکی ئیمپراتۆری بەسەر فینلەندادا سەپێنرا، "کاهینەکان بڵاوکردنەوەی یاساکە لە گوندەکان و دادوەر و پارێزەرەکان کارپێکردنی و سەربازەکان جێبەجێکردنیان ڕەت کردەوە".

بۆ ئەوەی بەسەربازکردن زیاتر مایەی قبوولکردن بێ، قەیسەر مەرسوومێکی دەرکرد و ئاشکرای کرد یەک لەسەدی ئەوانەی لە هەر کاروانێکدا دەکرێنە سەرباز، بە تیروپشک هەڵدەبژێردرێن و لە سوپادا خزمەت دەکەن.

ئینوا جوتیکلا لەم بارەوە دەنووسێ: لەکاتی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٠٢دا لانی کەم سێ لەسەر پێنجی ئەو لاوانەی گەیشتبوونە تەمەنی بەسەربازکردن، هەروەها ٨٠٪ی قوتابییانی زانکۆیش خزمەتکردنی ئاڵایان ڕەت کردەوە. وێڕای ئەوەی بەرگریکردن لە دوو هەڵمەتەکەی داهاتوودا کەمتر سەرکەوتوو بوو، بەڵام هێندە بەهێز بوو ڕووسیای ناچار کرد دەست لە هەڵمەتەکە هەڵگرن و فینلەندییەکان لە خزمەتی سەربازی بوێردران و لەبری ئەوە فینلەندا ناچار کرا باجێکی ساڵانەی کەم بداتە ئیمپراتۆریەت. سەربازانی فینلەندی بەشێوەیەکی بەردەوام لە شەڕی ڕووس و ژاپۆنیدا خۆیان بزر دەکرد، هەروەها لە خزمەتکردنی قەیسەر لەکاتی شۆڕشی ١٩٠٥.

هەروەها نیوزیلەندا ساڵی ١٩١٣ شەپۆلێکی فرەوانی ڕەتکردنەوەی بەسەربازکردن و مەشقی سەربازیی بەخۆوە بینی. زۆر کەس سزای بەندکردنیان لە سەربازگەکانی گرتندا بەسەردا سەپێنرا. ساڵی ١٩٣٠ نێزیکەی پەنجا هەزار لاو کە تەمەنیان لەنێوان چواردە ساڵ و هەژدە ساڵدا

بوو مەشقی سەربازییان ڕەت کردەوە.

ئەم ڕێگەی هاوکارینەکردنە، دژ بە هەڵمەتەکانی بەسەربازکردن و دوورخستنەوە و کاری بەزۆر و جینۆساید بەکار هاتووە. ژمارەیەک جوولەکە، کە پێدەچێ ژمارەیان کەم بووبێ، ڕەتیان کردەوە لەژێر سایەی حوکمی نازیەکاندا خزمەتی ئاڵا بکەن. ساڵی ١٩٣٩ لە کۆی ٢٠٠ هەزار جوولەکە لە بەلجیکا، تەنیا نێزیکەی ٤٢ هەزاریان لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٠دا لای پۆلیس ناوی خۆیان تۆمار کردبوو. هەروەها لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ تەنیا ١٢٠٠ جوولەکە لە تۆماری ئەنجوومەنی جوولەکە لە ئەتینا تۆمار کران، جوولەکەکانی گیتۆی شاری لۆدج لە پۆڵۆنیا، بۆ دەبڕینی هاوکارینەکردنیان لەگەڵ فەرمانەکانی ئەڵمانیا بۆ چۆڵکردن، ڕازی نەبوون بەشە خۆراکی خۆیان لە وێستگەی ناوەخۆیی هێڵی ئاسن یان لە گرتووخانەی ناوەندی وەربگرن.

کاتێ لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٤ فەرمان بۆ هەموو ئەو جوولەکانەی لە براتیسلاڤا لە چیکۆسلۆڤاکیا لە ژیاندا مابوون دەرچوو، کە لە هۆڵی شار ئامادە بن تا بگوازرێنەوە بۆ سەربازگەی سیریر، تەنیا پەنجایان فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد و لانی کەم شەش هەزار کەس لە حەشارگەکانیاندا خۆیانیان پەنا دا.

ئەم ڕێگەیە لەلایەن خەڵکانی ناجوولەکەیشەوە دژ بە نازیەکان بەکار هاتووە. لە هۆڵەندا تەنیا چەند هەزار لە سەربازانی پێشوو ملکەچی فەرمانەکانی دوورخستنەوە و گرتن لە ئەڵمانیا بوون، هەروەها نێزیکەی سەدی حەفتای قوتابییان بە کارکردن لە ئەڵمانیا قایل نەبوون. وا دیارە ئەڵمانەکانیش هەوڵێکی ئەوتۆیان بۆ دەستگیرکردنی ئەو قوتابییانە نەداوە.

٨- خۆحەشاردان و هەڵاتن و ساختەکردنی ناسنامە

خۆحەشاردان و هەڵاتن و ساختەکردنی ناسنامە بەشێک نییە لە چالاکیی ناتوندوتیژانەی ئاسایی، ئەوانە کۆمەڵە ئامرازێکن لە خۆیاندا نارەزایی یاخۆ بەرگری نین و بەگشتی رەنگدانەوەی ترسێکن، پرۆسە کردەییەکەی تەکنیکە کارپێکراوەکە پەک دەخا. بەهەر حاڵ، هەندێ بارودۆخ هەیە دەکرێ تێیدا ببنە رێگەیەک بۆ چالاکیی ناتوندوتیژانە، کە بە تێکرا بارودۆخێکی سیاسییە تێیدا رژێمی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدا لەبەر هۆکاری ئایدیۆلۆجی، یاخۆ وەک بەشێک لە هەڵمەتێکی سەرکوتینی بەرفرەوان، کۆمەڵە خەڵکێک بگرێ، یان بەند بکا و لەوانەیشە لەناو ببا. هەروەها دەکرێ لەسەر کۆمەڵە کەسێک جێبەجێ بکرێ کە کراونەتە ئامانج، وەک بارمتە، ئەویش لەپێناو کاری سەرکوتکەرانە، یان کارێکی زۆرەملێیانە یان خزمەتێکی سەربازی.

بێگومان بریاری هەڵاتنی کۆیلەکان بەرەنگاریکردنی سیستەمی کۆیلایەتی بوو. پێویستە لە هەندێ حاڵەتدا ئەندامانی بزووتنەوە بەرگریکارەکە هەوڵ بدەن خۆیان بشارنەوە.

هەڵاتن و یارمەتیدانی کۆیلە هەڵاتووەکان لە باشوور لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەکاتی شەری ناوخۆدا بە کردەوە رێگەی بەرەنگاریکردنی سیستمی کۆیلایەتی بوو.

کارلتۆن موبی لەم بوارەدا دەڵێ لە دەیەی پێش لە شەری ناوەخۆ، زیاتر لە ١٠٠ هەزار کۆیلە توانییان سەرکەوتووانە هەڵبێن. وێرای یاسای فیدراڵی لەبارەی هەڵاتنی کۆیلەکان کە بەپێی یاساکە دەبێ ئەو هەڵاتووانە بگەرێنرێنەوە، کەچی ساڵی ١٨٥٠ ژمارەیەکی بێ وێنە کۆیلە توانییان هەڵبێن.

ئەم رێگەیە لەکاتی شەری جیهانیی دووەمدا بۆ دەربرینی

هاوكارینەكردنی سیاسی بەشێوەیەكی بەرفرەوان بەكار هات. بە گوتەی دكتۆر ل.دوجونگ لە هۆڵەندا ئەم ڕێگەیە تەنیا لەلایەن گرووپە بەرهەڵستكارەكانەوە بەكار نەدەهات كە پێویستیان بە ساختەكردنی بەڵگەنامەكانیان هەبوو، بگرە لەلایەن چەندان توێژی فرەوانی دانیشتووانیشەوە بەكار دەهات كە ئەڵمانەكان لەبەر هەر هۆیەک بێ ڕاوەدوویان دەنان. نێزیكەی ٢٥ هەزار جوولەكەی هۆڵەندایی خۆیان لە پەناگە نهێنییەكاندا شاردەوە. ئەو نهێنیبوونە پاشتر توێژێكی فرەوانی دانیشتووانی گرتەوە، وەک ئەوانەی ئەگەری ئەوە هەبوو بۆ ئەڵمانیا دوور بخرێنەوە، هەروەها ئەندامانی پێشووی هێزە چەكدارە هۆڵەندایییەكان و ئەو قوتابییانەی ڕازی نەبووبوون لابەندیی خۆیان بۆ ڕیژیمی نوێ ڕابگەیەنن، هەروەها ئەو كرێكارانەی ناچار كرابوون پاڵپشتیی بەرهەمی ئەڵمانی بكەن. ژمارەی كەسە قاچاخ یاخۆ "نهێنییەكان" لە هاوینی ١٩٤٤دا گەیشە زیاتر لە سێسەد هەزار كەس كە پێویستیان بە دابینكردنی حەشارگە و بەڵگەنامەی ساختە و كۆبۆنی خۆراک هەبوو.

هەندێ لە هۆڵەندایییەكان بۆ خۆلادان لە پلانەكانی نازیەكان پەنایان بۆ هەڵاتن دەبرد، نەخاسمە ئەو قوتابییانەی، جیاواز لەو گرووپانەی لە بەشی پێشوو باس كران، ناویان بۆ كاركردن لە ئەڵمانیا تۆمار كرابوو و هەلومەرجی ژیانیان لە سەربازگەكانی بەندكردندا زۆر خراپ بوو، تەنانەت بەو هۆیەوە هەندێكیان گیانیان لەدەست دەدا. ڕێگەیەكی هەڵاتنیان بۆ گەڕانەوەیان لە ئەڵمانیاوە بۆ ولاتەكەیان بۆ مسۆگەر كرا. پێش لە كۆتایی شەڕ، زۆربەیان هەڵاتبوون و گەڕابوونەوە بۆ هۆڵەندا.

ئەم ڕێگەیە مۆركێكی هاوبەشی هەبوو كە جوولەكەكانی ولاتانی تری ئەوروپا بەكاریان هێنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێوشوێنەكانی نازییەت. كاتێ هێزەكانی ئەڵمانیا لە ئایاری ١٩٤٠دا پەلاماری بەلجیكایان دا سێیەكی

جوولەکەکانی بەلجیکا کۆچیان کرد بۆ فرەنسا. لە کۆی ٥٢ هەزار جوولەکە لە کۆتاکانی ١٩٤٠، ئەڵمانەکان تەنیا توانییان ٢٥ هەزاریان دوور بخەنەوە. ڕەنگە لە گرینگترین کۆسپەکانی بەردەم ئەڵمانەکان، وەک بارجنی نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ئەیلوولی ١٩٤٢ باسی کردووە، بریتی بووبێ لە فرەوانیی ڕادەی هەڵاتن، لەنێویاندا هەڵاتنی جوولەکەکان کە خۆیان لەناو ماڵباتە بەلجیکیەکاندا حەشار دەدا، بەکارهێنانی ناسنامەی بەلجیکی و هەروەها گەشتە ئاسمانییەکان بۆ ناوچە ئازادکراو و داگیرکراوەکانی فرەنسا.

لە کۆی هەشت هەزار جوولەکە کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ لە ئەتینا بوون، لەکاتی دەرچوونی بڕیاری تۆمارکردنیان لە ١٨ی کانوونی یەکەم، ٦٨٠٠ کەسیان خۆیان شاردبووەوە و پاشتر تەنیا چەند سەد کەسێکیان ئاشکرا بوون.

ئەرکی سەرەکیی لاوانی باوم گرووپی بەرگریکاری جوولەکە بۆ چەند مانگێکی هەردوو ساڵی ١٩٤١ و ١٩٤٢ بریتی بوو لە پارە کۆکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی ئاری و پاسپۆرت کە زۆربەیان ساختە بوون، کە دەرفەتی بۆ جوولەکەکان ڕەخساند هەڵبێن، یاخۆ لە دەوروبەری بەرلین بژین.

ژمارەی ئەو جوولەکانەی تەنیا لە وارسۆ هەڵگری ناسنامەی ساختەی ئاری بوون بە بیست و پێنج هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. یوری سیل باس لەوە دەکا کە چۆن چۆنی سەمحا بولیکافیچ کە لە سەربازگەی قەڵاچۆکردنی تریبلنکا هەڵاتبوو، بە ناسنامەی ساختە بەناوی ستانسیلاف فرۆیل ڕزگار کرا، کە پیاوێکی پۆڵەندیی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی بوو و چەند هاوڕێیەکی پۆڵەندی بۆیان پەیدا کرد. هەروەها ژمارەی ئەو جوولەکانەی لەو ساڵانەدا لە سلۆڤاکیا خۆیان حەشار دابوو یان ناسنامەی ساختەیان پێ بوو بە چەند سەد کەسێک مەزەندە دەکرێ.

لە کەنەدا، فەرەنسایییەکانی ولآت لەکاتی شەڕی جیهانیی یەکەمدا بەرەنگاریی خزمەتکردنی سەربازییان کرد، ئەویش بە ناردنی کوڕەکانیان بۆ حەشارگەکان و ڕەتیان دەکردەوە ئەو حەشارگانە ئاشکرا بکەن. ئێستەشی لەگەڵدا بێ چارەنووسی چل لەسەدی ئەوانەی ناویان لە لیستەکاندا تۆمار کرابوو دەرنەکەوت، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکیان هەر تۆمار نەکرابوون.

٩- یاخیبوونی مەدەنی لە یاسا ناشەرعییەکان

یاخیبوونی مەدەنی بە پێشێلکردنێکی بەئەنقەست و کراوە و ئاشتییانەی یاسا تایبەتەکان و ڕێورەسمەکان و ڕێنوێنییەکان و یاداشتەکان و فەرمانە سەربازی و پۆلیسییەکان و هاوشێوەکانیان دادەنرێ، کە بەهۆیەک لە هۆکان بە ناشەرعی دانراوە. یەکێک لە پەرگیرانەترین شێوەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی و یاخیبوونی مەدەنی بریتییە لە گوزارشتکردن لەو بنەوایەی کە خەڵک پێی وایە بەرپرسیاریەتیی مەعنەوییان لەسەر شانە بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو یاسایانەی مرۆڤ دایناون و پێشیان وایە بەو کارەیان یاساکانی خواوەندەکان جێبەجێ دەکەن.

ئەندامانی گردبوونەوە ئاینی و سیاسییەکان، لانی کەم لە سەردەمی سوقراتەوە، ئەزموونی کێشەی لابەندییان بەخۆوە بینیوە و دەبوو لەنێوان ملکەچکردن بۆ ئەو یاسایانەی حکومەتەکان دایانناوە کە بە بەزاندنی باوەڕەکانیان دادەنرا و بەرهەڵستیکردنی ئەو یاسایانە و مانەوە بە دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕەکانیان، یەکێکیان هەڵبژێرن.

هەروەها یاخیبوونی مەدەنی بە پێشێلکردنێکی بەئەنقەست و کراوە و ئاشتییانەی ئەو یاسایانە دادەنرێ لەو کاتەی بڕوا وا بێ یەکێک لە یاساکان ناشەرعییە لەبەرئەوەی ئەو دەستەی یاخۆ کەسەی دایناوە دەسەڵاتی دانانی ئەو جۆرە یاسایەی نییە. لەشوباتی ١٧٧٦ ئیدمۆن بندلتۆن، کە لە

بەناوبانگترین مافناسەکانی ویلایەتی ڤێرجینیایە و هەروەها دادوەر و ئەندامی ئەنجوومەنی گشتییە، لە نامەیەکدا بۆ جایمس مادیسۆنی کوڕی بۆچوونی خۆی لەبارەی ئەو مشتومڕەی ئاخۆ بە یاخیبوون یان یاخینەبوون مامەڵە لەگەڵ یاسای پوولەکان بکرێ لەئارادا بوو نووسیی: دادگەکان دەتوانن چالاکییەکانیان ڕابگرن و بەوەیش وەرگرتنی ڕەسمیی پوول لەسەر هەندێ بەڵگەنامە ڕابگرن، یان دەتوانن بەشێوەیەکی سروشتی کار بکەن بەڵام یاساکە پێشێل بکەن و ڕەسمی ناوبراو وەرنەگرن.

بۆچوونەکەی بندلتۆن لەسەر ئەوە دامەزراوە کە ئەو "سوێندی خواردووە حاڵەتە یاساییەکان دیاری بکا، لەو ڕووەیشەوە پێی وایە پەرلەمان دەسەڵاتی سەپاندنی یاسای پوولەکانی نییە، بۆیە ناکرێ وەک یاسا سەیری ئەو شتە بکرێ. لێرەشەوە ئەگەر بەو شێوەیە ڕەفتار نەکا هەست دەکا سوێندەکەی شکاندووە".

تیۆریی یاخیبوونی مەدەنی لە سەردەمە نوێکاندا نوێ کراوەتەوە بەشێوەیەک جەماوەری زیاتر ببێ، ئەویش لەڕێی کارەکانی هنری داڤید پورو لە توێژینەوە بەناوبانگەکەیدا لەو بارەوە. بەڵام گاندی گەورەترین بەشداریی کرد لە پەرەپێدانی یاخیبوونی مەدەنی و کردنی بە ئامرازێک بۆ دەربڕینی چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر ئاستی جەماوەری. گاندی دەنووسێ: بۆ ئەوەی یاخیبوون مەدەنی بێ پێویستە کراوە و ناتوندوتیژانە بێ.

گاندی وەک سازانێک لەنێوان شارستانێتی و یاخیبوون سەیری یاخیبوونی مەدەنیی دەکرد و پێویستە لە ڕەفتارێکی مەدەنیی ناتوندوتیژانەدا دەربکەوێ. پەنابردن بۆ یاخیبوونی مەدەنی پاش شکستهێنانی هەوڵەکانی تر بۆ گۆڕینی حاڵەتێکی نەویستراو دێ، یان کاتێ وا دیار بێ کە هیچ بەدیلێکی نییە، یاخۆ لەو حاڵەتانەی مرۆڤ یان گرووپەکە

ڕووبەڕووی دۆخێکی چارەنوسساز ببێتەوە و تێیدا سەرکردایەتی درۆ بکا.

پاساودانی نویّ بۆ ئەم یاخیبوونە مەدەنییە، بەزۆری پشت بەو قەناعەتە دەبەستێ کە گوێڕایەڵیکردن دەبێتە هاوواتای کارێکی نادروست یان نائەخلاقی، یاخۆ هەر گوێڕایەڵییەکە خۆی وەک کارێکی ناشەرعی دێتە بەرچاو.

ئەم تێڕوانینە وێنەیەکی زەقی لە حاڵەتەکەی پاڤیڵ هۆستدا بەرجەستە بووە لە هۆڵەندا لە ساڵی ١٩٥٤، کاتێ ناوبراو لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی هونەر و ڕۆشنبیریدا لە ئەرکەکەی دوور خرایەوە، کە هاوکات سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنەکە جیرزی بورقانیش لە پۆستەکەی دەرکرا، لەبەرئەوەی بەناوی حزبی شیوعیەوە کاری بۆ سەپاندنی چاودێرییەکی توند بەسەر ئەنجوومەنەکەدا کردبوو، گوتی "ئەگەر بورقان داوام لێ بکا لە پەنجەرەوە خۆم فڕێ بدەم و منیش وام کرد، ئەوە هەردووکمان گوناهبار دەبین، ئەو لەبەرئەوەی فەرمانەکەی دەرکردووە و منیش لەبەرئەوەی جێبەجێم کردووە". ئەم ڕستەیە پاشتر بە بەرفروانی لە پۆڵەندادا دەگوترایەوە.

دەکرێ یاخیبوونی مەدەنی لەلایەن تاک و گرووپەکان و جەماوەر و داوودەزگە ڕێکخەرەکان و تەنانەت حکوومییەکانیش وەک جۆرێک لە هاوکارینەکردنی سیاسی دژ بە ڕیژیمە "ناشەرعیەکان" ئەنجام بدرێ. تاکەکان هەندێ جار بە ڕاڕایی پەنا بۆ یاخیبوون دەبەن، لەبەرئەوەی بەجدی نایانەوێ ئەو هاوسەنگییەی هەیە بیشکێنن و هەروەها بۆ ئەوەی بەئەمەک بمێننەوە بۆ قووڵترین بیروباوەڕەکانیان کە ئەویش "یاخیبوونی مەدەنیی پوختە"یە.

لەوانەیە ئامانجی یاخیبوونی مەدەنی گۆڕینی یەکێک لە ڕواڵەتەکانی سیاسەتی ڕیژیمێک، یان یاسایەکی دیاریکراو یان ڕێکخستنێکی تایبەت بێ کە بە ناشەرعی و نادادپەروەر دادەنرێ: ئەمە یاخیبوونی مەدەنیی

چاکسـازییانەیە. هـەروەها دەکرێ لە حاڵەتەکانی پشـێویی کۆمـەڵایەتی و سیـاسـیی مـەزندا پەنای بۆ ببـرێ، لەو بارەدا یاخـیـبوونـی مـەدەنی دەبێـتە یەکێک لەو هۆکارانەی ڕیژیمێکی سـتـەمکار و سـەرکوتکەر لـە بن دێنن یان فـەلەجـی دەکـەن بەمـەبەسـتی گۆڕینـی بە ڕیژیمێکی نوێ: ئەمـە یاخـیـبوونی مـەدەنیی شـۆڕشگێڕانەیە. هـەروەها دەشکرێ پەنا بۆ یـاخـیـبوونی مـەدەنی ببـرێ بۆ بەرەنگاریکردنی ڕیژیمێکی نوێی نـاشـەرعی، ناوەخـۆیی بێ یاخـۆ بیــانی، ئـەوەیش وەک بەرگــریکردن لە ڕیژیم یان یاســا شــەرعــیــیــەکــە (یاخـیـبوونی مـەدەنیی بەرگریکارانە). لەوانەشـە ئەم شـێوانەی یاخـیـبوونی مەدەنیی تێهەڵکێش بن.

گــاندی وەک ئامــرازێکی کــاریگـەر کـە یارمــەتیی تێکوپێکدانی یاســا زۆردارانەکان دەکا سـەیری یاخیبوونی مەدەنیی دەکرد، وەک ئەوەی هـەسـتی کـردبێ کە دەتوانـرێ بۆ ئامـانجی دوورتر لەوەیش بەکـار بێ. گـاندی دەڵێ: یاخیبوونی مەدەنیی تەواو شۆڕشێکی خاڵیە لە ڕەگەزی توندوتیژی.

بۆچوونی وا بوو یاخیبوونی مەدەنی لەوانەیە:

– چاکسازیکردنی هەڵەیەکی ناوەخۆیی بێ.

– درەوشــانەوەی قــوربانـیـدانێکی خــودی بـێ کــە ئامــانجـی بزوانـدنی هۆشیاریی میللی و ویژدانەکانە لەبارەی هەڵەیەکی دیاریکراو.

– پێداگری بێ لەسـەر دەرچەیەکی تایبەت کە بە بەشدارییـەک دادەنرێ لە خەباتێکی سیاسیی فرەوانتردا.

گـاندی پێی وا بوو یاخـیـبـوونی مــەدەنی مــەترسـیــیــە لـەسـەر دەوڵەتە ئۆتۆکراتەکان، بـەڵام زیانی نییـە بۆ دیموکراسیـەتێک کە سـوور بێ لەسـەر ڕێزگرتـنی ڕای گشتی و بە مافێکی سروشتیی هاووڵاتیی دادەنا و جـەختی لەوە دەکـرد هـەر دەسـتـدرێژییـەک بەمـەبەسـتی لەناوبردنی، دەسـتـدرێژییـە بەمەبەستی بەندکردنی ویژدان.

نموونە لەسەر یاخیبوونی مەدەنی زۆر و زەوەندن. لەوانە بۆ نموونە نەریتی بڵاوکردنەوەی کۆنووسی گفتوگۆکانی پەرلەمانی بەریتانی کە پاش زنجیرەیەک یاخیبوونی مەدەنی پەسند کرا. ئەوە بوو ئەنجوومەنی لۆردان ساڵی ١٦٦٠ و ئەنجوومەنی گشتی (عموم)یش ساڵی ١٦٦١ بە بڕیارێک بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بە گفتوگۆکانی ناو ئەنجوومەنیان قەدەخە کرد. ئەنجوومەنی گشتی ساڵی ١٧٢٣ و جارێکی تریش لە ساڵی ١٧٦٠ جەختی لەو قەدەخەیە کردەوە:

بەڵام ئەمە، وەک جیبسۆن باسی دەکا، ڕێی لە جۆن ئالمون نەگرت کە ساڵی ١٧٦٨ دەست بکا بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تێر و تەسەل لەبارەی وردەکاریی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان. دوای ئەو چەند ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و هەفتانەیش هەمان کاریان کرد. هەشت ڕۆژنامە بەهۆی ئەوەوە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٧٧١ لەلایەن ئەنجوومەنی گشتییەوە دووچاری ڕاوەدونان بوون. کێشەکە گەیشتە لوتکەی توندیی خۆی کاتی هەردوو بڵاوکەرەوە جۆن ویبی لە ڕۆژنامەی میدیلسکس و ڕۆجەر تۆمبسۆن لە ڕۆژنامەی گازیاتر، بە ئاشکرا گژبەریی فەرمانەکانی پەرلەمانیان کرد و بەو هۆیەوە دەستگیر کران.

کاتێ ئەو دوو پیاوە لەبەردەم دوو دادوەری نەرمدا، کە یەکێکیان جۆن ویلکس بوو ڕاگیران، دادگە چاوپۆشیی لەو دوو کێشەیە کرد، بەڵام ئەنجوومەنی گشتی سزای دوو دادوەری دا کە ئەندامی ئەنجوومەن بوون، بە بەندکردنیان لە تاوەری لەندەن:

ئەم کارە جەماوەری تووڕە کرد بەشێوەیەک خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان دژ بە لۆرد تورپ گۆڕان بۆ خۆپیشاندان دژی پاشایش. بەرەنجامی کێشەکەیش دەرچوونی دوو بڵاوکەرەوەکە بوو بەبێ سزا و ڕۆژنامەکان لە بڵاوکردنەوەی وتووێژەکانی پەرلەمان بەردەوام بوون، بە ڕەسمی ئەو

مـەرسوومـانە هـەڵنەوەشـێنرانەوە کـە بڵاوکـردنەوەی گـەنگەشـەکانیـان قەدەخـە کردبـوو، بەڵام پەرلەمان لە سـاڵی ١٧٧١ هـەموارکردنێکی دەسـتووری پەسند کـرد، تێـیـدا بڕیـار دراوە سـزاکـان بەتوندی لـەسـەر بڵاوکـەرەوەکـان پیـادە نەکرێن، ئەویش وەک ڕێزگرتنێک لە هـەستی ڕای گشتی.

ڕەتکردنەوەی جێبـەجێکردنـی ڕەسمـی پوول لەلایـەن بازرگانانـی کۆڵۆنییـە ئەمـەریکیـیـەکـانەوە بە یـاخـیـبـوونی مـەدەنـی دانەدەنرا، ئەگـەر تەنیـا لەڕێی ڕاگـرتنی ئـەو چالاکـیـیـە جـیـاوازنـەی پێـویسـتـیـان بـەو پوولە هـەیە، هاوکارینەکردنیـان جێبەجێ بکردایە، بەڵام کاتێ درێژەیان بە کارەکانیان دا بەبێ بەکارهێنانی پوول لەسەر پەڕە و بەڵگەنامەکانیان، ئەو گژبەریکردنەیان بوو بە یاخیبوونی مەدەنی.

داوودەزگە حکوومیەکانیش دەتوانن پەنا بۆ یاخیبوونی مەدەنی ببەن، ئەوە بوو لـە ٢٠ی ئابی ١٧٧٤ وەک گـژبـەرییـەک بۆ فـەرمـانەکـانی حـاکـمی ویلایەتـەکە، کـۆبـوونەوەیەکی ڕەسـمـیی شـاری سـالم لە ویـلایەتی کـەنداوی ماسـاشـوسیتس بەسـترا، ئەنجوومەنـی نوێنەرانی کەنداوی ماسـاشـوسـیتس وەک یەکـەم کـۆنگرەی کیشـوەری گرێ درا، حـاکمی ویلایەتەکە ڕازگرەکەی خـۆی ڕەوانە کـرد تـا هـەڵوەشـاندنەوەی ئـەنجـوومـەنەکـە ڕابگەیەنـێ. بەڵام ئەندامـانی کۆبوونەوەکە دەرگـەکانیـان نـەکردەوە تا کۆبوونەوەکـەیان تەواو کـرد، ئەوەیش نـێـردراوەکـەی حـاکـمی ناچار کـرد ڕاگـەیاندنێک لەپشت دەرگەکانەوە بخوێنێتەوە.

هـەروەها ڕاگەیاندنی قـەدەخەکردنی کۆبوونەوە "ناشـەرعی"یەکان لە شار و ناوچـەکـان لەلایەن حـاکـمی ویـلایەتی کـارۆلینا مـارتنز، بەتایبـەت ئەو کۆبوونەوەیەی بڕیار بوو بۆ تەواوی هـەرێمەکە ساز بکرێ، هـەمان کاریگەریی فەرمـانەکانی قەدەخـەکردنی گەلی هـەبوو لە مافی ڕێکخستن و چالاکی وەک لە هـەرێمـەکانی تر هـەبوو. ئـەوە بوو لە ٢٥ی ئاب ئەنجـوومـەنی هـەرێمـەکە لە

شـاری نیـوبێـرن بە ئامـادەبوونی نوێنـەرانی ٣٢ هەرێم لە کـۆی ٣٨ هەرێم و نوێنەرانی دوو شار لە کۆی شەش شار کۆ بووەوە و حاکم و ئەنجوومەنەکەی ڕووبەڕووی بێئومێدییەکی گەورە بوونەوە.

سـاڵی ١٨٧٥ جـووتیـارە هەژارەکـان لـە گـوندەکـانـی هەرێمی شـیـفـرین لەنێـزیک کـیـێف، لە ڕۆژانی ڕووسـیـای قـەیسـەری، پاش هەڵوەشـاندنەوەی سیـستـمی کۆیلایەتی (قنانە) جۆرە یاخیـبـوونێکی مـەدەنیـان ئەنجام دا و داوای سـەرلـەنوێ دابەشکردنەوەی زەوییـەکـانیـان دەرکـرد بـە دادپەروەرانە لەبـەرامـبـەر هـەڵمـەتی جـووتیـارە دەوڵەمـەندەکـان بـۆ بەیاسـاییکردنی مـوڵکدارێتییان بۆ پارچە زەویی فرەوانتر کە بەدەر لە واتەکانی ڕێککەوتن دەستیان کەوتبوو. جووتیارەکان ڕازی نەبوون بە توندوتیژی دەست بەسەر زەوییـەکاندا بگرن و دڵنیا بوون لەوەی بەپێی ویسـتی قـەیسـەر هەڵسوکەوت دەکـەن، تـەنانەت گـتـیـان کـرد لە ئـیـمـزاکـردنی کـارتەکـانی تاپۆکـردن و هەندێکیـان، وێڕای سـەرکـوتکردنی توند و دارکـاری و بەندکـردن، ئامـادە نەبوون ڕەسـمەکان بدەن. لە کۆتاییدا تەنـانەت پارچە زەوییەکانی خۆیشیان لەدەست دا.

لە زسـتـانـی ١٩١٤-١٩١٥ هەشـتـا و سـێ ئەندامی یەکـەتیی ناودەوڵەتیی کرێکارانی پیشەسازی لە شاری سیو لە ویلایەتی ئەبوا بەند کران بەتۆمەتی پێـشـێلـکردنی یاسـاکـانی شـار لەبارەی بەسـتنی کـۆبوونەوە گـشـتـیـەکـان. چەندانیـان بەتایبـەت لە نـاوچەی ترەوە هـاتبـوون بۆ شـارەکـە بـەمـەبەسـتی شکاندنی بڕیاری قەدەخەکردنەکە.

لەکاتی مـانگرتنە بەناوبانگەکەی پیشـەسازیی ئۆتۆمبێل لە تۆلیرۆ-ئۆهایۆ سـاڵی ١٩٣٠، مـانگرەکان خـۆیان لە فـەرمانەکـان نەبان کرد و بەهێـمنی و خـۆویستـانە خـۆیان بەدەست گرتنـەوە دا، بەشـێوەیەک هەمـوو ئۆتـۆمـبێل و گرتووخانەکانی پۆلیسیان پڕ کرد.

یاخیبوونی مەدەنی لەکاتی هەڵمەتەکەی هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١ لە هندستان بە چەندان ڕێگە بەڕێوە چوو، لەوانە بەرهەمهێنان و فرۆتنی خوێ بە ئاشکرا کە ئەوە شکاندنی یاسا بوو، لەوانە فرۆشتن و خوێندنەوەی ئەدەبیاتە قەدەخەکان بەئاشکرا، لەوانە گژبەریکردنی قەدەخەکان لە خۆپیشاندان و ئاهەنگە جەماوەریەکاندا، لەوانە بەرهەڵستیکردنی یاساکان و فەرمانەکانی پۆلیس، لەوانە دواجار پێشێلکردنی چەند یاسایەکی دیاریکراو.

هەروەها لەکاتی هەڵمەتی "گژبەری" لە ساڵی ١٩٥٢ لە باشووری ئەفریقیا، کە تێیدا زیاتر لە حەوت هەزار کەس بەتۆمەتی یاخیبوونی مەدەنی گیران، پرسە بەئامانج گیراوەکە یاسای هاتوچۆ و ڕێکخستنە ڕەگەزپەرستانەکان بوو نەخاسمە لە هێڵی ئاسن. حزبی کۆنگرەی گشتیی باشووری ئەفریقیا لە ئاداری ١٩٦٠ داوای لە هەموو ئەفریقیاییەکان کرد مۆڵەتی هاتوچۆکان لەماڵەوە بەجێ بێڵن و خۆیان بەدەست نێزیکترین بنکەی پۆلیسەوە بدەن، بەتەواوی پارێزگاری لە ناتوندوتیژی بکەن و هەمان شتیش لەکاتی بەردانیان دووبارە بکەنەوە.

ساڵی ١٩٦٥ هندییە ئەمەریکاییەکان کە ژیانی زۆریان بەند بوو بە ڕاوەماسییەوە کە تاکە سەرچاوەی بژێوییان بوو، یاخیبوونێکی مەدەنییان ئەنجام دا دژی ئەو ڕێوشوێنە تەنگاوکەرانەی فەرمانگەی چاککردنەوە لە ویلایەتی واشنتۆن گرتنیە بەر. هەر بۆیە چەند هەڵمەتێکی ڕاوکردنیان بۆ بەرگریکردن لە مافی خۆیان لە ڕاوکردن لەو ناوچانەی بە میرات لە باوباپیرانیان بۆیان مابوویەوە ئەنجام دا. ئەو مافانە دیایکراو نەبوون و لە پەیماننامەی مدیسین کریک کە ساڵی ١٨٥٤ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان ئیمزا کرا و لە پەیماننامەکانی دواتریشدا، فەرامۆش کران.

ئامانج لەو چالاکییە ڕاستەوخۆیەی ژمارەیەک لاوی ڕۆشنبیری هندی

ڕێکیان خستبوو بەرهەڵستیکردنی ئەو وێنەیە بوو کە لەبارەی هندییە ئەمەریکاییەکان لە زەینی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا چەسپیبوو و هندییەکان خۆیان دەقیان پێوە گرتووە، میل تۆم کە یەکێک لە سەرکردەکانیانە دەڵێ "بڕیارمان دا کارێکی ڕاستەوخۆ بکەین، بڕیارمان دا بۆ ئەو وڵاتە و بۆ خۆیشمانی دەربخەین کە هندیەکان بوونەتە کەسانی ئازا". لە ڕۆژێکی سەرماوسۆڵەی مانگی ئاداری ١٩٦٥ هندیەکان بە بەلەم و تۆڕە قەدەخەکانیانەوە و بەبێ مۆڵەت، چوون بۆ ڕاوکردن لە ڕووباری کیایوت. سەدانیان لە قەراغی ڕووبارەکەدا پاسەوانییان کرد. پاسەوانانی ڕووبار و پیاوانی پۆلیسیش چەک و یاداشتی ڕاگرتنیان بەدەستەوە بوو. ستان ستاینەر دەڵێ:

هۆزەکە بچووک بوو و ئەم ڕاپەڕینەیش هیچی لێ بەرهەم نەدەهات، بەڵام ڕاوکردن لە دەرەوەی داگیرگەکە و بەبێ مۆڵەت، یاخیبوونێکی مەدەنی بوو لە یاساکانی پاسەوانی. پاسەوانەکانیش لە سپی پێستەکان بوون ئەو خۆپیشاندانانەی ڕاوکردن بە درێژایی ساڵی ١٩٦٦ بەردەوام بوون.

پێش ئەوەی ئەو خۆپیشاندانانە کۆتایان بێ، هندییە سوورەکان لە سەدانەوە بوون بە هەزاران و خۆپیشاندانەکانی ڕاوکردن لە شەش ڕووبار ئەنجام دران. دەیان کەس گیران و سەمای شەڕ لە پلیکانەکانی گومەزی کاپیتۆل ڕووی دا، هەروەها فیستیڤاڵێکی نارەزایی هندی لە تەلاری حکوومیی کاپیتۆل ساز کرا کە هەزاران کەس بەشدارییان تێدا کرد. خۆپیشاندانی بەکۆمەڵ لە شەقامەکانی شارەکان و هەروەها خۆپیشاندانی بەلەمەکان بە درێژاییی شەست میل لەڕێی باجیت ساوندەوە ئەنجام درا، زیاتر لە هەزار هندی لە شەست و پێنج هۆز کە لە سەرتاسەری وڵاتەوە بۆ چوونە ڕیزی براکانیان هاتبوون، کۆ بوونەوە. ژمارەیەک کەسایەتیی ناهندیش چوونە ڕیزیان وەک مارلون براندۆی ئەکتەر و دیک گریگۆریی

کۆمیدی و کاهین ج.یاریان چاودێری کاتیدرائیەی سیانەی پیرۆز لە سان فرەنسیسکۆ.

هەڵمەتی خۆپیشاندانەکانی ڕاوکردن، بەگشتی ناتوندوتیژانە بوون ئەگەرچی هەندێ کاری توندوتیژیی بچووک لێرە و لەوێ ڕوویان دا وەک ئەوەی ئافرەتان و منداڵان بەردیان هاویشت، یان هەرزەکارێک چەند فیشەکێکی بۆ پاراستنی ڕاوچیەکانی هۆزەکەی تەقاند. میل تۆم ئەو چالاکییەی بە یەکەم چالاکیی خێڵەکیی ڕاستەوخۆ لە مێژووی نوێدا دانا.

پاش دوو ساڵ و نیو لە خۆپیشاندانەکانی ڕاوکردنی ماسی، لەسەر سکاڵای هۆزێک کە لە مافی خۆی لە ڕاوکردن بێبەش کرابوو وەک لە پەیماننامەکەدا باس کراوە، وەزارەتی دادی ئەمەریکایی دادگەیی کرا و پرسەکە ساڵی ١٩٦٨ لەبەردەم دادگەی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دۆڕا.

پاتریک هاملتۆن دەڵێ ستان ستاینەر قوتابیی کۆمەڵناسیی هندی لە زانکۆی واشنتۆن کە تووڕەیی لاوانی هندی بەرجەستە دەکرد پاش شکستی هەڵمەتەکە دەڵێ: دە ساڵی ڕابردوو بۆی دەرخستین یاخیبوونی مەدەنی چ هێزیکی هەیە. هەستن! بڕوانن بزانن گەلەکەتان چیی بۆ کردوون، ئەو کاتە بڕیار بدەن کە ئاخۆ هەڵوەشاندنەوەی چەند یاسایەکی ڕاوکردنی ماسی پاساوی ئەوە دەدا کە ڕووی دا.

## چالاکییەکانی داوودەزگەکانی حکوومەت

١- ڕەتکردنەوەی ناوبگیرانەی یارمەتیدان لەلایەن فەرمانبەرانی حکوومەتەوە

دەکرێ فەرمانبەر و ئیداری و ڕەسمی و بەکرێگیراو و ئەفسەرەکانی، چ بە تاکەکەس بێ یاخۆ بەکۆمەڵ، جێبەجێکردنی هەندێ فەرمان یاخۆ ڕێنوێنیی تایبەت ڕەت بکەنەوە و ئەوەیش بە بەرپرسە ڕاستەوخۆکانیان ڕابگەیەنن. ڕەتکردنەوەکەیش ڕوون و ئاشکرا بێ لانی کەم بەلای سەرۆکە بالآکانەوە. ئەم خاڵە ئەم ڕێگەیە لە نموونە ڕانەگەیەنراوەکانی تری خۆدزینەوە و کۆسپ دروستکردن جیا دەکاتەوە کە پاشتر باسی دەکەین. دەکرێ "ڕەتکردنەوەی یارمەتیدانی ناوبگیر" ڕاگەیەنراو یان ڕانەگەیەنراو بێ بۆ جەماوەر.

ئەم نموونانەی خوارەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بە ئەڵمانیای نازییەوە هەیە. لە ئاداری ١٩٤٢دا گۆبلز سکاڵای کرد لەوەی هەر کاتێک داوای سەپاندنی ڕێوشوێنی دادیی توند دەکا: "شیلجەر بێرگەر جێگری ڕازگری وەزارەتی داد بەرهەڵستی دەکا و داواکانی من ڕەت دەکاتەوە و ئەوە دەکاتە بەهانە کە ئەو کارە هیچ بنچینەیەکی یاساییی نییە".

جارێکی تر نووسیی و ڕایگەیاند پێویست بە سزایەکی توند دەکا، بەڵام جارێکی تر بەرەنگاری کرا و وەزارەت ڕێگەی پێ نەدا:

"وەزارەتی داد لای ئێمە ناتوانێ لەم ڕێبازە ڕوونەی بیرکردنەوە تێ بگا و هێشتا لە چوارچێوەی ڕۆتینێکی ڕواڵەتیدا دەبزوێ. یاساکە هەموارێک کراوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پاساوی شەرعیی ڕەتکردنەوەی یارمەتیدانەکە."

ڕێکخراوی حزبی نازی لە هەرێمی فرانکین ساڵی ١٩٣٨ بڕیاری دا ببێتە دەستپێشخەر بۆ دەستگرتن بەسەر موڵک و سامانی جوولەکەکاندا، هەر بۆیە جوولەکەکانی ناوچەکەی بانگ کرد و ناچاری کردن بە ئیمزاکردنی گواستنەوەی سامانەکانیان بۆ شاری فۆرت یاخۆ ڕێکخراوە حزبیەکەی یان هەر دەستەیەکی تر، دیارە لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بەبێ قەرەبووکردنەوە. بەڵام هەندێ لە فەرمانبەرانی دادگەکە گومانیان خستە سەر شەرعییەتی ئەم کارە و ڕەتیان کردەوە پرۆسەی گواستنەوەکە لە تۆماری خانووبەرەدا تۆمار بکەن، بەوەیش کرداری گواستنەوەکەیان هەڵوەشاندەوە.

هیتلەر خۆی زۆر جار لەلایەن ئەفسەرانی سوپاکەیەوە ڕاستەوخۆ فەرمانەکانی ڕەت کراونەتەوە، تەنانەت پاش ئەوەیش کە بوو بە فەرماندەی باڵای ئەو سوپایە. بۆ نموونە ساڵی ١٩٤١ سەردانی بارەگەی گردبوونەوەی سوپای ناوەندی لە بۆریسۆف لە بەرەی ڕووسیا کرد و لەوێ ڕووبەڕووی جیاوازییەکی گەورە بووەوە لەبارەی ئەو ستراتیجەی پێویستە بگیرێتە بەر. هیتلەر پێی وا بوو دەبێ کار لەسەر لینینگراد و ئۆکرانیا بکرێ لەکاتێکدا ئەفسەرەکانی سووربوون لەسەر چڕکردنەوەی هەڵمەت لەسەر مۆسکۆ. کاتێ فۆهرەر فەرمانی کرد بە گواستنەوەی هەردوو سوپای تانکەکان بە سەرکردایەتیی هۆس و گۆردیان، ڕووبەڕووی بەربەستێکی گەورەی ڕەتکردنەوە بوو، کە پشتی بەو بەهانەیە دەبەست کە یەکەکان پێویستیان بە دوو تا سێ هەفتە هەیە بۆ گردبوونەوە و چاککردنەوەکان. هەردوو فەرماندەکە لەلایەن هاوەڵانیانەوە پشتگیرییان لێ کرا، بە ئەنجوومەنی شەڕ و گردبوونەوەی سوپای ناوەندیشەوە، بەوەیش بەرەیەکی یەکگرتوو بە ڕووی هیتلەردا دروست بوو کە قەناعەتی بەوە هەبوو کە ئەوان "نایانەوێ ئەوە بکەن، بەڵام بیانوو دێننەوە بەوەی ناتوانن بیکەن..." پێ دەچێ هیتلەر لەوەدا لەسەر هەق بووبێ.

هەروەها سەرکردایەتیی باڵای سوپای ئەڵمانیا ترس و تۆقین دایگرت لەو

مەترسییە سەربازی و لەو سەرکێشییە چاوەڕوانکراوانەی لە پەلاماردانی دانیمارک و نەرویج دەکەونەوە، وەک هیتلەر پێشنیازی کردبوو و بە ئاشکرا ئەو پێشنیازەی ڕەت کردەوە و گڤبەری تووڕەییی فۆهرەری کرد بۆ بەشداریکردن لە ئامادەکارییە بەراییەکان بۆ هەڵمەتەکە. هەر بۆیە پلانی پاش ئەوە بۆ هەڵمەتی سەر وڵاتانی ئەسکەندەنافیایی بەتەواوی لە بارەگەی سەرکردایەتیی باڵای هێزە چەکدارەکان بەڕێوە چوو.

لەبەرئەوەی ئەو بەرپرسە ڕەسمییانەی ئەڵمان کە تایبەت بوون بە دوورخستنەوەی جوولەکە دانیمارکیەکان هێزی تایبەتی خۆیان نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، هەروەها نەشیاندەتوانی پشت بە یارمەتیی دانیمارک ببەستن، چەند یەکەیەکی پۆلیسیان لە ئەڵمانیا دەست کەوت، چونکە لە دانیمارک پۆلیسی ئەڵمانی نەبوو، هەر بۆیە داوای یارمەتییان لە سوپای ئەڵمانیی داگیرکەر کرد. بەڵام جەنەراڵ هێرمان فون هانیکن، وێڕای هەوڵدانی بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەوە لەڕێی قسەکردن لەگەڵ بەرلینەوە، بەڵام ڕەزامەندیی لەسەر هاوکاریکردن دەربڕی و تەنیا پەنجا سەربازی جیا کردەوە بۆ گەمارۆدانی ناوچەی بەندەرەکە لەکاتی سەرخستنی جوولەکەکان بۆ ناو کەشتییەکە، بەوەیش پاساوی دەدایەوە کە ئەو کارە بۆ پاراستنی ئاسایش و سیستم بووە نەک بەشداریکردن لە گرتنی جوولەکەدا.

٢- لەمپەر خستنە بەردەم هێڵەکانی سەرکردایەتی و زانیاریەکان

شوێنکەوتووانی هەر حوکمڕانێک دەتوانن دەسەڵاتەکانی لە قاڵب بدەن کاتێ بەتایبەت کۆسپ دەخەنە بەردەم گواستنەوە و جێبەجێکردنی فەرمانەکان، یاخۆ گواستنەوەی زانیاریەکان لە ئاستەکانی خوارەوەوە بۆ سەرەوە. ئەندامانی ئاستە جیاوازەکان لە زنجیرەی بەرپرسیاریەتیەکاندا دەتوانن کاریگەریی جدییان هەبێ لەسەر توانی ڕیژیم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و تەنگژە جیاوازەکاندا لەڕێی نەگواستنەوەی زانیارییە پێویستەکان بۆ

بەرپرسانی پێوەندار یان بەشەکانی سەرەوە. لەوانەیە شاردنەوەی زانیاریەکان بابەتی جۆرەوجۆر بگرێتەوە، وەک هەلومەرجی ئابووری، باری ڕای گشتی، داواکارییەکانی تایبەت بە ئازووخە، هەروەک لەوانەیە زانیاریی تایبەت بە ڕێکخراوەکانی بەرگریی نهێنی و پلان و چالاکیەکانی بگرێتەوە.

لە ئەڵمانیای نازی شاردنەوەی زانیاری مۆرکێکی تیژی وەرگرتبوو: هەندێ کەسی ڕەسمی کە بانگەشەی لایەندییان بۆ نازییەت دەکرد، کەسانێکیان ڕزگار دەکرد کە دەیانزانی پیلانیان لەدژی هیتلەر دەگێڕا. لەو بارەوە ویلەر-بیرنیت دەڵێ:

لەناو سەرکردایەتیی بالای هێزە چەکدارەکاندا هەردوو فەرماندە کەناریس و تۆماس بەئاشکرا نەیاریی ڕیژیمیان دەکرد و هەنگاویشیان بەرەو پلاندانان بۆ ڕووخاندنی نا. لەناو سەرکردایەتیی بالای سوپایشدا فەرماندەی گشتی و فەرماندەی دەزگەی گشتی، ئەگەر بەشداریش نەبووبن، ئاگەدار بوون لەو گفتوگۆ پیلانگێڕی و چالاکییانەی کە لەگەڵ فرەوانبوونی ڕووبەری شەڕدا تا دەهات قەبارەی زیادی دەکرد و فرەوان دەبوو، ئەوەیشیان بەهیچ شێوەیەک بۆ دەسەلاتدارانی ئەمنی نەگواستەوە.

تەنانەت فریتز فرومی فەرماندەی سوپای ناوەخۆ ڕاپۆرتی نەدا لە چالاکییە پیلانگێڕییەکانی ئۆلبریش و ستافنبرگ کە شوێنکەوتەی بوون، بەلام فروم بەنیاز نەبوو خۆی ڕاستەوخۆ لەو پیلانە بگلێ. فیلد مارشاڵ کیتڵ ڕایگەیاند چەند ئەفسەرێکی نووسینگەی شەڕ و هەواڵگریی سەربازی ئاگەداری هەوڵەکەی کوشتنی هیتلەر بوون لە ٢٠ی تەمووزی ١٩٤٤، بەلام ڕاپۆرتیان لەبارەوە نەدا.

تەنیا یەک ڕێگە هەیە بۆ کۆسپ خستنە بەردەم زنجیرەی پێویستی سەرکردایەتی، ئەویش بە سادەیی گتکردن بوو لە گواستنەوەی فەرمانەکان بۆ هەندێ لە ژێردەستەکان و لێرەشەوە فەرمانەکان بەهیچ شێوەیەک ناگەنە

ئەوانەی پێویستە جێبەجێیان بکەن. بۆ نموونە جەنەراڵە ئەڵمانییەکان ساڵی ١٩٣٩ وەک هەنگاوێک بەرەو ئاشتی و بۆ دەربرینی هاوکارینەکردنیان لەو ڕووەوە، پیلانیان گێڕا بۆ بەرگرتن لەو هەڵمەتەی پیلان دانرابوو دژ بە هاوپەیمانە ڕۆئاواییەکان ئەنجام بدرێ و پەلاماری لۆکسمبۆرگ بەلجیکا و هۆڵەندایش بدرێ.

لەو بارەوە ویلەر-بینت دەڵێ: بە پشتبەستن بەوەی ئەوان فەرمانێکی ڕاستەوخۆ لە فەرماندە بەرپرسەکەوە وەردەگرن، کە ئەویش جەنەراڵ والتەرفۆن برۆشیچ بوو و خۆی یەکێک بوو لە پیلانگێڕەکان، ڕێک کەوتن لەسەر شکستپێهێنانی هەڵمەتەکە بە سانایی، ئەویش لەڕێی نەگەیاندنی فەرمانی هێرشکردنەکە بە ژێردەستەکانی خوار خۆیان.

ساڵی ١٩٤٠ دەبوو فەرمانبەرانی ڕێکخستنی دەرەوەی حزبی نازی بەڵگەنامەی پێویست بۆ سەلماندنی بنەچەی ئارییان پێشکێش بکەن. زۆربەیان بە سادەیی داواکەیان پشتگوێ خست بەبێ ئەوەی هیچ بیانوو یان ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی پابەندنەبوونەکەیان بە فەرمانەکە پێشکێش بکەن.

ئەو مەرسوومە بەناوبانگەی کە لە ئایاری ١٩٤١ لە خودی هیتلەرەوە دەرچوو بۆ لەداردانی بەرپرسە سیاسییە کۆمۆنیستەکان و سەرکردە دیلەکان لە یەکەتیی سۆڤیەتی داگیرکراو، بە دیلە سەربازییەکانیشەوە، بەهۆی ملنەدانی هەندێ لە ئەفسەرەکان بە گواستنوەی ڕێنوێنییەکان بۆ خوارەوەی خۆیان، هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. فیلد مارشاڵ فیۆدۆر فۆن بوک فەرماندەی باڵای گرووپی سوپای ناوەند، هەروەها چەند فەرماندەیەکی تر لەوانە فیلد مارشاڵ ویلهیلم فۆن لیب و جەنەراڵ ئاریش هۆبنەر دەرکردنی فەرمانەکەیان ڕەت کردەوە.

والتەر گۆرلیتس ڕایگەیاند مەرسوومەکە بە شێوەیەکی بەشەکی لە مانگە یەکەمەکانی شەڕدا لە بەرەی ڕۆهەڵات جێبەجێ کرا، بەڵام وردە وردە

بەهێمنی پێچرایەوە، بەشێوەیەک ساڵی ١٩٤٢ چیدی کاری پێ نەدەکرا.

ئەم ڕێگەیە شێوەی پشتگوێخستنی ئەو فەرمانانە دەگرێتەوە کە تازەبەتازە دەرچوون، هەر بۆیە بەشێوەیەکی ڕێژەیی کاریان پێ دەکرێ، یان بە ئاشکرا کاریان پێ ناکرێ، بەوەیش نابێتە لەیادکردنێکی ئاسایی یان ناکارایی لابەلا: خۆنەبانکردن لەم فەرمانانە دەگەڕێتەوە بۆ قبووڵنەکردنیان لەلایەن کەسی پێوەندارەوە، یان بە ڕەهایی بەرهەڵستکردنی بە مەبەستی نیشاندانی هاوکارینەکردنی.

یەکێک لە هۆکانی کەمتەرخەمی لە چاودێریکردنی حساباتی دەزگە جۆرەوجۆرەکان لە (چین)ی شیوعی لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٣ دەدرێتە پاڵ ئارەزووی بەڕێوەبەرە بنچینەییەکان بۆ پشتگوێخستنی زۆربەی یاسا داراییەکان. هۆکەی تریش قەڵسبوونی گەورە بەرپرسانی ڕەسمیی حزبی بوو لە چاودێرییە داراییە توندەکە.

لە ٧ی ئەیلوولی ١٩٤٢، کۆمسیاری ڕایخی ئۆکرانیا ئاریتس کوخ فەرمانێکی لە وەزارەتی کاروبارەکانی ڕۆهەڵات پێ گەیشت بۆ دەست بەسەرداگرتنی هەموو موڵکەکانی جوولەکەکان و موڵکە بەجێهێڵراوەکانی تر، بەو مەرجەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ئەفسەرانی پێشووی سوپای ئۆکرانیا و فەرمانبەرە مەدەنییەکانی تر بەکار بێنێ. کوخ فەرمانەکەی پشتگوێ خست و لە ١٦ی ئایاری ١٩٤٣، بە ئەلفرێد ڕۆزنبێرگی ڕاگەیاند کە بڕیارەکە لەڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە مەحاڵە.

ڕۆزنبێرگ لەو کاتەدا سەرۆکی ئیدارەی مەدەنیی ناوچەی ڕۆهەڵاتی داگیرکراو بوو.

٣- دواخستن و دەستی دەستیکردن

بەرپرسانی ئیداری و فەرمانبەرەکانی تر بە دواخستن و دەستی دەستیکردن گوزارشت لە هاوکارینەکردنیان دەکەن، ئەویش بە بەهانەی ئەوەی

گوێڕایەڵیی یاسا یاخۆ سیاسەتێکی دیاریکراو دەکەن. ئەم ڕێگەیە لەگەڵ ئەو شێوازەدا یەک دەگرێتەوە کە سێر بازیل لیدیل هارت دیاری کردووە بەوەی ملکەچکردنێکی ڕوونە کە لەڕووی ستراتیجیەوە ملکەچنەکردنی لەناو خۆیدا حەشار داوە و لەگەڵی یەکانگیر دەبێ، هەروەها دەکرێ پێناسە بکرێ بەوەی برێتییە لە کۆمەڵێ تەکتیکی بەترس یاخۆ دەستیکردنێکی بەنەزاکەت. لیدیل هارت جەخت دەکا لەوەی دەتوانرێ ئەم شێوازە بە بەردەوامی و بەرفرەوانتر لەوانی تر ئەنجام بدرێ، کە دەست لە لای خواری هەڵدەگریسێ بۆ دەسەڵاتە داگیرکەرەکە و هەستێکی کەڵەکەبوو لە "نائومێدی" دەخولقێنێ، لەکاتی ئەنجامدانیشیدا زیاترین شپرزەکردن دروست دەکا شان بەشانی خەندەیەکی نەرم و خۆنیشاندان وەک ئەوەی هەڵەیەکی نائەنقەست کرابێ کە بۆ تێنەگەیشتن و نەزانی دەگەڕێتەوە.."

جگە لە یەکێکیان، هەموو نموونەکان پێوەندییان بە ڕێژیمی نازی و بێرۆکراسییەتەکەیەوە هەیە، یان بە حکوومەتە بەکرێگیراوەکان یان ئەوانەی سەر بە نازییەتن. تەنیا نموونە چیکییەکە لەوانی تر جیاوازە. جارێکی تر گۆبلز سکاڵا لە هەژاریی سەرکردایەتی دەکا لە دەستپێشخەریی بڵاوکردنەوەی ڕێوشوێنە نازییەکان، پێشتر ئاماژەمان بە هەوڵی وەزارەت و فەرمانگە حکوومییە جیاوازەکان کرد بۆ خۆدزینەوە لە پرسەکە.

گۆبلز لە ١٩ی ئاداری ١٩٤٢ نووسیی: کۆمەڵێک چاکسازی و باشکاری و پرۆژەیاسامان پێشنیاز کرد، بەڵام هەموو ئەمانە بەهۆی ئەو تێکدانە بەئەنقەستەی نووسینگە ناوەندییەکان دەیکەن کاریگەریی ڕاستەقینەیان نەبووە، چونکە ڕەگەزە بۆرجوازییەکان لەوێدا باڵادەستن، ئاسمان چەندە بەرزە و فۆهرەر چەندە دوورە، هێندەش دژواریی زاڵبوون بەسەر ئەو ڕەگەزانە و بەسەر بێرۆکراسییەتە ڕیشەداکوتاوەکەدا گەورەتر دەبێ.

گۆبلز قەناعەتی قووڵی خۆی بە هیتلەر ڕاگەیاندبوو لەبارەی پێویستیی

گرتنەبەری ڕێوشوێنی چاوترساندن، نەک تەنیا دژ بە ئیدارەی دادی، بگرە دژ بە هەندێ لە جەنەراڵە خاوەن پۆستەکان و دژ بە تەواوی بێرۆکراسییەتەکەیش. پاش نێزیکەی ساڵێک، واتە لە ئاداری ١٩٤٣دا گۆبلز باس لەوە دەکا کە هیتلەر لەسەر زۆربەی پێشنیازەکانی بۆ ئەنجامدانی شەڕێکی سەرتاسەری دژ بە هاوپەیمانەکان قایل بووە، بەڵام زیاتر دەڵێ: فۆهرەر بە پەژارەوە باسی لەو بەرەنگارییە دەکرد کە بیرۆکراسییەت دژ بە پلانەکانمان دەیگرێتە بەر... ئەم بەرەنگاریکردنە لە هەندێ حاڵەتدا، بەهیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە... ئەو حاڵەتە دیاریکراوانەیش برێتین لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ فڕۆکەوانە دیلەکانی هاوپەیمانان و ئەو کۆششانەی پێویستە بدرێن بۆ پەرەپێدانی چەکی ناوکەیی و دواینیشیان پلانەکانی دژ بە جوولەکەیە.

پەکخستن و دواخستن دوو هەوڵی هیتلەریان پووچەڵ کردەوە بۆ جێبەجێکردنی سزای لەداردانی بێ دادگەییکردنی ئەوانەی ناوی نابوون فڕۆکەوانە تیرۆریستەکانی هاوپەیمانان. گۆرڵتز دەڵێ ئەوە وێنەیەکی نموونەییە لەسەر دیاردە گشتییەکە، کە برێتییە لە بەرەنگاریکردنی نیازە توندڕەوانەکانی هیتلەر بە بەکارهێنانی شێوەی جۆرەوجۆری دەستی دەستی و دواخستن و بەرهەڵستیکردن:

وا دیار بوو تاکە پێشنیازی فەرمانگە حکوومییەکان برێتی بوو لە دانانی کارنامەیەکی شەڕ لەبارەی گشت پرسەکانەوە، جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیەش تەنیا بۆ ئەوە پێویست بوو کە پەردەیان پێدا بدرێ و پۆلبەندی بکرێن، لەبەرئەوەی هیتلەر یان لەبیری کردن یاخۆ بە شتی ترەوە سەرقاڵ بوو.

هەوڵەکەی هیتلەر لە هاوینی ١٩٤٤ بۆ دانانی بەرنامەیەکی تیرۆریستیی تێروتەواو دژ بە "فڕۆکەوانە تیرۆریستەکانی هاوپەیمانان"، بەربەستێکی

کاریگەری هاتە پێش، ئەویش بەهۆی هەوڵە هاوبەشەکانی فیلد مارشاڵ کیتل سەرۆکی فەرماندەییی باڵا و جەنەراڵ جۆدڵ فەرماندەی پرۆسەکانی فەرماندەییی باڵای سوپا و ڕایخ مارشاڵ گۆرنگ فەرماندەی باڵای چەکی ئاسمانی. ئەوەیش بە جەختکردنیان لەسەر ڕوونکردنەوەی بنەمای "فرۆکەوانە تیرۆریستەکان" لەسەر ئاستی یاسای ناودەوڵەتی، هەروەها درێژکردنەوەی گفتوگۆکان لەبارەی یاداشتە ئاڵوگۆڕکراوەکان و گفتوگۆی لەسەرخۆ و نامەکارییەوە. لە ئاداری ١٩٤٥ هیتلەر هەوڵی دا ئەو جۆرە سیاسەتە بسەپێنێ، بەڵام ئەگەرچی ڕۆرمانز پشتیگریی کرد، جارێکی تر بەرەنگاری کرا، ئەویش بە چەند تەکتیکێکی لەمپەر دروستکەر لەلایەن یاریدەرانی جودیل، وەک مایجۆر لە چەکی ئاسمانی هێربێرت بوخ، فیلد مارشاڵ کیتل، ڕایخ مارشاڵ گۆرنگ و جەنەراڵ کارل کۆلەر فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی چەکی ئاسمانی. جارێکی تریش ئەو فەرمانەی هیتلەر دەری کرد ڕووناکیی نەبینی.

ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین ئەو هۆیانەی کۆسپ بوو لەبەردەم ئەوەی ئەڵمانیای نازی چەکی ناوکەیی پەرە پێ بدا، ئەوە بووبێ کە ئەو زانایانەی سەرپەرشتیی کارەکەیان دەکرد خاوەخاویان دەکرد و کارەکەیان بەپشتا دەخست. نەک تەنیا بەرەنگاریی ئەوەیان دەکرد کارەکان بەرەو پەرەپێدانی بۆمبی ناوکەیی بچێ، بگرە هەوڵیان دەدا بیرۆکەکە لەبیر ببرێتەوە.

رۆبەرت جۆنک باس لەوە دەکا کە هەوڵەکانیان دیراسەکراو و ورد بوو. توێژینەوە تیۆرییە ئامادەکارییەکانیان بۆ سەرۆکەکانیان نەدەگواستەوە و پێشنیازەکانی ئەوانی تریان بەوە لەقەڵەم دەدا کە ناواقیعین ئەگەرچی لەڕووی بنەماوە مەحاڵیش نییە. هەروەها یاداشتی توێژینەوەکانیان شاردەوە و ئیدارەی سەربازییان لە شیمانەی نێزیکی بەرهەمهێنانی بۆمبی ناوکەیی بێئاگا هێشتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا وایان نیشان دەدا کە هاوکاری دەکەن.

گـومـان لەوەدا نەبوو کـە مـانگرتنێکی کـراوەی ئەوانەی لە بواری توێژینەوەدا کـاریان دەکـرد مـەترسـیـدار دەبوو، چونکە بواری لەبەردەم کەسانی خواستدار و هەڵشەدا دەکردەوە، چەندە سیاسەتی دواخستن و خاوەخاوکردن لەتواندا بوایە، هێندە سەرکێشیش پەسند دەبوو.

پەرگـیـرانەترین پلانە نازییـەکـانی دژ بە جـوولەکـە، نەخـاسـمـە ئەوەی پێوەندیی بە قەلاچۆکـردنەوە هەیە، ڕێژەیەکی بەرچاو لە خـاوەخـاوەکردن و دواخـسـتنیـان دووچار بووە، بەڵام ئەوە ڕوونە کـە لەڕووی کـاریگەری و قـەبارەوە هێندە نەبوو بەس بێ بۆ ڕێ لێگرتنیـان. مـەبەست لەم نموونانەی لێـرەدا هاتوون سـپـیکردنەوەی لاپەڕەی کـەس یان کـۆمـەڵێک نیـیـە، ئەم هاوکارینەکردنانە مەغزایەکی باڵایان هـەیە و بوونە مایەی پاراستنی ژیانی چەندان جـوولەکـە. دەسـتی دەسـتی و بەرهەڵسـتی لە ڕیزەکـانی بیـرۆکـراسـیـیـەتی ئەڵمـانی و لە وەزارەتی دەرەوە و لەنێـو بەرپرسـانی داگیـرکـەری ئەڵمـانی لە ڕۆهەڵات و لەنێـو بەرپرسـانی نازی لە بولگاریای هاوپەیمان و فرەنسای فیشی و ئیتاڵیای مۆسۆلینی سەری هەڵ دا.

لە کـۆنگرەی گرۆس فـانسی کە لە کانوونی دووەمـی ١٩٤٢ بەسـترا، کە ڕینهارت هیدریش ڕایگەیاند پێویستە "چارەسەر"ی ئەو جوولەکانە بکرێ کە کـاری زۆرەملێـیـان تێ پەڕاندووە، ئەویش بۆ بەرگـرتن لە گـەڕانەوەیان بۆ ئازادی و دەسـتـپـێکردنی پەرەسـەندنێکی نوێی جـوولەکـە، کـاتێ وەک چارەسەری کۆتایی بەرنامەی لەناوبردنی ڕاگەیاند، شەپۆلێکی ڕوو لە زیادی کۆسپ خستنە ڕێ لە فەرمانگە و وەزارەتە جیاوازەکاندا سەری هەڵدا، کە ئامـانجیـان سنووردار بوو و بەمـەبەستی بەدەستهێنـانی کۆمـەڵێ هەڵاوێردن لەو سـیـاسـیـیە کـە ژن و مـێـردە تێکەڵەکـان (یەکـێک لە دوو هاوسـەرەکـە جوولەکەن) و منداڵەکانیان بپارێزێ.

لە وەزارەتی دەرەوە، پرسی ڕاگواستنی جوولەکەکان سپێردرا بە ئیدارەی

زەوییە ئەڵمانییەکان کە مارتن لۆسەر سەرۆکایەتیی دەکرد. سیاسەتی ڕاگواستنەوەی نازییەت جوولەکەکانی هەندێ لە ڕەگەزەکانی هەڵاوێردبوو، بەڵام ڕینتروبی وەزیری دەرەوە داوای لە لۆیەر کرد ڕاپۆرتێک ئامادە بکا لەبارەی ئەگەری فرەوانکردنی پرۆسەکانی ڕاگواستنی سەرجەم ڕەگەزەکان. بارون ئەرنست فون فیزکار بەڕێوەبەری وەزارەتی دەرەوە لە ڕۆژانی ڕینتروب، ڕاپۆرتەکەی لۆسەری بۆ ئیمیل ئۆلبریشت لە بەشی یاسایی سەر بە وەزارەت نارد، بەو ئومێدەی لەوێ هەندێ دوای بخا، ئەوەیش باشترین ئامراز بوو کە ئیدارەی زەوییە ئەڵمانییەکان دەیگرتە بەر.

بەشداریکردنی کۆمسیاری ڕایخ هنریش لوهز لە بەڕێوەبەرایەتیی زەوییە ڕۆهەڵاتییە داگیرکراوەکان لە دواخستنی ئەنجامدانی تاوانەکانی ڕیگە و ڕێ لێگرتنی، بە پاڵنەری واتە پاکەکان نەبوو بەرامبەر بەرنامەی "کۆتا چارەسەر". لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٠ لۆهز لەبارەی ئەو دەستی دەستییانەی لە جێبەجێکردنی قەسابخانەکارییەکان لە لیباو دەکران بۆ ڕۆزنبێرگی نووسی لە وەزارەتی بەرەی ڕۆهەڵات. لە ١٥ی تشرینی دووەم داوای لێ کرد بڕیارێکی بۆ بنێرێ کە ڕێگە بە کوشتنی هەموو ئەو جوولەکانەی سەر بەون بە چاوپۆشین لە دۆخی ئابوورییان بدا. تا پاش مانگێک وەڵامی داواکەی پێ نەگەیشتەوە. لە ٧ی تشرینی دووەم لۆهز بروسکەیەکی بۆ هینگست کۆمسیاری لە فیلنا نارد و سەرنجی ڕاکێشا بۆ دانپێدانانەکانی جەنەراڵ براومەر. ئەمەی دوایی لە یەکی کانوونی یەکەم گوشاری خستە سەر کۆمسیارە مەدەنییەکان بۆ ڕاگرتنی لەداردانی ئەو جوولەکانەی ناتوانرێ لە وەزیفەکەیاندا بگۆڕێن، پاش دوو ڕۆژ لۆهز بەیاننامەکەی براومەری دابەش کرد.

نموونەی جۆرەوجۆر لە کۆسپ خستنە بەردەم و دەستی دەستی پێکردنی ئیداری لە جێی تر بەکار هاتووە وەک بولگاریا، کە هاوبەشی هاوپەیمانە، هەروەها فرەنسای فیشی و ئیتاڵیای مۆسۆلینی بۆ شکستپێهێنانی

قەلاچۆکارییەکانی نازی. بۆ نموونە هێزەکانی داگیرکردنی ئیتاڵی لە فەرەنسا گەورەترین کۆسپ بوون لەبەردەم فەرمانەکانی ئەڵمانیا بۆ ڕاگواستنی جوولەکە. ئەفسەرە ئیتاڵییەکان فەرمانەکانی ئەڵمانیایان لە کانونی یەکەمی ١٩٤٢ کە داوای ڕاگواستنی جوولەکەی دەکرد لە ناوچە فەڕەنساییەکان و ناوچە کەنارییەکان، بەوە لێک دایەوە کە مەبەست تەنیا جوولەکە فەڕەنساییەکانە نەک هی تر. سوپای چوارەمی ئیتاڵیا ڕێگەی لە پارێزگاری لیۆن گرت لە گرتنی دوو تا سێ هەزار جوولەکەی پۆڵۆنی لە ناوچەی گرینۆبڵ و بەوەیش لە ڕاگواستنیان بۆ سەربازگەی ئۆشویتز پاراستنی.

کاتێ یواکیم فۆن ڕینتروب وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لەو بارەوە لای مۆسۆلینی خۆی نارەزایی دەربڕی، مۆسۆلینی وەڵامی دایەوە کە ئەو لەگەڵ نارەزاییەکەیدا هاوسۆزە، بەڵام ڕەتی کردەوە دەست بخاتە کارەکانی جەنەراڵەکانی کە بەردەوام بوون لە بەردانی جوولەکەکان. مۆسۆلینی گوتی ئەفسەرە ئیتاڵیاییەکان پەروەردەی فیکریی جیاوازیان هەیە. کاتێکیش پۆلیسی ئیتاڵی جوولەکەکانی لە ناوچە کەنارییەکان ڕاگواست، لە چەند هوتێلێکی ئارامی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا نیشتەجێی کردن. هەروەها ژمارەیەک پرۆسەی کۆسپی تری ئیتاڵیایی لە ناوچە ئیتاڵییەکانی یۆنان و ناوچەی سەربازیی ئیتاڵیی سێیەم لە کرواتیا بەڕێوە چوون.

لە میانی دیاریکردنی بەرپرسیارێتیی مردنی چەندان جوولەکەی فەڕەنسا، بێگومان حکوومەتی فیشی کاری کرد بۆ ڕزگارکردنی ژمارەیەکی زۆریان لەڕێی کۆسپ دروستکردن و دەستی و دەستیی ئیداری و دیپلۆماسییەوە. هەریەک لە بیتان و لاڤال و ژمارەیەک لە ژێردەستەکانیان لە سوپا و پۆلیس بەشدارییان لەو تەکتیکەدا کرد. کۆمسیۆنی پرسەکانی جوولەکە خاترجەم نەبوو لە پاڵپشتیی حکوومەتی فیشی. هەروەها پۆلیسەکەیشی تەنیا هاوکارییەکی کەمی لەلایەن کەرتی دەرەکی نیزامیەوە چنگ کەوت. کافیە

فالات کە فیشی وەک کۆمسیاری یەکەمی کێشەکانی جوولەکە دایمەزراند، بەرهەڵستیی ڕاگواستنی هیچ جوولەکەیەکی فڕەنسایی کرد بەجیا لە جوولەکە بێگانەکان، هەروەها بەرهەڵستیی سەپاندنی نیشانە جوولەکانەکە بوو کە لە ناوچەکانی فیشی بە زۆرەملێ نەبوو تەنانەت پاش داگیرکردنی لەلایەن ئەڵمانیاوە بەتەواوەتی.

پۆلیسی فڕەنسا لە شاری بوردو جوولەکە بیانییەکانی دەستگیر کرد بەمەبەستی ڕاگواستنیان و ژمارەیان تەنیا ١٥٠ کەس بوو. کۆلۆنێل کارل ئەدۆڵف ئیخمان کە بەرپرس بوو لە سیستمی ڕاگواستن بە مەبەستی لەناوبردن، پرسیاری کرد لەو ئەگەرەی ئاخۆ دەکرێ بە یەکجاری واز لەوە بهێنرێ کە فڕەنسا بە سەرچاوەی ڕاگواستن دابنرێ.

لافال بەرهەڵستیی داواکانی ئەڵمانیای کرد بۆ بانگهێشتکردنی ئەو جوولەکانەی ساڵی ١٩٣٣ ڕەگەزنامەیان بەدەست هێنابوو، چونکە ئەو بانگهێشتکردنە وا دەکا کاندید بن بۆ ڕاگواستن. هەروەها لە کۆتادا بە ئەڵمانەکانی ڕاگەیاند کە تەنانەت بیتان خۆی، کە ڕەزامەندیی ئەو پێویست بوو، لەم مەرسوومە وەرس بوو کە ڕەگەزنامەی فڕەنسایی لەو ئافرەت و منداڵانەی لەڕێگەی ڕەگەزنامەگۆڕینەوە پێیان بەخشراوە، بکێشرێتەوە و پێی ڕاگەیاندن کە ئەو خۆی کۆپییەکەی خۆی لەم پرۆژەی مەرسوومە فەوتاندووە. ئەمەش واتەی ئەوەیە ئەو سێ مانگی چاوەڕوانکردن کە پێویستە بۆ وەرگرتنی تانەدانی جوولەکە بەر لە پەسندکردنی پرۆژەکە، بووە مایەی ڕەوانەکردنی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. هەروەها پێویستی بە ڕەزامەندیی ئیتاڵیاییەکان هەیە. ئەوەیشی ڕاگەیاند کە پۆلیسی فڕەنسا لەو ماوەیەدا بەشداری لەسەر هەڵکوتانەسەرەکان ناکا.

جیرارد ڕیتلنگر لە توێژینەوەکەیدا لەبارەی "کۆتا چارەسەر" دەڵێ گستابۆ لەپڕ دەستەپاچە دەرکەوت و پاڵپشتیی سەرکردایەتیی باڵا یاخۆ وەزارەتی دەرەوەی بەدەست نەهێنا. وا دیارە هیتلەر بایەخدان بە لەناوبردنی

جوولەکەکانی فڕەنسای لەدەست دابوو. هەروەها زیاتر دەڵێ ئەو پیاوە کە هیچ بایەخێکی بە ڕای گشتیی جیهانی نەدا و کەس نەیتوانی بیگێڕێتەوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، بەهۆی بەرگریی لەسەرخۆوە بەتەواوی هەرەسی هێنا".

هەر بۆیە بەبێ هاوکاریی پۆلیسی فڕەنسایی، ئەنجامدانی هەڵمەتی فرەوانی هەڵکوتانە سەر ئاسان نەبوو، وێڕای وەستانی پارێزگاریکردنی ئیتاڵیا بۆ جوولەکە فڕەنساییەکان، لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٤٣دا تەنیا سێ کاروان لە کۆچبەران وێستگەی درانسییان بەرەو ئەشویتز بەجێ هێشت.

لە بوارێکی تردا، ڕۆژە بەراییەکانی داگیرکردنی ڕووسی بۆ چیکۆسلۆڤاکیا ڕۆڵی گرینگی ئێزگە نهێنییەکانی لە بەردەوامیی پاڵپشتیکردنی حکوومەتە شەرعییەکە و حزبی شیوعیدا و بزواندنی بەرگریی ناتوندوتیژانە دژ بە داگیرکردن یاخۆ دژ بە هەر ڕژێمێکی بووکەڵە دەرخست. لە بەرامبەر ئەم هەڵمەتە ئێزگەییانەدا، ڕووسیا پەنای بۆ دامەزراندنی وێستگەی ژاوەژاو (تشویش) یان دەزگەی گوێ ڕادێران برد بۆ زاڵبوون بەسەر بەرگرییە ئێزگەییەکەدا. ڕۆژنامەی پۆلیتیکا کە لە پراگ دەردەچوو، لە ٢٧ی ئابی ١٩٦٨ باسێکی گەشتەکە و چۆنیەتیی یارمەتیدانی دەکا. کرێکارێکی هێڵی ئاسن کە بەشداریی ئەو کردەوەیەی کردووە باسەکە دەگێڕێتەوە:

دەبوو شەمەندەفەرەکە لە چیرنا لە نێزیک سنوور بوەستێ. هیچ شتێکی تایبەت نەبوو جگە لەوەی شەمەندەفەرەکە کورت بوو، چونکە تەنیا هەشت فارگۆنی پێوە بوو. سەرەتا ویستمان فارگۆنەکان لە هێڵەکە بترازێنین، بەڵام ئەوە دووچاری ئاکامی دڵتەزێنی دەکردین. جارێکی تر گەڕاینەوە و لە نێزیک ئۆلۆمتس بەستمانەوە بە شەمەندەفەرێکی باری درێژدا کە پاشتر بوو بە سێ بەشەوە و چاککردنی چوار سەعاتی خایاند. ئەنجا بەرەو تریبوفا ئاراستە کرا لەگەڵ بەردەوامیی چاککردن تا وێستگەی شوسین. لەوێ ویستمان بینێرین بۆ پۆڵەندا، بەڵام ئەم جارەیان نەخشەیان پێ بوو.

لەپڕ کەوتنە پەلەپەل لەبەرئەوەی هەموو ئەو ئازووخەیەیان خواردبوو کە لە

هەموو فارگۆنی نەفەرەکاندا هەڵیانگرتبوو. پێش مورافانی، کێبڵی بەستنەوەی فارگۆنەکانمان پچڕاند، بەوەیش شەمەندەفەرەکە پێکیدا دا چوو بەناو یەکدا. بەشێوەیەک چاککردنەوەی لەکارکەوتنەکان پێویستی بە دوو تیمی کار هەبوو و نەشیاندەتوانی پێکەوە کار بکەن. ڕووسەکان زۆر تووڕە بووبوون و دەیانویست بزوێنەرەکان بەهۆی پاتریەکانەوە کار بکەن. نەیاندەتوانی لە مەحاڵیی ئەوە تێ بگەن لەکاتێکدا هەموو پارچەکان بەباشی کاریان دەکرد.

لە وێستگەی باردوبیس داوای شەمەندەفەرێکی هەڵمییان کرد، وەڵاممان دانەوە کە ئەم هێڵە بەکارەبایی کراوە. لە بریلۆک بەشێک لە کاروانەکە جیا کرایەوە و ئەنجا یەکێک لە فارگۆنەکان تێکوپێک شکا، لەو کاتەدا بڕیاریان دا لەڕێی هرادیشەوە بچن. لە ستیبلوفایش یەکێک لە فارگۆنەکان پەکی کەوت، ئەنجا یەکێک لە دوو هێڵە ئاسنینەکە جیا بووەوە و کێشەکە ئاڵۆز بوو و نەدەتوانرا بە دەستوبرد هیچ بکرێ. لەو کاتەدا پێنج کۆپتەری سۆڤیەتی شۆفێری شەمەندەفەرەکانیان بە بارمتە گرت، ئێمەیش پازدە شەمەندەفەری بارمان لەبەردەمیاندا ڕیز کرد و هیچ ناوەندێکی هێڵی ئاسن لە پراگ توانی لەخۆگرتنی ئەو هەمووەی نەبوو. جووڵەی شەمەندەفەرەکانمان بەو هۆیەوە کاری تێ کرا و هەموو شتێک دوا خرا، من بە شەمەندەفەرێکی نەفەربەری تەواو بەتاڵ چووم بۆ کولینز. ئێستەیش لە جێیەک لە دەوروبەری لیزا لە ئالپ وەستاون. بەڵام ئەو پرۆسەیە ناتوانرێ هەتاهەتایە دووبارە ببێتەوە.

لە ٢٥ی ئاب، ڕادیۆی چیکۆسلۆڤاکی ڕایگەیاند شەمەندەفەرەکە ڕاگیراوە و دەزگەکانی ژاوەژاو بۆ کۆپتەرە ڕووسییەکان.

٤- هاوکارینەکردنی گشتیی ئیداری

زۆرینەی ڕەهای ئەوانەی لە دەزگەیەکی ئیداریدا کار دەکەن دەتوانن

هاوکاریکردنیان لەگەڵ ڕیژیمێکی خۆسەپێندا ڕابگرن، ئەوەیش یان حکوومەتێکی داگیرکەر دەبێ یان دەستە و تاقمێک دەبێ کە لەڕێی کودەتا یان هەر شێوەیەکی تری ناشەرعییەوە دەست بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتێکدا دەگرن.

پاش ئەوەی بەلشەفیەکان لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت و حکوومەتە شۆڕشگێڕییە کاتییەکەیان بەسەرۆکایەتیی کیرینسکی داماڵی، ڕیژیمەکە دووچاری بایکۆتی فەرمانبەرە مەدەنییەکان بوو کە بەرهەڵستیی فەرمانەکانی دەستبەسەراگرانی نوێی دەسەڵاتیان کرد. لە وەزارەتی بووژانەوەی کۆمەڵایەتی هەموو فەرمانبەرەکان مانگرتنیان ڕاگەیاند ٤٠ کەسیان نەبێ.، وەک پێشتریش ئاماژەی پێ درا، ئەم جۆرە هاوکارینەکردنە ئامرازی تێکشکاندنی هەوڵی کودەتاکەی کاب بوو لە ساڵی ١٩٢٠ دژی کۆماری فایمار.

٥- هاوکارینەکردنی دادی

ئەم جۆرە هاوکارینەکردنەی ناو حکوومەت کاتێ سەر هەڵدەدا کە ئەندامانی دەزگەی داد، لە دادوەر و حاکمەکان و هی تر ڕەتی دەکەنەوە ویستی ڕیژیم یاخۆ تاقمێک لە دەزگەی دادی جێبەجێ بکەن، وەک ئەوەی قازییەک ڕەتی بکاتەوە لەسەر خواستی سەرۆکی دادگە گیراوێکی سیاسی تاوانبار بکا. لە هەندێ حاڵەتدا دەرکردنی حوکمێک لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە، یان دەرکردنی یاسایەکی نادەستووری جۆرێکە لە هاوکارینەردنی سیاسی لەگەڵ ڕیژیمدا. قازی یاخۆ دادوەر دەتوانێ بەچاوپۆشین لە ڕوونکردنەوە و پاساوەکانی چەوسێنەرەکە تاوانبارکردن و سزادان ڕەت بکاتەوە.

هەروەک دەکرێ تەواوی دەزگەی دادی ملکەچ بکرێ بەهۆی دەستوەردانی خۆسەپێنەکە لە سەربەخۆیی دادگە، ئەوە بوو لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٠، بۆ نموونە، دادگەی باڵا لە نەرویج ملی کەچ کرد و وەک ناڕەزایی لەسەر

بەیاننامەکەی کۆمسیاری ڕایخ یتربۆفن، ڕایگەیاند دادگەکە مافی ئەوەی نییە یاساکانی داگیرکەری ئەڵمانی بە نادەستووری دابنێ.

دەکرێ هاوکارینەکردنی دادی لەڕێی ئیدارەی دادییەوە چالاک بکرێ، ڕەنگە بەناوبانگترین حاڵەت لەم بارەیەوە هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بێ لە بەریتانیا بۆ تاوانەکانی دزیکردنی بچووک لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەویش لەڕێی جێبەجێکردنی هاوکارینەکردنی دادییەوە. یاسا لای خواری بەهای شتە دزراوەکانی دیاری کردبوو کە دەکرا بەهۆیانەوە لەداردان جێبەجێ بکرێ. زۆر جار دادوەرەکان دەیانبینی نرخی شتە دزراوەکان چەند قرشێک کەمترە لە نرخە ڕاستەقینەکانیان، ئەوەیش بۆ پاراستنی دزەکە لە قەنارە.

ئارسەر کوستلەر دەنووسێ: کردەوەکانی ڕێگرتن لە لەداردان کاری لە تاوانبارەکان زیاتر کرد تا لە دادوەرەکان، بەو هۆیەوە دادوەرەکان مانیان گرت و وای لێ هات بوو بە ڕێسا کە داواکاری گشتی ئەو کالا دزراوانەی نرخی ڕاستەقینەیان ٤٠ شلینگ بوو بە ٣٩ شلینگ دەیقەبلاند، کاتێکیش ئەو برەی داواکار دایدەنا بۆ پێنج پاوەند کەم کرایەوە (کە دەبێتە مایەی لەداردان)، دادوەرەکانیش قەبلاندنەکانیان بۆ چوار پاوەند و نۆزدە شیلینگ کەم کردەوە.

هەندێ لە دادوەرەکان بەهیچ شێوەیەک لە سەر تاوانی پێوەندار بە موڵکایەتی کەسیان تاوانبار دەرنەدەکرد، تەنانەت تاوانەکانی ساختەکردنی دراویش. بازرگان و بانکییەکان خۆیان داوای هەڵوەشاندنەوەی سزای لەداردانیان کرد لەبەر بوونی جۆرە سزایەکی گونجاو بۆ ئەو جۆرە تاوانانە. لە کۆتاییدا لە ساڵانی ١٨٣٧ و ١٨٦١دا یاسای لەداردان هەموار کرا و سزای لەداردان لەسەر تاوانەکانی موڵکایەتی هاتە هەڵوەشاندنەوە.

هەندێ جار هاوکارینەکردنی دادی، بەرهەڵستیکردنی دەستەی دادگەی ئاشکرا بۆ ڕێنوێنییەکانی سەرۆکی دادگە لەخۆ دەگرێ کە بە

نادادپەروەرانەی دادەنێن. ساڵی ١٦٧٠ ولیام بین و ویلیام مید دەستگیر کران بەهۆی بەشداریکردنی نایاسایی و زەقیان لە فیستیڤاڵی جەماوەریی کویکەرزدا، کە تێیدا بین گوتارێکی لەبەردەم دەروازەی ئەو شوێنەی بڕیار بوو فیستیڤاڵەکەی تێدا بکرێ و پۆلیس دایخستبوو، پێشکێش کرد. ئەو دادگەییکردنە تایبەت بوو، کاتێک وادەی خوێندنەوەی حوکمەکە هات لەلایەن ئەندامانی دادگەکەوە، بینییان "مید" بێ گوناه و "بین" گوناهبارە، لەبەرئەوەی لە گردبوونەوەیەکی گشتیدا گوتاری داوە. ئەوەیش بە تاوان دانەدەنرا، هەروەک حوکمەکەیش شەرعی نەبوو، لەبەرئەوەی سەرۆکی سوێنخۆران ڕەتی کردەوە دیاری بکا کە ئاخۆ گردبوونەوەکە شەرعی بووە یان ناشەرعی. پاش هەڕەشەکانی دادوەری یەکەم بە بەندکردن تا ئەو کاتەی یەک بڕیاری دادی دەردەچێ، سوێندخۆرەکان گەڕانەوە و هەمان حوکمیان دەرکردەوە، لەو کاتەدا دادوەری یەکەم ڕایگەیاند:

بەڕێزان، لێرە ناڕۆن تا حوکمێکمان دێتە دەست کە دادگە پێی قایل بێ. بەبێ خواردن و خواردنەوە و ئاگر و جگەرە دەستبەسەر دەکرێن، وا مەزانن دەتوانن سووکایەتی بە دادگە بکەن. دەبێ بگەینە حوکمێک، سوێند بەخودا، ئەگینا لە برسا دەمرن.

پاش دوو ڕۆژ لە ڕاگرتن، سوێندخۆرەکان بڕیاریان دا کە "بین" گوناهبار نییە. لەو کاتەشدا پارێزەری بەرگری و سوێندخۆرەکان بەتۆمەتی پێشێلکردنی بڕیاری دادگە حوکم دران. پاش ساڵێک، دادگەی باڵا بڕیاری بێتاوانیی سوێندخۆرەکانی دەرکرد لەبەرئەوەی لەسەر هەق بوون و ڕاگرتنەکەیانی بە ناشەرعی لەقەڵەم دا.

٦- بێتوانیی بەئەنقەست و هاوکارینەکردنی هەڵبژاردەیی لەلایەن پیاوانی ئاسایشەوە

هەندێ جار دەگونجێ پیاوانی پۆلیس و سوپا و فەرماندە ئەمنییەکان، بە

چاوپۆشین له پاڵنەری سیاسی یان هاوسۆزی لەگەڵ بەرگریکاران یاخۆ له ڕقی ڕێوشوێنەکانی سەرکوتکردن، بەئەنقەست بە کاراییەکی کەمترەوە فەرمانەکان جێبەجێ بکەن. بەڵام پۆلیس و ئاسایشەکانی تر بە ناوبگیر یاخۆ هەڵبژاردەیی له ئاستێکی زۆر بەرتەسکدا هەندێ فەرمان ڕەت دەکەنەوە بۆ ئەوەی تۆمەتی یاخیبوونی نەدرێتە پاڵ. ئاستی بەکارهێنانی ئەم هاوکارینەکردنە سیاسییە توانی دەسەڵاتدارەکان بۆ سەپاندنی ویستی خۆیان و جێبەجێکردنی پرۆسەکانی سەرکوتکردن سنووردار دەکا. جا با سەرەتا له هەندێ نموونەی بێتوانیی بەئەنقەست بکۆڵینەوە کە لە ڕووسیای قەیسەری و هندستانی ژێر داگیرکردنی بەریتانیا و نەرویجی ژێر داگیرکردنی ئەڵمانیا وەرگیراون.

أ. ت. فاسیلییڤ سەرۆکی پێشووی پۆلیسی نهێنیی قەیسەری ڕاپۆرتی دا کە سەرپێچییەکی بەردەوام هەیە لە یاسای ڕێگرتن لە نیشتەجێبوونی جوولەکە لە هەندێ ناوچەی ڕووسیا و بەهۆی تێوەگلانی دەسەڵاتداران، ژمارەیەکی زۆر جوولەکە کە لە هەندێ شاردا دەژین کە پێویستە ئەو شارانە بە ڕوویاندا کلۆمدراو بن. پۆلیس چاوپۆشی دەکەن.

لەکاتی شاڵاوە ناتوندوتیژانەکان دژ بە کۆگەی خوێ لە دارسانای هند لە ١٩٣٠، پۆلیس سوور بوو لەسەر لێدانی خەباتکارە ناتوندوتیژەکان بە دار حەیزەران کە بە توێژاڵی پۆلاین ڕووپۆش کراوە. بەڵام ئەمە، وەک شایەت ویب میلەر باسی دەکا، هەموو کات کەڵکی نەبووە و دەنووسێ: پۆلیسی گەمژەی شاری سورات بەزۆری وای نیشان دەدا لە خەڵک دەدا. ئەوە ئاشکرا بوو کە کاتێ ئەفسەرەکە لە جێیەکی تر سەرقاڵ بوایە، پۆلیس دەستی شل دەکرد، کاتێ ئەفسەرەکان دەردەکەوتنەوە، پۆلیسەکان سەرلەنوێ بە ڕواڵەت دەستیان دەکردەوە بە لێدان و سووکایەتیکردن بە بەشداران.

ساڵی ١٩٤١، فەرماندەی پێشووی گستابو ڕۆدۆڵف دیلز فەرمانەکانی

گولایتەرزی بۆ دەستگیرکردنی جوولەکەکان ڕەت کردەوە. هەروەها گراف فابر کاستیل ڕەتی کردەوە تەقە لە پێنجسەد جوولەکە بکا لە پۆڵۆنیا، هیچکامیشیان سزا نەدران.

جەنەراڵ هانس ڕۆتەر لە پۆلیسی نهێنی، لە ئەیلوولی ١٩٤٢ سکاڵای کرد لە هاوکارینەکردنی پۆلیسی هۆڵەندی لە مەفرەزەکانی گەڕان بەدوای جوولەکەکانی هۆڵەندادا.

لە نەرویجی داگیرکراو پیاوانی پۆلیسی نەرویجی و سەربازانی ئەڵمانی پێکەوە بەئەنقەست بێتوانییان نیشان دەدا، چ بە ئاسانکاری بۆ هەڵاتن یاخۆ بە ئەنجامدانی هەڵمەتی کەمتری دەستگیرکردن. لە حاڵەتێکدا، پۆلیسێکی نەرویجی ڕەوانە کرا بۆ گرتنی جوولەکەیەک، وا ڕێککەوت لە ماڵەوە نەبوو، نامەیەکی بۆ جێهێشت کە سەعات دوازدەی نیوەڕۆ دێتەوە، ئەوەیش دەرفەتی دایە داواکراوەکە تا کەلوپەلەکانی کۆ بکاتەوە و هەڵبێ.

لەکاتی ئەم هەڵمەتی ڕەشبگیرییەدا، ژمارەیەک جوولەکە پێشوەخت ئاگەداری فەرمانی گرتنیان بوون.

ئەم جۆرە ڕووداوانە چەندان جار لەبەرامبەر گرتنی جوولەکە، بە ئافرەت و منداڵانیشەوە ڕوویان داوە. ئەوە بوو لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٢ پیاوانی پۆلیس بە نهێنی بە پیاوانی بەرگرییان ڕاگەیاند کە بەنیازن هەڵمەتێکی بەسەردادانی ماڵی جوولەکەکان ئەنجام بدەن، هەندێ لە بەرگریکاران شەوی پێش لە هەڵمەتەکە چوون و جوولەکەکانیان ئاگەدار کردەوە.(٣٤٤)، هەروەها لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ کاتێ ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییانی زانکۆی جوولەکە دەستگیر کران، سەربازە ئەڵمانییەکان دەچوونە ماڵەکان و هانیان دەدان هەڵبێن، ئەویش بەوەی لەکاتی گەڕان بەدوای قوتابییانی جوولەکەدا، لەبری ئەوەی، وەک باوە، بچنە ماڵەکان و بیانپشکنن، تەنیا بەوە قایل دەبوون کاتێ لە دەرگەی ماڵێکیان دەدا وەڵامیان بدرایەتەوە کە ئەو قوتابییە داواکراوە لە ماڵ نییە.

جگە لەم کـارانـە ڕواڵەتەکـانـی ڕەتکردنـەوەی ئاشکرای هاوکـاریکردن و جـێـبـەجـێنەکـردنی فـەرمـانەکـان، بە زەقی لەنێـوان پیـاوانی پۆلیـسی نەرویجیشدا سەری هەڵدا، بەلاّم ورد نییە ئەگەر بڵێین ئەوە نموونەیەک بوو بۆ ڕەتکردنەوەی تەواوی هاوکاریکردن لەگەڵ فاشیزم. لارس لابیە-لۆند کە پاشتر بوو بە فەرماندەی پۆلیسی تاوان لەئۆسلۆ و دوای ئەوەیش بوو بە دادوەر لە دادگەی بەرایی، باسی ئەم ڕووداوی هاوکارینەکردنانەی کردووە.

لە ٦ی نیسـانـی ١٩٤٠، ئەو ڕۆژەی ئەڵمـانیا چووە ناو ئۆسلۆ، فـید کـون کـیـسلنگ سـەرکـردەی حـزبی نازیی نەرویجی خـۆی بە وەزیری دەوڵەت ڕاگەیاند و فەرمانی بە کریستیان ویلهالڤن فەرماندەی پۆلیسی ئۆسلۆ کرد لەگەڵی کۆ ببێتەوە. بەلاّم ویلهالڤن نەچوو بۆ نووسینگەکەی کیسلنگ، کاتێ ڕۆژی پاشتر کیسلنگ پێوەندیی پێوە کرد و لە هۆکەی پرسی، فەرماندەی پۆلیس وەلاّمی دایەوە ئێستە، هەروەک دوێنێ، لە نووسینگەکەی خۆیەتی ئەگەر کیسلنگ دەیەوێ لەگەڵی کۆ ببێتەوە.

کیسلنگ پاشەکشەی کرد، بەلاّم لە مانگی ئەیلوول ڕایخ تریبۆفن فەرمانی لەکارلادان و گرتنی ویلهالڤنی دەرکرد و لە سەربازگەی گرینی لە نەرویج بەند بوو تا ساڵی ١٩٤٣، ئەنجا گوێزرایەوە بۆ بارەگەی کستابۆ لە بەرلین، لە کۆتاییشدا بۆ باڤاریا و لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ ئازاد کرا، لە ئەنجامی هەندێ دانوستاندن کە کۆنتی سویدی فۆلک برنادت ئەنجامی دا.

بەلاّم هـەمـوو ئەفـسـەرانی پۆلیـسی نەرویج شـوێن پێی ویلـهـالڤنیـان هەڵنەگرت، بگرە کەمێک پاش ئەوە زۆربەی گەورە بەرپرسانی پۆلیس بوونە ئەندام لە حزبی فاشیدا و ٦٠٪ی ئەفسەرەکان بە یاریدەدەرانی سەرۆک کیسلنگیشەوە خۆویستانەوە چوونە ڕیزی ئەو حزبە. هەروەها نێزیکەی ٤٠٪ی پیاوانی پۆلیس پێوەندییان بە حزبەوە کرد.

لابیە لاند زیاتر دەڵێ: لەگەڵ ئەوەیشدا ڕیژیم نەیدەتوانی پشت بە دەزگەی پۆلیس ببەستێ.

لە مانگی تەموزی ١٩٤٠، پۆلیس فەرمانێکی پێ گەیشت کە بە شێوەی فاشی سڵاو بکا، ئەویش بە بەرزکردنەوەی دەستی ڕاست. ئەمە مقۆمقۆیەکی گەورەی لە ڕیزەکانی پۆلیسدا دروست کرد. لە ئۆسلۆ هێزەکانی دەستوەدان لە بارەگەی گشتی ڕەتیان کردەوە بۆ جێبەجیکردنی ئەرک دەربچن، لە کریستیانسند فەرماندەی پۆلیس لەو کەسە کەمانە بوو کە نەچووبووە حزبی نازی، ئەو فەرمانەی ڕەت کردەوە، یاریدەدەرەکانیشی شوێنی کەوتن. بە هۆی ڕەتکردنەکەیەوە دەستگیر کرا و گوازرایەوە بۆ ئەڵمانیا.

لە پایزی ساڵی ١٩٤١، سێ یاریدەدەری فەرماندەی پۆلیسی تاوان لە ئۆسلۆ ڕەتیان کردەوە دەستبەسەرداگرتنی بڕێک خۆراک پەسند بکەن کە شەو پیاوانی هەورەبروسکەی نەرویجی پێی هەستاون. هەرسێکیان گیران بەڵام دواتر ئازاد کران و گواستیاننەوە بۆ هەرێمی ئوستلاند کە پێگەی ڕێکخراوی پۆلیس بۆ بەرگریی نهێنی بوو. لە پایزی ١٩٤٢وە لە هێزی بەرگرییەوە ڕێنوێنی بۆ پیاوانی پۆلیس دەردەچوو بۆ بایکۆتکردنی فیستیڤاڵە پروپاگەندەییەکان و ناونەنووسین بۆ پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی پۆلیس.

کاتێ فاشییەکان ساڵی ١٩٤٣ بەرنامەی کاری ئامادەسازیی هاووڵاتییانی نەرویجی دەست پێ کرد، کە ناسراوە بە کۆششی نیشتمانی بۆ کار، بەرگریی نهێنی لە مانگی حوزەیران ڕێنوێنییەکانی بۆ پیاوانی پۆلیس دەرکرد بۆ بەشدارینەکردن لەو چالاکییانەی لەوانەیە یارمەتیی ئەو کارنامە زۆرەملێیە بدا. پاش دوو مانگ گونار ئۆلیفسن یاریدەدەری فەرماندەی پۆلیسی ئۆسلۆ ڕەتی کردەوە گوێڕایەڵیی فەرمان بکا بۆ هێنانی دوو کچ بۆ کارکردنی زۆرەملێ، بەو هۆیەوە درایە دادگەی سەربازی و لە مانگی ئابی ١٩٤٣ لە دار درا. لە هەمان ڕۆژدا بانگی ئەندامانی پۆلیسی ئۆسلۆ کرا کە ژمارەیان نێزیکەی ٦٠٠ تا ٧٠٠ پۆلیس بوو بۆ کۆبوونەوە

لەگەڵ جۆناس لای فەرماندەی پۆلیس و ئەندامی حزبی فاشی. هەواڵی لەداردانی ئۆلیفسنی پێ ڕاگەیاندن و داوای لێ کردن پەیماننامەی گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکان ئیمزا بکەن، ئەندامانی حزبی فاشی دەستبەجێ ئیمزایان کرد بەڵام ژمارەیەکی تریان بە بەردەم مێزەکەدا تێپەڕین بەبێ ئەوی ئیمزای بکەن. پاش گفتوگۆیەکی دۆستانە و هەڕەشەکردن بە کوشتن ئەگەر ئیمزا نەکەن، چواردە پۆلیس هەر سوور بوون لەسەر هەڵویستی ڕەتکردنەوەیان. بە بارهەڵگر گوازرانەوە بۆ دەرەوەی شوێنەکە، بەڵام پێ دەچێ لەدار نەدرابن.پیاوانی پۆلیس لە پایزی ١٩٤٣ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ گرووپی بەرگریی سەربازیی میلۆرگ و گرووپی بەرگریی مەدەنیی ناتوندوتیژانەی سیفۆرگ سەرکردایەتییەکی نهێنییان بۆ پۆلیس دامەزراند. ڕێکخراوەکەی پۆلیس هاوکاریی گرووپی بەرگریی سەربازیی دەکرد بە دانانی دەزگەیەکی خزمەتگوزاریی میدیایی کە ئاگەداری بدا لە بارەی ئەو شاڵاو و هەڵمەتی دەستگیرکردنانەی دژ بە ماڵەکانی کەس و ڕێکخراوەکان ئەنجام دەدران، هەروەها کاری دەکرد بۆ ئاشکراکردنی ئەو بەکرێگیراوانەی کاریان لەگەڵ نازییەکان دەکرد و پەکخستنی چالاکییەکانیان.

٧- یاخیبوون

لە هەنگاوێکی پێشکەوتووی جموجووڵی هاوکارینەکردندا، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و پیاوانی پۆلیس دەتوانن یاخی بن و بە ئاشکرا فەرمانی سەرکوتکردنی بزاوێکی بەرگری ڕەت بکەنەوە. یاخیبون لە هەندێ حاڵەتی تردا ڕێگەی سەرەکی و هەندێ جار ڕێگەی زاڵی بەرگری و خەباتی شۆڕشگێرانەیە، نەخاسمە کاتێ سوپا خۆی لە حاڵەتی شۆڕشدا بێ. لە کاتی هەڵگیرسانی هەر شۆڕشێکی توندوتیژدا چەند یەکەیەکی سەربازی دەچنە ڕیزی ململانێی توندوتیژانە شانبەشانی شۆڕشگێڕەکان، کە لە

بنەڕەتدا مۆرکی ململانەیەکی ناتوندوتیژانە وەردەگرێ. لەوانەیە یاخیبوون دەربڕینی تەواوی خۆی لە ڕەتکردنەوەی ئەرکە ئاساییەکان ببینێتەوە، وەک سەپاندنی ویستی ڕیژیم بەسەر گەلدا، یان بەرپاکردنی شەڕ دژی دوژمنێکی دەرەکی. لەوانەیە ئەم ڕەتکردنەوەیە توانی ڕیژیم بۆ حوکمڕانیکردن فەلەج بکا لەڕێی هەڵایسانی تەواوی ڕەتکردنەوە و هاوکارینەکردن و فەلەجکردنی دەزگە سەرکوتکەرەکانی ڕیژیم و تێکشکاندنی توانا سەربازییە کلاسیکیەکانی.

لەکاتی شۆڕشی ١٩٠٥دا یاخیبوون کارێکی باو بوو. فەرماندەی پێشووی پۆلیسی نهێنیی قەیسەری لە وەسفکردنی یاخیبوونێکدا لە سان پترسبۆرگ لە ٢٤ی شوباتی ١٩٠٥، دەنووسێ و دەڵێ: کاتێ هەوڵی گۆڕینی پیاوانی پۆلیس درا بەبەکارهێنانی تیمەکانی قۆزاق، تێبینیی حاڵەتێکی زۆر مەترسیدار کرا: ئەو قۆزاقانەی ڕۆژانێک سەرچاوەی تۆقاندن بوون بۆ جەماوەری ئاژاوەچی، لەم حاڵەتەدا لەگەڵ جەماوەردا برایەتییان کرد و هیچ ئامادەییەکیان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی جدی دژی جەماوەر پێوە دیار نەبوو.

لەکاتی ئەم شۆڕشەدا، بەتایبەت لە تشرینی دووەمی ١٩٠٥ تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٠٦، ئەو هێزانەی لە شەڕ لەگەڵ ژاپۆن لەڕێی هێڵی ئاسنی سیبریاوە دەگەڕانەوە، سیستمیان تێک دەدا:

سەربازەکان ڕەتیان دەکردەوە گوێڕایەڵیی ئەفسەرەکانیان بکەن و لەو ناوەندانەی دەسەڵات تێیاندا هەرەسی دەهێنا برایەتییان لەگەڵ مەدەنییە شۆڕشگێڕەکان دەکرد، بەتایبەت لە خاربین و شیتا و کراسنوبارسک و ئیرکوتسک. ڕواڵەتەکانی شکاندنی سیستم جۆرەوجۆر بوون لە نێوان گوێڕایەڵینەکردنی سادەی سەرۆکەکان تا ڕادەی زێدەڕەوییی ڕژد وەک تۆڵەکردنەوە لە یەکێک لە جەنەراڵەکان بەهۆی جوێندانی بە کرێکارانی هێڵی ئاسن لە شیتا، فارگۆنەکەیان لە شەمەندەفەرەکە کردەوە و بەو شێوەیە بەجێیان هێشت.

پێ دەچێ یاخیبوونی شاری ئیرکوتسک لە سیبریا نموونەیەکی دیار بێ لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێگە ناتوندوتیژانەیە. سۆشیال دیموکراتەکانی نەیاری دەسەڵاتی ناوەندی مۆڵەتی قسەکردن بۆ سەربازەکانیان وەرگرت، کە وەک ج.ە.ل.کیب دەڵێ، پاشتر ئامادە نەبوون خزمەتی سەربازی بکەن.

ئەندامانی یەکە ڕووسییە یاخیبووەکان لەکاتی شۆڕشی شوباتی ١٩١٧دا ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان گێڕا. بۆ نموونە یەکەی فولینسکی لە ٢٧ی شوبات یاخی بوون، ئەویش پاش ئەوەی بەپێی فەرمانەکان تەقەی لە خۆپیشاندەرە بێوەی (مسالم)ەکان لە گۆڕەپانی ترنامنسکی لە پترۆگراد کرد و ئەفسەری هێزەکە لەلایەن کەسێکی نەناسەوە کوژرا. ڕۆژی دوای ئەوە سەربازانی یەکەکە تەقەیان بەهەوادا دەکرد و هاوهەڵوێستیی خۆیان لەگەڵ گەلی ڕاپەڕیو دەربڕی، هەر زوو پەتی یەکگرتووییان پسا و تێکەڵی خۆپیشاندەران بوون و بوونە بەشێک لە جەماوەر. یاخیبوونەکە بۆ یەکەکانی تر تەشەنەی کرد و مەفرەزەکان لەڕێی گەڕانەوەیاندا بۆ بنکەکەیان لە ئێوارەدا، لەگەڵ جەماوەر تێکەڵ بوون. بەگشتی، سەربازەکان لە یەکەکانیاندا نەمانەوە، هەروەک بە چەکیش هێرشیان نەکردە سەر ڕیژیم:

ئەو سەربازانەی دابەزیبوونە شەقام خۆجەشاردانیان لەنێو حەشاماتە گرگرتووەکەدا پێ باشتر بوو لەوەی لە یەکەکانیاندا هەڵوێستێکی دیاریکراو وەربگرن. هەر بۆیە تفەنگەکانیان فرۆشت و پاڵتۆکانیان بە پارچە پەڕۆی سوور ڕازاندەوە و دەچوونە ناو ئەم یان ئەو خۆپیشاندان، مەخفەرەکانی پۆلیسیان تێکوپێک شکاند و دەرگەکانی گرتووخانەکانیان کردەوە و ئاگریان بەردایە باڵەخانەکانی دادگەکان، یاخۆ دەستیان دایە شێوەی تری چالاکیی شۆڕگێڕانەی کەمتر توندوتیژ.

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا نەیدەزانی کام لە یەکەکان هی ئەوەیە پشتی پێ ببەسترێ. لە ٢٧ی شوبات وەزیری شەڕ بروسکەیەکی ئاراستەی

قـەیسـەر کـرد و ئاگـەداری کـرد لە ڕوودانـی یاخـیـبـوونـە فـرەوانەکـە و ئاگرکەوتنەوەکان و دەستەپاچەیی خابالۆف فەرمـاندەی زانکۆی پترۆگرادی سـەربازی لە کۆنترۆڵکردنی دۆخـەکە و داوای کۆمـەکی دەسـتبـەجێی کـرد بە هێزێکی گەورەی جێمتمـانە. هەندێ جـار یەکەیەکی یاخـی هێرشـی دەکردە سـەر یەکـەیەکی سەر بـە ڕیژیم وەک لە بۆسـەکەی لوگـادا لەو مـاوەیەدا ڕووی دا.

لە هـەردوو مـانگی ئایار و حـوزەیرانی ١٩١٧دا یاخـیـبـوونێکی فـرەوان لە ڕیزەکـانی سـوپای فـڕەنسـادا ڕووی دا وەک ڕاپەڕینێکی گشـتی دژی شـەڕ و دژی ئەو نەهامـەتیـیـانەی لە ئەنجـامی ئـەو تەڵەزگە سـەربازیـیـەی دووچاری سـەربازەکان بووبوو. نیوەی هێزە فـڕەنسـاییـیە شـەڕکـەرەکان یاخـیبوونیـان بەخـۆوە بینی کـە ناو نرا دانەمـەزراویی بەکـۆمـەڵ. ڕیچـارد وات دەنووسـێ: ڕاپەڕینەکان دەسـتیـان پێ کرد، هـەروەها یاخـیبـوونی خـۆبەخـۆکان بەردەوام بوون بەبێ ئامـانجێکی ڕاگەیەنراو، نە سـەرکردایەتـیەکی ڕێکخـراوی هـەبوو، نە قارەمان و نە چاودێر.

یاخـیبوونە بـچووکەکـان سزا دەدران، بەڵام لەگـەڵ زۆربوون و فرەوانبـوونی ئەو کـردانـەدا یاخـبـوونی یەکـەکـان لەبەر زۆرییـان بـەبێ سـزادان دەمـانەوە. یەکەم یاخیبوون لە فـیرقـەی دووەم لە سوپای پیـادەی هـەژدەدا ڕووی دا. ئەو فیـرقەیە لە ٢٩ی نیـسـان فـەرمـانـی پێ گـەیشت بۆ گـەڕانـەوە بۆ شـەڕ، ئەوەیش پاش کـەمـتـر لە دوو هـەفـتـە لە لەدەسـتدانی چوار سـەد کـەس لە کـۆی شـەش سـەد کەس لە کـوژراو و بریندار، ئەگـەرچی ئەو دوو سەد کـەسـەی مـابوونەوە زیانیـان پێ نەگەیشـتبوو، بەڵام تووشی هـەرەسـی مـێشک بووبوون. فیـرقەکە لە کۆتاییدا ناچار کرا بگەڕێتەوە بۆ بەرەی شـەڕ و پێنج کەسیشیـان سزای مـردنیـان بۆ دەرچوو لـەبەرئەوەی سـەرکـردەی یاخـیـبـوونەکـە بوون، لەگـەڵ ئەوەیشـدا یاخـیـبـوون بڵاو بووەوە و لە نێـوان شـەوێک و چێشـتـەنگاوەکـەیدا ڕێسـاکـانی دامەزراوی (قواعد الانضباط) بوون بە هـەڵم و ئەفسـەرەکان لەپڕ

هەستیان کرد ناتوانن سەرکردایەتیی سەربازەکانیان بکەن و لەنێو بازنەی حەشاماتێکی گەورەی نارێکخراودا ڕاکەڕاکەیان بوو. وات لەبارەی ئەم یاخیبوونەوە دەڵێ:

ئەوە جۆرێکە لە مانگرتنی پیشەوەرانە، مانگرتنێکە لەو ڕاستییەوە هاتووە کە سەربازەکان لەپڕ هەموو متمانەیەکیان بە جەنەراڵەکانیان و ستراتیجەکانی ئەو جەنەرالانە لەدەست دا و چی تر ئامادە نین گیانی خۆیان بە سەرکردایەتیەکی بالا بسپێرن، کە هەست دەکەن بایەخ بە ئازارەکانیان نادات و لە ئاستیاندا بێموبالاتە.

کۆستە ترسناکەکان و ئەو هەڵمەتە سەرنەکەوتووەی جەنەراڵ ڕۆبیر نیفیلی فەرماندەی گشتی سەرکردایەتیی کرد، ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبوو لە هەڵگیرساندنی شەپۆلی یاخیبوونەکان، حکوومەتی فەڕەنسا بەهۆی یاخیبوونەکە و شکستی هەڵمەتەکەوە لە ١٥ی ئایاری ١٩١٧ جەنەراڵ نیفیلی لەکار لادا و جەنەراڵ هنری بیتانی لەجێی دامەزراند.

لە ٢٣ی نیسانی ١٩٣٠، لەکاتی هەڵمەتەکەی هند لە هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١، فیرقەیەک لە سەربازە هندیەکانی "گاروالی" ڕەتیان کردەوە تەقە لە خۆپیشاندەرە بێوەیەکان لە پیشاوەر بکەن. بەو هۆیەوە ئەو سەربازانە سزا دران.

## چالاکیی ناوەخۆیی حکوومەت

١- فرتوفێڵ و خاوەخاوکردنی نیوچە شەرعی

هەندێ گرووپی ناو دەسەڵات ناتوانن ڕاستەوخۆ گژبەریی یاساکان یان بڕیارەکانی دادگەکان و شتی لەو شێوە بکەن، بۆیە دەخوازێ سیاسەت یان تەگبیرێکی تایبەت بۆ ئەوە بەکار بێ و لەبری ئەوە ڕواڵەتی یاسا یان تەگبیر، یاخۆ پێوەرێکی تری تەواو جیاواز لەوەی جێی مشتومڕە پیشان بدەن، ئەویش بە ئامانجی بەیەکجاری خۆ ڕاپسکاندن یان ئەوپەڕی خاوەخاوکردن لە ملکەچکردن بۆ خواستەکانی یاسا یان فەرمان یاخۆ ئەو بڕیارانەی دادگە، کە بابەتی ڕەتکردنەوەن. ئەم تەگبیرانە هاوشێوەی دەستی دەستی و دواخستن کە پێشتر باسمان کردن، بە جیاوازیی ئەنجامی چالاکییەکانی بەردەستەکان یاخۆ یەکەکان کە دەبنە بەشێک لە دەوڵەت، لەباتی ئەوەی ئەنجامی چالاکیی تاکەس یاخۆ یەکەی کارگێڕی یان شتی لەو شێوەیە بێ.

ئەم شێوە چالاکییانە بەشێوەیەکی بەرفرەوان لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆتای قۆناخی بنیتنانەوەی پاش شەڕی ناوەخۆ تا ڕۆژی ئەمڕۆمان، بەکار هاتوون. بەڵام هیچ شتێکی جەوهەری نییە کە جیاواز بێ لەو ڕێگەیەی لایەنگرانی جوداخوازە باشوورییەکان کێشایان. هەموارکردنی مادەی پازدەیەمی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی مافی ڕەشپێستەکان لە دەنگداندا لە ویلایەتەکان دەسەنێتەوە، هەر بۆیە هەندێ ویلایەتی تر جێگرەوەیان بەکار هێنا بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج. بۆ نموونە لە ویلایەتی ئۆکلاهۆما ساڵی ١٩١٠ هەموارێک لە

دەستـــووردا کـرا، بەو پێـیــە دەبێ بۆ بەدەســتــهـێنانی مـافی دەنگدان تاقیکردنـەوەیەک لە نووسـیندا بکرێ، ئەو یاسـایەش جیـاوازییـەکی لەنێوان ئەو هـاووڵاتییانەی بانگهێشت کراون بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە دروست کرد.

أ.ب. بلوستاین و س.س.فرگسۆن لـە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشـانی "یاسا و لەناوبردنی جیاکاریی ڕەگەزی" دەنووسن:

لە مێژووی یەکی کانوونی دووەمی ١٨٦٦ەوە و لە هەر مێژوویەکی دواتر، نابێ هـیچ کـەسـێکی لێـوەشــاوە قـەدەغـە بکرێ لە دەنگدان بـۆ هـەر جـۆرە حکوومـەتێک، پاشــتـریش هیـچکام لە نەژادەکـەی بەهـۆی نەبوونی توانی خـوێندنەوە و نووسـینەوە لە مـافی تۆمـارکردن و دەنگدان بێبـەش ناکرێ. بە دەربڕینـی تر، ئەو کـەسـانەی بـانگهـێـشت کـراون بـۆ بڕینی تاقـیـکردنەوەی نووسـین بە ئامـانجی دەنگدان، ئەوانەن باوبـاپیـرانیـان کۆیلە بوون. دادگەی بـاڵا ئەم "مـــادەی بـاوباپیــران"ەی بە نـادەســتـــووری دانا. ســاڵی ١٩١٦ ئۆکلاهۆمـا یاسـایەکی پاشکۆی دەرکرد دەڵێ هەر کـەس لەمـەودوا لە مـافی دەنگدان بێـبــەش بکرێ، دەبێ لـە مــاوەی دوازدە ڕۆژدا خـۆی تۆمــار بکا. لەوەیشدا مـەبەست "کۆیلەکان" بوو، چونکە چەندان کۆسپی کردەیی هەبوون ڕێی دەنگدانیـان لێیـان دەگرت، ئەوەیش بە نادەسـتووری هاتە ڕاگـەیاندن. دادگەی باڵا نووسیی کە مادەی پازدەیەم هەموو شێوەکانی جیاکاریی ئاڵۆز و سادە هەڵدەوەشێنێتەوە.

ویلایەتەکانی باشوور شێوەگەلی فرەجۆری تریان بەکار هێنا، چ شـەرعی و چ ناشــەرعی، بۆ بەرگـرتن لە بـەشــداریکردنی زنجـیــەکـان لە دەنگدان، ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە سـاڵی ١٩٦١ لە لیـژنەی ڕاوێژکـاری لە ویـلایەتی باکـوری کـارۆلینا دەرچووە، ژمـارەیەک سکاڵای بە دەسخـەتی ژمارەیەک زنجی لە پێنج ناوچە ژماردووە، کە تێیاندا

سكالا لەوە دەكەن تاقيكردنەوەكەی نووسين بەشێوەيەكی جياكارانە لەدژيان جێبەجێ كراوە بە مەبەستی ڕێگرتن لە دەنگدانيان. زۆر جاريش بە بەڵگە سەلماوە كە ياسای "تاقيكردنەوەی نووسين" لە ويلايەتەكانی باشوور بۆ ئەو مەبەستە بەكار هاتووە.

لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە: ئەوە سەلماوە كە تاقيكردنەوەی خوێندنەوە و نووسين بەشێوەيەكی جياواز لە هاووڵاتييانی سپی، لەگەڵ ئەوانەی تانەی لێ دەدەن بەكار هاتووە، ئەويش بەمەبەستی جياكاريكردن دژی تانەلێدەرەكان و بێبەشكردنيان لە سەرمافی تۆماركردن و دەنگدان تەنيا لەبەر نەژادەكەيان و هيچی تر. ساڵی ١٩٦١ دادگەی باڵا لە كارۆليناى باكور ئەوەی پەسند كرد كە دەبێ دەرفەتێكی تر بدرێتە هەر تانەلێدەرێك بۆ خۆ تۆماركردن و ئەو تاقيكردنەوەی دەيكا دەبێ لەگەڵ ياسادا گونجاو بێ.

ژمارەيەك لە ويلايەتەكان شێوازی جياوازی شەرعی و نيوە شەرعييان بەكار هێنا بۆ خۆدزينەوە لە جێبەجێكردنی بڕياری دادگەی باڵا ساڵی ١٩٥٤، كە جياكاريی ڕەگەزيی لە قوتابخانە گشتييەكاندا قەدەخە كردبوو. بۆ نموونە لە ويلايەتی كاليفۆرنيا ياسای چاودێريكردنی قوتابييان بە مافی دانانی ياسايەكی يەكگرتووی بۆ تاقيكردنەوەكان دابووە دەزگەی فێركردن، تا قوتابييان بە پێی لێهاتنە فيكرييەكان و تواناكانيان لە خوێندندا لە قوتابخانە پۆلبەندی بكرێن، بەوە لە هەر قوتابخانەيەكدا كەشوهەوايەكی يەكسانی لە نێوان قوتابييان لە پسپۆرييە هاوشێوەكاندا هاتە كايە. ئامانجی تاقيكردنەوەكان لەبەرچاوگرتنی هۆكارە كۆمەلايەتی و دەروونی و كۆمەڵگەييیە زانستييە جێگيرەكە بوو بەمەبەستی ڕزگاربوون لە هەر ناهۆشيارييەكی كۆمەلايەتی–ئابووری لەنێوان قوتابيەكانی هەر قوتابخانەيەكدا. تۆماركردنی قوتابييان لە قوتابخانە تايبەتەكان هۆكارە دەروونی و ئەخلاقی و ڕۆشنبيرييەكانی قوتابييان لەبەرچاو دەگرێ، بەشێوەيەك لەگەڵ قوتابيەكانی ئەو قوتابخانەيەدا گونجاو بێ.

کارۆلینای باکور لەو ماوەیەدا بەرنامەیەکی دامەزراندنی بۆ قوتابییان دانا، کە ڕێگە بە دەزگەی فێرکردن دەدا قوتابی بۆ قوتابخانەیەکی دیاریکراو بنێرێ. بڕیاری دامەزراندن بەپێی سیستمێکی ئاڵۆز بەڕێوە دەچوو، کە کاتی قوتابییانی ناڕازی لە شوێنی دامەزراندنەکەیان، بەفیڕۆ دەدا. بلوستاین و فیرگسۆن دەڵێن ئەم یاسایە هەوڵی دا سوود لەو دۆخە وەربگرێ کە ناکرێ هیچ سکاڵایەک بخرێتە بەردەم دادگەی فیدراڵی پێش لەوەی سکاڵاکە هەموو ڕێوشوێنەکانی شیمانەی چارەسەرکردنی لە دادگەکانی ویلایەتەکەدا گرتبێتە بەر.

کاتێ لەچوارچێوەی ئەم یاسایەدا سکاڵایەک بۆ دادگەی باڵا لە باکوری کارۆلینا بەرز کرایەوە کە پێوەندیی بە منداڵانی زنجیەکانەوە هەبوو لەو ناوچەیە، سکاڵاکە لە ئایاری ١٩٥٦دا ڕەت کرایەوە بە بەڵگەی ئەوەی پێویستە لەسەر بناخەیەکی تاکەکەسی پێشکێش بکرێ. لە ئەنجامی ئەوەدا جارێکی تر هەر قوتابیەک بەجیا سکاڵای پێشکێش کرد.

٢- هاوکارینەکردنی داوودەزگە حکوومییە دەستوورییەکان

دەگونجێ هەندێ داوودەزگەی حکوومیی ناوەخۆیی یان ناوچەیی، لەبەرامبەر سەرهەڵدانی بەرهەڵستییەکی فرەوان و هاوکارینەکردنی حکوومەتی ناوەندی، وەک بەدەمەوەچوونێکی ڕای گشتی، بە ڕەسمی هاوکارینەکردنی حکوومەتی ناوەندی ڕابگرن. کران برینتۆن پێی وایە ئەوە هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بووە لە شۆڕشە ئەمەریکاییەکەدا، کاتێ کۆبوونەوە گشتییەکان لە شارەکان و دەستە یاسادانەرە نیشتەجێکارەکان بەشێک بوون لە حکوومەتی ناوەندی، بەڵام کەسانێکی چالاک لە حکوومەتە ناشەرعییەکە بەڕێوەیان دەبرد.

ڕەنگە زیاترین کارێکی ناتوندوتیژانە و ناهاوکار لەگەڵ حکوومەتدا لەکاتی ململانەی ئیمپریالیزمیی ئەمەریکایی، لە ڕۆدئایلاند ڕووی دابێ

کاتێ کۆمەڵەی گشتی لە ئەیلوولی ١٧٦٥ ئاماژەی دایە ڕەسمییەکانی ویلایەتەکە بۆ پشتگوێخستنی یاسای پوولەکان: هەموو ئەفسەرانی ویلایەتەکە کرێکانیان لە دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی وەردەگرن، هەر بۆیە پێویستە کاری خۆیان بە ئاسایی بکەن، کۆمەڵەی گشتی قەرەبووی ئەو فەرمانبەرانە دەکاتەوە و دەیانپارێزێ.

تەنیا هەر دابەشکەری پوولەکان لە ڕۆد ئایلاند نەبوو کە ملکەچ نەبوون، بگرە حاکمەکە خۆیشی ڕەتی کردەوە ڕێوشوێن بۆ سەپاندنی ڕەسمی پوولەکان بگرێتە بەر. دادگەکانی ویلایەتەکە درێژەیان بە کاری ئاسایی خۆیان دا بەبێ بەکارهێنانی پوول لەسەر بەڵگەنامەکانیان، وەک یاسا داوای دەکرد.

کۆمەڵەی گشتی لە نیویۆرک ساڵی ١٧٦٦ بەرهەڵستیی کرد و بەرەنگاری پێشکێشکردنی باجی چواریەکی کرد لەسەر مادده خۆراکییەکان بۆ یەکە شاهانەکان، وەک یاسا داوای دەکرد. لە وەڵامی وەزیری دەوڵەتیش بۆ بەشی باشوور لە لەندەن، کۆمەڵەی گشتی ڕایگەیاند تێچووی ئەو ماددانە لە وزەی کۆڵۆنییەکە و دانیشتووانەکەی زیاترە..."بۆیە لە بەڕێزتان دەپارێینەوە وەک خۆی لەم ڕەفتارەمان تێ بگەن... وا لە بابەتەکە بڕوانن کە ئەوەی وای لێ کردوون گوێڕایەڵ نەبین، وابەستەییمانە بە ئەرکی سەرشانمان".

ئەوەیش پاش داگیرکردنی سەربازیی بۆستن هات لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٧٦٨, جۆرج ترفلیان دەنووسێ: بۆستن لەڕێی دەسەڵاتەکانی یاسادانانییەوە بە نەرێنی ڕووبەڕووی داگیرکردنەکە بووەوە، بگرە بە بەرەنگارییەکی توورە و کاریگەر.

ڕاگر (عمدە)کان لەڕێی ئەنجوومەنەکەوە داوایان کرد پیاوەکانیان داڵدە و خۆراک بدرێن، ئەوەیان یاد خرایەوە کە بەپێی یاسا شارەکە ناچار نییە باجی چواریەک بدات و ئازووخە بگەیەنێتە دەرگەی بنکەکانی قەڵاکە کە

ئەوانی تێدا دامەزراون، هەروەها پێویستە ئەنجوومەن و ڕاگرەکان بزانن یەکەکان نەنێردراون بەرگری لە قەڵایەک بکەن کە لە دورگەیەکی کەنداودایە، بگرە بۆ داگیرکردن و زیانگەیاندن بە شارەکە نێردراون. جەنەراڵ گایج فەرماندەی باڵا لە ئەمەریکا لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ بۆستن بینی سەربازەکانی لە چادرەکاندا لەسەر زەوی دەخەون لەکاتێکدا زستانێکی سارد بەڕێوە بوو، بۆیە وای بە پێویست زانی ماڵەکان بەکرێ بگرێ ئەگەر بە نرخێکی خەیاڵیش بێ و گەنجینەی بەریتانیا ناچار کرا نرخەکەی خەرج بکا.

تا هەڵگیرسانی ململانەی سەربازی ساڵی ١٧٧٥، کۆبوونەوە گشتییەکان لە شارەکان و دەستەکانی یاسادانانی ناوچەکان چەند دەستپێشخەرییەکی لەدوای یەکیان کرد بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی بایکۆتکردنی ئابووری و وەک چەکێکی سەرەکی لە ململانە لەدژی حکوومەتی لەندەن بەکاریان هێنا. یەکێک لە پرسە لەپێشینە دەستوورییەکان و گرینگترینیان بەلای حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پاش دروستبوونی، برێتی بوو لەوەی کێ دیاری دەکا کە یاسایەک یان چالاکییەکی دیاریکراو سنووری دەستووره نوێیەکەی تێ پەڕاندووە یاخۆ خواست یان دەسەڵاتەکانی بەزاندووە. دادگەی باڵا بەوە هەڵدەستا، بەڵام ئەوە تاکە ئەگەر نەبوو. ئەوە بوو تۆماس جیفرسۆن و جایمس مادیسۆن بنەمای پووچەڵکردنەوەیان پەرە پێ دا کە دەڵێ "ئەنجوومەنی یاسادانانی هەر ویلایەتێک دەتوانێ بڕیار بدا کە ئاخۆ ڕێوشوێنێکی دیاریکراو کە کۆنگرێس گرتوویەتیە بەر دەستوور پێشێل دەکا و بەو هۆیەشەوە لەو ویلایەتە بە هەڵوەشاوە دادەنرێ. ئەوەیش بووە بنچینەی بڕیارەکانی ڤێرجینیا لە ساڵی ١٧٩٨ و بڕیارەکانی کنتاکی لە هەردوو ساڵی ١٧٩٨ و ١٧٩٩.

تۆماس جیفرسۆن کە ئاراستە نەیارەکانی دیموکراسیەت لەنێو حکوومەتە نوێیەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان نیگەرانی کردبوو، کاتێ سەیری یاسای

"کاره هاندەرەکان بۆ پشێوی و نائارامی"ی دەکرد، گەیشتە ئەو بەرەنجامەی پێویستە بەربەستێکی بەهێز لەبەردەم پێشێلکاریەکانی حکومەتی فیدراڵی دروست بکرێ. خۆیشی بەشداریی داڕشتنی ئەو بڕیارانەی کرد کە لە کنتاکی دران. لە یەکێک لە بڕیارەکاندا هاتووە:

لەبەرئەوەی ژمارەیەک لەو ویلایەتانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان لێ پێک دێ، یەکگرتوو نین لەبارەی ملکەچکردنی ڕەها بۆ حکومەتە گشتییەکە، بگرە حکومەتێکی گشتی بۆ هەندێ پرسی دیاریکراو پێک دێن...هەروەها لەبەرئەوەی حکومەتە گشتییەکە هەندێ دەسەڵات بە خۆی دەدا کە پێی نەدراون، هەر بۆیە کارەکانی دەسەڵاتیان نییە و بەتاڵن و هیچ کاریگەرییەکیان نییە.

پاشتریش جەختی کرد کە پێویستە ویلایەتە دامەزرێنەرەکان، نەک حکومەتی فیدراڵی، بڕیار بدا کەی دەستوور پێشێل کراوە.

یەکێک لە بڕیارەکانی ویلایەتی ڤێرجینیا لەو ساڵەدا دەڵێ کاتێ حکومەتی فیدراڵی سنووری ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانەی پێی دراون تێ دەپەڕێنێ، ئەوا ویلایەتە پێوەندارەکان نەک تەنیا ماف، بگرە ئەرکی سەر شانیانە ڕووبەڕووی ببنەوە بۆ بەرەنگاریکردنی بڵاوبوونەوەی کارەساتەکە و ڕاوەستاندنی، هەروەها بەو توانانەی لەبەردەستیاندایە پارێزگاری لە دەسەڵات و ماف و ئازادییەکانیان بکەن.

بڕیارەکانی کنتاکی ساڵی ١٧٩٩ جەختی لەوە کرد فرەوانبوونی چالاکییەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ دەرەوەی ئەو سنوورەی دەستوور دیاری کردووە، دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی حکومەتەکانی ویلایەتەکان، هەروەها ئەو یاسایەی دەڵێ تەنیا حکومەتی فیدراڵی نەک ویلایەتە دامەزرێنەرەکان، دەسەڵاتی دیاریکردنی پرسی فرەوانکردنی ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانەی هەیە کە پێی بەخشراون، لە کۆتاییدا دەبێتە

مـایەی لـەبیـرکـردنـی دەسـەڵاتە فـیـدراڵـیـەکـان تا دەگـاتە ڕادەی حـوکـمی تاکڕەوانە".

ئەم تیـۆرییـە بـنچـینەی بنەمـای هەڵوەشـاندنەوە بوو کـە جـۆن کـالهـۆنی جـێگری سـەرۆک لـە سـاڵی ١٨٢٨ کـاری بۆ پەسـندکـردنـی کـرد کـاتێ لەو ساڵەدا "یاسـای تاریفـە" هاتە هەڵوەشـاندنـەوە. کالهـۆن پشـتـیـوانیی لەوە دەکـــرد هـەر ویـلایـەتێک مـــافی ئەوەی هـەبێ لەنێـــو سـنوورەکـــەیدا هەڵوەشـاندنەوەی هەر یاسـایەک ڕابگەیەنێ کـە بە نـادەسـتـووریی دەزانێ. ئەوەیشی بە بەدیلی جیابوونەوە و بەرگری لە دەستوور لەقەڵەم دا. ئەم بنەما گشـتییـە لە هەندێ ویلایەت فرەوان کرا تا ڕادەی جیـابوونەوەی کردەیی لە فیدراڵیەتەکە. جیابوونەوە خۆی لە خـۆیدا کارێکی شەڕانی نەبوو، بەڵام بەو شـێـوەیەی لێ هـات کـاتێ چەند پێکدادانێکی سـەربازی لەنێـوان هـێـزە فیدراڵیەکان و سەربازە جوداخوازەکاندا ڕووی دا.

کـاتێ حکوومـەتی ڕووسـیا سـاڵی ١٩١٠ فینلەندای خسـتـە ژێر چاودێریی خـــۆی، هەوڵی دا خـــۆی لا بدا لـە ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانـەی پەرلـەمـــانی فینلەندا بـۆ ئەو میـسـاقـەی بۆ ئەو مـەبەسـتـە ئامـادە کرابوو، ئەویش بەوەی سـان پیتـرسـبـۆرگی پایەختی ڕووسـیا چاوی پێدا خشـاندەوە و داوای لە فینلەندایییەکان کرد لەبری دەنگدان لەسـەری، ڕاپۆرتێک لەبارەی ئەو یاسـا پێـشنیـازکـراوەی کـە شـوێنکەوتەییی فـینلەندا بـۆ حکوومـــەتی ڕووسـیـا دەچەســـپـــێنێ، پێـــشکێش بکەن، چونکە لەوانـە بـوو دەنگدانـەکـــە پشتیـوانینەکردنی یاساکە و هەروەها دەکرا ڕەتکردنەوەیشی لێ بکەوێتەوە. بەڵام پەرلـەمـانی فـینلـەدا ڕەتی کـردەوە ئەو ڕاپۆرتە ئامـادە بکا، ئـەویش لەو ڕوانگەوە کە پەرلەمان خۆی خـاوەنی دەسەڵاتی تەواوی یاسادانانە لەو جۆرە بابەتانەدا نەک ڕووسیا.

ویلایەتە جیـاوازەکانی ئەڵمـانیـا لەکاتی کۆمـاری فـایمـاردا ڕەتیان کـردەوە

هاوکاری لەگەڵ گرووپی کودەتاچییەکان بەسەرۆکایەتیی د.کاب و جەنەراڵ لۆتفـــینز بکەن، ئەوەیش بۆ بەدەمـــەوەچوونی بانگەوازی حکوومـــەتە شەرعییەکەی ئیبرت.

لە سـالانی ١٩٣٠ و ١٩٣١ لەکاتی خەباتی هندی لەپێناو سەربەخۆیی، ئەنجـوومـــەنی شـارەوانیی شـاری ئەحـمـــەد ئاباد ڕازینەبوونی خـۆی بۆ هاوکاریکردن و ئەنجامدانی ئاماری گشتی بە بەرپرسانی ئینگلیز ڕاگەیاند، لەبەرئەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی هندی بایکۆتی کردبوو، هەروەها گوتی ئەگەر بەشداری سەرژمێرییەکە بکا ئەوا پاڵپشتیی ڕای گشتی لەدەست دەدا، جگە لەوەی لە بارێکدا گـریمانەی ئەوە بکەین کـە ئەنجـوومـەنەکـە نوێنەرایەتیی ڕای گشتی دەکا، ئەوە جێی خۆیەتی کە هیچ چالاکییەک نەکا کە لەگەڵ ڕای گشتیدا ناکۆک بێ.

## چالاکیی ناودەوڵەتیی حکوومەت

پێویستە ئاماژە بە پۆلبەندییەکی هەمەگیرتر بدەین بۆ ڕێگەکانی هاوکارینەکردن لەنێوان دەوڵەتان، ئەویش بەهۆی ژمارەی ئەو فرەجۆرییە فرەوانەی کە لە یەکەم نیگادا دەردەکەون. ئەم ڕێگەیانە لە سادەی ڕێژەییەوە دەست پێ دەکەن کە فرەوانترین مەغزای هەیە، تا پەرگیرترینیان کە لەوانەیە ببێتە مایەی پەکخستنی چالاکییە ناودەوڵەتییە سرووشتییەکان و ئەرکەکانی وڵاتەکە. کریسبینی دەڵێ میساقی کۆمەڵەی گەلان وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکەی پابەند کردووە بە بایکۆتکردنی هەمەگیری ناودەوڵەتی، دیپلۆماسی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پچڕینی پێوەندی لەگەڵ هەر دەوڵەتێک کە پەنا بۆ شەڕ ببا و بەوە میساقی کۆمەڵەکە پێشێل بکا.

١- گۆڕانکارییەکان لە نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان و هی تردا

دەکرێ حکوومەتێک ستافە دیپلۆماسی و ڕەسمییەکانی بانگهێشت بکاتەوە، یاخۆ داوای گۆڕینی دیپلۆماتێکی بیانی لە وڵاتەکەیدا بکا، ئەوەیش وەک دەربڕینی نەیاریی خۆی بۆ سیاسەتی وڵاتێکی تر، بەبێ ئەوەی ئەوە ببێتە هۆی پچڕانی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان.

لە هەندێ کاتدا حکوومەت فەرمانبەرێکی ئاست نزم دەکاتە سەرۆکی تاقمی دیپلۆماسیی خۆی لە وڵاتێکی تر بەمەبەستی سووکایەتیکردن بەو وڵاتە. لە هەندێ حاڵەتی تردا دەگونجێ وڵاتەکە خۆی، یان دەوڵەتی بەرامبەر داوای لێ بکا هەندێ لە نووسینگەکانی دابخا، وەک کونسوڵگەکان، دیسان بەبێ ئەوەی ببێتە مایەی برینی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان. دەشگونجێ

کەسانێکی ڕەسمی لە دەرەوەی تاقمی دیپلۆماسی بکێشرێنەوە.

کاتێ ساڵی ١٩٤٨ لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی داوایەکی ستالین بۆ دامەزراندنی یەکەتییەکی فیدراڵی لەنێوان یۆگۆسلاڤیا و بولگاریا لەلایەن لێژنەی ناوەندیی حزبی شیوعیی یۆگۆسلاڤییەوە، ناکۆکی لەنێوان یەکەتیی سۆڤیەت و یۆگۆسلاڤیا سەری هەڵدا، لە کاردانەوەی ئەوەدا یەکەتیی سۆڤیەت لە ١٨ی ئادار ڕاوێژکارە سەربازییەکانی لە بەلگراد بانگهێشت کردەوە.

هەروەها وڵاتی خانەخوێ دەتوانێ بانگهێشتی باڵوێزێک بکا، وەک سێر دۆگلاس بۆسک باسی دەکا، ئەویش لەبەر هۆکاری سیاسی نەک کەسی، واتە لەکاتی نەسازان لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتەکەیدا. لەو کاتەدا ڕەسمییە پلە نەویترەکان چاودێریی پرسە دیپلۆماسییەکان دەکەن لەو وڵاتەدا. کاتێ حکوومەتی وڵاتەکەیش قایل نەبێ باڵویزەکەی بکێشێتەوە، شالز تایر دەڵێ: حکوومەتی وڵاتە خانەخوێیەکە پەنا بۆ مامەڵەنەکردن لەگەڵ ئەو باڵیۆزە دەبا، لەو کاتەیشدا حکوومەتەکەی ناچارە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە بپچڕێنێ".

لەکاتی شۆڕشی ١٨٤٨ لە ئیسپانیا، کاتێ هنری بۆلەری باڵوێزی بەریتانیا سنووری ڕێنوێنییەکانی بەزاند لەڕێی ڕاستەوخۆ دەستوەردان بۆ ڕاگرتنی هەڵمەتەکانی سەرکوتکردنی سیاسییە لیبرالەکانی ئیسپانی و پاش ئەوەی حکوومەتی بەریتانیا داواکەی ئیسپانیای بۆ بانگهێشتکردنەوەی بۆلەر ڕەت کردەوە، پاش چەند نامەیەکی دیپلۆماسی، هەردوو حکوومەت پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیان پچڕاند.

لەکاتی شەڕی جیهانیی یەکەمدا، فرانتز فون بانیە پاشکۆی سەربازیی ئەڵمانیا لە واشنتۆن وەک کەسێکی چارەنەویستراو ڕاگەیەنرا، ئەویش بە بیانووی سیخوڕیکردن و ئاشکراکردنی بەرنامەی چەکسازیی ئەمەریکا، حکوومەتی ئەڵمانیا بەزوویی کێشایەوە.

چەندان نموونە هەن لەبارەی داواکاریی کێشانەوەی دیپلۆماتەکان بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی ناشایستە لەلایەن ئەو دیپلۆماتانەوە.

وا دیارە داخستنی کونسولگەکان شتێکی باو بێ. لە ساڵی ١٩٤١ حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان فەرمانی دا بە سڕکردنی هەموو بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لە وڵاتەکەی و داخستنی سەرجەم کونسولگە ئیتاڵیایی و ئەڵمانیاییەکان، ئەوەیش لەبەرامبەر نغرۆکردنی کەشتیی بازرگانیی ئەمەریکایی ڕۆین مۆر لەلایەن ژێردەریا ئەڵمانییەکانەوە، ئەڵمانیا و ئیتاڵیایش بە داخستنی کونسولگەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکانیان وەڵامیان دایەوە.

لەو ماوەیەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بێزار بوو لە سیاسەتی نەیارانەی سوید دژی تێوەگلانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە شەڕی ڤێتنام، ویلیام هیپی باڵوێزی ئەمەریکا لە ئاداری ١٩٦٨ بانگهێشت کرایەوە بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆک جۆنسۆن. هیپ نەگەڕایەوە بۆ پۆستەکەی و هیچ باڵوێزێکی نوێیش لەجێی دانەنرا. لە تشرینی دووەمی ١٩٦٥ بە پاساوی کەمکردەوەی خەرجیی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکان کونسولگەی ئەمەریکا لە گۆتبرگ داخرا، کە دێرینترین کونسولگەی ئەمەریکایی بوو جۆرج واشنتۆن خۆی لە ساڵی ١٧٩٧ دایمەزراند کاتێ سوید بوو بە یەکەم دەوڵەت کە دانی بە حکوومەتە ئەمەریکاییە نوێیەکەدا نا.

کاتێ ئیدارەی نیکسۆنیش لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩ دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەویش گتی کرد لە ناردنی باڵوێزێکی نوێ بۆ سوید. ئولاف بالمە سەرۆک وەزیرانی نوێی سوید سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بە "ناکردەیی" لەقەڵەم دا و گوتی "ئەگەر واشنتۆن بە ڕاستی دەیەوێ بۆمان ڕوون بکاتەوە لەکوێدا هەڵەمان کردووە، ئەوە دەبێ یەکێک هەبێ ئەوە ڕوون بکاتەوە. لە کۆتاییدا د.جیرۆم هۆڵەند وەک باڵوێزی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سوید، لە بەهاری ١٩٧٠دا پۆستەکەی وەرگرت.

دەکرێ هەندێ حکوومەت هەندێ دانوستاندن و فیستیڤاڵ و کۆبوونەوە بەتەواوی پەک بخا یان بوەستێنێ، وەک نارەزایی دەربڕین لە چالاکی یان سیاسەتەکانی هەندێ حکوومەتی تر کە بەشداری لە ڕووداوەکەدا دەکەن. گۆردۆن أ.گریگ باس لەوە دەکا ڕەفتارەکانی یەکەتیی سۆڤیەت لە ڕابردوودا بەوە ناسرابوون کە دانوستاندنەکانی بۆ چەندان مانگ و ساڵ درێژ دەکردەوە، هەندێ جار ئاستی شاندەکانی دانوستاندنەکانی دەگۆڕی لە دانوستاندن لەسەر ئاستی باڵوێزان، بۆ ئاستی وەزیران، بۆ ئاستی سەرۆک دەوڵەتان، کە ئەوە ناڕوونییەکی لە خاڵە سەرەکی و خولگەییەکانی ناکۆکییەکەدا دروست دەکرد، ئەوەیشی شان بەشانی هەڵمەتێکی پروپاگەندەی چڕوپڕ. گریگ وەک نموونە ئاماژە بە دانوستاندنە دووبارە و دواخراوەکان لەبارەی قەرزەکانی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٢٠ دەکا، کە بووبووە هۆی ئەوەی بەبێ هیچ غەرامەیەک دوا بخرێن. هەروەها دانوستاندنە چەند قۆڵییەکەی دواتر لەبارەی دۆخی بەرلین و ئەڵمانیا، بەتایبەت لە سەردەمی خروشۆفی سەرۆک وەزیراندا.

کاتێ ستالین لە ساڵی ١٩٤٨ گوشارەکانی لەسەر یۆگۆسلاڤیا دەست پێ کرد، یەکەتیی سۆڤیەت دیداری نیسانی هەڵوەشاندەوە کە بڕیار بوو بۆ نوێکردنەوەی ڕێککەوتننامە بازرگانییەکانی سۆڤیەت و یۆگۆسلاڤیا بەڕێوە بچێ.

لە بوارێکی تردا ویلفرد ناب دەنووسێ: پاش ئەوەی لە ئایاری ١٩٦٠ ڕاگەیەنرا کە فڕۆکەیەکی ئەمەریکایی لەجۆری یو ٢ کە لە بەرزاییەکی زۆرەوە وێنەی یەکەتیی سۆڤیەتی گرتووە بە مووشەکێکی سۆڤیەتی خراوەتە خوارەوە، خروشۆفی سەرۆک وەزیران هەڵمەتێکی ناوزڕاندنی دژی گەشتەکانی سیخوڕی دەست پێ کرد و داوای دادگاییکردنی بەرپرسانی

ئەو کـارەی کـرد. هـەروەها ئەوە ڕاگـەیەنرا کـە کـۆنگرەی لووتکەی پـاریس لەنێوان یەکـەتیی سـۆڤـیـەت و ویلایـەتە یـەکگرتـووەکـان و فـڕەنسـا و بـەریتـانیـا گــرێ نـادرێ تا حـکوومـــەتی ویلایـەتە یـەکگرتـووەکـــان پۆزشــێکی تـەواو نەهێنێتـەوە. بەم شـێـوەیە پاش کـۆبوونەوەیەکی کـورت لە بەرەبـەیانی ٢٦ی ئایار، لووتکەی ١٩٦٠ تەواو بوو.

هـەروەها شـاندی ڤـێتنامی باکـور و شـاندی بەرەی ڕزگـاریی نیشـتـمـانی خـولی شــەست و شــەشــەمــینی وتـووێژەکـانی ڤـێـتنامــیـان لە پـاریس هـەڵوەشــــاندەوە، ئـەوەیش وەک نـاڕەزایی لەدژی دەســــتــــپـــێکردنـەوەی بۆردومـانکردنی باکـوری ڤـێـتنام لەلایـەن ویـلایـەتە یـەکگرتـووەکـانـەوە لە ٦ی ئایاری ١٩٧٠ بۆ مـاوەی پێنج ڕۆژ. نگویان تانە-لی وتەبێژ بەناوی ڤـێتنامی باکور ئـەو جـووڵە نائاسـاییـیەی بە بڕیارێکی سـیـاسی لەقـەڵەم دا، شـاندی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڤێتنامی باشـووریش دەستبەجێ ئەو وادە نوێیەیان ڕەت کردەوە کە بۆ ئەنجامدانی خـولی نوێ لە ١٤ی ئایار دانرابوو، هـەروەها ئاماژەیان بەوە دا ئەوەیش خۆی لەخۆیدا هـەڕەشـەیەکە.

٣- هـەڵپەساردنی دانپێدانانی دیپلۆماسی

هـەندێ جـار ڕێسای گـشـتیی دانپێدانانی حکوومـەت بە حکوومـەتێکی تر کـە دەســـەڵات لەســـەر زەوییـــەکـــەیدا بـەڕێوە دەبا، دەگــۆڕێ بـۆ ڕەتکردنـەوەی بەئەنقەستی دانپێدانانی دیپلۆماسی. ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ڕازینەبوون بە شـێوەی گـەیشـتنی حکوومـەتەکە بە دەسـەڵات یان بەهـۆی مـۆرکە سـیـاسـییـە بنچـینەییـیەکەیەوە. ئەوە بوو سـەرۆک ودرۆف ویـڵسون ڕەتی کـردەوە ویلایـەتە یەکگرتـووەکـان دان بە ڕیـژیمی ڤـیکتـۆریانـۆ هـۆرتادا بنێ لە مـەکـسیک، کـە وتـەبێـژێکی نـەگــریس بـوو بـەنـاوی خـــاوەن زەوییـــەکـــانـەوە کـــە لـە ڕیـژیمی فـڕەنسیسکۆ مادیرۆی شـۆڕش هـەڵگەڕانەوە، کە بەرپرسیارێتیی کوشتنی لە گــرتووخـــانەدا دەکـەوێتـە ئـەســتـۆ. ویـڵــســۆن ڕایـگەیـانـد: "نموونـەی من

حکوومەتێکی نیزامی و دادپەروەرە لە مەکسیک، سۆزی من لەگەڵ هەشتا و پێنج لەسەدی گەلی ئەو کۆمارەیە، کە ئێستە بۆ خەباتکردن لەپێناو ئازادیدا ڕاچەنیوە".

پاش ئەوەی ژاپۆن ناوچەی مەنشوریای چینی داگیر کرد و لە مانگی شوباتی ١٩٣٢ دەوڵەتی مانشوکیوی بەکرێگیراوی ڕاگەیاند، ویلایەتە یەکگرتووەکان پەنای بۆ بنەمای ستیمسون، یاخۆ هۆفەر-ستیمسون برد، کە ڕەتی دانان بەو گۆڕانکارییە ناودەوڵەتییانە دەکاتەوە ناوەرۆکەکەیان لەگەڵ گوتەزاکانی بەڵگەنامەی کیلۆگدا ناتەبایە کە شەڕی دەستدرێژی قەدەغە دەکا. لەکاتێکدا پێشنیازی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و سەربازیی ڕەت کردەوە، ڕازیش نەبوو لەڕووی دیپلۆماسییەوە دان بە مانشوکیودا بنێ. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پێوەندییە بازرگانییەکانی بەردەوام بوو و تاقمە دیپلۆماسییەکەی هێشتەوە، کە هاوکات لای حکوومەتی نیشتمانیی چینیش متمانە پێکراو بوون.

لە ئاداری ١٩٣٢ وەک تۆماس بیلی باسی دەکا، کۆمەڵەی گشتیی کۆمەڵەی گەلان بڕیارێکی دەرکرد و بە کۆی دەنگ سەرکۆنەی ژاپۆنی کرد و ناچاری کرد بە وردی پابەند بێ بە بنەمای هۆفەر ستیمۆن لەبارەی دان پێدانەنان. هەر لەم چوارچێوەیەدا ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ چەندان ساڵ ڕەتی دەکردەوە دان بە حکوومەتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەتدا بنێ و پێشێلکارییە جۆرەوجۆرەکانی دەکردە بەهانە، تا لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٩٣٣ دانی پێدا نا.

ڕازینەبوونی درێژخایەنی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دامەزراندنی پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ کۆماری چینی میللی یەکێکە لە دیارترین نموونەکان لەسەر بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە بڕیارێکیدا لە ١١ی ئابی ١٩٥٨ ئاماژە بەوە دەدا کە ئامانج لە دانەمەزراندنی پێوەندیی دیپلۆماسی لەم حاڵەتەدا

بەشداریکردنە لە ڕووخاندنی ڕیژیمی کۆمۆنیستی. هەروەها دەڵێ: ویلایەتە یەکگرتووەکان وای دەبینێ ڕیژیمی کۆمۆنیست لە چین بەردەوام نابێ و ڕۆژێ دێ هەرەس بێنێ. بە نەبەستنی پێوەندیی دیپلۆماسیش لەگەڵ پەکین، دەیەوێ ئەو هەرەسە خێراتر بکا.

جۆن فۆستەر دۆڵز وەزیری دەرەوە لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ ئەو سیاسەتەی ڕاڤە کرد و گوتی: ئەو جۆرە دانپیانانە و داگیرکردنی چینی کۆمۆنیست بۆ کورسیی ئەو وڵاتە لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیبەت و هەژموونی لە ڕۆهەڵاتی دوور زیاتر دەکا و وورەی هاوپەیمانەکانمان لەوێ خاو دەکاتەوە و دەری دەخا کە کۆششە کۆمۆنیستییە تێکدەرانەکان سەرکەوتنێکی حاشاهەڵنەگر بەدەست دێنن.

داننەنانی دیپلۆماسی بە ئیسرائیلدا بەشێکی بنچینەیی بووە لە سیاسەتی عەرەبی بەرامبەر ئیسرائیل لەوەتی دامەزراوە. جگە لەوەیش چەندان ڕێوشوێنی توندیان بەرامبەری گرتەبەر، وەک ڕەتکردنەوەی بەستنی هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکوومەتی ئیسرائیل و هەوڵ دەدەن ئەندامیەتیی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەق بکەن و گەمارۆی ئابوورییان خستووەتە سەری.

پاش هەرەسهێنانی یاخیبوونەکەی مەجەر لە ساڵی ١٩٥٦، ژمارەیەک لە دەوڵەتانی ڕۆئاوا گەمارۆی دیپلۆماسییان بەسەر ڕیژیمی "کادار"دا سەپاند و ئەو گەمارۆیە تا کانوونی دووەمی ١٩٥٨ هەڵنەگیرا. بەتەنیا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵسوڕێنەرێکی کارەکانی لە بۆدابێست هێشتەوە. فیرنک فالی دەنووسێ: سۆڤیەت پێی وابوو ڕازینەبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بەتەواوی گێڕانەوەی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ حکوومەتی شۆڕشگێڕی مەجەری، گرینگترین کۆسپە لەبەردەم سڕینەوەی شوێنەواری دەستوەردانە سەربازییەکەیان.

پەنابردنی دەوڵەتێک بۆ دانپێدانەنانی دیپلۆماسیی کۆتایی، وەک

یارمەتییەک بەکار هاتووە بۆ لێدانی کودەتایەک لە دەوڵەتێکی تردا. ویلەر بینت دەڵێ: مایجۆر جەنەراڵ سێر نیل مالکۆلم لە ١٦ی ئاداری ١٩٢٠ بە جەنەراڵ لوتفیتزی ڕاگەیاند، بەریتانیا هەرگیز دان بە ڕیژیمی نوێی (کاب)دا نانێ کە لۆتفتز دەیەوێ بیسەپێنێ. بەو شێوەیە بەشداریی کرد لە هەرەسهێنانیدا بەتەواوی.

یەکێک لە شێوەکانی ئاڵوگۆڕنەکردنی دیپلۆماسی بریتییە لە داننان بە دەوڵەتی پێوەندار بەڵام بە مەرج. هارۆلد بیکسۆن لە کتێبی "دیپلۆماسییەت"دا ئاماژەی داوە بە "داننانی حکومەتی بەریتانیا بە کۆماری پورتوگالدا بەو مەرجەی ڕیژیمەکە لەڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتییەوە خۆی بسەلمێنێ".

٤- پچڕاندنی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان

بۆسک دەنووسێ: وا باوە بڕینی پێوەندییە دیپلۆماسییەکان داخستنی هەموو نووسینگەکانی هەردوو نێردەکە لە هەردوو پایەتەخت دەگرێتەوە و باڵوێز یان هەڵسوڕێنەری کارەکان و جاروبار هەندێ لە فەرمانبەرانی تر ناچار دەکرێن وڵات بەجێ بێڵن، لەوانە ڕێگە بە کونسوڵگە بدرێ بمێنێتەوە یان ڕێگە نەدرێ. ئەگەر هەموو داوودەزگەی دیپلۆماسی بەتەواوی کێشرایەوە، دەوڵەتێکی تر ڕادەسپێرێ بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکە لە وڵاتەکەی تر بپارێزێ.

نیکۆلۆسن ئاماژە بەوە دەدا کە بڕینی پێوەندیی دیپلۆماسی بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕاگەیاندنی شەڕێکی داخراوە بەشێوەکانی سەرکۆنەکردنی قووڵ. بەم شێوەیە وەزیرە ڕاسپێردراوە بەریتانیاییەکە لە حوزەیرانی ١٩٠٣ لە بەلیگراد کێشرایەوە پاش کوژرانی شا ئەلیکسەندەر و شاژن دراگا، هەروەها دابڕانی دیپلۆماسی بە هەمان شێوە گیرایە بەر کاتێ کۆلۆنێل بلاستیراس لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ هەر یەک لە سێر م.

گۆريناس و وەزيرەكانی كوشت. هەروەها سەرۆك ويلسۆن لە ٣١ی كانوونی دووەمی ١٩١٧ لەبەردەم كۆنگرێسدا پچڕینی پێوەندییە دیپلۆماسییەكانی لەگەڵ ئەڵمانیا ڕاگەیاند، ئەویش لە وەڵامی ڕاگەیاندنی هەڵمەتی نقومكردنی سەرجەم كەشتییەكان لەلایەن ئەڵمانیاوە بە كەشتییە بێلایەنەكانیشەوە ئەگەر هاتوو سنووری ناوچە سەربازییەكەیان بەزاند، ئەویش بەمەبەستی شكاندنی ئابلۆقەكەی بەریتانیا.

لە بوارێكی زۆر جیاوازیشدا، یەكەتیی سۆڤیەت لە ٢٥ی نیسانی ١٩٤٣ پێوەندییە دیپلۆماسییەكانی لەگەڵ حكومەتی پۆڵۆنیا لە تاراوگە لە لەندەن پچڕاند، ئەویش پاش ئەوەی ئەڵمانیا گۆڕێكی بەكۆمەڵی لە كاتین دۆزییەوە كە دە هەزار ئەفسەری سوپای پۆڵۆنیای تێدا نێژرابوون كە دوو ساڵ بوو بێ سەروشوێن بوون. حكوومەتی پۆڵۆنیا دڵنیا بوو لە تۆمەتباركردنی ڕووسیادا بە تاوانەكە، كاتێ وەزیری بەرگریی پۆڵۆنیا داوای كرد لەلایەن دەستەیەكی تایبەتی ناودەوڵەتیی وەك خاچی سوورەوە لێكۆڵینەوە لە ڕووداوەكە بكرێ، یەكەتیی سۆڤیەت پێوەندییە دیپلۆماسییەكانی لەگەڵ پۆڵۆنیا بڕی.

٥- كشانەوە لە ڕێكخراوە ناودەوڵەتییەكان

دەكرێ دەوڵەتان ئەندامێتیی خۆیان لە ڕێكخراوە یان كۆنگرە ناودەوڵەتییەكان بكێشنەوە یاخۆ چالاكییەكانیان تێیاندا ڕابگرن. ئەوەیش بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە سیاسەتی ئەو دەزگەیانە، یان بۆ ئەوەی دەوڵەتە كشاوەكە بتوانێ بە ئازادی بجووڵێتەوە كە ڕەنگە ئەوە مایەی ڕەزامەندیی دەوڵەتانی ئەندام لەو ڕێكخراو یان كۆنگرە ناوبراوانە نەبێ. بۆ نموونە لە ١٤ی تشرینی یەكەم، هیتلەر ڕایگەیاند بەهۆی نكوڵیكردن لە مافی یەكسانی ئەڵمانیا، دەوڵەتەكەی لە كۆنگرەی داماڵینی چەك و هەروەها لە كۆمەڵەی گەلان دەكشێتەوە. ئەوەیشی كردە بەهانە كە ئەو ئاشتەواییەی پێویست بوو لەگەڵ دوژمنانی پێشوو نەهاتووەتە دی، هەروەها گێڕانەوەی

مافەكانی گەلی ئەڵمانیا بە هەمان شێوە، هەر بۆیە ئەڵمانیا ناتوانێ لەوە زیاتر چاوپۆشی لە كزۆڵكردن بكا. هیتلەر ڕایگەیاند كشانەوە لە كۆمەڵەی گەلان لە ١٢ی تشرینی دووەم دەخاتە ڕاپرسیی گشتی، واتە ڕۆژێ دوایساڵیادی ئاگربەستی ساڵی ١٩١٨.

ساڵی ١٩٥٠ نوێنەرانی یەكەتیی سۆڤیەت لە سەرجەم چالاكیەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان كشانەوە، بەڵام ئەندامیەتییان هەر هێشتەوە، ئەوەیش وەک نارەزایی لە داگیركردنی كورسییەكەی چین لەلایەن نوێەرانی چینی نیشتمانییەوە، لەبری نوێنەرانی حكوومەتە كۆمۆنیستەكە كە دەستیان بەسەر بەشی سەرەكیی چیندا گرتبوو. ناب دەڵێ:

پاش چوونەدەرەوەی جاكوب مالیک نوێنەری سۆڤیەتی لە خولی ئەنجوومەنی تەناهی لە ١٠ی كانوونی دووەمی ١٩٥٠، ڕایگەیاند چی تر بەشداری لە كارەكانی ئەنجوومەندا ناكا تا نوێنەری كیوفتانگ (چینی نیشتمانی) دەرنەكرێ، بەدوای ئەوەیشدا نوێنەرانی سۆڤیەت لە سەرجەم ئەو داوودەزگەیانەی نەتەوە یەكگرتووەكان پاشەكشەیان كرد كە چین تێیاندا بەشدار بوو.

نەمانی نوێنەری سۆڤیەت لە ئەنجوومەنی تەناهی وای كرد ئەنجوومەنەكە نەتوانێ كارێكی خێرا دژ بە كۆریای باكور ئەنجام بدا كاتێ شەڕی كۆریا هەڵگیرسا.

لەكاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مالیزیا و ئەندەنووسیایشدا، ئەمەی دوایی لە ٣١ی كانوونی یەكەمی ١٩٦٤ كێشانەوەی ئەندامیەتیی خۆی لە نەتەوە یەكگرتووەكان بە سەرۆكی كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان و نووسینگەی سكرتێری گشتی ڕاگەیاند، لەبەرئەوەی مالیزیا بۆ ئەندامیەتیی ئەنجوومەنی تەناهی هاتە هەڵبژاردن. ئەندەنووسیا لە مانگی كانوونی دووەمی ١٩٦٥ جەختی لەوە كرد وێڕای بانگەواز و وتووێژە لابەلاییە جیاوازەكان، ئەندامیەتیی خۆی لە نەتەوە یەكگرتووەكان كێشاوەتەوە،

هەروەها لە هەندێ لە ئاژانسە تایبەتمەندەکانیش کشاوەتەوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی هیچ دەقێک لەبارەی پرسی کشانەوە لە پێڕەوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نییە.

٦- ڕەتکردنەوەی ئەندامیەتیی داوودەزگە ناودەوڵەتییەکان

دەکرێ مافی ئەندامیەتیی حکوومەتێک لە دامەزراوە ناودەوڵەتییەکان ڕەت بکرێتەوە، ئەویش بەهۆی ململانە سیاسییەکان و ناکۆکییەکان، یان لەبەر هۆی تری پێوەندار بەو حکوومەتە. ڕەنگە دیارترین نموونە لەسەر ئەو ڕەتکردنەوەیە ئەوە بێ کە بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ ڕێگە بە حکوومەتی کۆمۆنیستیی چین کە حوکمڕانیی زۆربەی خاکی وڵاتەکە دەکا نەدرا کورسیی چین لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نوێنەرانی حکوومەتە نیشتمانییەکە وەربگرێتەوە کە تەنیا حوکمڕانیی دورگەی فورموزا (تایوان) دەکا. ئەوە بوو لە کۆتای ساڵی ١٩٤٩ حکوومەتە کۆمۆنیستەکەی (کۆماری چینی میللی) تەواوی وشکانیی چینی ئازاد کرد و حکوومەتە نیشتمانییەکە (کۆماری چین) بۆ دورگەی فورموزا پاشەکشەی کرد. نوێنەری سۆڤیەت بەبێ هوودە هەوڵی دا نوێنەرانی نیشتمانیی چین لە ئەنجوومەنی تەناهی دەربکا.

پاش ساڵی ١٩٦١ پرسی نوێنەرایەتیی چین ڕەوانەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا، تا وەک کێشەیەکی گرینگ تاوتوێ بکرێ، کە پەسندکردنی پێویستی بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان هەبوو نەک زۆرینەی ڕەها. دەزگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر پاڵەپەستۆی زۆری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ڕەتیان کردەوە ماف بدەنە نوێنەرانی حکوومەتی چینی کۆمۆنیستی بۆ داگیرکردنی کورسییەکانیان، تا ساڵی ١٩٧١ کە نوێنەری چینی نیشتمانی دەرکرا.

٧- دەرکردن لە دامەزراوە ناودەوڵەتییەکان

دەرکردن لە ئەندامیەتی یەکێکە لەو سزایانەی ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکان دژ بەو دەوڵەتانە دەیگرنە بەر کە سیاسەت و پێڕەوەکەی دەبەزێنن. بەپێی پێڕەوی کۆمەڵەی گەلان، هەر ئەندامێک یەکێک لە مادەکانی پێڕەوی کۆمەڵەکە پێشێل بکا دەردەکرێ. ئەمە جارێک دژ بە یەکەتیی سۆڤیەت بەکار هات پاش ئەوەی ساڵی ١٩٣٩ هێرشی کردە سەر فینلەندا: کۆمەڵەی گشتیی کۆمەڵە بەبێ ئامادەبوونی نوێنەری یەکەتیی سۆڤیەت لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٩دا، بە کۆی دەنگ، سەرکۆنەی پەلاماردانەکەی کرد و ڕایگەیاند بەپێی مادەی ١٦ برگەی ٤ی پێڕەوی کۆمەڵە، یەکەتیی سۆڤیەت بەم کارەی خۆی خستووەتە دەرەوەی کۆمەڵەی گەلان و بەو هۆیەشەوە چی تر ئەندامی کۆمەڵەکە نییە.

مادەی شەشەمی پێڕەوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ ئەگەر ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێک لە بنەماکانی پێڕەوەکەی بە بەردەوامی پێشێل کرد، دەکرێ بە ڕاسپاردنی ئەنجوومەنی تەناهی، کۆمەڵەی گشتی بە بڕیارێک دەری بکا. یەکەتیی سۆڤیەت لە کۆنگرەی دمبرتۆن ئۆکس پێشنیازی دانانی ئەم دەقەی لە پێڕەوەکەدا کرد و لە کۆنگرەی دامەزراندنی سان فرەنسیسکۆیشدا جارێکی تر بەتوندی ئەو پشتگیرییەی دووپات کردەوە. بەڵام ئەم مادەیە هەرگیز جێبەجێ نەکراوە، ئەگەرچی پێشنیاز کرا باشووری ئەفریقیا و پورتوگال دەربکرێن.

دەرکردنی یۆگۆسلاڤیا لە کۆمینفۆرم (ڕێکخراوی کۆمۆنیستی ناودەوڵەتی) یەکێک لەو سزایانە بوو کە ساڵی ١٩٤٨ بەهۆی ملکەچنەکردنی بۆ ستالین، دژ بە تیتۆ جێبەجێ کرا.

پێڕست

زانکۆی "ئۆنور" ..... 5
ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی ..... 8
دەسپێک ..... 17

بەشی یەکەم: ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی ..... 21
پێشەکی ..... 23
بایکۆتکردنی کەسەکان ..... 24
هاوکارینەکردن لەگەڵ چالاکی و نەریت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ..... 41
کشانەوە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ..... 53

بەشی دووەم: ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی سیاسی ..... 79
پێشەکی ..... 81
ڕەتکردنەوەی دەسەڵات ..... 83
هاوکارینەکردنی هاووڵاتیان لەگەڵ حکوومەت ..... 89
جێگرەوەکانی گوێڕایەڵیکردن لای هاووڵاتیان ..... 113
چالاکییەکانی داوودەزگەکانی حکوومەت ..... 144
چالاکیی ناوەخۆییی حکوومەت ..... 171
چالاکیی ناودەوڵەتیی حکوومەت ..... 180